جۆیس مایەر

زیاتر لە ٢ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە

مەیدانێ جەنگێ

مێشك

جەنگی مێشکت ببەوە

وەرگێڕ: نەریمان تاهیر، ئاوارە عمر

مەیدانی جەنگی مێشک

جۆیس مایەر

جەنگی مێشکت ببەوە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

نەریمان تاهیر، ئاوارە عمر

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە کتێبی ئینگلیزی

Battlefield of the Mind by Joyce Meyer

Copyright 1995 by Joyce Meyer

All rights reserved

ISBN: 0-446-69109-7

- مەیدانی جەنگی مێش
- نوسەر: جۆیس مایەر
- وەرگێڕ: نەریمان تاهیر، ئاوارە عومەر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپی دووەم، ٢٠١٦
- چاپخانە: ( )
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ٦٨٠ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

هەموو مافێکی چاپی کوردی ئەم کتێبە لەلایەن "سەنتەری ڕۆشنبیری فێرکاری بۆ خزمەتکردنی ئاوارە مەسیحییەکان" پارێزراوە.

ئیمەیل: jamala@worksmail.net

ژمارەی تەلەفۆن: 07507482915 –7966610944 (0) 44 +

ناونیشان: هەولێر، عینکاوە، پشت کەنیسەی ام نور

ناوەڕۆک

- ناساندنی چاپی نوێ

وەرزی یەکەم: گرنگی مێشک

- ناساندن

1. مێشک مەیدانی جەنگە
2. پێویستییەکی زۆر گرنگ
3. واز مەهێنە
4. کەم کەم
5. ئەرێنی بە
6. ڕۆحە مێشک داخراوەکان
7. سەرنجی ئەوە بدە کە بیری لێ دەکەیتەوە

وەرزی دووەم: بارودۆخی مێشک

- ناساندن

8. کەی مێشکم ئاساییە؟
9. مێشکێکی گومڕا و سەرسوڕماو
10. مێشکێکی سەرلێشێواو
11. مێشکێکی بێباوەڕ و گوماناوی
12. مێشکێکی نیگەران و نارەحەت
13. مێشکێکی حوکمدەر و ڕەخنەگر و گوماناوی
14. مێشکێکی ناچالاک
15. بیری مەسیح

وەرزی سێیەم: زەینییەتی چۆڵەوانی

- ناساندن

16. "داهاتووم پەیوەستە بە ئێستا و ڕابردوومەوە."
17. "نامەوێت بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ بگرم، با کەسێکی دیکە ئەنجامی بدات."
18. "تکایە هەموو شتێک ئاسان بکە، ئەگەر شتەکان قورس بن ناتوانم ئەنجامیان بدەم."
19. "لە توانای من بەدەرە، خووم بە گلەیی و عەیب دۆزینەوە و بۆڵەبۆڵەوە گرتووە."
20. "لە سەر هیچ شتێک مەمهێڵەوە، دەستبەجێ شایانی هەموو شتێکم."
21. "لەوانەیە کردارەکانم هەڵە بن، بەڵام هەڵەی منی تێدا نییە."
22. "ژیانم زۆر خەماویە، بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە چونکە ژیانم ئاڵۆزە."
23. "شایانی بەزەیی خودا نیم، چونکە مرۆڤێکی بێنرخم."
24. "بۆ دەبێت ئیرەدار و چاوبرسی نەبم، لە کاتێکدا هەموو کەسێک لە من باشترە."
25. "یان بە شێوازی خۆم ئەنجامی دەدەم یان بە هیچ شێوەیەک ئەنجامی نادەم."

ناساندنی چاپی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی مەیدانی جەنگی مێشک لە ساڵی **١٩٩٥**دا بڵاوکرایەوە. خۆشحاڵ دەبم کە پێت بڵێم لەگەڵ ئەوەی کە چەندین ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام پڕفرۆشترین کتێبی منە. چاپە ئینگلیزییەکەی زیاتر لە سێ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر چل و حەوت زمانی دیکە کە هێشتا هەر بەردەوامە.

زۆر بەسوود بۆ ژیانی خەڵکی کاتێک کە ئێمە هەستمان کرد بانگکراوین بۆ لە چاپدانی کتێبی تایبەت بە منداڵان لەگەڵ ستایشی ڕۆژابە بە پشت بەستن بە فێرکردنی ئەم کتێبە. لە کەنیسەکەی ئێمەدا شایەتییەکی بێ شووماری خەڵکمان هەیە کە بە هۆی خوێندنەوەی ئەم کتێبە و جێبەجێکردنی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز چەندین گۆڕانکاری ئەرێنییان لە ژیانیاندا بەدی کردووە. خەڵکی لە هەموو جۆرە مۆعتاد بوونێک (هۆگربوون)ی ناجێگیری خواردن و ترس و دوودڵی و لەخۆبێزاربوون و ژمارەیەکی زۆر کێشەی تر ڕزگار بوون.

من ژنێکم بە بیرهاتەوە کە باسی کێشەکەی خۆی بۆ کردین و گوتی کە چەندین ساڵی تەمەنی خۆی لە پڕۆگرامی چارەسەرکردندا بەسەربردووە چونکە نەخۆشی ناجێگیری خواردن مەترسی لەسەر ژیانی دروست کردبوو. دایک و باوکی سەد هەزار دۆلاریان خەرجی کچەکەیان کرد بەڵام هیچ چاکبوونەوەیەک بەدی نەکرا. ئەو بە تەواوی بێهیوا ببوو لە چاک بوونەوەی تا ئەو کاتەی ئەم کتیبەی خوێندەوە. ئەو دەڵێت ئەو کاتەی کە وەسواسی تووشی فرەخۆری دەکرد ئەوا دەچوو و لە توالێتەکە دەڕشایەوە، ئەمە هەموو ژیانی داگیرکردبوو. بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە نوێژکردن و خۆێندنەوەی ئەم کتێبەکە تا کاتی تەواوبوونی وەسواسییەکە. ئەو ئێستا بە تەواوی لەو نەخۆشییە ڕزگاری بووە و دەستی کردووە بە یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە هەمان کێشەیان هەیە.

چیرۆکێکی تر کە زۆر دڵخۆشم دەکات لەبارەی پیاوێکی جولەکەیە کە بە ڕێکەوت لە کتێبخانەی (بارنس و نۆبڵ) بەر کۆمەڵێک کتێب دەکەوێت و بەریان دەداتەوە. لەکاتی ڕێکخستنەوەی کتێبەکان چاوی بە کتێبی "مەیدانی جەنگی مێشک" دەکەوێت و دەیکاتەوە بەهیوای ئەوەی

شتێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گاڵتەی پێبکات بەڵام بە کڕینی کتێبەکە کۆتایی هات. ئەو کتێبەکەی لە خێزانەکی شاردەوە چونکە نەیدەویست بزانێت کە کتێبی نووسەری مەسیحی دەخوێنێتەوە. ئەو حەزی لەو فێرکردنانە کرد کە خوێندییەوە، پاشان کتێبی پیرۆزی کڕی و ئەمەشیانی لە خێزانەکەی شاردەوە. لە کۆتاییدا بۆی دەرکەوت کە خێزانەکەشی بە دزییەوە کتێبی پیرۆز دەخوێنێتەوە کە لە مێردەکەی شاردبۆوە. ئەوان هەردووکیان عیسایان وەکو ڕزگارکار قبووڵ کرد هەروەها یارمەتیدەر بوون لە ڕێنیشاندانی ئەندامانی دیکە خێزانەکەیان بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو ڕزگارکەر باوەڕ بە عیسا بهێنن.

ژیان دەگۆڕێت کاتێک کە دەرکمان بەوە کرد کە سەرچاوەی کێشەکانمان بریتییە لە بیروهزری هەڵە، دەتوانین ژیانمان بگۆڕین بە گۆڕینی بیروبۆچونەکانمان. وشەی یەزدان فێرمان دەکات کە دەبێت مێشکمان نوێ ببێتەوە بۆ ئەوەی فێربین وەکو یەزدان بیربکەینەوە. کاتێک وامان کرد ئەو کاتە دەتوانین چێژ لەو ژیانە وەربگرین کە خودا دەیەوێت هەمانبێت لە ئازادی و بە بەرهەمی و ئاشتی و خۆشیدا.

جیهانێکی نوێ بە ڕووی ئێمەدا دەکرێتەوە کاتێک کە فێربووین بیروهزری نوێ بەکاربهێنین لە جێگەی ئەوەی کە ڕێگە بە شەیتان بدەین مێشکمان پڕبکات لەو شتانەی کە دەمانڕوخێنێت. پێویستە فێربین بەرپرسیاریەتی بیروهزرەکان و وشەکانمان لە ئەستۆ بگرین چونکە ئەوانە کردارەکانمان دروست دەکەن. مەحاڵە بە بێ باشترکردنی بیروهزرەکانمان بتوانین هەڵسوکەوتمان باشتر بکەین.

بینەرانی تەلەفزیۆنەکەمان بە زۆری ئەو بەرنامانەمان هەڵدەبژێرن کە زۆریان حەز لێیەتی و لە بیروهزریاندایە، بۆچی؟ چونکە مێشکمان لە هەموو شتێک زیاتر تووشی کێشەمان دەکات، ئێمە ئارامی مێشکمان پێویستە! دەمانەوێت سەلامەت بیر بکەینەوە و بیروهزری ژیان بەخشمان دەوێت نەوەک ئەوانەی کە تەواوی جۆرەکانی بەدبەختی دروست دەکەن. کتێبی "مەیدانی جەنگی مێشک" فێرمان دەکات کە بتوانین ئەوە ئەنجام بدەین و پێمان دەڵێت کە چۆن سەلامەت بیر بکەینەوە. بۆ ئەوەی بۆ ئەم چاپە تایبەتە ئامادەبم، پێویستە کتێبەکە هەمووی بخوێنمەوە. بەڕاستی حەزم لێیەتی!

لەو کاتەوەی کە نووسیومە نەمخوێندوەتەوە. من وەک خۆم، ئەمە کتێبی هاندەر و ڕێنیشاندەرم بووە. خوێندنەوەی زۆر ئاسانە و یەکێک لەو ڕاستیە بنەڕەتیانەی تیدایە کە ئێمە پێویستە هەمانبێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندیمان بە عیساوە بتوانین ئەم ژیانە نوێیە بەدەست بهێنین کە پێمان دراوە. لەم چاپە نوێیەدا هەندێ شتی نوێم زیاد کردووە کە کاردانەوەی خوێندنی زیاتر و دەروون بینی خۆمە کە یەزدان بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی دوای چاپی یەکەم پێی بەخشیوم. هەروەها ئەو شتە نوییانەشم نووسیوە کە نیشانی دەدات یەزدان کاری کردووە لەو بارودۆخانەی کە م لە چاپی یەکەمدا ئاماژەم بۆ کردوون. بەڕاستی خۆشحاڵم کە تۆ دەتەوێت ئەم کتێبە بخوێنیتەوە چونکە بێگومان باوەڕم وایە بەهۆی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە ژیانت دەگۆڕێت. دڵنیام ئەم کتێبە بەسوود دەبێت بۆت جا ئەگە باوەڕدارێکی بوێیت یان چەندین ساڵە باوەڕت بە عسای مەسیح هێناوە. لە یەزدان دەپاڕێمەوە کە چێژی لێ وەربگریت و ببێتە مایەی بەرەکەتی زیاتر لە ژیانتدا.

وەرزی یەکەم

گرنگی مێشک

ناساندن

چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی تەواو گرنگی بیر و هزرمان دەربڕین بۆئەوەی واتای ڕاستی (پەندەکان **٢٣: ٧**) بگەیەنێت کە دەڵێت: "چونکە لەناخەوە چۆن هەست بکات، هەر وایە ئەو، پێت دەڵێ: بخۆ و بنۆشە بەڵام دڵی لەگەڵت نییە."

لەگەڵ زیاتر خوێندنی وشەکانی یەزداندا و خزمەتکردنی زیاتریدا، ئەوا زیاتر بیروهزر و وشەکانم بۆ دەردەکەوێت. بەشێوەیەکی سەرەکی بۆم دەرکەوت کە ڕۆحی پیرۆز هانم دەدات لەم بوارەدا بخوێنم. من گوتومە و بڕوام وایە ڕاستە کە بە درێژایی ژیانمان لەسەر ئەم زەویە پێویستە لە چوارچیوەی بیروهزر و وشەکاندا بخوێنین. گرنگ نییە لە هەر بوارێکدا چەند شارەزایت، هەمیشە شتی نوێ بۆ فێربوون هەیە کە پێشتر فێرنەبووین و پێویستیان بە دووبارەبونەوەیە.

"چونکە چەکی شەڕکردنمان جەستەیی نییە، بەڵکو بە خوداوە توانای وێرانکردنی قەڵای هەیە، هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین." (دووەم کۆرنسۆس **١٠: ٤- ٥**)

بەڕاستی مانای تەواوی (پەندەکان **٢٣: ٧**) چییە؟ (کینگ جەیمس ڤیرزن) دەڵێت: "مرۆڤ لە دڵیدا چۆن بیری کردەوە، ئەوهایە ...." چاپێکی دیکە دەڵێت: "پیاو لە دڵیدا چۆن بیر بکاتەوە، کردارەکانی وەکو بیرکردنەوەکانی لێدێت."

مێشک پێشەنگ و پێشڕەوی هەموو کردارێکە، (ڕۆما **٨: ٥**) بۆمان ڕوون دەکاتەوە: "چونکە ئەوانەی بەگوێرەی جەستەن بایەخ بە کاروباری جەستە دەدەن، بەڵام ئەوانەی بەگوێرەی ڕۆحەکەن، بایەخ بە کاروباری ڕۆحەکە دەدەن."

کردارەکانمان ئەنجامی ڕاستەوخۆی بیروهزرەکانمانە، ئەگەر بێتو مێشکێکی ئەرێنیمان هەبێت ئەوا ژیانێکی ئەرێنیشمان دەبێت. ئەگەر لە لایەکی دیکەوە بەپێی وشەکانی یەزدان مێشکمان نوێ

بکەینەوە هەروەکو لە (ڕۆما ٢: ١٢)دا پەیمانی داوە، لە ئەزموونەکانمان ویستی تەواو و باش و گونجاوی یەزدان بۆ ژیانمان جێگیر دەکەین.

من ئەم کتێبەم بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەشکردووە. وەرزی یەکەم باس لە گرنگی بیروهزرەکان دەکات. دەمەوێت بۆ هەمیشە لە دڵدا جیگیر بکەم کە پێویستە تەنیا بیر لەو شتە بکەینەوە کە لە هزرماندا بیری لێ دەکەینەوە. کێشەیەکی زۆری خەڵکی لە شێوەی بیرکردنەوەیدا سەرچاوەی گرتووە کە بۆتە هۆی دروستکردنی کێشە لە ژیانیاندا. شەیتان پێشنیاری بیرکردنەوەی هەلە بە هەموو کەسێک دەدت، بەڵام ئێمە نابێت قبووڵی بکەین. فێری ئەو بیروهزرانە بە کە ڕۆحی پیرۆز قبووڵیان دەکات و فێری ئەوانەش بە کە قبووڵیان ناکات.

(دووەم کۆرنسۆس ١٥: ٤- ٥) بەڕوونی دەریدەخات کە پێویستە بە تەواوی وشەکانی یەزدان بناسین بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی لەناو مێشکی ئێمەدایە بەراوردی بکەین بەوەی لەناو مێشکی یەزداندایە. هەر بۆچوونێک بیەوێت خۆی بەسەر وشەکانی یەزداندا بەرز بکاتەوە پێویستە بهێنرێتەوە خوارەوە.

لە یەزدان دەپاڕێمەوە کە ئەم کتێبە پارمەتیتان بدات لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا.

مێشک مەیدانی جەنگە. زۆر گرنگە کە ئێمە بیروهزرمان هاوتەریبی بیروهزری یەزدان بکەین. بێگومان ئەم پڕۆسەیە پێویستی بە کات و خوێندن هەیە.

هەرگیز کۆڵ مەدە چونکە کەم کەم دەگۆڕدرێیت. لەگەڵ زیاتر گۆڕینی مێشکت بۆ شتی باشتر، ئەوەندەش ژیانت باشتر دەگۆڕێت. هەر کە لە بیرکردنەوەکانتدا دەستت کرد بە بینینی پلانی باشی خودا ئەوا دەست دەکەیت بە ڕێگە ڕۆیشتن لەگەڵ خودا.

بەشی یەکەم

مێشک مەیدانی جەنگ

"چونکە زۆرانبازی ئێمە لەگەڵ گۆشت و خوێن نییە، بەڵکو لە دژی سەرۆکەکان، لە دژی دەسەڵاتداران، لە دژی فەرمانڕەوایانی ئەم تاریکییەی جیهانە، هەروەها لە دژی سەربازە بەدکارە ڕۆحییەکانە لە شوێنەکانی ئاسمان." (ئەفەسۆس ٦: ١٢)

لە ڕێگەی ئەم ئایەتەوە دەزانین کە ئێمە لە جەنگداین. بە خوێندنیکی وردی ئەم ئایەتانە بۆمان دەردەکەوێ کە جەنگی ئێمە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا نیە بەڵکو لەگەڵ شەیتان و ڕۆحە پیسەکاندایە. دوژمنەکانمان، شەیتان، هەوڵدەدات بە پلانی جەنگ و فێڵ کردن شکستمان پێ بێنێت، لە ڕێگەی دانانی پلانی تۆکمە و لە خشتەبردنێکی لەسەرخۆ.

شەیتان درۆزنە. عیسا شەیتان بە "باوکی هەموو درۆکان و هەموو ناڕاستییەکان" ناودەبات سەیری (یۆحەنا ٨: ٤٤) بکە. ئەو درۆ لەگەڵ من و تۆشدا دەکات، هەندێک شتمان لەبارەی خۆمان و خەڵکی دیکە و دەوروبەرەکانمان پێ دەڵێت کە ڕاست نین. هەرچەندە هەموو درۆکانمان بەسەر یەکەوە پێ ناڵێت.

ئەو دەست دەکات بە بۆمبارانکردنی مێشکمان بە ئامۆژگاری ژیرانە بەشێوەی بیری بچوکی ڕەخنەگرانە. گومان کردن، دڵەراوکێ، ترس، سەرلێشواندن و هۆکار و تیۆریەکان. ئەو بە وریایی و لەسەرخۆیی هەڵسوکەوت دەکات (هەرچۆنێک بێت پلانی تۆکمە کاتی پێویستە). ئەوەت بیر نەچێت شەیتان ستراتیژی بۆ جەنگەکەی هەیە. بۆماوەیەکی زۆر کاری لەسەر ئێمە کردووە. ئەو دەزانێت کە ئێمە حەزمان لەچیەو رقیشمان لە چیە، ئەو لایەنە لاوازەکان و نائارامەکان و ترسێنەرەکانی ئێمە دەزانێت. ئەو ئامادەیە هەمو کاتێکی خۆی تەرخان .بکات بۆ شکست پێهێنانمان. ئارام گرتن یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی شەیتان.

قەڵاکان بڕوخێنە

"چونکە چەکی شەڕکردنمان جەستەیی نییە، بەڵکو بە خوداوە توانای وێرانکردنی قەڵای هەیە، هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین." (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٤- ٥)

شەیتان لەرێگەی فێڵ و تەڵەکەی زیرەکانە و ستراتیژییەتەوە هەوڵ دەدات قەڵا خۆی لەناو مێشکماندا بنیاتبنێت. قەڵا بریتییە لە ناوچەیەک کە ئێمە تێیدا زیندانی کراوین بەهۆی چەند بیرکردنەوەیەکی هەڵەوە.

لەم دەقەدا پۆڵسی نێردراو پێمان دەڵێت ئێمە ئەو چەکەمان هەیە کە بتوانین بە سەر قەڵای شەیتاندا زاڵ بین. دواتر زیاتر دەربارەی چەکەکان فێر دەبین، بەڵام ئێستا تکایە جارێکی دیکە سەرنج بدە، ئێمە زانیمان کە لە جەنگداین، جەنگی ڕۆحی. (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٥) بەڕوونی مەیدانی ئەو جەنگەمان نیشان دەدات کە تێیدا جەنگەکە پەرەدەسێنیت.

چاپی (AMP) دەڵێت کە ئێمە دەبێت ئەم چەکانە وەربگرین و مشتومڕ ڕەتبکەینەوە. شەیتان مشتومڕمان لەگەڵ دەکات، ئەو پێشنیاری هۆکار و تیۆرمان دەداتێ. ئەم جۆرە چالاکیانە لە مێشکدا بەردەوام دەبێت.

مێشک مەیدانی جەنگەکەیە.

کورتەی بارودۆخەکە

کەواتە تا ئێستا دەزانین کە:

1. ئێمە تووشی جەنگ بووین.
2. دوژمنەکەمان شەیتانە.
3. مێشک مەیدانی جەنگەکەیە.
4. شەیتان لە هەوڵێکی زۆردایە بۆئەوەی قەڵاکانی خۆی لە مێشکماندا بنیاتبنێت.

5. شەیتان ئەم کارە ئەنجام دەدات لە ڕێگەی ستراتیژی و فێڵ و تەڵەکەوە (لەڕێگەی پلانی تۆکمە و لە خشتەبردنی لە سەرخۆوە).
6. ئەو هیچ پەلەی نیە، ئەو چاوەڕێ دەکات تا پلانەکەی سەربگرێت.

با بە نموونەیەک پلانەکەی روون بکەینەوە:

لایەنی مریەم

مریەم و هاوسەرەکەی، یەحیا، چێژ لە ژیانی ژن و مێردایەتی وەرناگرن. هەمیشە دژایەتی لە نێوانیاندا روودەدات. هەردووکیان تووڕە و داخ لە دڵن. ئەوان دوو منداڵیان هەیە کە ئەو هەڵسوکەوتانەیان کاریگەری لەسەر بەجێهێشتوون. کێشەی دایک و باوکیان لە ئەرکی قوتابخانە و کردارەکانیان ڕەنگی داوەتەوە. یەکێک لە منداڵەکان بەهۆی نائارامی مێشکییەوە تووشی نەخۆشی گەدە بووە.

کێشەی مریەم ئەوەیە کە نازانێت چۆن ڕێگە بە یەحیا بدات کە ببێت بە سەرپەرشتیاری ماڵەوە. مریەم سیفەتی بەڕێوبەری هەیە. ئەیەوێت هەموو بڕیارەکان بەدەست خۆی بێت. ئابووری ماڵ دەگرێتە دەست و خۆی منداڵەکان پەروەردە دەکات. دەیەوێت ئیش بکات بۆئەوەی خاوەنی پارەی خۆی بێت. ئەو سەربەخۆیە و داواکاری زۆرە و دەنگی بەرز و بێزارکەرە.

ئێستا لەوانەیە تۆ بیر بکەیتەوە و بڵێی : "چارەسەری کێشەکەی مریەم دەزانم، ئەو پێویستی بە ناسینی عیسایە."

ئەو عیسا دەباسێت! مریەم ماوەی پێنج ساڵە عیسا وەکو رزگارکار ناسیوە، سێ ساڵ دوای ئەوەی کە مێردی بە یەحیا کردووە.

مەبەستت ئەوەیە کە هیچ گۆرانکارییەک لە مریەم دا رووی نەداوە لەوکاتەوەی کە عیسای ناسیوە؟ بەڵێ، گۆڕانکاری رویدا. ئەو لەو باوەڕەدایە کە دەڕوات بۆ بەهەشت لەگەڵ ئەوەی کرداره

خراپەکانی بوونەتە هۆی ئەوەی کە هەست بە لۆمەکردنی بەردەوام بکات. ئەو ئێستا هیوای هەیە. ئەو دڵتەنگ و بێهیوا بوون پێش ئەوەی عیسا بناسێت. ئەو بەراستی دڵی تەنگە.

مریەم دەزانێت شێوەی هەڵسوکەوت کردنی هەڵەیە، ئەو دەیەوێت بگۆڕدرێت، لەگەڵ دوو راوێژکاردا ڕاوێژی کردووە و بەپێی ڕەخساندنی هەلومەرج نوێژی کردووە بۆ ئەوەی بەسەر تووڕەیی و یاخیبوون و بێهیوا بوون و نەبەخشین و ڕق و تاڵیدا سەرکەوێت، بەڵام بۆچی هیچ بەرەوپێش چوونێک بەخۆیەوە نەدیوە؟

وەڵامەکە لە (ڕۆما ١٢: ٢)دا پەیدا دەبێت کە دەڵێت: "شێوەی ئەم ڕۆژگارە وەرمەگرن، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن، تاکو بتوانن خواستی خودا تێبگەن کە باش و پەسەندکراو و تەواوە."

مریەم کۆمەڵێ قەڵا لەناو مێشکیدا هەیە. چەندین ساڵە لەناو مێشکیدایە. تەنانەت لەوەش تێناگات چۆن ئەو قەڵایانەی گەیشتونەتە ئەوێ. ئەو دەزانێت کە نابێت سیفەتی بەڕێوەبەری هەبێت و بۆڵەبۆڵکەر بێت و .... هتد. بەڵام ئەو نازانێت چی بکات تاکو سروشتی بگۆڕێت. وادیارە لە هەندێ بارودۆخی ئاساییشدا بە ناشرینی وەڵام دەداتەوە، چونکە ناتوانێت کردارەکانی کۆنترۆڵ بکات.

مریەم ناتوانێت کردارەکانی کۆنترۆڵ بکات چونکە ناتوانێت بیروهزرەکانی کۆنترۆڵ بکات. ئەو بیروهزرەکانی کۆنترۆڵ ناکات چونکە تەنانەت نازانێت ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بەدەست خۆیەتی. کۆمەڵێ قەڵا لەناو مێشکی مریەمدایە کە شەیتان هەر لە سەرەتای ژیانی مریەمەوە بنیاتی ناون.

شەیتان هەر بە گەنجی دەستی کردووە بە دانانی پلانی تۆکمە و دۆزینەوەی فێڵ و تەڵەکە ئەنقەستییەکەی لەسەر مریەم، کێشەکانی هەر لە منداڵییەوە سەریان هەڵدا. لە کاتی منداڵیدا مریەم باوکێکی زۆر تووڕەی هەبووە کە هەر کاتێ بێتاقەت بووبێت دەستی کردووە بە لێدانی مریەمی کچی، ئەگەر بچووکترین هەڵەی کردبا ئەوا ڕقی خۆی بەسەر مریەمدا بەتاڵ کردووەتەوە بە لێدانی. بۆ ماوەی چەندین ساڵ مریەم ئازاری چەشتووە بەهۆی هەڵسوکەوتی هەڵەی باوکی بەرانبەر خۆی

و دایکی. باوکی بەشێوەیەکی زۆر ناشرین هەڵسوکەوتی لەگەڵ کچەکەی و ژنەکەیدا کردووە. براکەی مریەم نەیدەتوانی هیچ هەڵەیەک بکات. وادیاربوو بە هۆی کوڕ بوونیەوە باوکی باش هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەو بوو بە شازدە ساڵ و لەلایەن شەیتانەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ مێشکی شۆردرابوەوە کە چەندین درۆی لەگەڵ کردبوو بەشێوەیەک کە وای لێهات بڵێت:

"پیاوان بەڕاستی وا دەزانن شتن، هەموو پیاوان وەکو یەکن. ناتوانیت بڕوایان پێبکەیت ئەوان ئارارت دەدەن و سوودت لێوەردەگرن. ئەگەر بەس پیاو بیت ئەوا هەموو شتێکت بۆ دەستەبەر دەکرێت. دەتوانی فەرمان بەسەر خەڵک و دەوروبەرتدا بکەیت و وەکو بەڕێوەبەر ڕەفتار بکە چۆنت پێ خۆشە ئەوها بکە. هیچ کەسێک (بەتایبەتی ژن و کچەکەت) ناتوانێت هیچ شتێک بکەن."

لە ئەنجامدا مێشکی لەسەر یەک شت جێگیر بووە "کاتێک لێرە دوورکەوتمەوە ئەوا چیتر خەڵکی ناتوانن ئازارم بدەن!"

شەیتان پێشوەخت دەستی کردووە بە هەڵگیرساندنی جەنگ لەناو مەیدانی مێشکی مریەمدا. یاری بەو بیروهزرانەی ناو مێشکت بکە بەردەوام و بەردەوام سەدان هەزار جار یان بۆ ماوەی ماوەیەکی درێژی دە ساڵ، سەیر بکە بزانە تۆ ئامادەی شوو بکەیت و ببیتە ژنێکی شیرین و خۆشەویست و گوێڕایەڵ. ئەگەر بەچەند پەرجوێکیش بێت دەتەوێت بەو جۆرە بیت، بەڵام نازانی چۆن. ئەمە ئەو جۆرە کێشەیەیە کە ئەمڕۆ تووشی مریەم هاتووە ... دەتوانێت چی بکات؟ هەریەک لە ئێمە دەتوانین چی بکەین لەم چەشنە بارودۆخەدا؟

چەکەکانی وشە

"ئەوسا عیسا بەو جولەکانەی فەرموو کە باوەڕیان پێی هێنابوو: ئەگەر کارتان بە فێرکردنەکانم کرد، ئەوا بە ڕاستی قوتابی منن و ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات." **(یۆحەنا ٨: ٣١، ٣٢)**

لێرەدا عیسا پێمان دەڵێت کە چۆن سەرکەوین بەسەر درۆکانی شەیتاندا. پێویستە زانیاری ڕاستی خودا لە خۆماندا بەدەست بێنن. مێشکمان نوێ بکەینەوە بە وشەکانی و پاشان چەکەکانی (دووەم کۆرنسۆس **١٠: ٤، ٥**) بەکاربێنن بۆ ڕووخاندنی قەڵاکان و هەمووە ئەو شتە بەرز و بڵندانەی کە خۆیان لەسەر زانیاری خودا بەرز دەکاتەوە. ئەم چەکانە بریتین لە وشە، فێرکردن، وتاردان، کتێبەکان، سیدییەکان، کۆنفراسەکان و دەرسی تایبەتی کتێبی پیرۆز کە وەرتگرتووە.. بەڵام ئێمە دەبێت لەسەر وشەکە بەردەوام بین و جێگیر بین تا ئەو کاتەی دەبێت بە ئیلهام و لەڕێگەی هاندانی ڕۆحی پیرۆزەوە پێمان دەدرێت. بەردەوام بوون گرنگە. لە (مەرقۆس **٤: ٢٤**)دا عیسا دەڵێت بەو پێوانەی کە دەیدەیت بەو پێوانەیەش پێت دەدرێتەوە. دووبارەی دەکەمەوە پێویستە ئێمە بەردەوام بین لە بەکارهێنانی چەکی وشە.

ئێمە دوو چەکی دیکەی ڕۆحیشمان لەبەردەستدایە ئەوانیش ستایش کردن و نوێژکردنە. ستایش کردن پێش هەر پلانێکی شەڕ شەیتان شکست دەدات، بەڵام پێویستە لە دڵێکی ڕاستەقینەوە ستایش بکرێت نەوەک تەنیا بە زارت بیڵێیت یان بتەوێت بۆ تاقی کردنەوە بەکاریبێنێت. هەروەها ستایش کردن و نوێژکردن وشە پێکدەهێنن، ئێمە ستایشی یەزدان دەکەین بە وشەکانی و میهرەبانییەکەی. نوێژکردن بریتیە لە پەیوەندی لەگەڵ یەزدان. نوێژ دێت و داوای یارمەتی دەکات یان لەگەڵ خودا قسە دەکات دەربارەی ئەو شتانەی کە بێزارمان دەکەن. نوێژ هاوڕێیەتییە، برادەرێتییە، هەروەها هەڵێکە بۆ سوپاس کردنی یەزدان بۆ هەموو ئەوەی کە هەیە و ئەنجامی دەدات.

ئەگەر دەتەوێت ژیانێکی نوێژی کاریگەرت هەبێت ئەوا پەیوەندییە تاکە کەسییەکانت لەگەڵ خودا پەرە پێبدە. ئەوە بزانە کە خۆشی دەوێیت و پڕە لە بەزەیی و میهرەبانی و بزانە کە یارمەتیت دەدات. دەست بکە بە ناسینی عیسا. ئەو هاوڕێتە. ئەو لەبەر تۆ مرد. دەست بکە بە ناسینی ڕۆحی پیرۆز. ئەو هەمیشە وەکو یارمەتیدەرێک لەگەڵ تۆیە. ڕێگەی بدە یارمەتیت بدات.

فێر بە نویژەکانت پڕ بکە لە وشەکانی یەزدان. (زەبووری **٩: ١٠**) دەڵێت: "ئەوانەی بە ناوی تۆ ئاشنان پشتت پێ دەبەستن، چونکە ئەی یەزدان، قەت تۆ وازت لەوانە نەهێناوە کە حەز دەکەن لە تۆ نزیک ببنەوە."

کەواتە چەکەکانمان وشەیە، کە بە چەندین شێوە بەکاردێت. دەتوانین بە وشە نوێژ بکەین، بە وشە قسە بکەین، گۆرانی بڵێین و بیخوێنین. هەروەک چۆن پۆڵس لە (دووەم کۆرنسۆس) پێمان دەڵێت کە چەکی ئێمە جەستەیی نین بەڵکو رۆحین. ئێمە پێویستمان بە چەکی رۆحییە، چونکە ئێمە لەگەڵ سەرۆکی ڕۆحە بەدکارەکاندا شەڕ دەکەین، بەڵێ، تەنانەت لەگەڵ خودی شەیتانیش شەڕ دەکەین. عیساش چەکی وشەی لە چۆڵەوانیدا بەکارهێنا بۆ شکستدانی شەیتان (لۆقا **٤: ١- ١٣**). هەرکاتێک شەیتان درۆیەکی لەگەڵ عیسا کردبا، عیسا وەڵامی دەدایەوە دەیوت "نوسراوە"، پاشان وشەکەی دەوت.

هەرکاتێک مریەم فێری بەکارهێنانی چەکەکانی بوو ئەوا دەست دەکات بە ڕووخاندنی ئەو قەڵایانەی کە لەناو مێشکیدا بنیاتنراوە. ئەو کاتەی پەی بەو راستییە دەبات کە ئازادی دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە هەموو پیاوەکان وەکو باوکی زەمینی ئەو نییە. هەندێکیان وەکو باوکی ئەون، بەڵام زۆربەیان وا نین. هاوسەرەکەی، یەحیا، وەکو باوکی نییە ... ئەو مریەمی زۆر خۆش دەوێت.

لایەنی یەحیا

لایەنەکانی تری چیرۆکە لە یەحیا پێکهاتووە. ئەویش کۆمەڵێ کێشەی هەیە کە بووەتە هۆی دروست بوونی ئەو بارودۆخەی کە ئەو و هاوسەرەکەی ڕوبەڕویان بوەتەوە لە هاوسەرگیری و ماڵ و خێزاندا. یەحیا دەبوایە وەکو سەرۆک خێزان هەڵسوکەوتی کردبا. یەزدان دەیەویت بەڕێوەبردنی ڕۆحی لە ماڵەکەیدا بۆ ئەو دەستەبەر بکات. یەحیاش دووبارە لەدایک بووەتەوە و یەزدان دەناسێت، داخوازی تەواوی ژیانی خێزانی دەزانێت. ئەو دەزانێت کە نەدەبوا ڕێگەت بە ژنەکەی بدابا بۆ ئەوەی ماڵ و پارە و منداڵەکانی و تەنانەت ئەویش کۆنترۆڵ بکات و بیانخاتە ژێر ڕکێفییەوە. یەحیا

هەموو ئەمانەی دەزانی بەڵام هەڵنەستا بە ئەنجامدانی هیچ شتێک بێجگە لە هەست بە دۆراندن کردن نەبێت و خووی دابووە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و وەرزش. یەحیا خۆی لە بەرپرسیاریەتیەکانی دزیبووەوە چونکە ڕقی لە ڕوبەڕوبونەوە دەبووەوە .... ئەو ڕەفتار و بۆچوونی نادیاری هەڵبژاردبوو " ئەگەر من ئەم بارودۆخە وەکو خۆی بەجێبێڵم، لەوانەیە خۆی چاک ببێت" یان بیانووی دەهێنایەوە بە ئەنجامدانی کارە سەرەکییەکە، بە وتنی "من نوێژی بۆ دەکەم". بێگومان نوێژ شتێکی باشە بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ لابردنی بەرپرسیاریەتی بێت لەسەر شانت ئەوا بێگومان شتێکی باش نییە.

ڕێگەم بدە ئەم مەبەستە ڕوون بکەمەوە کە دەڵێم یەحیا دەبوایە وابەستەی بوایە بەو پێگەیەی کە یەزدان لەناو خێزانەکەی پێیدابوو. مەبەستم ئەوە نییە کە ئەو دەبێت وەکو (مستەر ماکو) شەڕ و هەرا بنێتەوە بۆ دەسەڵاتەکەی. (ئەفەسۆس **٥: ٢٥**) دەڵێت: "ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبووێ، هەروەک مەسیحیش کڵێسای خۆشویست و لە پێناوی خۆی بەختکرد." ئایا پێویستە هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات، لەگەڵ بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتیش پەیدا دەبێت. پێویستە بە خۆشەویستییەوە لەگەڵ ژنەکەی ڕەفتار بکات. هەروەها پێویستە مریەم ئاگادار بکاتەوە کە ڕاستە ئەو لە منداڵیدا ئازار دراوە بەڵام لەگەڵ باوەڕهێنانی بە یەزدان ئەو دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هەموو پیاوێک وەکو باوکی خراپ نین.

یەحیا دەبێت زۆر شت ئەنجام بدات بەڵام ئەمیش بە هەمان شێوەی مریەمی خێزانی کۆمەڵێ ڕەفتاری هەیە کە ڕێگەی بە شەیتان داوە بۆ ئەوەی یەخسیری بکات. بە هەمان شێوەی مریەم، جەنگیش لەناو مێشکی یەحیادا بەردەوامە. ئەمیش بەهەمان شێوە لە منداڵیدا قسەی ناشرینی پێوتراوە. دایکە دەسەڵاتدارەکەی زمانێکی ناشرینی هەبووە کە زۆربەی کات شتی زۆر خراپی بە یەحیا وتووە، وەکو: تۆ بێ سوودیت، هەرگیز بەکەڵکی هیچ ناییت. یەحیا زۆر هەوڵی دەدا کە دڵی دایکی خۆش بکات، دەیویست دایکی لە خۆی ڕازی بکات (وەک چۆن هەموو منداڵێک دەیەوێت دایکی لێ ڕازی بێت) بەڵام چەندە زیاتر هەوڵی دەدا ئەوەندە زیاتر هەڵەی دەکرد. یەحیا لە منداڵیدا خوویەکی سەیری هەبوو ئەویش بە دەست خۆی نەبوو شتی لە دەست بەردەبووەوە، هەربۆیە هەموو جارێ دایکی پێی دەوت خۆزگە دەمزانی بۆ ئەوەندە بێمێشک و گێلیت. بێگومان

راستە ئەو شتی لە دەست بەردەبوەوە چونکە ئەوەندە زۆر هەوڵی دەدا کە ئیشەکە بە جوانی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی دڵی دایکی دڵخۆش بکات وای لێ دەهات دەشڵەژی و مەبەستەکەی سەری نەدەگرت.هەروەها لەمنداڵیشدا ئەو کەسانەی کە دەیویست ببنە هاوڕێی ڕەتیان کردەوە و لێی دوور دەکەوتنەوە.

ئەم بارودۆخە توشی زۆربەمان بووە لە ژیانماندا، بەڵام ئەمەیان بوەتە هۆی ڕووخانی یەحیا چونکە ئەو پێشتر رەتکرابووەوە و سوکایەتی پێ کرابوو. کاتێک لە قۆناغی ئامادەیی بوو عاشقی کچێک بوو بەڵام کچەکە رەتی کردەوە و ڕۆشت بۆ لای کوڕێکی تر. بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەم شتانە لە ژیانی یەحیا زیاتر بوون و شەیتان ئیشی لەسەر دەکرد، قەڵای بەهێزی لەناو مێشکیدا بنیاد نابوو بۆ ماوەی چەندین ساڵ. هەربۆیە یەحیا هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەمابوەووە بێدەنگ بوون و شەرم کردن و پاشەکشێ کردن نەبێت. یەحیا کەسێکی بێدەنگ بوو، نەیدەویست هیچ هەرایەک دروست بکات بۆ ماوەی چەندین ساڵ بۆچوونێکی هەبوو کەوای لێکردبوو پێی وابێت "هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت ئەگەر بۆچوونەکانت بە خەڵکی بڵێیت، چونکە ئەوان هەر گوێت لێ ناگرن، ئەگر دەتەوێ خەڵکی تۆیان بە دڵ بێت ئەوا لە هیچ شتێکدا بەرهەڵستی مەکە. تۆ شتەکان وەکو خۆی بە جێبهێڵە چونکە ئەو شتانەی کە تۆ دەیڵێیت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت."

چەند جارێک هەوڵی دا کە ڕوبەڕوی کێشەکان بێتەوە، وا دیارە کە هەمیشە شکستی دەهێنا هەربۆیە لە کۆتاییدا بریاریدا کە ڕوبەڕوبونەوە بایەخی نییە، یەحیا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەر دەدۆڕێم، دەی کەواتە پێویست ناکات دەست پێ بکەم.

وەڵامەکە چییە؟

"ڕۆحی یەزدان لەسەرمە، چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ موژدەدان بە هەژاران، منی ناردووە تاوەکو جاڕی ئازادی بدەم بۆ ئەوانەی بە دیلگیراون، هەروەها گەڕانەوەی بینایی بۆ کوێران، تاوەکو ستەملێکراوان ئازاد بکەم و ساڵی ڕەزامەندی یەزدان ڕابگەیەنم." (لۆقا ٤: ١٨- ١٩)
لەگەڵ بوونی ئەو کێشانەی کە مریەم و یەحیا هەیانە بە ئاسانی دەتوانی بزانی ژیانیان چۆنە. بیرت بێت کە وتم پڕە لە کێشمەکێش. کێشمەکێش هەمیشە نابێتە هۆی دروستکردنی شەڕ. زۆربەی جار

کێشمەکێشی خێزانی بریتیە لە شەپۆلی شاراوەی تووڕە لە ناو ماڵدا کە هەموو کەسێک هەست بە بوونی دەکات بەڵام کەس هەوڵی چارەسەرکردنی نادات، بارودۆخی ماڵی ئەوان زۆر خراپە، پڕ بووە لە هەڵا و بەزم، شەیتان حەزی لەو بەزمەیە.

لە داهاتودا چی بەسەر مریەم و یەحیا و منداڵەکانیان دێت؟ دەتوانن سەرکەون بن؟ ئەوان مەسیحین، شەرمە ببینی هاوسەرگیرییەکەیان سەرکەوتوو نەبووە و تێک چووە، هەرچەندە بە دەستی خۆیانە. (یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٢) دەبێت بە ئایەتی سەرەکی بۆ بڕیارەکەیان.

ئەگەر بەردەوام بین لە خوێندنی وشەی یەزدان ئەوا پەی بە ڕاستییەکە دەبەین. لە راستیدا ڕەفتار کردن دەبێتە هۆی ئازادبونیان بەڵام هەرکە یەزدان پێی نیشاندان ئەوا هەریەکێکیان دەبێت ڕوبەڕوی ڕاستی ببنەوە لەبارەی خۆیان و رابردوویان. هەمیشە ڕاستی لە ڕێگەی وشەکانی یەزدانەوە دەردەکەوێت بەڵام بە داخەوە زۆر کات خەڵکی قبولی ناکەن. پڕۆسەیەکی بە ئازارە و ڕوبەڕوی هەڵەکانمان ببینەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین. بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی بیانوو بۆ هوڵسوکەوتە هەڵەکانیان دێننەوە. ئەوان ڕێگە بە ڕابروو و بەخێوکردنی نەرێنییان دەدەن کار بکاتە سەر ژیانیان. لەوانەیە ڕابردوومان پێمان بڵێت بۆ ئێمە ئازار دەچێژین بەڵام نابێت ئەمە وەکو بیانوێک بهێڵینەوە بۆ ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە کۆیلەیەتیدا ژیان بەسەر بەرین.

خەڵکی هیچ بیانوێکیان بۆ نەماوەتەوە چونکە عیسا هەمیشە ئامادەیە پەیمانەکەی بباتە سەر بۆ ئەوەی زیندانییەکان ئازاد بکات. ئەگەر لەگەڵ ئەودا ڕێبکەین ئەوا ئامادەیە تا هێڵی کۆتایی سەرکەوتنمان بەرێت لە هەر لایەنێک کە حەزمان لێبێت.

ڕێگای ڕزگاربوون

"هیچ تاقیکردنەوەیەکتان تووش نابێت، بێجگە لەوەی کە هاوبەشە لەنێوان مرۆڤایەتیدا، بەڵام خودا دڵسۆزە، کە نایەڵێت زیاتر لە توانای خۆتان تاقی بکرێنەوە، بەڵکو لەگەڵ تاقیکردنەوە ڕێگای دەرچوون دەکاتەوە، تاکو بتوانن بەرگە بگرن." (ئەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣)

هیوام وایە لە ڕێگەی ئەم نموونەیەوە توانیبێتیان ئەوە بەدی بکەن کە شەیتان ژینگەکەمان دەقۆزێتەوە و قەڵا بنیاتدەنێت لە ژیانماندا و چۆن جەنگەکە گەرم دەکات لەناو مەیدانی جەنگی مێشکماندا. بەڵام سوپاس بۆ خودا چەکمان هەیە کە توانای لەناوبردنی قەڵاکانی هەیە. (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣) پەیمانمان دەداتێ کە خودا شتێکمان پێناسپێرێت کە لە سەرووی توانای خۆمانەوە بێت و لەگەڵ هەر دوودڵی و نائارامییەک خودا ڕێگەیەکمان بۆ دابین دەکات کە لێی ڕزگار بین و دەربچین لێی.

هەریەک لە ئێمە دەکرێت مریەم و یەحیا بین. من دڵنیام کە هەریەک لە ئێمە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشدارین لەم سیناریۆیەدا. کێشەکان لەناو ناخیاندایە، لە بیر و هزرەکانیان و شێوازی ڕەفتاریاندایە. کردارەکانی دەرەوەیان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ژیانی ناخیان. شەیتان باش دەزانێت کە ئەگەر ئەو دەست بگرێت بەسەر بیر و هزرمان ئەوا دەتوانێت دەست بەسەر کردارەکانیشمان بگرێت. لەوانەیە قەڵایەکی سەرەکیت هەبێت لە ژیانتدا کە دەبێت لەناو ببردرێت. ڕێگەم بدە بە وتنی "خودا لایەنگرتە" هانت بدەم. شەڕ هەڵگیرساوە و مێشکی تۆش مەیدانی شەڕەکەیە. بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە خودا لەبەرەی تۆدا شەڕ دەکات.

بەشی دووەم

پێویستییەکی زۆر گرنگ

"چونکە لە ناخەوە چۆن هەست بکات، هەر وایە، پێت دەڵێ: بخۆ و بنۆشە، بەڵام دڵی لەگەڵت نییە." (پەندەکانی سلێمان **٢٣: ٧**)

بە تەنیا ئەم ئایەتە ڕێمان دەدات بزانین کە چەندە گرنگە بە شێوەیەکی دروست بیر بکەینەوە. بیروهزرەکان بەهێزن، بەپێی نووسەری سیپارەی پەندەکان، بیروهزرەکان توانای داهێنانیان هەیە. ئەگەر بیروهزرمان کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی دەبین بە چی، کەواتە بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەوە بخەینە پێشترێتی ژیانمانەوە کە بیر لە شتی باش بکەینەوە.

دەمەوێت گرنگی تەواوی هاوتەریبی بیرکردنەوەتان لەگەڵ وشەی یەزدان بخەمە مێشکەوە.

هەبێت لەگەڵ مێشکێکی نەرێنیدا ناتوانیت ژیانێکی ئەرێنیت.

مێشکی جەستەیی بەرانبەر مێشکی ڕۆحی

"چونکە ئەوانەی بەگوێرەی جەستەن بایەخ بە کاروباری جەستە دەدەن، بەڵام ئەوانەی بەگوێرەی ڕۆحەکەن، بایەخ بە کاروباری ڕۆحەکە دەدەن." (ڕۆما **٨: ٥**)

ڕۆما بەشی هەشت فێرمان دەکات کە ئەگەر مێشک بدەینە ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە جەستەوە ئەوا بەپێی جەستە ڕەفتار دەکەین، بەڵام ئەگەر مێشک بدەینە ئەوە شتانەی کە پەیوەستن بە ڕۆحەوە ئەوا بەپێی ڕۆح هەڵسوکەوت دەکەین. بەجۆرێکی دیکە، ئەگەر بیری جەستەیی بکەینەوە؛ بیری هەڵە و نەرێنی، ئەوا ناتوانین لەگەڵ ڕۆحدا ڕەفتار بکەین. نوێبوونەوەی بیروبۆچوونی خودایی زۆر گرنگە بۆ هەبوونی ژیانێکی سەرکەوتووی مەسیحی.

جاری وا هەیە ئێمەی مرۆڤ تەمبەڵی دەکەین لەبارەی شتێک ئەگەر هاتوو نەمانزانی کە ئەو شتە چەندە گرنگە بایەخی پێبدرێت. بەڵام ئەگەر ئەو کات پشتگوێی بخەین کە بایەخیمان بۆ دەرکەوت، ئەوا دەبێتە هۆی درستبوونی کێشە، پاشان دەکەوینە هەوڵ.

بۆ نموونە، لە بانکەوە تەلەفۆن دەکرێت و دەڵێن کە حیسابەکەت ٨٥٠ دۆلاری لێدەرهێنراوە، ئەوا دەستبەجێ بەدوای کێشەکەدا دەگەڕێیت. لەو کاتەدا بۆت دەردەکەوێت کە کاتت نەبووە حیسابی سپارە بکەیتەوە، کە بینیت وابووە دەستبەجێ لەگەڵ حیسابی سپاردەکەت خێرا دەڕۆیت بۆ بانک. ئینجا هیچ کێشەیەکی دیکەت نابێت.

حەزدەکەم کە تۆ بۆ ئەم حاڵەتەی نوێبوونەوەی مێشکە بە هەمان شێوەی ئەو نموونەیە سەیری بکەیت.

لەوانەیە ژیانت زۆر شپرز بێت بەهۆی هەبوونی چەندین ساڵ بیروهزری هەڵەوە ئەگەر وایە ئەوا گرنگە بۆت کە ڕوبەڕوی ئەو ڕاستییە ببیتەوە کە ژیانت ڕێکوپێک نابێت تا ئەو کاتەی مێشکت ڕێکوپێک نەبێت. دەبێت وەک پێویستییەکی زۆر گرنگ سەیری ئەم بارودۆخە بکەین. چەکەکانی وشە و ستایش بەکاربهێنە و پێداگر بە لەسەر ڕووخاندنی ئەو قەڵایانەی کە شەیتان لەناو مێشکتدا بنیاتی ناون.

لەڕێگەی ڕۆحەوە

"یەزدانی سوپاسالار دەفەرموێت، نە بە هێز و نە بە توانا، بەڵکو بە ڕۆحی من." (زەکەریا ٤؛ ٦)

یەکێک لە باشترین یارمەتیدەرەکان بۆ ئازادی بریتییە لەوەی کە زۆر داوای یارمەتی لە خودا بکەیت.

یەکێک لە چەکەکانت نوێژکردنە. بڕیاردان بە تەنیا ناتوانێت بەسەر بارودۆخەکاندا سەرتبخات، پێویستە بڕیار بدەیت بەڵام بڕیاردان لە ڕۆحی پیرۆزدا، نەوەک بە هەوڵ و کۆششی جەستەی خۆت. ڕۆحی پیرۆز یارمەتیدەرتە. داوای یارمەی لێبکە. پێشتی پێببەستە، بە تەنیا ناتوانیت ئەنجامی بدەیت.

پێویستییەکی زۆر گرنگ

بۆ باوەڕدار دروست بیرکردنەوە زۆر گرنگە. پێویستی زۆر گرنگ بریتییە لە شتێک کە زۆر گرنگە، کەسێک بە ئاسانی ناتوانێت بە بێ ئەو شتە بژیت. وەکو لێدانی دڵ یان پەستانی خوێن، ئەمانە هەندێکن لەو شتانەی کە بێ ئەوان ژیان بوونی نییە.

چەندین ساڵ لەمەوپێش یەزدان ئەم ڕاستییەی نیشاندام بەهۆی هاوڕێیەتی تایبەتی لەگەڵ ئەو لە نوێژ و وشەکانیدا. کاتێکی زۆر ناخۆشم هەبوو کاتێک کە خەریک بووم فێر دەبووم ئەو شتانە ئەنجام بدەم، تا ئەو کاتەی نیشانیدام کە ئەوانە پێویستییەکی زۆر گرنگن هەروەک چۆن ژیانی جەستەم وابەستەیە بە پێویستی هێما گرنگەکانم، بەهەمان شێوەش ژیانی ڕۆحیم بەدە بە کاتی بەردەوام و گونجاو لەگەڵ یەزدان. هەرکە زانیم پەیوەندی لەگەڵ یەزداندا زۆر گرنگە ئەوا لە ژیانمدا پێشترێتیم پێبەخشی.

بەهەمان شێوە، هەر کە زانیم کە بیروبۆچوونی دروست زۆر گرنگە بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو، زۆر سوورتر بووم لەسەر بەکارهێنانی بیروبۆچوونەکانم بە شێوەیەکی دروست و هەڵبژاردنیان بە وریاییەوە.

بەو جۆرەی کە بیردەکەیتەوە

"دار بە بەرهەمەکەی دەناسرێتەوە. ئەگەر دار باش بێت، بەرهەمی باش دەبێت، ئەگەر دار خراپ بێت، بەرهەمی خراپ دەبێت." (مەتا **١٢: ٣٣**)

کتێبی پیرۆز دەڵێت کە دار بە بەرهەمەکەیدا دەناسرێتەوە، هەمان شت لە ژیانماندا ڕاستە، بیروهزرەکان میوە دەگرن. بە باشی بیر بکەوە، میوەی ژیانت باش دەبێت، بە خراپی بیر بکەوە میوەی ژیانت خراپ دەبێت. لەڕاستیدا دەتوانی سەیری ڕەفتاری کەسێک بکەیت و پەی بەوە ببەیت کە چ جۆرە بیرکردنەوەیەک لە ژیانیدا زاڵە. کەسێکی شیرین و بەسۆز بیروهزری تۆڵەکردنەوە و تووڕەیی نییە. بەهەمان شێوە کەسێکی تەواو خراپ، بیروهزری خۆشەویستی نییە. (پەندەکانی سلێمان **٢٣: ٧**)ت بیر بێت و ڕێگەی بدە کە کاریگەری لەسەر ژیانت هەبێت چونکە

تۆ بەو جۆرەی، کە لە دڵەوە بیر دەکەیتەوە. بەردەوام دەڵێم: "مێشک بۆ کوێ بڕوات مرۆڤ دوای دەکەوێت."

بەشی سێیەم

واز مەهێنە

"کەواتە با لە چاکەکاری نەکەوین، چونکە ئەگەر وڕە بەرنەدەین لە کاتی خۆیدا دروێنەی دەکەین." (گەلاتیا ٦: ٩)

گرنگ نییە بارودۆخی مێشک و ژیانت چۆنە، هەرگیز واز مەهێنە و کۆڵ مەدە. دووبارە ئەو ناوچەیە بەدەست بهێنەوە کە شەیتان لێتی دزیبوو. ئەگەر پێویستە ئەوا هەر ئێستا ئەو کارە بکە و (2.54 سم)ی ناوچەکەت بەدەستبهێنەوە. بۆ گەیشتن بە ئەو ئامانجەی کە ئارەزووی دەکەیت پشت بە بەرەکەتی یەزدان ببەستە و پشت بە خۆت مەبەستە.

لە (گەلاتیا ٦: ٩)دا پۆڵسی نێردراو بەڕوونی هانمان دەدات کە بەردەوام و بەردەوام بین! مەبە بە کۆڵدەر و وازهێنەر! مەبە بە خاوەنی ڕۆحە کۆنە کۆڵدەرەکە. یەزدان بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە تا کۆتایی لەگەڵی دەمێننەوە.

تاقی بکەوە

"کە بەناو ئاودا بپەڕیتەوە، من لەگەڵتدام، بەناو ڕووبارەکانیشدا، نوقومت ناکەن. بەناو ئاگردا بڕۆیت، داغ نابیت، بڵێسەش ناتسووتێنێت." (ئیشایا ٤٣: ٢)

هاتنت دەدەم کە هەر شتێک ئێستا لە ژیانتدا ڕوبەڕوت دەبێتەوە یان تووشی کێشەت دەکات، تاقی بکەوە و ئەزموونی لێ وەرگرە و واز مەهێنە و کۆڵ مەدە!

(هەبەکۆک ٣: ١٩) دەڵێت کە "یەزدانی پەروەردگار هێزی منە، پێیەکانم وەک پێی ئاسک لێدەکات، توانام پێ دەبەخشێت بچمە سەر بەرزاییەکان."

یەزدان یارمەتیمان دەدات بۆ گەشەکردنی ڕۆحی لەڕێگەی بوونی لەگەڵ ئێمە بۆ بەهێزکردن و هاندانمان بە مەبەستی بەردەوام و بەردەوام بوون لە کاتە سەختەکاندا.

وازهێنان و کۆڵدان ئاسانە، تاقیکردنەوە پێویستی بە باوەڕە.

خۆت خاوەنی هەڵبژاردنیت

"من ئەمڕۆ ئاسمان و زەویتان لێ دەکەمە شایەت، کە من ژیان و مردن، بەرەکەت و نەفرەتم لەبەردەمتان داناوە، جا ژیان هەڵبژێرن هەتا خۆتان و نەوەکانتان بژین." (دواوتار **۳۰: ۱۹**)

هەموو ڕۆژێک هەزاران بیروهزرمان بۆ دێت. مێشک دەبێت نوێبکرێتەوە بۆ ئەوەی بەدوای ڕۆح بکەوێت نەوەک جەستە. مێشکی جەستەیی و دنیاییمان ڕاهێنانی زۆری کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئازادی ئیش بکات کە بە دڵنیاییەوە پێویست بە هیچ ماندووبونێک ناکات کە بیر لە شتی خراپ بکەینەوە.

لە لایەکی ترەوە ئێمە دەبێت بەتایبەتی بیری دروست هەڵبژێرین. دوای ئەوەی لە کۆتاییدا بڕیارماندا کە ببینە هاوبیری یەزدان، کەواتە پێویستمان بە هەڵبژاردن و بەردەوام بوونە لە هەڵبژاردنی بیر و هزری دروست.

کاتێک کە هەستمان کرد جەنگی مێشک زۆر سەختە و ناتوانین بیکەین، ئەوکات دەبێت بتوانین ئەو جۆرە بیروبۆچوونە لەناو ببەین و دەبێت وا بیربکەینەوە کە دەتوانین ئەو جەنگە ئەنجام بدەین. نەک تەنیا دەبێت ئەو بیروبۆچوونانە هەڵبژێرین کە ئێمە ئەو جەنگە دەبەینەوە بەڵکو دەبێت بڕیاریش بدەین کە وازناهێنین. ئێمە بە ترساندن و گومانکردن بۆمباران دەکرێین، پێویستە بەرگری بکەیت و بڵێیت: "من هەرگیز وازناهێنم و کۆڵ نادەم، یەزدان لە پشتمە، ئەو خۆشی دەوێم و یارمەتیم دەدات!"

من و تۆ بڕیاری زۆرمان هەیە کە بە درێژایی ژیانمان دەبێت بیدەین. لە (دواوتار **۳۰: ۱۹**)دا یەزدان بە گەلەکەی دەڵێت کە ژیان و مردنم لەبەردەم داناون و هانیان دەدات کە ژیان هەڵبژێرن. هەروەها لە (پەندەکانی سلێمان **۱۸: ۲۱**) دەڵێت: " مردن و ژیان بە دەست زمانە، ئەوەی حەزی لێی بێت بەروبوومەکەی دەخوات."

بیروهزرەکانمان دەبنە وشەکانمان. هەربۆیە زۆر گرنگە کە بیروهزری ژیان دروستکەر هەڵبژێرین. کاتێک وامان کرد ئەوا وشە دروستەکان بەدوایدا دێن.

وازمەهێنە

کاتێک شەڕەکە بێکۆتا دیارە و پێتوایە ناتوانیت بەسەریدا سەرکەویت، ئەوەت بیر بێت دووبارە بەرنامەڕێژی مێشکە دنیایی و جەستەییت دەکەیتەوە دەیکەت بە مێشکێک کە هاوبیری یەزدان بێت.

مەحاڵە؟ نەخێر.

زەحمەتە؟ بەڵێ

بەڵام تەنیا بیربکەوە، یەزدان لە تیمەکەی تۆیە. من لەو باوەڕەدام کە ئەو باشترین "بەرنامەدانەری کۆمپیوتەرە" کە نزیکە لێمانەوە. مێشکت وەکو کۆمپیوتەرێکە کە تەمەنێکی زۆر خۆڵ و خاشاکی تێدا بەرنامەڕێژی کراوە. هەر هیچ نەبێت یەزدان کارت لەسەر دەکات ئەگەر بێتو بانگهێشتی بکەیت بۆ ئەوەی دەست بەسەر بیروهزرتدا بگرێت. ئەو دووبارە بەرنامەڕێژی مێشکت دەکات. بەردەوام بە لە هاوکاریکردنی یەزدان و وازمەهێنە و کۆڵ مەدە!

بێگومان ئەم بەرنامەڕێژییە پێویستی بە کاتە، هەروەها ئاسانیش نابێت؛ بەڕێگەی دروستدا دەڕۆیت ئەگەر شێوەی بیرکردنەوەی یەزدانت هەڵبژارد. کاتی خۆت سەرفی ئەنجامدانی شتێک دەکەیت، لەوانەیە باش بێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونت و بۆ هەتاهەتایە بەم شێوە شپرز و ناڕێک نەبێت.

ڕووت وەرگێڕە و دەسەڵات بگرە دەست

"یەزدانی خودامان لە حۆرێڤ پێی فەرمووین: ئیتر بەسە! ماوەیەکی زۆرە لەم کێوە دانیشتوون، ڕووتان وەربگێڕن و کۆچ بکەن و بڕۆن بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ئەموریییەکان و دەرودراوسێکانی لە عەراڤا و چیا و زوورگەکانی خۆرئاوا و نەقەب و کەناری دەریای خاکی کەنعان و لوبنان هەتا ڕووباری گەورە، واتە ڕووباری فورات. بڕوانن ئەوا خاکەکەم لەپێش داناون، بڕۆنە ناوی و دەست بەسەر ئەو خاکەدا بگرن کە یەزدان سوێندی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبی باوباپیرانتان خوارد بیانداتێ و بۆ نەوەکانیشیان لەدوای خۆیان." (دواوتار ١: ٦- ٨)

لە ڕاسپاردەکان ١: ٢دا، مووسا بۆ ئیسراییلەکانی ڕوون کردەوە کە تەنیا گەشتێکی یازدە ڕۆژی دەخایەنێت تا سنووری کەنعان (زەوی بەڵێنپێدراو). بەڵام چل ساڵی خایاند تاوەکو گەیشتنە ئەوێ. پاشان لە ئایەتی شەشدا مووسا پێی وتن: "یەزدانی خودامان لە حۆرێڤ پێی فەرمووین: ئیتر بەسە! ماوەیەکی زۆرە لەم کێوە دانیشتوون."

ئایا بەڕاستی پێویستە لەسەر هەمان کێو نیشتەجێ بوویت؟ ئایا گەشتێکی یازدە ڕۆژیت بە چل ساڵ بڕیوە؟ لە ژیانی خودی خۆمدا، لە کۆتاییدا هەر دەبوا لە خەو هەستم و بۆم دەرکەوت کە بە هیچ شوێنێک ناگەم. من مەسیحییەک بووم بە بێ سەرکەوتن. وەکو مریەم و یەحیا، زۆر کرداری هەڵە و قەڵای دەروونیم هەبوو کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە مێشکمدا بنیات نرابوون، شەیتان درۆی لەگەڵ دەکردم و منیش باوەڕم پێی دەکرد، هەربۆیە لە فێلکردندا ژیانم بەسەر دەبرد.

منیش بەپێی پێویست لەسەر هەمان کێو نیشتەجێ بووم، چل ساڵم بەسەربرد لە دروست کردنی ئەو شتەی ئەگەر بێتو ڕاستی یەزدان بزانیبا ئەوا سەفەرێکی زۆر کەمتری دەخایاند.

یەزدان بۆی ڕوونکردمەوە کە ئیسراییلیەکان لە چۆڵەوانی مانەوە چونکە ئەوان "زەینییەتی چۆڵەوانییان هەبوو" (کۆمەڵە بۆچوونێکی دیاریکراو کە وای لێکردبوون بە کۆیلەیی بمێننەوە). لە بەشی داهاتوودا بەدرێژی باسی ئەم بابەتە دەکەین، بەڵام ئێستا ڕێگەم بدە کە هانت بدەم بۆ ئەوەی بڕیارێکی تەواو بدەیت تاکو مێشکت نوێ بکەیتەوە و فێر دەبیت بیروهزرەکانت بە وریاییەوە هەڵدەبژێریت. مێشکت بەو شێوەیە بنیات بنێ کە واز ناهێنێت و کۆڵ نادات تا ئەو کاتەی دەگەیت بە سەرکەوتن و مولکی ڕاستەقینەی خۆت بە میرات وەردەگریت.

بەشی چوارەم

کەم کەم

"بەڵام یەزدانی خوداتان کەمە کەمە ئەو گەلانە لەبەردەمتان دەردەکات، ناتوانن یەکسەر لەناویان ببەن نەوەک دڕندەی کێویتان بەسەرەوە زۆر بێت." (دواوتار ٧: ٢٢)

کەم کەم نوێبوونەوەی مێشکت ڕوودەدات، کەواتە بێ ئومێد مەبە ئەگەر بەرەوپێشچوونەکە هێواش دیار بوو.

ڕێک پێش ئەوەی بڕۆنە ناو زەوی بەڵێن پێدراوەوە، یەزدان بە گەلی ئیسراییلی وت کە کەم کەم دوژمنەکانیان لە بەردەمیان دەردەکات نەوەک "دڕندەی کێویتان" بەسەرەوە زۆر بێت.

باوەڕم وایە کە خۆ بەگەورە زانین و شانازی کردن "دڕندەیە"، ئەم دڕندەیە لەناوماندەبات ئەگەر بێتوو زۆر خێرا ئازادییەکی زۆر بەدەست نەهێنین. لەڕاستیدا وا باشترە کە ئازادی لەم کاتەدا لە ناوچەیەکدا جێگیر بکرێت. بەم جۆرە، زیاتر ئازادییەکەمان بەرز دەنرخێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ئازادییە دیارییەکە لەلایەن یەزدانەوە پێمان دراوە، شتێک نییە ئێمە خۆمان بتوانین بە هێز و توانای خۆمان بەدەستی بهێنین.

ئازار چەشتن پێش ئازادی دەکەوێت

"خودای هەموو نیعمەتێک، ئەوەی بانگی کردوون بۆ شکۆیە هەتاهەتاییەکەی لە عیسای مەسیحدا، کە تۆزێک ئازارتان چێژت، خۆی تەواوکارتانە و دەتانچەسپێنێت و بەهێزتان دەکات و بناغەتان دادەنێت." (یەکەم پەترۆس ٥: ١٠)

بۆچی پێویستە "تۆزێک" ئازار بچێژین؟ باوەڕم وایە ئێمە بەرگەی جۆرێک لە ئازارچەشتنمان گرتووە هەر لەو کاتەوەی کە بۆمان دەرکەوتووە کێشەمان هەیە تا ئەو کاتەی کە عیسا ڕزگاری کردووین، بەڵام تەنانەت زیاتر خۆشحاڵ دەبین کاتێک کە ڕزگاریمان بۆ هات. کاتێک بۆ ئەنجامدانی کارێک هەوڵ دەدەین تەنیا پشت بە خۆمان ببەستین ئەوا دەدۆڕێین و ناتوانین ئەنجامی بدەین. پاشان

بۆمان دەردەکەوێت کە دەبێت چاوەڕێی یەزدان بکەین، دڵمان پڕدەبێت لە ستایش و سوپاسگوزاری کە عیسا لە مردن هەستایەوە و ئەو شتەی ئەنجام دا کە ئێمە خۆمان نەماندەتوانی ئەنجامی بدەین.

نا بۆ سەرزەنشت کردن

کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا دەژین." (ڕۆما ٨: ١)

لەکاتی بوونی کێشە و ڕۆژانی خراپدا دەست مەکە بە لۆمەکردن. دووبارە هەستەوە، تۆزەکە بتەکێنە، دیسان دەستپێبکەوە. کاتێک منداڵ فیری ڕێگە ڕۆیشتن دەبێت چەندین جار بەردەبێتەوە پێش ئەوەی چێژ لە ڕێگەڕۆیشتن وەربگرێت. هەرچەندە یەکێک لەو بەهرانەی کە لە منداڵدایە ئەو ڕاستیەیە کە لەگەڵ ئەوەی کە بەردەبێتەوە بەڵام هەمیشە هەڵدەستێتەوە و دووبارە هەوڵدەداتەوە.

شەیتان هەوڵی تەواوی خۆی دەدات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی نوێکردنەوەی مێشکتدا بتوەستێنێت. ئەو باش دەزانێت کە دەست کرد بە هەڵبژاردنی بیروهزری دروست و ڕەتکردنەوەی بیروهزری هەڵە ئەوا کۆنترۆڵکردنت لەلایەن ئەوەوە کۆتایی پێدێت. ئەو هەوڵ دەدات لە ڕێگەی لۆمە و سەرزەنشت و بێهیواییەوە بتوەستێنێت.

کاتێک لۆمە و سەرزەنشت هات، "چەکی وشە" بەکاربێنە. (ڕۆما ٨: ١) دەڵێت کە بەبیر خۆت و شەیتان بێنەوە کە تۆ شوێن جەستەت ناکەویت بەڵکو شوێن ویستی ڕۆح دەکەویت. شوێنکەوتنی جەستە پشت بە خۆت دەبەستێت، شوێنکەوتنی ڕۆح پشت بە یەزدان دەبەستێت.

کاتێک کە دۆڕایت و بێگومان هەر دەدۆڕێیت، ئەوە بەو مانایە نایەت کە تۆ کەسێکی دۆڕاویت بەڵکو واتە تۆ هەموو شتەکان بە باشی ئەنجام نەداوە. ئێمە هەموومان دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە سەرەڕای بەهێزیمان، خاڵی لاوازیشمان هەیە. تەنیا ڕێگە بە مەسیح بدە لە لاوازییەکانتدا و لە ڕۆژە لاوازەکانتدا ببێت بە هێز و توانات.

دووبارەی دەکەمەوە: تاوانبارکردن وەرمەگرە. سەرکەوتنی تەواوت دەگات، بەڵام پێویستی بە کاتە، چونکە کەم کەم دێت.

بێهیوا مەبە

ئەی گیانی من بۆچی خەمباریت؟ بۆ لە ناخمدا پەرێشانیت؟ ئومێدت بە خودا هەبێت، چونکە هەر ستایشی ئەو دەکەم، ئەو ڕزگارکەر و خودامە." (زەبووری **٤٢: ٥**)

بێهیوابوون هیوا لەناو دەبات،کەواتە ڕوونە کە شەیتان هەمیشە هەوڵ دەدات بێهیوا و نائومێدمان بکات. بە بێهیوا ئێمە دەوەستین و وازدێنین، ئەمەش ئەوەیە کە شەیتان دەیەوێت بیکەین. کتێبی پیرۆز بەردەوم دووپاتی دەکاتەوە کە نەترسین و نائومێد نەبین. یەزدان دەزانێت کە ئێمە ناگەین بە سەرکەوتن ئەگەر بێتو بێهیوا بین، بۆیە هەمیشە هانمان دەدات بەوەی کە دەستمان کرد بە پرۆژەیەک بە خۆمان بڵێین: "بێهیوا و بائومێد مەبە." یەزدان دەیەوێت کە هیوامان هەبێت و بێهیوا نەبین.

کاتێک تاوانبارکردن و بێهیوایی دەیانەوێت لەناکاو هێرشت بۆ بکەن ئەوا بیروهزری ژیانت بپشکنە. چ جۆرە بیروهزرێکت هەبووە؟ ئایا بەم شێوەیە بووە؟

"من ناتوانم ئەنجامی بدەم، زۆر گرانە. من هەمیشە دەدۆڕێم، هەمیشە هەروا بووە، هیچ شتێک ناگۆڕێت، دڵنیام کە خەڵکی دیکە کاتێک ویستوویانە مێشکیان نوێ بکەنەوە ئەوەندە کێشەیان تووش نەبووە. منیش بەهەمان شێوە وازدێنم. ماندوو بووم لە هەوڵدان. من نوێژ دەکەم بەڵام وادیارە یەزدان گوێی لێم نییە. لەوانەیە یەزدان وەڵامی نوێژەکانم نەداتەوە چونکە بێهیوا بووە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانم."

ئەگەر ئەم نموونەیە شێوازی بیروهزری تۆ دەردەخات ئەوا هیچ سەیر نییە کە بێهیوا بوویت و هاتویتە ژێر باری تاوانبارکردنەوە. بیرت بێت، تۆ دەبیت بەوەی بیری لێ دەکەیتەوە. بە بێهیوایی بیر بکەوە، بێهیوا دەبیت. بە تاوانباری بیربکەوە ئەوا دێیتە ژێر باری تاوانبارکردنەوە. شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕە و خۆت ئازاد بکە، لەجێگەی ئەوەی نەرێنی بیربکەیتەوە بۆم شێوەیەی خوارەوە بیر بکەوە:

"ڕاستە کە شتەکان هەندێک لەسەرخۆ دەڕۆن، بەڵام سوپاس بۆ یەزدان من هەندێ بەرەوپێشچوونم بەخۆوە دیوە. دڵنیام و خۆشحاڵم کە لە سەر ئەو ڕێگە ڕاستەم کە بەرەو ئازادیم دەبات. دوێنێ ڕۆژێکی ناخۆشم هەبوو. بە درێژایی ڕۆژ بیرکردنەوەی هەڵەم هەڵبژارد. ئەی باوک، بمبەخشە، یارمەتیم بدە کە 'بەردەوام و بەردەوام بم.' تووشی هەڵەیەک بووم بەڵام ئەوە تەنیا یەک هەڵە بوو، پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە. ئەمە ڕۆژێکی نوێیە. یەزدان تۆ منت خۆش دەوێت، هەموو بەیانییەک بەزەییەکەت نوێیە. بێهیوایی و نائومێدی ڕەتدەکەمەوە. ئەی باوک، کتێبی پیرۆز دەڵێت کە تۆ تاوانبارم ناکەیت. تۆ عیسات نارد بۆ ئەوەی بۆ من بمرێت. من دەبم، ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەورە دەبێت. ئەمڕۆ یارمەتیم بدە کە بیرکردنەوەی دروست هەڵبژێرم."

دڵنیام کە تۆ بە زوویی دەتوانیت هەست بە سەرکەوتن بکەیت لە جۆری خۆشحالی و ئەرێنی و هابیری یەزدان.

ئێمە حەزمان لە هەموو شتێکی خێرایەک، ئێمە لە ناخماندا میوەی دان بە خۆگرتنمان هەیە، بەڵام بۆ دەرەوە کاری لەسەر کراوە. هەندێ کات یەزدان خۆی دوادەخات لە هێنانی ڕزگاری تەوەی ئێمە. ئەو ماوەی سەختی چاوەڕوانکردنی بەکارهێناوە بۆ بەهێزکردنی باوەڕمان و ڕێگە بە ئارامگرتن دەدات کە بە باشترین شێوە کاری خۆی بکات (سەیری یاقوب **١: ٤** بکە. زەمانبەندی خودا بێخەوشە، هەرگیز دواناکەوێت.

ئەمە بیروهزرێکی تری باش بۆ بیرکردنەوە لێی: "باوەڕم بە یەزدان هەیە. گرنگ نییە کە هەستم چۆنە یان لە چ بارودۆخێکدام، باوەڕم وایە کە لە مندا کاردەکات. یەزدان دەستی کردووە بە کاری باش لە مندا و تەواویان دەکات (سەیری فیلیپی **٢: ١٣** بکە)."

لەم شێوەیەدا دەتوانی بەکاریگەری چەکی وشەکەت بەکاربێنیت بۆ لەناوبردنی قەڵاکان. پێشنیارت بۆ دەکەم کە نەک تەنیا بە باشی بیر بکەوە بەڵکو لەگەڵ زیاتر ڕۆیشتنت بەدەنگی بەرز وەک دانپێدانانت بیانڵێ.

بیرت بێت کە یەزدان ڕزگارت دەکات، کەم کەم، بێهیوا مەبە، ئەگەر هەڵەیەکت کرد ئەوا هەست بە تاوانباربوون مەکە.

لەگەڵ خۆت هێمن بە!

بەشی پێنجەم

ئەرێنی بە

"بڕۆ! با هەروەک باوەڕت هێنا، بۆت ببێت." (مەتا ٨: ١٣)

بیرە ئەرێنییەکان ژیانی ئەرێنی بەرهەم دێنن. بیرە نەرێنییەکان ژیانی نەرێنی بەرهەم دێنن. بیروهزرە ئەرێنییەکان هەمیشە پڕن لە هیوا و باوەڕ. بیروهزرە نەرێنییەکان هەمیشە پڕن لە ترس و گومان.

هەندێ کەس لە هیوا خواستن دەترسن چونکە لە ژیانیاندا ئازاریان زۆر چەشتووە. زۆر بێئومێد بوون، پێیانوایە ناتوانن ڕوبەڕوی ئازارێکی دیکە ببنەوە. هەربۆیە هیواناخوازن نەک دووبارە بێهیوا ببن.

ئەم خۆ بەدوورگرتنە لە هیواخواستن جۆرێکە لە بەرگریکردن دژی ئازار چەشتن. بێهیوابوون بەئازارە! کەواتە نەوەکو دیسان ئازار بچێژن، زۆر کەس هیواخواستن ڕەتدەکەنەوە یان هەرگیز باوەڕناکەن شتێکی باش لە ژیانیانیاندا ڕووبدات. ئەم جۆرە ڕەفتارە شێوازی ژیانی نەرێنی بنیات دەنێت. هەموو شتێک دەبێت بە نەرێنی چونکە بیروهزرەکان نەرێنین. (پەندەکانی سلێمان **٢٣:** ٧)ت لەبیربێت: " چونکە لە ناخەوە چۆن هەست بکات، هەر وایە."

چەندین ساڵ لەمەوپێش لە ڕادەبەردەر نەرێنی بووم. هەمیشە دەڵێم کە ئەگەر دوو جار بە ئەرێنی بیربکەمەوە ئەوا مێشکم دەوەستێت. هەموو فەلسەفەکەم ئەمە بوو: "ئەگەر چاوەڕێی ڕوودانی هیچ شتێکی باش ناکەیت، ئەو لەکاتی ڕوونەدانیدا بێهیوا و نائومێد نابیت."

لە ژیانمدا لەڕادەبەدەر ڕوبەڕوی ئائومێدبوون بومەتەوە، زۆر شتی ڕوخێنەرم بەسەرهاتووە، کە دەترسام لەوەی باوەڕبکەم کە لەوانەیە شتێکی باش ڕووبدات. بەشێوەیەکی زۆر نەرێنیانە لە هەموو شتێکم دەڕوانی. لەبەرئەوەی بیروهزرەکانم هەمووی ئەرێنی بوون قسەکانیشم نەرێنی بوون؛ بۆیە ژیانیشم نەرێنی بوو.

کاتێک کە بەڕاستی دەستمکرد بە خوێندنی وشەی یەزدان و باوەڕهێنان بە یەزدان کە ڕزگارم دەکات، یەکێک لەو شتە سەرەتاییانەی کە دەرکم پێکرد ئەوە بوو کە نەرێنیەتی بوونی نەمێنێت.

لە (مەتا ٨: ١٣)دا عیسا پێمان دەڵێت ئەوەمان بۆ ئەنجام دەدرێت کە باوەڕمان پێیەتی، کینگ جەیمس ڤیرژن دەڵێت: "با بەپێی باوەڕت بۆت ئەنجام بدرێت.". هەموو ئەو شتانەی باوەڕم پێی بوو نەرێنی بوون، بەشێوەیەکی سروشتی زۆر شتی نەرێنیم بەسەرهات.

ئەمە بەو واتایە نایەت کە من و تۆ دەتوانین هەموو شتێک بەدەست بێنین بەتەنیا بیرکردنەوە لێی. یەزدان بۆ هەریەک لە ئێمە پلانێکی تەواوی هەیە، ئێمە ناتوانین بە بیروهزرەکانمان یەزدان کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام پێویستە ئێمە بیرکردنەوە و بەپێی ویست و ئارەزووی ئەو بێت. ئەگەر تۆ ویستی یەزدان نازانێت، هەر هیچ نەبێت لەم کاتەدا بیر بکەوە و بڵێ: "ڕاستە من پلانی یەزدان نازانم، بەڵام دەزانم خۆشی دەوێم، هەموو کارەکانی یەزدان باشە، من بەرەکەتدار و پیرۆز دەبم."

لە ژیانتدا بە ئەرێنی بیر بکەوە.

ڕاهێنان بکە ئەرێنی بیت لەکاتی سەرهەڵدانی هەر حاڵەتێکدا، تەنانەت هەر شتێک لە ژیانتدا ڕووبدات ئەگەر لەم کاتەدا زۆر باشیش نەبیت، ئەوا پێشبینی ئەوە بکە لە یەزدان تۆ بگۆڕێت بە باش هەروەک چۆن لە وشەکانیدا بەڵێنی داوە.

هەموو شتێک بۆ باشە ئیشدەکات

"ئێمە دەزانین لە هەموو شتەکان خودا کار دەکات بۆ چاکەی ئەوانەی ئەویان خۆشدەوێت، ئەوانەی بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراون." (ڕۆما ٨: ٢٨)

ئەم ئایەتە ناڵێت هەموو شتێک باشە، بەڵام دەڵێت هەموو شتێک پێکەوە بۆ باشە کار دەکات. با بڵێین تۆ دەتەوێت بڕۆیت بۆ شت کڕین، دەڕۆیتە ناو ئۆتۆمبێلەکەت بەڵام ئیش ناکات، بە دوو شێوە دەتوانیت لەم حاڵەتە بڕوانیت. "دەمزانی! هەرگیز باش نابێت، دەست دەدەمە هەر شتێک خراپ دەبێت. هەر دەمزانی ئەم شت کڕینەم سەرناگرێت، پلانەکانم هەمیشە ئەوهان." یان

دەتوانی بڵێی: "ڕاستە من دەمویست بڕۆم بۆ شت کڕین بەڵام وا دیارە ئێستا ناتوانم بڕۆم، دواتر دەڕۆم کاتێک ئۆتۆمبێلەکە چاکبۆوە. لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە کە گۆرانکاری لەم پلانەدا بە باشی بۆم دەشکێتەوە. پێدەچیت هەندێک هۆکار هەبن کە وادەکات لەماڵ بمێنمەوە. بۆیە دەڕۆم و لە ماڵەوە چیژ لە کاتەکانم وەردەگرم."

لە (ڕۆما **١٢: ١٦**)دا پۆڵسی نێردراو پێمان دەڵێت کە بە پەرۆشەوە بین بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ خەڵک و شتەکاندا. بیرۆکەکە ئەوەیە کە دەبێت فێربین ببین بەو کەسەی کە پلان بۆ شتەکان دادەنێت بەڵام لەکاتی سەرنەگرتینیدا نەڕوخێت.

لەم دواییانەدا دەرفەتێکی زۆر باشم بۆ ڕەخسا کە ڕاهێنان لەسەر ئەم فێرکردنە بکەم. من و دیڤ لە دەریاچەی (ورس)ی فلۆریدا بووین. سێ ڕۆژ لەوێ خزمەتمان کرد، پاشان خۆمان ئامادەکرد و ڕۆیشتین بۆ فڕۆکەخانە تاکو بگەڕێینەوە ماڵەوە. پلانم دانا کە کابۆ و بلوز لەبەربکەم و پێڵاوی فلاتیش لەپێبکەم بۆ ئەوەی لەکاتی گەڕانەوەماندا ناڕەحەت نەبم.

دەستم کرد بە خۆگۆڕین، نەمتوانی کابۆکەم بدۆزمەوە. هەموو شوێنێک گەڕاین. لە کۆتاییدا لە بەشی خوارەوەی چەکمەجەکە کابۆکەمان دیتەوە. لە حەلاقەکە بەربووەوە. بە تەواوی لۆچ ببوو. ئوتویەکی بچوکمان پێبوو، هەوڵمدا لۆچییەکان ئوتو بکەم، جلەکەم لەبەرکرد، سەیرم کرد جوان نییە. تەنیا بژاردەیەک بۆم مابوەوە لەبەرکردنی تەنوورە و پێڵاوی پاژنە بەرز بوو.

هەستم کرد کە کەم کەم خەریک بوو لەو بارودۆخە بێزار دەبووم. دەبینیت، کاتێک کە نەگەیشتین بەوەی کە دەمانەوێت، هەستەکانمان دەجوڵێن و هەوڵدەدەن وامان لێبکەن بەزەییمان بە خۆماندا بێتەوە و ڕەفتاری نەرێنی ئەنجام بدەین.

یەکسەر بۆم دەرکەوت کە من دەمتوانی شتێکی دیکە بکەم. دەمتوانی بێزابم چونکە شتەکان بەو جۆرە بەڕێوە نەچوون کە من دەمویست یان دەمتوانی خۆم بگونجێنم لەگەڵ بارودۆخەکەدا بەردەوام بم، چێژ لە گەشتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە وەربگرم.

تەنانەت کەسێکیش کە بەڕاستی ئەرێنی بێت هەمیشە هەموو شتێکی بەو جۆرە بۆ ناچێتە سەر کە دەیەوێت. بەڵام کەسی ئەرێنی دەتوانێت بەردەوام بێت و بڕیار بدات چێژی خۆی وەربگرێت بە بێ گرنگیدان بە بارودۆخەکە. کەسی نەرێنی چێژ لە هیچ شتێک وەرناگرێت.

هیچ خۆش نییە لەگەڵ کەسێکی نەرێنیدا بیت. ئەو هەورێکی تەماوی بەسەر هەموو پرۆژەیەکدا دێنێت. شتەکان بۆی "سەختن." گلەیی کەرە، بۆڵەبۆڵکەرە، هەڵە دۆزەرەوەیە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو شتە باشانەی کە ڕوودەدەن وا پێدەچێت هەمیشە گرنگی بەو شتە دەدات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی شاراوە.

لە ڕۆژانی لەڕادەبەدەر نەرێنی بوونمدا، دەکرا بڕۆمە ماڵی کەسێک کە تازەیی بۆیاخ کرابێت، لەجێگەی سەیرکردن و سەرنجدانی ئەو چواردەورە سەرنج ڕاکێشە، سەیری کونجی دیوارەکەم بکردبا کە تۆزێکی لێبوەوە یان سەیری پەڵەی سەر پەنجەرەکەم بکردبا. من زۆر خۆشحاڵم کە عیسا ڕزگاری کردم بۆ ئەوەی چێژ لە شتە باشەکانی ژیانم وەربگرم! من ئازادم و باوەڕم وایە لەڕێگای باوەڕبوون و ئومێد بە یەزدان، شتە خراپەکان دەتوانرێت بە شتی باش بگۆڕدرێت.

ئەگەر تۆ کەسێکی نەرێنیت، هەست بە تاوانباربوون مەکە. تاوانباربوون نەرێنییە. من ئەم شتانەتان لەگەڵ باسدەکەم بۆئەوەی بزانن کێشەکانتان چیە، لەگەڵ نەرێنی بونتان دەست بکەن بە باوەڕبوون بە یەزدان بۆ ڕزگاربوونتان، نەوەک واتان لێبکەم کە دەربارەی گومانەکەتان نەرێنی بن.

ڕێگەی ئازادی کاتێک دەست پێدەکات کاتێک ڕوبەڕوی کێشە ببینەوە بەبێ هیچ بیانوێک. دڵنیام ئەگەر تۆ کەسێکی نەرێنیت ئەوا هەمیشە هۆکارێکی هەیە و هەمیشەش دەبێت. بیرت بێت، وەکو مەسیحییەک، بەپێی کتێبی پیرۆز تۆ ئێستا کەسێکی نوێیت.

ڕۆژێکی نوێ

"ئەگەر هەر کەسێک لەگەڵ مەسیحدا یەک بگرێت، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا بوونە نوێ." (دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧)

وەکو "دروستکراوێکی نوێ" نابێت ڕێگە بدەیت ئەو شتە کۆنانەی کە بەسەرت هاتوون کاریگەرییان لەسەر ژیانی نوێت لەگەڵ مەسیحدا هەبێت. تۆ بوونەوەرێکی نوێیت لەگەڵ ژیانێکی نوێ لە مەسیحدا. بەپێی وشەکان یەزدان دەتوانیت بیرت نوێ بکەیتەوە. شتی باشت بۆ دێتە پێش.

دڵخۆشبە! ڕۆژێکی نوێیە!

کاری ڕۆحی پیرۆز

"بەڵام ڕاستیتان پێ دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر نەڕۆم، یارمەتیدەرەکە بۆتان نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم .کاتێک ئەو دێت، جیهان سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناه و لەسەر ڕاستودروستی و لەسەر حوکمدان." (یۆحەنا ١٦: ٧- ٨)

سەخت ترین بەشی ڕزگاربوون لە نەرێنی بریتییە لە ڕوبەڕونەوەی ڕاستی و وتنی: "من کەسێکی نەرێنیم، دەمەوێت بگۆڕێم. ناتوانم خۆم بگۆڕم، بەڵام باوەڕام وایە کە خودا دەمگۆڕێت هەرکە باوەڕم پێی کرد. دەزانم کە کاتی پێویستە و من لەخۆم نائومێد نابم. یەزدان دەستی کرد بە شتی باش لە منداا، ئەو زۆر باش توانای هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی داواکانمان جێبەجێ بکات." (سەیری فیلیپی ١: ٦ بکە)

داوا لە ڕۆحی پیرۆز بکە هەرکە نەرێنی بوویت سەرزەنشت بکات. ئەمە بەشێکە لە ئیشەکەی. (یۆحەنا ١٦: ٧- ٨) فێرمان دەکات کە ڕۆحی پیرۆز سەرزەنشتمان دەکات لە تاوان و لە ڕاست و دروستیدا باوەڕمان پێدێنێت. کاتێک سەرزەنشت کردنەکە هات، داوا لە یەزدان بکە یارمەتیت بدات. پێتوانەبێت کە خۆت بتوانیت خۆت بگۆڕیت. پشت بە یەزدان ببەستە.

لەگەڵ ئەوەی کە من لەڕادەبەدەر نەرێنی بوو، یەزدان ڕێگەی پێنەدام دەرک بەوە بکەم کە ئەگەر باوەڕم پێی کرد ئەو دەبێتە هۆکاری ئەرێنی بوونم. کاتێکی ناخۆشم هەبوو کاتێک هەوڵم دەدا بیرم بە ئەرێنی بهێڵمەوە. ئێستا ناتوانم بەرگەی نەرێنی بوون بگرم. ڕێک وەک ئەوە وایە کەسێک

جگەرە بکێشێت. زۆر جار، جگەرەکێش کە وازی لە جگەرە کێشان هێنا هیچ حەزی لە جگەرەکێشان نییە. منیش بە هەمان شیوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ جگەرەم کێشا، بەڵام دوای وازهێنانم، تەنانەت نەمدەتوانی بۆنی جگەرەش بکەم.

من بە هەمان شێوەم لەبارەی نەرێنی بوون. کەسێکی زۆر نەرێنی بووم. ئێستا بەهیچ جۆرێک ناتوانم نەرێنی بم؛ تا ڕادەیەک سوکایەتییە بۆ من. وابزانم گۆڕانکاری زۆر باشم بینیوە لە ژیانمدا لەو کاتەوەی کە ڕزگارکراوم لە بیری نەرێنی و ئێستا دژی هەموو شتێکی نەرێنیم.

من ڕوبەڕوی ڕاستی دەبمەوە و هانت دەدەم کە تۆش هەمان شت بکەیت. ئەگەر نەخۆشبیت، مەڵێ: "نەخۆش نیم" چونکە ئەوە بەس ڕاست نییە؛ بەڵام دەتوانی بڵێی: "باوەڕم وایە خودا جارەسەرم دەکات." پێویست ناکات بڵێی: "پێدەچێت خراپتر دەبم و دەکەومە نەخۆشخانە"؛ لە جێگەی ئەوە دەتوانی بڵێی: "توانای چارەسەرکردنی یەزدان ڕێک ئێستا لەناو مندا کاردەکات، باوەڕم وایە کە باش دەبم."

نادانییە کە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ڕاستیدا ڕەتبکەینەوە، هەرچەندە ڕاستیەکانمان نەرێنی بن، تۆ هێشتا دەتوانی ڕەفتارێکی ئەرێنیت بەرانبەریان هەبێت. لە ڕووی دەرونییەوە هەمیشە ئامادە بە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەموو شتێک، باوەڕت بەوە هەبێت کە یەزدان هەموو شتێک دەکات بە باشە بۆمان.

بیرێکی ئامادە

"بەڵام خەڵکی بیریە لە سالۆنیکییەکان ڕێزدارتر بوون، بەوپەڕی پەرۆشییەوە وشەکەیان وەرگرت، ڕۆژانە لە نووسراوەکان ورد دەبوونەوە ئاخۆ شتەکان ئاوان." (کرداری نێردراوان ١٧: ١١)

کتێبی پیرۆز دەڵێت کە ئێمە دەبێت بیرێکی ئامادەمان هەبێت واتە دەبێت بیرێکمان هەبێت کە کراوە بێت بۆ ویستی خودا، جا هەر ویستێک و داواکارییەک بێت.

بۆ نموونە، لەم دواییانەدا خانمێکی گەنجم دەناسی کە تووشی خەفەت ببو بەهۆی جیابوونەوەی لە دەستگیرانەکەی، ئەو پیاوە گەنجە و کچەکە پێکەوە نوێژیان دەکرد کە ئایا یەزدان دەیەوێت یان نایەوێت بەردەوامبن لە بینینی یەکتر، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوان لەو کاتەدا بڕیاریان دابوو کە هاوسەرگیری نەکەن. خانمە گەنجەکە دەیویست و هیوای دەخواست کە پەیوەندییەکەیان بەردەوام بێت، هیوای دەخواست و پێی وابوو و باوەڕی وابوو کە دەستگیرانەکەی پێشووی هەمان هەستی هەیە و تەلەفۆنی بۆ دەکات.

من ئامۆژگاریم کرد کە "بیرێکی ئامادەی هەبێت" نەوەک شتەکان بەو جۆرە نەچنە پێش کە ئەو دەیەوێت، وتی؛ "ئەوە نەرێنی بوون نییە؟"

نەخێر، نەرێنی بوون نییە!

نەرێنی بوون ئەوەیە کە بیر بکەیتەوە "ژیانم کۆتایی پێهات، هەرگیز هیچ کەسێک منی ناوێت. من دۆڕام، تاهەتایە بە خەمباری دەمێنمەوە."

ئەرینی بوون ئەوەیە کە بڵێی: "من بەڕاستی خەمبارم کە ئەمە ڕوویدا، بەڵام باوەڕم بە یەزدان هەیە، هیوام وایە کە من و دەستگیرانەکەم هەر بتوانین یەکتری ببینین. داوا دەکەم و باوەڕم وایە کە پەیوەندییەکەمان بگەڕێتەوە بارودۆخی پێشتر، بەڵام زیاتر لە هەموو شتێک من ویستی تەواوی یەزدانم دەوێت. ئەگەر شتەکان بەو جۆرە نەڕۆیشت کە من دەمەوێت، بەردەوام دەبم لە ژیان چونکە عیسا لە مندا ژیان دەکات. لەوانەیە تا ماوەیەک سەخت بێت، بەڵام من باوەڕم بە یەزدان هەیە. باوەڕم وایە کە لە کۆتاییدا هەموو شتێکی بە باشترین شێوە دەبێت." ئەمەیە ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستییەکان، بیرێکی ئامادەتان هەبیت و هەر ئەرێنی بن.

من ئەوە بە کرداریکی دروست و سەلامەت دەزانم.

فشاری ئومێد

"هەرچەندە هیواش بڕابوو، بە هیواوە باوەڕی هێنا کە دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە، بەگوێرەی ئەوەی گوترابوو: نەوەکەت ئاوا دەبێت. باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە، چونکە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ بوو، هەروەها سارای ژنیشی لە سکوزا چووبووەوە. بە بێباوەڕی گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو لە باوەڕ بەهێز بوو و خودای شکۆدار کرد،" (ڕۆما ٤: ١٨-٢٠)

من و دەیڤ لەو باوەڕەداین کە خزمەتەکەمان لە جەستەی مەسیحدا ساڵانە گەشە دەکات. ئێمە هەمیشە دەمانەوێت یارمەتی کەسانێکی زیاتر بدەین. بەڵام ئەوەش دەزانین کە ئەگەر یەزدان پلانی جیاوازی هەبێت، ئەگەر ساتێکمان بە بێ گەشەکردنی بەڕێکرد، هەموو شتێک وەکو سەرەتای دەستپێکردنمان بێت و هیچمان نەکردبێت، ئێمە ناهێڵین ئەو بارودۆخە دەست بەسەر خۆشیماندا بگرێت.

باوەڕمان بە زۆر شت هەیە، بەڵام لە سەرووی هەموویەوە باوەڕمان بە کەسێک هەیە، ئەو کەسە عیسای مەسیحە. هەمیشە نازانین کە بڕیارە چی ڕووبدات بەڵام تەنیا دەزانین کە هەمیشە شتەکان بۆ باشەی ئێمە دەشکێتەوە!

من و تۆ چەندە زیاتر ئەرێنی بین ئەوەندەش زیاتر لەناو شەپۆلی یەزداندا دەبین، بەدڵنیاییەوە یەزدان ئەرێنییە، بۆ ڕۆیشتنە ناو شەپۆلی یەزدان ئێمەش دەبێت ئەرێنی بین.

ڕەنگە بارودۆخی وا دژوارت هەبێت. لەوانەیە بڵێیت: "جۆیس، ئەگەر بارودۆخی من بزانیت تەنانەت چاوەڕێ ناکەیت ئەرێنی بم." ئەرێنی بوون لە بارودۆخی ئەرێنیدا ئاسانە. هەموو کەسێک دەتوانێت ئاوا بێت. بەڵام کاتێک ئێمە ئەرێنین لە بارودۆخێکی نەرێنیدا ئەوە باوەڕی ڕاستەقینە نیشان دەدات بەرانبەر بە خودا و پێگەیشتنی ڕۆحیی کە خودا بەرز و پیرۆز دەکات.

هانتان دەدەم کە دووبارە (ڕۆما ٤: ١٨- ٢٠) بخوێنیتەوە کە دەڵێت ئیبراهیم دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەی (ئەو ڕاستیەکانی پشتگوێ نەخست) بیری لە لاوازی جەستەی خۆی و منداڵدانی

مردووی سارای خێزانی دەکردەوە. لەگەل لەناوچوونی هەموو هیوایەکی مرۆڤەکان ئەو لە باوەڕدا هیوای هەبوو.

ئیبراهیم زۆر ئەرێنی بوو لەبارەی حاڵەتێکی زۆر نەرێنی!

(عیبرانییەکان **١٩: ٦**) پێمان دەڵێت کە هیوا لەنگەری ڕۆحە. هیوا ئەو هێزەیە کە لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا بە چەسپاوی دەمانهێڵێتەوە. هەرگیز واز لە هیواخواستی مەهێنە. ئەگەر وازبێیت، ئەوا ژیانێکی پڕ لە خەمت دەبێت، ئەگەر تۆ پێشتر ژیانێکی پڕ خەمت هەبووبێت لەبەرئەوە بووە کە تۆ پێشتر هیچ هیوایەکت نەبووە. دەست بکە هیواخواستن. مەترسە، ناتوانم بەڵێنت پێبدەم کە شتەکان ڕێک بەو جۆرە دەبێت کە تۆ دەتەوێت. ناتوانم بەڵێنت بدەمێ کە هەرگیز بێ ئومێد نابیت. ئەگەر تەنانەت لە کاتە بێ ئومێدەکانتدا هاتن، ئەوا تۆ دەتوانیت هیوا بخوازیت و ئەرێنی بیت، خۆت بخەرە ناوچەی پەرجوی خوداوە.

پێشبینی پەرجو بکە لە ژیانتدا

"بەڵام یەزدان چاوەڕێی ئەوە دەکات هەتا لەگەڵتان میهرەبان بێت، لەبەر ئەوە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بەزەیی پێتاندا بێتەوە. چونکە یەزدان خودای دادپەروەرییە. خۆزگە بەوانەی چاوەڕێی دەکەن!" (ئیشایا **٣٠: ١٨**)

ئەمە یەکێکە لەو ئایەتانەی کە زۆرم حەز لێیەتی. ئەگەر لێی وردبینەوە، ئەوا هیوای گەورە لەگەڵ خۆی دێنێت. لێرەدا یەزدان دەڵێت کە ئەو بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی باش بێت لەگەڵی، بەڵام ناکرێت کەسێکی هەڵسەوکەوت توند و بیر نەرێنی بێت. دەبێت کەسێک بێت کە چاوەڕێی ئارەزووی هاتنی خودا بکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا باش بێت.

هەستە خراپەکان

"هەستە خراپەکان چین؟"

پاش ماوەیەکی کەم لە دەستکردنم بە خوێندنەوەی وشەکانی یەزدان، بەیانیەک من لە حەمامدا قژم شانە دەکرد، لەو کاتەدا هەستم کرد کە لەو ژینگەیەی بەرانبەرمدا هەستێکی نادیار و ترسناک هەیە کە پێم دەڵێت شتێکی خراپ ڕوودەدات، بۆم دەرکەوت کە ئەم هەستەم لە زۆربەی ژیانمدا هەبووە.

داوام لە یەزدان کرد: "ئەمە چ هەستێکە کە هەمیشە هەمە؟"

هەستە خراپەکان "ئەو وشەیە بوو کە یەزدان خسیتە ناو دڵمەوە."

نەمدەزانی ئەوە چ مانایەکی هەیە، هەرگیزیش نەمبیستبوو. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم، ئەم وشەیەم لە (پەندەکانی سلێمان **١٥: ١٥**)دا دۆزیەوە: "هە هەموو ڕۆژانی ستەملێکراو سەختە، بەڵام دڵتەڕ هەمیشە لەسەر خوانی شادییە."

ئەوکات بۆم دەرکەوت کە زۆربەی ژیانم لە خەمدا بەسەربردووە بەهۆی بیروهزر و هەستی خراپەوە. بەڵێ، من بارودۆخی زۆر خراپم هەبوو، بەڵام تەنانەت کاتێکیش کە بارودۆخم باش بوو هەر خەمبار بووم چونکە بیروهزرەکانمیان ژەهراوی دەکرد و توانای چێژوەرگرتن لە ژیان و بینینی ڕۆژە خۆسەکانیان لێدەدزیم. تەنانەت ئەگەر هیچ شتێکی خراپ لەو کاتەدا ڕووینەدابا ئەو هەمیشە بە شێوەیەک ڕەشبینانە هەستم دەکرد کە شتێکی خراپ خەریکە ڕوودەدات. هەر بەو هۆیەوە نەمدەتوانی بە تەواوی چێژ لە ژیان وەربگرم.

زمانت لە خراپە بپارێزە

"چونکە ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆشبوویت و ڕۆژگاری خۆش ببینێت، با زمانی لە خراپە بپارێزێت و لێوەکانی لە فێڵبازی." (یەکەم پەترۆس **٣: ١٠**)

ئەم ئایەتە بەڕوونی پێمان دەڵێت کە چێژوەرگرتن لە ژیان و بینینی ڕۆژانی باش و هەبوونی بیر و لێوی ئەرێنی پەیوەستن بەیەکەوە.

گرنگ نییە کە چەندە نەرێنیت یان ماوەی چەندە بەو شێوەیەی، دەزانم کە دەتوانی بگۆڕێی چونکە من گۆڕام. کات و یارمەتییەکی زۆری ڕۆحی پیرۆزی پێویستە، بەڵام شایانی بوو. بەهەمان شێوە شایانی تۆشە. هەرشتێک ڕووبدات، باوەڕت بە یەزدان هەبێت و ئەرێنی بە! هەرگیز ڕێگە بە بیری خراپ مەدە لە ناوچەی تۆدا هاتوچۆ بکات، لە بەرانبەردا بە ناوی عیسای مەسیح دژیان بوەستە.

بەشی شەشەم

ڕۆحە مێشک داخراوەکان

"نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە لەگەڵ سوپاسدا لای خودا زانراو بێت. ئاشتی خوداش، ئەوەی بەرزترە لە هەموو تێگەیشتنێک، دڵ و بیرتان دەپارێزێت لە عیسای مەسیحدا." (فیلیپی ٤: ٦- ٧)

جارێکیان گەیشتم بە شوێنێک لە ڕۆیشتنم لەگەڵ یەزدان کە بە زەحمەت دەمتوانی باوەڕ بە هەندێ شتی دیاریکراو بکەم کە پێشتر باوەڕم پێیان هەبوو. نەمدەزانی کێشەم چییە، لە ئەنجامدا سەرم لێشێوا. تا زیاتر بارودۆخە سەختەکە بەردەوام بوایە، زیاتر سەرم لێدەشێوا. وادیار بوو بێ باوەڕی بەخێرایی گەشەی دەکرد. دەستم کرد بە پرسیارکردن لە بانگکردنەکەم؛ وامزانی خەریکە ئەو هیوایە لەدەست دەدەم کە یەزدان بۆ خزمەتەکەمانی پێدابووم. دڵتەنگ بووم (بێباوەڕی هەمیشە خەم بەرهەم دێنێت. مێشکم ماندوو بوو، بەجۆرێک هەستم دەکرد کە هەرچەندە بەسەختی هەوڵم دابا نەمدەتوانی باوەڕ بە یەزدان بکەم.

دوو ڕۆژی یەک لە دوای یەک گوێم لەم دەستەواژەیە بوو کە لە ڕۆحمەوە بەرز بوەوە: "ڕۆحە مێشک داخراوەکان." ڕۆژی یەکەم زۆر بیرم لێ نەکردەوە بەڵام ڕۆژی دووەم هەرکە دەستم کرد بە گفتوگۆکردن نزیکەی چوار یان پێنج جار گوێم لێ بوەوە: "ڕۆحە مێشک داخراوەکان." لەگەڵ ئەوەی کە من بەم دەستەواژەیە ئاشنا نیم، دەگونجێت کە سەرنجی ئەوە بدەم کە لە دەروونەوە چۆن هەستم دەکرد.

بەهۆی ئەو ژمارە زۆرە باوەڕدارانەوە کە من وتارم بۆ دەدان، دەمزانی کە کێشەیان لەگەڵ بیریاندا هەیە. وامزانی کە ڕۆحی پیرۆز ڕێنماییم دەکات بۆ نوێژکردن بۆ جەستەی مەسیح دژی ڕۆحێک کە پێی دەوترێت "مێشک داخراو." هەربۆیە لەناوی مەسیحدا دژی ڕۆحە مێشک داخراوەکان

دەستم کرد بە نوێژکردن. تەنیا دوای دوای خولەک لە نوێژکردن، هەستم بە ڕزگارییەکی زۆر بەتوانا کرد لەناو بیرمدا. بە تەواوی سەرسوڕهێنەر بوو. بیر و هزری ڕۆحە پیسەکان کە خۆیان مەڵاس دابوو زۆر ترسابوون. بەڵام ئەوان بوونیان هەبوو. عیسا بەناو ڕۆحە پیسەکانی بانگ کرد و فەرمانی پێکردن کە بڕۆن.

ڕزگاربوون لەدەست ڕۆحە مێشک داخراوەکان

هەموو ڕزگارییەک کە یەزدان پێی بەخشیوم بەرەوپێش چووە و لێم نزیک بوونەوە لە ڕێگەی باوەڕکردن و دابپێدانان بە وشەی یەزدان. (یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٢) و (زەبووری ١٠٧: ٢٠) شایەتی منن.

"ئەوسا عیسا بەو جولەکانەی فەرموو کە باوەڕیان پێی هێنابوو: (ئەگەر کارتان بە فێرکردنەکانم کرد، ئەوا بە ڕاستی قوتابی منن و ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات." (یۆحەنا ٨: ٣١-٣٢)

"فەرمایشتی خۆی نارد و چاکی کردنەوە، لە فەوتان دەربازی کردن." (زەبووری ١٠٧: ٢٠) بەڵام ئەم جارەیان هەستم کرد و دەستبەجێ زانیم کە شتێک لەناو بیرمدا ڕوویداوە. لە ماوەی چەند خولەکێکدا دووبارە توانیم باوەڕ بەوە بکەم کە من لەو چەند حاڵەتەدا کێشەم هەیە پێش کاتی نوێژکردنەکەم.

نموونەیەکت دەدەمێ، پێش ئەوەی لەلایەن ڕۆحە پیسە مێشک داخراوەکانەوە هێرشم بکرێتە سەر، باوەڕم وابوو کە بەپێی وشەی خودا، ئەو ڕاستییەی کە من ژنم و خەڵکی ویلایەتی مزوریم، کەس نەیزانیبوو، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانم و خزمەتەکەم نەدەکرد (گەلاتیا ٣: ٢٨). کاتێک یەزدان ئامادەبوو دەرگاکان بکاتەوە کە هیچ کەسێک ناتوانێت دایانبخات (بینین ٣: ٨). هەروەها من لە سەرتاسەری جیهاندا وتاری پەیامەکانی سوودی ڕزگاری دەدەم کە ئەو پێی بەخشیوم.

باوەڕم وابوو کە مافی بڵاوکردنەوەی مزگێنیم هەیە لەنێوان نەتەوەکاندا لەڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە (بەهۆی منەوە نە، بەڵکو بە بوونی من). بەپێی کتێبی پیرۆز دەمزانی کە یەزدان کەسە

لاواز و گێلەکان هەڵدەبژێرێت بە مەبەستی شەرمەزارکردنی دانایان (یەکەم کۆرنسۆس ١: ٢٧). باوەڕم وابوو بەکارم دێنێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش. وامدەزانی منداڵەکانمان لە خزمەتەکەماندا ئیش دەکەن. باوەڕم بە هەموو ئەو شتە سەیر و خۆشانە هەبوو کە یەزدان لەناو دڵمدا داینابوون. بەپێی عەقڵ یان تێگەیشتنی دەروونی زۆربەی ئەو باوەڕانە، گێلانە دەهاتنە پێش چاو، بەڵام یەزدان خشتنیە دڵمەوە و باوەڕێکی تایبەتی پێبەخشیم بۆ ئەوەی باوەڕ بکەم بەو شتەی کە لە سروشتدا جێی باوەڕ نین. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە ڕۆحە پیسەکان هێرشیان دەکردە سەرم، وادیار بوو ناتوانم باوەڕ بە زۆر شت بکەم. لەم شێوە بیروهزرانەم هەبوو، "لە ڕاستیدا، تەنیا ئەو شتانەم لە خۆوە دروست کردن. باوەرم پێی بوو چونکە دەمویست باوەڕم پێیان هەبێت، بەڵام لەوانەیە هەرگیز سەرنەگرێت." بەڵام کاتێک ڕۆحەکان ڕۆیشتن، توانای باوەڕکردن زۆر بەخێرایی گەڕایەوە. ئەم ئەزموونە تەنانەت زیاتر لە پێشتر بۆی ڕوون کردمەوە کە چۆن شەیتان بە توندی دژی بیرمانە. ئەو دەزانێت ئەگەر بتوانێت دەست بەسەر بیروهزرماندا بگرێت ئەو کات دەتوانێ دەست بەسەر ژیانیشماندا بگرێت.

ئاگات لە بارودۆخی بیرت بێت، بە ئەو ئاشتی و ئازادی و پڕ لە باوەڕەوە بیپارێزە.

بڕیاربدە کە باوەڕبکەیت

"بە هەمان شێوە ڕۆحەکە لە لاوازییەکانماندا یارمەتیمان دەدات. چونکە نازانین پێویستە بۆچی نوێژ بکەین، بەڵام ڕۆحەکە خۆی بە ناڵەوە داکۆکیمان لێدەکات بە شێوەیەک کە باس ناکرێت." (ڕۆما ٨: ٢٦)

ئێمە وەکو شوێنکەوتووانی مەسیح، پێویستە فێربین بڕیاربدەین کە باوەڕ دەکەین، زۆربەی جار یەزدان باوەڕمان دەداتێ سەبارەت بە هەندێ شت کە بیرمان هەمیشە پێناچێت لەگەڵیاندا سازگار بێت. بیر دەیەوێت لە هەموو شتێک تێبگات، بۆچی؟ کەی و چۆنیەتی هەر هەمووی. زۆربەی جار کاتێک ئەو تێگەیشتنە لە لایەن یەزدانەوە نەبەخشرا، مێشک ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ناتوانێت لێی

تێبگات. زۆر جار ڕوودەدات کە باوەڕدارێک لە ناخی دڵیەوە شتێک دەزانێت (مرۆڤە دەروونیەکەی)، بەڵام بیری دژیەتی.

ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش بڕیارمدا باوەڕ بەوە بکەم کە وشەی یەزدان دەیڵێت و باوەڕ بکەم بە (وشەی ئاشکراکراو) کە یەزدان پێی بەخشیم (ئەو شتانەی کە لەبارەیانەوە قسەی لەگەڵ کردووم و ئەو پەیمانانەی کە بە خودی خۆمی داوە) ئەگەر تەنانەت لەوە تێنەگەم کە بۆچی و کەی و چۆن هاتە سەر ڕیگام. وەکو ڕۆڵەی یەزدان یەکێک لەو مافە تایبەتیانەی کە هەمانە ئەوەیە کە دەتوانین باوەڕ بەو شتەش بکەین کە مەحاڵە.

بەڵام ئەم شتەیان کە من لەگەڵیدا کێشەم هەبوو جیاواز بوو، لە دەرەوەی بڕیاری من بوو. بەو ڕۆحە مێشک داخراوانە دەورە درابووم و بە تەواوی نەمدەتوانی باوەڕ بکەم.

سوپاس بۆ خودا کە لەڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە نیشانی دام کە چۆن نوێژ بکەم و هێز و توانای ئەو سەرکەوت.

دڵنیام کە تۆ ڕێک ئێستا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە چونکە بەرەو ئەم کتێبە ڕێنوێنی کراوی. لەوانەیە تۆش لەم حاڵەتەدا کۆمەڵێک کێشەت هەبێت. ئەگەر کێشەت هەیە ئەوا هانت دەدەم کە لە ناوی عیسای مەسیحدا نوێژ بکەیت. لەڕێگەی توانای خوێنیەوە دژی هەموو ڕۆحە پیسەکان ڕاوەستە کە ڕێگرن لە بیروهزرە خوداییەکان. ئەگەر هەست دەکەیت مێشکت لاوازە، تەمبەڵە یان ناتوانێ باوەڕبکات ئەوا دژی "ڕۆحە مێشک داخراوەکان" بوەستەوە. بەم شێوەیە نوێژ بکە نەک تەنیا یەک جار بەڵکو هەر کاتێک کە هەستت بە بارودۆخی دژوار کرد لەم بوارەدا ئەوا نوێژ بکە. هەرگیز تیرە ئاگرینەکانی شەیتان لەدژی ئێمە کۆتایی نایەت کاتێک کە هەوڵ دەدەین بەرەو پێش بچین. قەڵغانی باوەڕت بەرز بکەوە. هەروەها (یاقوب ١: ٢- ٨)ت بەبیر بێت کە فێرمان دەکات ئێمە دەتوانین لەکاتی تاقیکردنەوەدا داوای دانایی لە یەزدان بکەین و ئەویش دەمانداتێ، هەروەها پێمان دەڵێت کە چی بکەین.

کێشەیەکم هەبوو، تیرێکی ئاگرین، پێشتریش نەمبینیبوو، بەڵام یەزدان نیشانی دام کە چۆن نوێژ بکەم و ڕزگارکرام. تۆش بە هەمان شێوە ڕزگار دەکرێیت.

بەشی حەوتەم

سەرنجی ئەوە بدە کە بیری لێ دەکەیتەوە

"لە ڕێنماییەکانت ورد دەبمەوە، چاو دەبڕمە ڕێگاکانت." (زەبووری **١١٩: ١٥**)

وشەی یەزدان فێرمان دەکات کە دەبێت کاتی خۆمان بە چ جۆرە بیرکردنەوەیەک بەسەربەرین. داودی پاشا دەڵێت کە بیری کردۆتەوە یان وردبوەتەوە لە ڕاسپاردەکانی یەزدان. ئەمە بەو مانایە دێت کە کاتێکی زۆری بەسەربردووە لە بیرکردنەوە و تێڕامان لە ڕێگا و فێرکردنەکان و ڕێنوێنییەکانی یەزدان.

(زەبووری **١: ٣**) دەڵێت ئەو کەسەی ئەمە ئەنجام دەدات "وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و گەڵاکانی هەرگیز وشک نەبن، لە هەموو کارێک سەرکەوتوو دەبێت."

زۆر باشە کە بیر لە وشەی یەزدان بکەینەوە. تا زیاتر کات لە بەسەربەریت لە وردبوونەوە لە وشەی یەزدان، ئەوەندە زیاتر بەرهەمی وشەکە بەدەست دێنێت.

ئاگادار بە بیر لە چی دەکەیتەوە!

"وردببنەوە لەوەی دەیبیستن. بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە و بۆشتان زیاد دەکرێت." (مەرقۆس **٤: ٢٤**)

چ ئایەتێکی جوانە! ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە تا زیاتر کات بەسەربەری لە بیرکردنەوە لە وشەی خودا کە دەیخوێنینەوە و گوێمان لێدەبێت، زیاتر هێز و توانامان دەبێت بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە لێی، زانیاری زیاتر پەیدادەکەین لەبارەی ئەوە شتەی کە دەیخوێنینەوە یان گوێمان لێ دەبێت. بە

شێوەیەکی سەرەکی پێمان دەڵێت کە ئێمە چەندە لە وشەی یەزداندا دابنێی هەمان ئەندازە وەردەگریتەوە.

بەتایبەتی سەرنجی ئەو بەڵێنە بدە کە ئەو ڕێژە بیرکردنەوە و خوێندنەی کە ئێمە تەرخانی دەکەین بۆ وشەکە ئەو ڕێژە چاکە و زانیارییە دەستنیشان دەکات کە بۆمان دەگەڕێتەوە. زۆربەی کەسەکان بە قووڵی ڕۆناچنە ناو وشەی خوداوە لەئەنجامدا سەریان لێدەشێوێت کە بۆچی مەسیحییەکی بەهێز نین و لە سەرکەوتندا ناژین.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانە وزەی خۆیان سەرف ناکەن لە خوێندنەوەی وشەی یەزداندا، لەوانەیە بڕۆن لە دەرەوە گوێ لەو خەڵکەی دیکە بگرن کە لەسەر وشەی خودا وتار دەدەن. بۆی هەیە لە ڕێگەی سی دی گوێ لە وتار بگرن یان ناوبەناو کتێبی پیرۆز بخوێننەوە، بەڵام بڕیاریان نەداوە کە بە تەواوی وشەی یەزدان بکەنە بەشێکی گرنگی ژیانیان، بە کات بەسەربردنیشەوە لە تێڕامان لە وشەی یەزدان.

بەگشتی لەش (جەستە) لاوازە، زۆر کەس دەیانەوێت لە نەبوونەوە بەدەست بێنن (بە بێ ئەوەی هەوڵ بدەین)؛ لەڕاستیدا بەم شێوەیە ئیش ناڕوات و ناگونجێت. دیسان دەیڵێمەوە، کەسێک ئەو شتە لە وشەی یەزدان وەردەگرێت کە خوازیارە تێیدا دابنێت.

لە وشەی یەزدان وردبەرەوە

"خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و لە ڕێگای گوناهباران ڕاناوەستێت و لە کۆڕی گاڵتەجاڕان دانانیشێت. بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی یەزدانە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبێتەوە." (زەبووری ١: ١- ٢)

بەپێی فەرهەنگی زمان، وشەی "وردبوونەوە" واتە: بیرکردنەوە، تێڕامان. پلان و مەبەست لە بیرماندا، خەریک بوون بە بیرکردنەوەی قووڵ. فەرهەنگی تایبەت بە دەستەواژەکانی کتێبی پیرۆز دەڵێت وردبوونەوە واتە "بەشێوەیەکی سەرەتایی سەرپەرشتی کردن، گرنگیدان، زۆر کۆشش کردن، هەستی گشتی وشەکە زۆر بەکاریبهێنە، بیرکردنەوە، خەیاڵ و پلانی پێشوەخت."

(پەندەکانی سلێمان ٤: ٢٠) دەڵێت: " ڕۆڵە، سەرنج بدە وشەکانم، گوێ بۆ قسەکانم شل بکە." ئەگەر ئەم ئایەتە لەگەل پێناسەکانی وشەی "وردبوونەوە" دابنێین ئەوا دەبینین کە گوێ لە قسە (وشە)ی یەزدان دەگری لەڕێگەی وردبوونەوە و بیرکردنەوە لێی، لەڕێگەی تێڕامان لێی، لەڕێگەی دووبارەکردنەوە و کارکردن پێی لەناو مێشکماندا. بیرۆکە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوەێت لە وشەی یەزدان تێبگەین ئەو دەبێت کات لە بیرکردنەوە بەسەرببەین.

ئەوە پەندە کۆنەت لەبیرە کە دەڵێت: "ڕاهێنانکردن (مومارەسە) باشتر و باشترت دەکات؟" بەڕاستی ئێمە لە هیچ شتێکدا چاوەڕێی ئەوە نین کە ببینە پسپۆڕ تاکو هەوڵێکی زۆر نەدەین، ئەی باشە ئێمە بۆچی چاوەڕێی ئەوەین کە مەسیحییەت جیاواز بێت؟

وردبوونەوە سەرکەوتی بەرهەم دێنێت

"پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمت جیا نەبێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی وردبەرەوە، بۆ ئەوەی وریابیت بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانت ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەویت." (یەشوع ١: ٨)

ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت و سەرکەوتوو بیت لە هەموو ئیش و کارێکدا، ئەوا کتێبی پیرۆز دەڵێت پێویستە شەو و ڕۆژ لە وشەی یەزدان وردبیتەوە. چەندە کات بەبیرکردنەوە لە وشەی یەزدان بەسەردەبەیت؟ ئەگەر لە هەر بوارێکی ژیانت کێشەت هەیە، وەڵامێکی ڕاسگۆیانە بۆ ئەم پرسیارە هۆکاری بۆچی (ئەو کێشانەت هەیە) دەردەخات.

لە زۆربەی ژیانمدا سەرنجی ئەوەم نەدەدا کە بیر لە چی دەکەمەوە. زۆر بە سادەیی بیرم لەو شتە دەکردەوە کە داهاتە ناو مێشکم. بێئاگابووم لەوەی کە شەیتان دەتوانێت بیروهزر بکاتە ناو مێشکمەوە. زۆربەی ئەو شتانەی کە لەناو مێشکمدا بوون یان کۆمەڵێک درۆ بوون کە شەیتان پێی دەوتم یان شتی زۆر سادەی بێمانا، کۆمەڵە شتێک کە شایانی ئەوە نەبوون کاتی خۆمیان بەبیرکردنەوە لێیان بەسەرببەم. شەیتان دەستی بەسەر ژیانمدا گرتبوو چونکە ئەو دەستی بەسەر بیروهزرمدا گرتبوو.

سەرنجی ئەوە بدە کە بیری لێدەکەیتەوە

"ئێمەش هەموو لەوان بووین، لە هەوەسەکانی جەستەماندا دەژیاین، بە خواستەکانی جەستە و بیرەکانمان دەکرد، وەک خەڵکانی تر بە سروشت کوڕی تووڕەیی بووین." (ئەفەسۆس **٢: ٣**)

لێرەدا پۆڵس ئاگادارمان دەکاتەوە کە نابێت لەلایەن سروشتی هەوەسەوە بەڕێوەببرێین و نابێت ملکەچی حەز و ئارەزووی لەشمان بین، یان نابێت ملکەچی بیروهزری مێشکی دنیاییمان بین.

لەگەڵ ئەوەی کە مەسیحی بووم، بەڵام هێشتا هەر کێشەم هەبوو چونکە فێرنەببووم کە دەست بەسەر بیروهزرمدا بگرم. من بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە مێشکمیان سەرقاڵ کردبوو، بەڵام بەشێوەیەکی ئەرێنی سوودیان نەبوو.

پێویست بوو بیرکردنەوەم بگۆڕم!

ئەو شتەی کە یەزدان بە دڵمی وت کاتێک کە دەستی کرد بە فێرکردنم لەبارەی مەیدانی جەنگی مێشک بوو بە خاڵی سەرەکی و وەرچەرخانم. یەزدان وتی: "سەرنجی ئەوە بدە کە بیری لێ دەکەیتەوە." کاتێک کە دەستم کرد بە سەرنجدانی ئەوەی کە بیرم لێدەکردەوە، زۆری نەخایاند کە بۆم دەرکەوت بۆچی ئەو هەمووە کێشەیە لە ژیانمدا هەیە.

مێشکم تێکەڵ و پێکەڵ ببوو!

بیرم لە هەموو شتە هەڵەکان دەکردەوە.

چووم بۆ کەنیسە، بۆ چەندین ساڵ هەر بەردەوام بووم لە ڕۆیشتنم کەنیسە، بەڵام بەڕاستی هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە دەمبیست. لە گوێیەکمەوە دەڕۆیشتە ژوورەوە و لەوەکەی دیکەوە دەهاتە دەرەوە. بۆ قسەکردنیش بەهەمان شێوە. هەموو ڕۆژێک هەندێک ئایەتم دەخوێندەوە، بەڵام هەرگیز بیرم لەو ئایەتە نەدەکردەوە کە دەمخوێندەوە. گوێم بۆ وشەکانی یەزدان شل نەکردبوو. هیچ بیروهزرێک یان خوێندنەوەیەکم نەدا بەو شتەی کە گوێم لێدەبوو هەربۆیە هیچ چاکە و زانیارییەکم بۆ نەدەگەڕایەوە.

لە کارەکانی یەزدان وردبەرەوە

"ئەی خودایە، لە ناوەندی پەرستگاکەت بیر لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت دەکەینەوە." (زەبووری **٤٨: ٩**)

داودی زەبوورنووس زۆر جار باس لە وردبوونەوە دەکات لە هەموو کارە جوان و مەزنەکانی یەزدان. دەڵێت کە بیر لە ناوی یەزدان و بەزەییەکەی دەکاتەوە، بیر لە خۆشەویستی یەزدان و چەندین شتی دیکەی هاوشێوەیە ئەوانە دەکاتەوە.

کاتێک هەستی بە خەمباری دەکرد، لە (زەبووری **١٤٣: ٤- ٥**)دا دەڵێت: "ڕۆحم بێ وره دەبێت، لە ناخمەوە دڵم دەبەسترێت ڕۆژگاری دێرین دێتەوە یادم، لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە، سەرنج دەدەمە کردارەکانی دەستت."

لەم دەقەوە دەبینین کە وەڵامی داود بۆ هەستە خەمگینی و نارەحەتەکان وردبوونەوە نەبوو لە کێشەکان، بەڵکو زۆر چالاکانە دژی کێشەکان دەوەستایەوە بە بیرهێنانەوەی کاتە باشەکانی ڕابردوو، وردبوونەوە لە کارەکانی یەزدان و سەرنجدان لە کردارەکانی دەستی. بە واتایەکی دیکە، بیری لە شتێکی باش دەکردەوە، ئەوە یارمەتیدا بۆ ئەوەی بەسەر خەمباریەکەیدا زاڵبێت.

هەرگیز ئەمەت بیر نەچێت: مێشکت دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە سەرکەوتندا.

دەزانم ئەوە هێزی ڕۆحی پیرۆزە کە لە ڕێگەی وشەی یەزدانەوە کاردەکات بۆ هێنانی سەرکەوتن بۆ ژیانمان. بەشی زۆری کارەکە پێویستە بکرێت بۆ ئێمەیە کە دەبێت خۆمان لەگەڵ یەزدان و شەکانیدا هاوبیر بکەین. ئەگەر ئەنجامدانی ئەمە ڕەتبکەینەوە یان پێمانوابێت کە گرنگ نییە ئەوا هەرگیز ئەزموونی سەرکەوتی ناکەین.

بە تازەکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن

"شێوەی ئەم ڕۆژگارە وەرمەگرن، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن، تاکو بتوانن خواستی خودا تێبگەن کە باش و پەسەندکراو و تەواوە." (ڕۆما **١٢: ٢**)

پۆڵسی نێردراو لەم دەقەدا دەڵێت ئەگەر بمانەوێت دەتوانین تەواوی و باشی یەزدان لە ژیانماندا ڕەنگ دەداتەوە ببینین ئەگەر هاتوو بیرمان نوێ کردەوە. بیرمان بۆ چ شتێک نوێ بکەینەوە؟ بیرمان بۆ شێوەی بیرکردنەوەی یەزدان نوێ بکەینەوە. لەڕێگەی ئەم پڕۆسەی بیر نوێبوونەوە ئێمە دەگۆڕێین بۆ ئەوە شتەی کە یەزدان دەیەوێت بگۆڕێین بۆی. عیسا ئەم گۆڕانەی بۆمان ڕەخساندووە لەڕێگەی مردن و هەستانەوەی لە مردن. گۆڕانکاری بوو بە ڕاستی لە ژیانماندا لەڕێگەی پڕۆسەی نوێکردنەوەی بیرمان.

لێرەدا با بڵێم، بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێک سەرت لێ تێک نەچێت، ئەو دروست بیر کردنەوەیە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕزگارییەوە نییە. ڕزگاری تەنیا پەیوەستە بە خوێنی مەسیح و لەسەر خاچ گیان سپاردنەکەی و هەستانەوەی لەنێو مردووان. ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەڕۆن بۆ بەهەشت چۆنکە عیسای مەسیحیان وەک ڕزگارکاری خۆیان قبووڵ کردووە بەڵام زۆرێک خەڵکی دیکە هەرگیز ناگەن بە سەرکەوتن یان چێژ لەو پلانە وەرناگرن کە یەزدان بۆ ژیانیان هەیەتی چونکە ئەوان بەپێی یەزدان مێشکیان نوێ نەکردوەتەوە.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ منیش یەکێک بووم لەو خەڵکانە. دووبارە لەدایک بوومەوە، دەڕۆیشتم بۆ بەهەشت. ڕۆیشتم بۆ کەنیسە و شوێن شێوەیەکی تایبەتی دینی کەوتم، بەڵام لەڕاستیدا هیچ سەرکەوتنێک لە ژیانمدا بەدی نەدەکرا. هۆکارەکەی ئەوە بوو کە بیرم لە شتی هەڵە دەکردەوە.

بیر لەم شتانە بکەرەوە

"خوشکان، برایان :ئەوەی ڕاستییە و ڕێزداریە، ئەوەی دادپەروەرییە و پاکییە، ئەوەی خۆشەویستییە و ناوبانگ باشییە، ئەگەر ڕەوشت بەرزە و ئەگەر شایانی ستایشە، بیری لێ بکەنەوە." (فیلیپی ٤: ٨)

کتێبی پیرۆز ژمارەیەکی زۆر ڕێنوێنی وردمان دەخاتە بەردەست سەبارەت بەوەی کە ئێمە دەبێت بیر لە چ جۆرە شتێک بکەینەوە. من دڵنیام کە لە ڕێگەی ئەم ئایەتە هەمە جۆرانەوە ئەوە دەبینین

کە ڕێنمایی کراوین بۆ ئەوەی بیر لە شتگەلێکی باش بکەینەوە، شتگەلێک کە بنیاتمان دەبێت نەوەک بمانڕوخێنێت.

بەدڵنیاییەوە بیروهزرەکانمان کاردەکاتە سەر سروشت و ڕەفتارمان. هەموو ئەو شتانەی کە یەزدان پێمان دەڵێت بۆ باشی ئێمەیە. ئەو دەزانێت چ شتێک دڵمان خۆشدەکات و چ شتێک خەمبارمان دەکات. کاتێک کەسێک پڕە لە بیروهزری هەڵە ئەوا ئەو کەسە خەمبارە، لە ئەزموونی تاکەکەسی خۆمەوە فێربووم کە کاتێک کەسێک خەمبارە ئەوا لەکۆتاییدا خەڵکی دیکەش خەمبار دەکات.

پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی و بەردەوام پرسیار لە خۆت بکەیت: "بیرم لە چی دەکردەوە؟" کاتێک تەرخان بکە بۆ لێکۆڵینەوە لە بیروهزرەکانی ژیانت.

زۆر بەسوودە کە سەرنجی ئەو شتە بدەین کە بیری لێدەکەیتەوە چونکە هەمیشە شەیتان فێڵ لە خەڵکی دەکات بەوەی کە پێیان وابێت سەرچاوەی نەهامەتی کێشەکان بەدەرە لەو شتەی کە لەڕاستیدا هەیە. شەیتان دەیەوێت ئەوان پێیان وابێت کە بەهۆی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریان دەگوزەرێت (بارودۆخەکانیان) خەمبار بن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان خەمبارن بەهۆی ئەو شتانەی کە لە ناخیاندا (بیروهزریان) دەگوزەرێت.

بۆ چەندین ساڵ بەڕاستی پێم وابوو کە بەهۆی ئەو شتانەی کە خەڵکی دیکە دەیانگر یان نەیاندەکرد خەمبار و دڵتەنگم. هاوسەرەکەم و منداڵەکانم بە هۆکاری خەمبارییەکەم دەزانی. پێم وابوو ئەگەر ئەوان جیاواز بن، ئەگەر زیاتر بەدەم داواکارییەکانمەوە بێن، ئەگەر لە کاروباری ماڵدا زیاتر هاوکاریم بکەن، ئەوا خۆشحاڵ دەبم. ئەمە شتێک بوو بەڵام بۆ ماوەی چەندین ساڵ شتێکی دیکە بوو. لە کۆتاییدا ڕوبەڕوی ڕاستی بوومەوە، ئەوە بوو کە ئەگەر بێتو بە دروستی ڕەفتارم بکردبا ئەوا هیچ کام لەو شتانە خەمباری نەدەکردم، بیروهزرەکانم هۆکاری خەمباری و دڵتەنگییەکەم بوو.

لە کۆتاییدا ڕێگەم بدەن جارێکی دیکە بڵێم: سەرنجی ئەوە بدە کە بیری لێدەکەیتەوە. بۆی هەیە هەندێک لە کێشەکانت بدۆزیتەوە بو بە خێرایی بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێیت.

وەرزی دووەم

بارودۆخی مێشک

ناساندن

"ئێمە بیری مەسیحمان هەیە." (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٦)

بیرت لە چ بارودۆخێکدایە؟

ئایا سەرنجتداوە کە بارودۆخی بیرت دەگۆڕێت؟

لەوانەیە جارێک ئارام و ئاشتی خواز بیت و جارێکیش نارەحەت و نائارام. یان بڕیارێک بدەیت و لەبارەیەوە دڵنیاییت پاشان بیرت لە زۆر شتدا سەری لێدەشێوێت کە تۆ پێشتر بەلاتەوە ڕوون و دڵنیا بووی لەبارەیان. هەورەکو خەڵکی دیکە، منیش لە ژیانمدا ئەم شتانەم هاتوونەتە پێش. کاتی وا هەبووە کە وا دیار بوو بە بێ کێشە دەتوانم باوەڕ بە خودا بێنم، هەندێ کاتی تریش هەبووە کە گومان و بێ باوەڕی بێ بەزەییانە ئازاریان داوم.

لەبەرئەوەی وا دیارە بیر دەتوانێت لە زۆر بارودۆخدا بێت، بیرم کردەوە و وتم، کەی مێشکم ئاساییە؟ دەمویست بزانم ئاسایی چییە بۆ ئەوەی هەرکاتێک شێوازی بیری نائاساییم بۆ هات دەست بەجێ لە سەریان کاربکەم. بۆ نموونە مێشکی ڕەخنەگر، لۆمەکەر و گوماناوی دەبێت بۆ باوەڕدار بە نائاسایی دابنرێت. هەرچەندە بەشی زۆری ژیانم ئەوە بەلای منەوە ئاسایی بوو، لەگەڵ ئەوەی کە نەدەبوا ئاسایی بوایە. من پێشتر بەم شێوەیە بووم، لەگەڵ ئەوەی کە بیرکردنەوەم زۆر هەڵە بوو و هۆکاری کێشەیەکی زۆری ژیانم بوو، بەڵام نەمدەزانی کە هیچ کێشەیەک هەبێت لەشێوەی بیرکردنەوەکانم.

نەمدەزانی کە دەتوانم شتێک لەبارەی بیروهزری ژیانم بکەم. باوەڕداربووم، بۆ چەندی ساڵیش بوو کە باوەڕم هێنابوو، بەڵام بە هیچ جۆرێک فێری بیروهزری ژیان نەکرابووم یان فێری ئەوە نەکرابووم یان فێری ئەوە نەکرابووم کە چ بارودۆخێک گونجاوە بۆ ئەوەی بیری باوەڕداری تێدابێت.

بیرمان بە دووبارەبونەوەی جەستەیی لەدایک نابنەوە، دەبێت نوێ بکرێنەوە (سەیری ڕۆما **١٢: ٢** بکە). هەروەک چۆن چەندین جار وتوومە، نوێکردنەوەی مێشک پڕۆسەیەکە پێویستی بە کاتە. مەڕوخێ، تەنانەت ئەگەر بەشەکەی دواتری ئەم کتێبەت خوێندەوە و بۆت دەرکەوت کە زۆربەی کات مێشکت لە بارودۆخێکدا بووە کە نائاساییە بۆ کەسێک کە مەسیحی وەکو ڕزگارکاری خۆی وەرگرتووە. زانینی کێشەکان هەنگاوی یەکەمە بە ئاراستەی باش بوون.

لە حاڵەتی خودی خۆمدا، چەند ساڵێک لەمەوپێش پەیوەندی نێوان خۆم و یەزدانم زۆر بەجدیتر وەرگرت. لەو کاتەدا کە یەزدان بۆی ئاشکرا کردم کە زۆربەی کێشەکانم لە بۆچوونی هەڵەوە سەرچاوەیان گرتووە. بیرم لە کێشەدا بوو! گومانم هەبوو لەوەی کە بیرم لە بارودۆخێکدا بووبێت کە دەبێت ببێت. ئەگەر لەو بارودۆخەشدا بوایە، ئەوا زۆری نەدەخایاند وەکو پێشتری لێدەهاتەوە.

تووشی شۆک بووم کاتێک کە بینیم خۆمگرتووە بە ژمارەیەکی زۆر بیری هەڵەوە. هەوڵمدا ئەو بیروهزرە هەڵانە لەناو ببەم کە هاتنە ناو مێشکمەوە، دەستبەجێ دەگەڕانەوە بەڵام کەم کەم ئازادی و ڕزگاریم وەرگرت.

شەیتان زۆر بەتوندی شەڕ دژی نوێکردنەوەی بیرت دەکات، بەڵام زۆر گرنگە کە تۆ بەردەوام بیت و جێگیربێت لە نوێژکردن و خوێندن لەم بوارەدا تا ئەو کاتەی تۆ بەسەرکەوتنێکی بەنرخ دەگەیت.

کەی بیرت ئاساییە؟ ئایا دەبێت بیرت لە هەموو شوێنێک بسوڕێتەوە یان دەتوانێت وای لێبکەیت کە تەنیا تەرکیز بکات لەسەر ئەو شتەی کە دەیکەیت؟ دەبێت دڵتەنگ و سەرلێشێواو بیت یان پێویستە ئاشتی خواز و دڵنیاییت لەو ئاراستەی کە لە ژیانتدا هەڵدەبژێرێ؟ دەبێت بیرت پڕبێت لە گومان و بێباوەڕی، دەبێت خەمبار و دڵتەنگ بیت، ئازار بچێژیت بەهۆی ترسەوە؟ یان ئەوە مافی تایبەتی ڕۆڵەکانی یەزدان کە گیروگرفتەکانیان بخەنە سەر ئەو؟ (سەیری پەکەم پەترۆس **٥: ٧** بکە)

وشەی یەزدان فێرمان دەکات کە ئێمە مێشکی مەسیحمان هەبێت، پێت وایە مێشکی عیسا چۆن بوو ئەو کاتەی کە لە سەر زەوی بوو نەک تەنیا وەکو کوڕی یەزدان بەڵکو وەکو کوڕی مرۆڤ؟

پشت به خوا بەرەو بەشی دواتری کتێبی مەیدانی جەنگی مێشک هەنگاو دەنێین. باوەڕم وایە کە ئەم کتێبە ئەو کەسە ئاشنا دەکات بەبیری ئاسایی و نائاسایی کە شوێنکەوتووی عیسایە بڕیاریداوە لەگەڵ سەرکەوتندا بڕوات.

بەشی هەشتەم

کەی مێشکم ئاساییە؟

"داوا دەکەم لە باوکی شکۆدار، کە خودای عیسای مەسیحی گەورەمانە، ڕۆحی دانایی و ئاشکراکردنتان لە ناسینی خۆی بداتێ. نوێژ دەکەم چاوی دڵتان ڕووناک بێتەوە، تاکو بزانن هیوای بانگەوازەکەی چییە، تاکو هیوای بانگەوازەکەی بزانن، هەروەها دەوڵەمەندی میراتە شکۆدارەکەی لە پیرۆزکراوندا." (ئەفەسۆس ١: ١٧- ١٨)

سەرنج بدە کە پۆڵس نوێژدەکات بۆ ئەوەی من و تۆ دانایی بەدەستبهێنین بهۆی ڕووناک کردنەوەی چاوی دڵمان. بەپشت بەستن بەو شتانەی کە خوێندوومەوە باوەڕم کە "چاوی دل" مەبەستی لە بیروهزرە.

وەکو شوێنکەوتوویەکی مەسیح، دەبێت بیرمان لە چ بارودۆخێکدا بێت؟ بە واتایەکی دیکە، چ شتێک دەبێتە بارودۆخێکی ئاسایی بۆ مێشکی باوەڕدار؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستە سەیری کارە جیاوازەکانی ڕۆح و مێشک بکەین.

بەپێی وشەی یەزدان ڕۆح و مێشک پێکەوە ئیش دەکەن: من بەمە دەڵێم "مێش یاریدەدەری ڕۆحە."

بۆ ئەوەی باشتر لەم یاسایە تێبگەین، با سەیری ئەوە بکەین کە چۆن لە ژیانی باوەڕداردا کاریگەری دەبێت.

یاسای ڕۆح – مێشک

"چ مرۆڤێک دەزانێت مرۆڤ چی تێدایە، ڕۆحی مرۆڤ نەبێت کە لەناویدایە؟ بەم شێوەیە کەس نازانێت خودا چی تێدایە ڕۆحی خودا نەبێت." (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١١)

کاتێک کەسیک عیسای مەسیح وەکو ڕزگارکاری خۆی وەردەگرێت، ڕۆحی پیرۆز دێت بۆ ئەوەی لەناویدا نیشتەجێ بێت. کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە ڕۆحی پیرۆز بیری یەزدان دەزانێت. هەروەک چۆن ڕۆحی کەسێک کە لەناویدایە، تەنیا کەسێک کە بیروهزرەکانی ئەو بزانێت خۆیەتی. کەواتە ڕۆحی یەزدان تەنیا کەسێکە کە بیری یەزدان دەزانێت. لەبەرئەوەی ڕۆحی پیرۆز لەناوماندا نیشتەجێ دەبێت و لەبەرئەوەی کە رۆحی پیرۆز بیری یەزدان دەزانێت، بۆیە یەکێک لە مەبەستەکانی ئەوەیە کە ژیری و پەیامی یەزدانمان بۆ ئاشکرا بکات. ئەو ژیری و پەیامەی یەزدان لە چاوی دڵماندا بڵاوبوەتەوە لە بیرمان. پاشان ڕۆحی پیرۆز ئەمەیان بۆ دەکات تاکو ئەو شتەی کە بە ڕۆح فێرکراوین بەشێوەیەکی کرداریش لێی تێبگەین.

ئاسایی یان بائاسایی؟

ئێمەی باوەڕدار، سروشتی و ڕۆحین. سروشتیەکە هەمیشە لە ڕۆحییەکە تێناگات؛ بۆیە زۆر گرنگە کە بیرمان ڕووناک بکرێتەوە لەبارەی ئەو شتەی کە لە ڕۆحماندا ڕوودەدات. ڕۆحی پیرۆز حەزدەکات ئەم ڕووناکیەمان بۆ بهێنێت بەڵام بیر زۆربەی کات ئەو شتە لەدەست دەدات کە ڕۆح دەیەوێت ئاشکرای بکات، چونکە زۆر سەرقاڵە. بیرێک کە زۆر سەرقاڵە نائاساییە. بیرێک کە لە ئارامیدا بوو ئاساییە، نەک بەتاڵ بەڵکو ئاسوودە.

نابێت بیر و هزر پڕبکرێت لە لێکدانەوە و دوودڵی و دڵتەنگی و ترس و هاوشێوەکانی. پێویستە ئارام و لەسەرخۆ و هێمن بێت. لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە بەشی دووەمی کتێبەکە تۆ زۆر بارودۆخی نائاسایی بیر و هزر دەبینیت کە لەوانەیە بیاناسینەوە وەکو حاڵەتێکی بەردەوام لە بیرتدا.

گرنگە تێبگەین کە بیر پێویستە لە دۆخی ئاساییدا دابنرێت وەک چۆن لەم بەشەدا باسکراوە.

بەراوردی بکە لەگەڵ حاڵەتی ئاسایی بیرمان، دەبینیت کە بۆچی بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە بەکەمی بۆمان دەردەکەوێت، هەروەها زۆربەی کات هەست بە نەبوونی ژیری و ڕاستی دەکەین.

لە بیرت بێت کە ڕۆحی پیرۆز هەوڵی ڕووناکردنەوەی بیری باوەڕدار دەدات. ڕۆحی پیرۆز زانیاری لە یەزدانەوە دەبەخشێتە کەسەکە، ئەگەر ڕۆح و مێشکی یارمەتی یەکیان دا، ئەوا ئەو کات دەتوانێت بێتە ناو ژیری و بینینی خودابیەوە. بەڵام ئەگەر بیری زۆر سەرقاڵ بوو ئەوا ئەو شتەی لەدەست دەچێت کە یەزدان هەوڵی دا لەڕێگەی ڕۆحییەوە بۆی ئاشکرا بکات.

دەنگە نزمە هێواشەکە

"یەزدانیش فەرمووی: (وەرە دەرەوە و لەسەر چیاکە لەبەردەم یەزدان ڕابوەستە. چونکە وا یەزدان تێدەپەڕێت. ئینجا بایەکی مەزن و بەهێز چیاکانی شەق کرد و تاشەبەردەکانی لەبەردەم یەزدان شکاند، بەڵام یەزدان لەناو بایەکەدا نەبوو. لەدوای بایەکە بوومەلەرزەیەک هات، یەزدان لە بوومەلەرزەکەشدا نەبوو. لەدوای بوومەلەرزەکە ئاگرێک هات، یەزدان لە ئاگرەکەشدا نەبوو. لەدوای ئاگرەکە چرپەی دەنگێک هات." (یەکەم پاشایان **١٩: ١١- ١٢**)

بۆ ماوەی چەندین ساڵ بۆ بینین نوێژم دەکرد، داوام لە یەزدان کرد کە شتەکان لەڕێگەی ڕۆحییەوە کە لە مندا نیشتەجێیە بۆ ئاشکرابکات. من دەمزانی ئەم داوایە بەپێی کتێبی پیرۆزە. باوەڕم بە وشەی یەزدان هەبوو، دڵنیا ش بووم کە دەبێت داوابکەم و وەربگرم. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کات هەستم بەو شتە دەکرد کە من پێم دەوت "گێلی ڕۆحی." پاشان بۆم دەرکەوت کە من زۆربەی ئەو شتانەم وەرنەگرتبوو کە ڕۆحی پیرۆز دەیویست بۆم ئاشکرا بکات، بەکورتی چونکە مێشکم زۆر سەرقاڵ و سەرەڕۆ بوو کە ئەو زانیاریەی لەدەستدا کە ڕۆحی پیرۆز پێشنیاری پێکردبوو. بیهێنە بەرچاوت کە دوو کەس لە ژوورێکدا پێکەوەن. یەکێکیان دەیەوێت نهینییەک بە گوێی ئەوی دیکەدا بچرپێنێت. ئەگەر ژوورەکە پڕبێت لە دەنگە دەنگ، لەگەڵ ئەوەی کە نهێنییەکە وتراوە بەڵام ئەو کەسەی چاوەڕوانی نهێنییەکەی کرد زۆر بە ئاسانی لەدەستی دەدات، چونکە ژوورەکە ئەوەندە دەنگە دەنگی تێدایە کە ناتوانێت گوێی لێبێت. ئەگەر تەنانەت سەرنجێی زۆریش بدات لەوانەیە نەزانێت کە قسەی لەگەڵ کراوە.

ئەمە ڕێگای گفتوگۆی نێوان ڕۆحی ئێمە و یەزدانە. ڕیگاکانی ڕۆحی پیرۆز ئارام و لەسەرخۆن؛ زۆربەی کات ئەو قسەمان لەگەڵ دەکات بەو شێوەیەی کە لەگەڵ پێغەمبەراندا دواوە: "بە دەنگێکی نزم و هێواش." هەروەها زۆر گرنگە کە فێربین بەردەوام خۆمان لە بارودۆخی گوێگرتندا جێگیر بکەین.

ڕۆح و مێشک

"کەواتە چییە؟ بە ڕۆح نوێژ دەکەم، هەروەها بە مێشکیشم نوێژ دەکەم. بە ڕۆح گۆرانی دەڵێم، هەروەها بە مێشکیشم گۆرانی دەڵێم." (یەکەم کۆرنسۆس **١٤: ١٥**)

لەوانەیە ڕێگەیەکی باشتر بۆ تێگەیشتن لە یاسای "مێشک یاریدەدەری ڕۆح"ە ئەوەیە کە بیر لە نوێژ بکەینەوە. لەم ئایەتەدا پۆڵسی نێردراو دەڵێت کە ئەو بە ڕۆح و مێشکی نوێژ دەکات.

دەزانم کە پۆڵس باس لە چی دەکات چونکە منیش هەمان شت دەکەم. زۆربەی کات من بە ڕۆح نوێژ دەکەم (بە زمانی نەناسراو)؛ دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک بەم شێوەیەی نوێژم کرد، هەندێک جار شتێک دێتە ناو مێشکم بۆ ئەوەی بە ئینگلیزی نوێژ بکەم (زمانە ناسراوەکەم). پێم وایە لەم ڕێگەیەوە مێشک یارمەتی ڕۆح دەدات، ئەوان پێکەوە ئیش دەکەن بۆ ئەوەی زانیاری و ژیری خودا بە شێوەیەک کە تێبگەم بە من بگەیەنن.

ئەمە بە پێچەوانەشەوە دەکرێت. زۆر جار کاتێک دەمەوێت نوێژ بکەم، ئەوا خۆم تەرخان دەکەم بۆ نوێژ بۆ یەزدان. ئەگەر هیچ جوڵێنەرێکی تایبەتی لە ڕۆحمدا نەبوو ئەوا بەسادەیی بە مێشکم نوێژ دەکەم. من لەبارەی ئەو کێشە و بارودۆخانە نوێژ دەکەم کە ئاگام لێیانە. هەندێ کات وادیارە کە بەربەستم هەیە، هەربۆیە دەست بە شتێکی دیکە دەکەم پێشتر زانیاریم لەبارەی هەبووە.

بەم شێوەیە بەردەوام دەبم تا ئەو کاتەی ڕۆحی پیرۆز کە لە ناخمدایە، هەندێک کێشەم لە کۆڵ دەکاتەوە. کاتێک کێشەکەی لە کۆڵ کردمەوە ئەو کات دەزانم کە من ئاماژەم بەو شتە کردووە کە ئەوە دەیویست نوێژی لەبارەوە بکەم نەوەک شتێک کە من خۆم هەوڵم دەدا نوێژی بۆ بکەم. بەم شێوەیە مێشکم و ڕۆحم پێکەوە کار دەکەن، یارمەتی یەکتر دەدەن لە تەواوکردن و بەدەستهێنانی ویستی یەزداندا.

زمان و ڕاڤە

"لەبەر ئەم هۆیە ئەوەی بە زمان دەدوێت، با نوێژ بکات تاکو لێکی بداتەوە. چونکە ئەگەر بە زمانێک نوێژ بکەم، ڕۆحم نوێژ دەکات، بەڵام مێشکم بێ بەروبوومە." (یەکەم کۆرنسۆس **١٤: ١٣- ١٤**)

نمونەیەکی دیکە لە شێوەی هاوکاریکردنی ڕۆح و مێشک پێکەوە بریتییە لە دیارییەکان زمان و لێکدانەوە. ئەگەر ئاشنان بە دیارییەکانی ڕۆحی پیرۆز، ئەوا بەڕاستی هانتان دەدەم کە لە کتێبی پیرۆز بیانخوێنن و لەم بوارەدا مێشکتان بۆ یەزدان بەکراوەیی بهێڵنەوە. نوێژ بکەن و داوای لێبکەن کە فێرتان بکات لەبارەی هەموو ئەو دیارییە لە سەروو سروشتانەی ڕۆحی پیرۆز، تەنانەت نوێژیش بکەن بۆ ئەوەی ڕێنماییتان بکات بۆ سەرچاوە باشەکان کە یارمەتیتان دەدات لە خوێندن و تێگەیشتن. (یەکەم کۆرنسۆس **١٢، ١٣، ١٤**) شوێنێکی باشە بۆ دەستپێک.

کاتێک کە من بە زمانەکان دەدوێم، مێشکم بێ بەرهەمە تا ئەو کاتەی خودا بە من یان بە کەسێکی دیکە دەڵێت کە من باسی چی دەکەم؛ ئەو کاتە مێشکم بەرهەمدار دەبێت.

تکایە ئەوە بخەنە ناو مێشکتانەوە کە دیارییەکان زمان و ڕاڤە نین. ڕاڤە بریتییە لە مانای وشە بە وشەی پەیامەکە، لەکاتێکدا بەدەم ڕاڤەکردنەوە مانای گشتی ئەوەمان پێدەڵێت کە کەسێکی دیکە دەیڵێت، بەڵام بەپێی شێوازی ڕاڤەکار کە بە گوێرەی تێگەیشتنی تایبەتی خۆی ڕوونی دەکاتەوە.

با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە: خوشکی (سمس) لە کەنیسە هەڵدەستێتە سەر پێ و پەیامێکیان بە زمانێکی نەناسراو پێشکەش دەکات. پەیامەکە لە ڕۆحیەوە هاتووە. خۆی و ئامادەبوانیش نازانن باسی چی دەکات؛ لەوانەیە خودا ببێتە هۆکاری تێگەیشتنم لەو پەیامە بە شێوەیەکی گشتی. کاتێک لەو باوەڕەدا زیاتر جێگیر بووم و دەستم کرد بە ڕاڤەکردنی ئەو شتەی کە دەوترا. پەیامەکەم بۆ هەموو کەسێک ڕوون کردەوە، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆم ئەو شتانەم دەوت.

نوێژکردن لە ڕۆحدا (زمانی نەناسراو) و ڕاڤەکردن بە زار (زمانی ناسراو) ڕێگەیەکی ناوازەیە بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی "مێشک یاریدەدەری ڕۆحە." ڕۆح لەبارەی شتێکەوە دەدوێت و مێشکیش ڕوونی دەکاتەوە.

ئێستا بیر لەمە بکەوە: ئەگەر خوشکە سمس بە زمانێکی نەناسراو قسە بکات و یەزدان بەدوای کەسێکدا بگەڕێت کە دەستپێشخەری بکات لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی پەیامەکە، ئەوا دەبوا پشتگوێی بخستبام ئەگەر مێشکم ئەوەندە سەرقاڵ و تووڕە بوایە کە نەمتوانیبایە گوێ بگرم. ئەگەر تەنانەت هەوڵی ئەوەشی بدابا کە ڕاڤەکردنەکەشم پێ بڵێت ئەوا وەرمنەدەگرت.

ئەو کاتەی کە تازە باوەڕم بە عیسای مەسیح هێنابوو زۆر لەبارەی بەهرە ڕۆحییەکانەوەم نەدەزانی، تەنیا بە "زمانە ڕۆحییەکان" نوێژم دەکرد. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک لەگەڵ ژیانی نوێژیدا هەستم بە

بێزاری کرد. کاتێک لەبارەی ئەمەوە لەگەڵ یەزدان دوام، یەزدان ڕێگەی پێدام کە تێبگەم من بێزارم چونکە نەمدەزانی لەبارەی چی نوێژ بکەم. لەگەڵ ئەوەی دەمزانی کە نابێت هەمیشە تێبگەم لەوەی کە دەیڵێم کاتێک لە ڕۆحدا نوێژ دەکەم، بەڵام فێربووم کە ئەم شێوازی نوێژکردنە ناهاوسەنگە و ئەگەر لێی تێنەگەم هیچ بەرهەمێکی نابێت.

مێشکی هۆشیار و ئاشتیخواز

"تۆ مرۆڤی بیروڕا چەسپاو بە ئاشتی تەواو دەپارێزیت، چونکە پشتی بە تۆ بەستووە." (ئیشایا **٢٦: ٣**)

هیوادارم بە خۆشحاڵیەوە لەم نموونانەوە بۆت دەربکەوێت کە مێشک و ڕۆحت بەردەوام بەیەکەوە کاردەکەن، هەردووکیان پێکەوە پەیوەستن. هەربۆیە زۆر گرنگە لە بارودۆخێکی ئارامدا بیت. ئەگەر نا مێشکت ناتوانێت هاوکاری ڕۆحت بکات لە یارمەتیدانت بۆ ژیانێکی پڕ لە ڕۆحی پیرۆز.

بە دڵنیاییەوە شەیتان ئەو ڕاستییە دەزانێت بۆیە هێرشدەکاتە سەر مێشکت، لە مەیدانی مێشکتدا جەنگ دژی تۆ بەرپا دەکات. دەیەوێت مێشکت ماندوو و بارگران بکات بە پڕکردنی بە هەموو جۆرە بیر و هزرێکی هەڵە بۆ ئەوەی مێشکت ئازاد و ئامادە نەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو ڕۆحە پیرۆزەی لەنا ڕۆحی مرۆڤانەتدا ئیشدەکات.

مێشک دەبێت بە ئاشتیخوازی بپارێزیت. هەروەک چۆن پێغەمبەر ئیشایا پێمان دەڵێت کاتێک کە مێش لەڕاستی و دروستیدا جێگیر بکرێت ئەوا لە ئاشتیدا دەبێت.

هێشتا دەبێت مێشکت هۆشیار بێت، ئەوە مەحاڵە کاتێک بە بارێک قورسکراوە کە لە توانای خۆی بەدەرە.

بەردەوم بیر بکەوە: مێشکت چەندە و ماوەی چەندە ئاساییە؟

بەشی نۆیەم

مێشکێکی گومڕا و سەرسوڕماو

"بۆیە با مێشکتان لە ئامادەباشیدا بێت." (یەکەم پەترۆس ١: ١٣)

لە زنجیرەی پێشتردا وتمان ئەگەر مێشکێک زۆر سەرقاڵ بێت ئەوا نائاساییە. حاڵەتێکی تر بۆ نائارام بوونی مێشک بریتییە لە گومڕابوون. نەتوانینی تەرکیزکردن ئەوە نیشان دەدات کە شەیتان لە ڕووی دەروونییەوە هێرشی کردۆتە سەرت.

خەڵکێکی زۆر بۆ ماوەی چەندین ڕێگە بە گومڕابوونی مێشکیان دەدەن چونکە هەرگیز بنەماکانی ڕاهێنانی بیروهێزری ژیانیان جێبەجێ نەکردووە.

خەڵکێکی زۆر کە تا ڕادەیەک ناتوانن تەرکیز بکەن پێیان وایە کە نەخۆشی دواکەوتوویی مێشکیان هەیە. هەرچەندە توانستی تەرکیز کردن دەکرێت لە ئەنجامی ڕێپێدانی بیرتەوە بێت کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەرکاتێک هەر شتێکی ویستبێ ئەنجامی داوە. نەتوانینی تەرکیزکردن دەکرێت بەهۆی کەمی ڤیتامینەوە بێت. ڤیتامین دی توانستی تەرکیز کردن زیاد دەکات، لەبەرئەوە ئەگەر توانای تەرکیز کردنت نییە ئەوا پرسیار لە خۆت بکە ئایا بە ڕێک و دروستی نان دەخۆیت و خواردنەکان بەسودن.

ماندووبوونی لەڕادەبەدەریش کاریگەری لەسەر تەرکیزکردن هەیە. بۆم دەرکەوتووە کاتێک کە زۆر ماندووم ئەوا شەیتان هەوڵدەدات هێرش بکاتە سەر بیرم چونکە دەزانێت کە بەرگری کردن لەو کاتانەدا زۆر زەحمەتە. دەیەوێت من و تۆ پێمان وابێت کە نەخۆشی دواکەوتوویی مێشکمان هەیە بۆ ئەوەی هەوڵ نەدەین تووشی کێشەی بکەین. ئەو دەیەوێت کە هەر شتێکی پێوتن بە بێ بەرگری کردن بە قسەی بکەین.

یەکێک لە کچەکانمان بە منداڵی کێشەی هەبوو، نەیدەتوانی تەرکیز بکات، لەبەرئەوەی تێگەیشتن و تەرکیزکردن شان بە شانی یەکترن خوێندنەوەی بۆ نەدەکرا. زۆر منداڵ تەنانەت هەندێ لە

گەورەکانیش لەوە تێناگەن کە دەیخوێننەوە. چاویان وشەکانە سەر لاپەڕەکە دەخوێننەوە، بەڵام مێشکیان بەڕاستی تێناگات کە چی خوێندراوەتەوە.

زۆربەی کات تێنەگەیشتن بەهۆی تەرکیز نەکردنەوە ڕوودەدات. من دەزانم چونکە خۆم بۆی هەیە کاتێک بەشێک لە کتێبی پیرۆز یان بەشێک لە هەر کتێبێک دەخوێنمەوە، لەناکاو بۆم دەردەکەوێت کە بە هیچ شێوەیەک نازانم چیم خوێندوەتەوە، دەگەڕێمەوە و لەسەرەتاوە دووبارە دەیخوێنمەوە، وادیارە کە هەمووی نوێیە، چونکە لەگەل ئەوەی چاوەکانم سەیری وشەکانی کردووە لەسەر پەڕەکە بەڵام مێشکم لە شوێنی دیکەدا بوو. بەهۆی ئەوەی کە تەرکیزم نەدەکرد لەسەر ئەوەی کە چی دەکەم، نەمتوانی ئەوە تێبگەم کە خوێندوومەتەوە.

زۆربەی کات سەرگەردان بوونی بیر (مێشک) کێشەی سەرەکی تێنەگەیشتنە. ماوەیەک لەمەوپێش من و دەیڤ و ژن و مێردێکی دیکە، کە هاڕێمانن لە ویلایەتی یوتا پێکەوە ئۆتۆمبێلمان دەهاژۆشت. دەست بەجێ من و ژن و مێردەکە گوێمان لە دەیڤ بوو وتی: "یەزدان بەزەیی پێمدا بێتەوە." هەموومان دەستمان کرد بە پێکەنین کاتێک بۆمان دەرکەوت لەگەڵ ئەوەی دەیڤ بە دەنگێکی بەرز پژمیوە بەڵام هیچ کام لە ئێمە گوێمان لێنەبوو چونکە هەموومان مێشکمان لە شوێنێکی دیکە بوو، دەستم کرد بە قسە و گوتم بوورە گوێم لێنەبوو. من لە ئیدارە بووم لە سەینت لویس، ئەو پیاوەی کە لە دواوە دانیشتبوو پێکەنی و گوتی: لە فلۆریدا خەریکی ئیش بووم" خێزانەکەشی بەهەمان شێوە پێکەنی و گوتی "لە دالّس بووم خەریکی چارەسەرکردنی کێشەیەک بووم."

لە ماوەیەکی کەمدا هەرسێکمان لەڕووی دەروونییەوە لە ویلایەتێکی دیکە بووین. ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە بیر چەندە بەخێرایی دەتوانێت لەو شوێنە سەرگەردان بێت کە ئێمەی لێبووین. هەموومان پێکەنین چونکە دەیڤ دەبوا خۆی بە خۆی بڵێت خودا ڕەحمی پێبکات چونکە لە ڕووی دەروونییەوە هیچ کام لە ئێمە لەڕووی دەروونییەوە لەوێ نەبووین. پێکەنیناوی بوو لەهەمان کاتدا بەرچاوڕوونییەک بوو بۆ ئەوەی بزانم کە چۆن هۆشیاریمان لەدەست دەدەین لەڕوودانی شتەکانی دەوروبەرمان بە تەرکیزنەکردن لەکاتی ئێستادا.

مێشکێکی گومڕاو و سەرلێشێواو

"کاتێک دەچیت بۆ ماڵی خودا، ئاگاداری پێی خۆت بە. وەرە پێشەوە هەتا گوێ بگریت، نەوەک قوربانی گێلەکان بکەی کە خراپەکاری خۆیان نازانن." (ژیرمەندی ٥: ١)

باوەڕم وایە کە دەستەواژەی "ئاگاداری پێی خۆت بە" واتە "هاوسەنگیت لە دەست مەدە و واز لە ڕێگەکەت مەیەنە." بەهێزی ئەم دەستەواژەیە ئەوە دەردەخات کە ئەگەر کەسێک مێشکی بداتە ئەوە شتەی کە ئەنجامی دەدات ئەوا لەسەر ڕێگاکەی بەردەوام دەبێت.

من مێشکێکی سەرگەردانم هەبوو، دەبوا بە تەمبێکردن ڕامهێنابا. کارێکی ئاسان نەبوو، تەنانەت هەندێ کات بەرەو دوا دەڕۆشتمەوە. کاتێک خەریکی تەواوکردنی هەندێ پرۆژە بووم دەستبەجێ بۆم ڕوون بوەوەکە مێشکم بەلای شتێکی دیکەدا ڕۆیشتووە کە هیچ پەیوەندی بە ئەمەی بەردەستمەوە نەبوو. هێشتا بە تەواوی نەمدەتوانی تەرکیز بکەم بەڵام دەمزانی کە زۆر گرنگە ڕێگە بە مێشکم نەدەم هەرکاتێک ویستی بۆ هەر شوێنێک حەزی لێبێت بڕوات.

لە فەرهەنگی زماندا پێناسەی وشەی (سەرلێشێوان) بەم شێوەیە کراوە: "بێهیوایی و سەرگەردان بوون؛ سەرگەردانی. تێپەڕبوون بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ یان بە زەحمەت تێپەڕبوون؛ ڕێگای ئاسان. بەردەوامبوون لە ڕێگەیەکی ناڕێک یان کردارێکی ناڕێک؛ ڕێگای پێچاوپێچ. بە ناڕوونی و ئاڵۆزی دەربڕینی کەسێک.

ئەگەر وەکو منیت، دەکرێت لە کەنیسەدا دانیشتبێتی و گوێ لە قەشەکە بگریت و بەڕاستی چێژ و سودی لێوەربگریت بەڵام لەناکاو بیرت دەست دەکات بە ڕۆیشتن و سەرگەردان دەبێت. پاش ماوەیەکی کەم "کە بەخەبەر هاتیتەوە" بۆت دەردەکەوێت کە هیچت بیرنەماوە لەوەی کە وتراوە. لەگەڵ ئەوەی کە جەستەت لە کەنیسەدا بووە بەڵام مێشکت لە بازاڕ بەناو دوکانەکاندا گەڕاوە یان لە ماڵەوە لە چێشتخانە سەرقاڵی دروستکردنی نانی ئێوارە بووە.

بیرت نەچێت لە جەنگی ڕۆحیدا مێشکت مەیدانی جەنگەکەیە، مێشک ئەو شوێنەیە کە دوژمن هێرش دەکات. ئەو زۆر باش دەزانێت کە لەگەڵ ئەوەی کەسێک دەڕوات بۆ کەنیسە، ئەگەر نەتوانرێت بیری بەلای ئەو شتەوە بێت کە فێر دەکرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە بەئامادەبوونی لەوێ هیچی دەست ناکەوێت. شەیتان دەزانێت کە کەسێک ناتوانێت خۆی ڕابهێنێت لەسەر تەواوکردنی پڕۆژەیەک ئەگەر نەتوانێت مێشکی ڕابهێنێت لەسەر ئەوەی کە لەو کارەدا بەردەوام بێت کە دەستیپێکردووە.

هەروەها ئەم دیاردەیەی سەرلێشێواندنی مێشکە، لەکاتی گفتوگۆشدا ڕوودەدات. کاتی وا هەیە دەیڤی هاوسەرم قسەم لەگەڵ دەکات و منیش بۆ ماوەیەک گوێدەگرم، لەناکاو بۆم دەرکەوت کە گوێم لە هیچ شتێک نەبووە کە وتراوە، بۆچی؟ چونکە ڕێگام بە بیرم داوە کە بڕوات بەلای شتی دیکەدا. جەستەم لەوێ وەستاوە و وادیارە گوێدەگرێت، بەڵام لە بیرمدا گوێم لە هیچ نەبووە.

بۆ چەندین ساڵ کاتێک لەم جۆرە شتانە ڕوویاندەدا، وا خۆم دەردەخست کە تەواو دەمزانی دەیڤ باسی چی دەکات. ئێستا دەوەستم و دەڵێم: "بە یارمەتیت دەتوانی دوبارەی بکەیتەوە؟ ڕێگەم بە مێشکم دا کە سەرگەردان بێت. گوێم لەو شتە نەبوو کە وتت."

بەم شێوەیە هەر هیچ نەبێت هەستم دەکرد کە خەریکم ڕوبەڕوی کێشەکان دەبمەوە.
بەرەنگاربونەوەی کێشەکان تەنیا ڕێگایەکە کە بتوانێت لایەنی سەرکەوتنت بەسەریاندا بەدەست بێنێت!

بڕیارم دا ئەگەر شەیتان ڕۆیشتە ناو کێشەکەوە بۆ ئەوەی بەبیرێکی سەر لێشێواو پەلامارم بدات، کەواتە بۆی هەیە شتێکی وترابێت کە پێویست بوو گوێم لێبوایە.

ڕێگەیەک بۆ شەڕکردن دژی دوژمن لەم لایەنەوە بریتییە لە سوود وەرگرتن لە پەیامە تۆمارکراوەکان کە لە لایەن زۆربەی کەنیسەکانەوە ئامادە دەکرێن. ئەگەر تا ئێستا فێری ئەوە نەبوویت کە بیرت ڕابهێنی کە تەرکیزی لای ئەو شتە بێت کە لە کەنیسەدا دەوترێت، ئەوا حەفتانە وتارە تۆمارکراوەکان بکڕە و بەپێی پێویست گوێیان لێبگرە بۆئەوەی لە پەیامەکە تێبگەیت.

شەیتان کۆڵدەدات و وازدێنێت کاتێک دەبینێت کە تۆ دەستبەردار نابیت و کۆڵ نادەیت.

لەبیرت بێت کە شەیتان دەیەوێت تۆ پێتوابێت نەخۆشی دەروونیت و هەیە و کێشەت هەیە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تەنیا پێویستە دەست بکەیت بە ڕاهێنانی مێشکت، مەهێڵە سەرگەردانی شوێنەکانی شار بیت و هەر شتێکی حەز لێبوو بیکات. لە ئەمڕۆوە "ئاگات لە پێی خۆت بیت" بۆ ئەوەی بیرت لەسەر ئەو شتە بیت کە دەیکەیت. دەبێت تا ماوەیەک ڕاهێنان بکەیت. نەهێشتنی خووە کۆنەکان و بنیاتنانی خووی نوێ هەمیشە پێویستی بە کاتە، بەڵام لە کۆتاییدا شیاویەتی. ئەو کاتەی کە ئێستا گەورەترین دیارییە لەلایەن یەزدانەوە بەڵام ئەگەر ئامادە نەبین ئەوە لەدەستمان دەچێت.

مێشکێکی گوماناوی (سەرسوڕماو)

"ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی بەم کێوە بڵێت 'هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە'، لە دڵدا گومان نەکات، بەڵکو باوەڕ بکات ئەوەی دەیڵێت دەبێت، ئەوا بۆی دەبێت. لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: هەموو ئەوەی داوای دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن، باوەڕ بکەن کە وەرتانگرتووە، بۆتان دەبێت." (مەرقۆس **١١: ٢٤- ٢٥**)

زۆر جار کە ڕوبەڕوی ئەم شت و ئەو شت دەبمەوە، بەخۆم دەڵێم "دەمەوێت بزانم" ئەو شتە چۆن دەبێت، بۆ نموونە:

دەمەوێت بزانم سبەی کەشوهەوا چۆن دەبێت.

دەمەوێت بزانم چ جۆرە جلوبەرگێک بۆ ئاهەنگەکە لەبەربکەم.

دەمەوێت بزانم دانیالی کوڕم چەند نمرە لە ڕاپۆرتەکەی قوتابخانەدا وەردەگرێت.

دەمەوێت بزانم چەند کەس لە سیمینارەکەم ئامادە دەبن.

یەکێک لە بەشەکانی پێناسەکردنی فەرهەنگی زمان، وشەی سەرسوڕمان لە شێوەی ناودا بە "هەستێکی گوماناوی و نادیار" پێناسە دەکات. لە شێوەی فرماندا بە "بڕبوون بە گومان و دوودڵی" پێناسە دەکات.

فێربووم کە من زۆر باشترم لە کردنی شتێکی ئەرێنی لەوەی کە تەنیا هەمیشە بیرم لەبارەی شتە خەیاڵییەکان بە سەرگەردانی بسوڕێتەوە. لەجێگەی ئەوەی کە مێشکم بڕوات بەلای ئەوەی کە دانیالی کوڕم چەند نمرەی وەرگرتووە، دەتوانم بڵێم باوەڕم وایە کە نمرەی باش وەردەگرێت. لەجێگەی ئەوەی کە بیر لەوە بکەمەوە کە چی لەبەرکەم بۆ ئاهەنگەکە، دەتوانم بڕیاربدەم کە چی لەبەربکەم. لەجێگەی ئەوەی کە نیگەرانی کەشوهەوا بم یان بیر لەوە بکەمەوە کە ئایا چەند کەس لە سیمینارەکەمدا بەشداری دەکەن، دەتوانم ئەو شتانە بدەمە دەست یەزدان و متمانەی پێبکەم، ئەو هەموو شتەکان بۆ باشەی من بەکاردێنێت بێ گوێدانە ئەوەی کە چێ ڕوودەدات.

دانیالی کوڕم، حەزی لە قوتابخانە نەبوو، هەمیشە لەگەڵیدا کێشەی هەبوو، هەربۆیە من زۆر بیرم لە ئەو و داهاتووی دەکردەوە. باوەڕم وایەک پێت خۆش دەبێت ئەگەر بزانیت کە ئەو ئێستا بەڕێوەبەری گشتی خزمەتەکانی جۆیس مایەرە. هەموو بیر و گومانەکانم کات بەفیڕۆدان بوو. یەزدان داهاتووی ئەو دەزانێت و هەموو شتێکی لەژێر دەستدا بوو.

لەگەڵ ئەوەی گومان کردن لەبارەی هەندێ شت ئاساییە، بەڵام ئەگەر زۆر بێت ئەوا وات لێدەکات نەتوانیت بڕیار بدەیت، بڕیارنەدان دەبێتە هۆی سەرلێشێواندن. سەرسوڕمان و بڕیارنەدا و سەرلێشێوان ڕێگە بە کەسەکان نادات کە بە باوەڕ وەڵامی نوێژ و داواکارییەکانیان لە یەزدان وەربگرن.

سەرنج بدە لە (مەرقۆس **١١: ٢٣- ٢٤**)دا عیسا ناڵێت: "داوای هەر شتێک بکەیت لە نوێژدا گومان بکە بەدەستی دێنیت" بەڵکو دەڵێت "داوای هەر شتێک بکەیت لە نوێژدا باوەڕبکە بەدەستی دێنیت."

ئێمەی شوێنکەوتوانی مەسیح دەبێت باوەڕبکەین نەوەک گومان!

بەشی دەیەم

مێشکێکی سەرلێشێوا

"ئەگەر یەکێکتان لە دانایی کەموکوڕی هەیە، با داوا لە خودا بکات، کە بە دڵفراوانی بە هەمووان دەبەخشێت و گلەییش ناکات، پێشی دەبەخشرێت. بەڵام با بە باوەڕەوە داوا بکات و گومان نەکات، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەک شەپۆلی دەریا وایە، با دەیهێنێت و دەیبات. ئەو مرۆڤە با بیرنەکاتەوە شتێک لە مەسیحی باڵادەستەوە وەردەگرێت، چونکە مرۆڤی ڕاڕا، لە هەموو ڕێگاکانی چەسپاو نییە." (یاقوب ١: ٥- ٨)

بۆمان دەرکەوت کە سەرسوڕماوی و سەرلێشێوان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. سەرسوڕمان جگە لە تایبەت بوونی لە بیروهزردا، دەتوانێت و دەبێتە هۆی گومان و سەرلێشێوان.

(یاقوب ١: ٥- ٨) باشترین ئایەتن کە یارمەتیمان دەدات فێربین چۆن بەسەر سەرسوڕمان و سەرلێشێواندا زاڵبین، ئەو شتە لە لایەن یەزدانەوە بەدەست بێنین کە پێویستمانە. بە بۆچوونی من "مرۆڤی دوودڵ و ناجێگیر" ئەو کەسەیە کە بەردەوام بەرەو پێش و بەرەو دوا دەکات، دواوە و پێشەوە، هەرگیز لەسەر شتیک بڕیار نادات. هەر کە بیری کردەوە بڕیارەکەی دەدات، یەکسەر سەرسوڕمان و گومان و سەرلێشێواندن وایلێدەکات دووبارە بەرەو دوودڵی بڕاوەتەوە. ئەوە دەربارەی هیچ شتێک دڵنیا نییە.

من بەم شێوەیە زۆر ژیاوم، نەمدەزانی شەیتان جەنگی دژم ڕاگەیاندووە و مێشکم مەیدانی جەنگەکەیە. لە هەموو شتێکدا سەرم لێشێوا بوو، نەمدەزانی بۆچی.

بەڵگەهێنانەوە و دەلیل بەرەو سەرلێشێوانت دەبات

"ئەی کەم باوەڕینە، بۆچی لەنێوان خۆتان بیر لەوە دەکەنەوە نانتان نەهێناوە؟" (مەتا ١٦: ٨)

تا ئێستا، ئێمە لەبارەی سەرسوڕمانەوە قسەمان کرد، لە بەشەکانی داهاتوودا لەبارەی گومان زیاتر قسە دەکەین. ئێستا حەزدەکەم زیاتر باس لە سەرلێشێوان و سەرلێتێکدان بکەم.

بێگومان ڕێژەیەکی زۆری گەلی خودا سەرلێشێواون، بۆچی؟ هەروەکو چۆن بینیمان، یەکێک لە هۆکارەکان بریتییە لە سەرسوڕمان و گومان کردن. هۆکارێکی دیکە بریتییە لە لێکدانەوە. یەکێک لە پیناسەکردنی فەرهەنگ بۆ وشەی 'بەڵگەهێنانەوە و دەلیل' لە شێوەی ناودا بریتییە لە "دووپاتکردنەوەی ڕاستی یان ئەو پاڵنەرەی کە مانای لۆژیکی ئامادە دەکات بۆ گریمانەیەک یان ڕووداوێک"، لە شێوەی فرمان واتە "بەکارهێنانی توانای هۆکار: لۆژیکییانە بیر بکەوە."

ڕێگایەکی سادەی دیکە بۆ ئەوەی کە بڵێی چییە، بەڵگەهێنانەوە و دەلیل ڕوودەدات کاتێک کەسێک هەوڵ دەدات وەڵامی "بۆچی" بداتەوە. دەلیل دەبێتە هۆی ئەوەی کەسیک بە دەوری حاڵەتێک، کێشەیەک یان ڕووداوێکدا بسووڕێتەوە و هەوڵبدات لە هەموو وردەکارییەکانی تێبگات. ئێمە دەلیل داوا دەکەین کاتێک تاقیکردنەوەیەکی زۆر ورد لەسەر دەربڕینێک دەکەین یان وانە دەڵێینەوە بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا لۆژیکییە، ئەگەر وا نەبوو ئەوا پشتگوێی دەخەین.

زۆر جار شەیتان لەڕێگەی لێکدانەوە ویستی یەزدانمان لێدەدزێت.لەوانەیە یەزدان ئاراستەمان بکات بۆ ئەنجامدانی شتێکی دیاریکراو بەڵام ئەگەر مانای نەبوو (لۆژیکی نەبوو) بۆی هەیە پشتگوێی بخەین. ئەو شتەی کە یەزدان ئاراستەی کەسێکی دەکات بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات هەمیشە بەپێی بیر لۆژیکی نییە. ڕەنگە ڕۆحی پەسەندی بکات و مێشکی ڕەتی بکاتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئاسایی نەبوو و ناخۆش بوو بەلایەوە، یان ئەگەر پێویستی بە قوربانی تاکەکەسی کرد و کارەکە سەخت بوو. هەمیشە جوانە کە مێشک و ڕۆح هاوڕابن، بەڵام ئەگەر هاوڕانەبوون هەمیشە دەبێت شوێن ڕۆح بکەوین.

لە مێشکتدا داوای دەلیل و بەڵگە مەکەوە، تەنیا ملکەچی ڕۆح بە

"بەڵام مرۆڤی سروشتی ئەوەی هی ڕۆحی خودایە وەریناگرێت، چونکە لای ئەو گێلایەتییە، ناتوانێت بیانزانێت، چونکە بە ڕۆح جیا دەکرێنەوە." (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٤)

ئەمە شتێکی کرداری و ڕوونکردنەوەی تاکە کەسییە کە هیوام وایە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەسەر ئەم کێشەی دەلیل و بەڵگەیە لەناو مێشکدا بە پێچەوانەی ملکەچی لە ڕۆحدا.

بەیانییەک کاتێک خەریکی جل لەبەرکردن بووم بۆ ئەوەی وتار پێشکەش بکەم لە کۆبوونەوەیەکی هەفتانەدا کە من بەڕێوەبەم دەبرد، دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەبارەی ئەو ژنەی کە لەوێ هاوکاری خزمەتەکەی بەڕێوە دەبرد، چەندە دڵسۆز بوو. حەزێک لە دڵمدا هانیدام کە بە جۆرێک شتێکی بۆ بکەم بۆ سوپاسکردنی. نوێژم کرد: "ئەی باوک، (ڕوس ئان) بەدرێژایی ئەم ساڵانە کەسێکی زۆر باش بووە بۆ ئێمە، دەتوانم چۆن سوپاسی بکەم؟"

یەکسەر چاوم کەوت بە عەزیەیەکی سوور کە لە ناو دۆڵابەکەمدا هەڵمواسیبوو، لە دڵەوە دەمزانی کە یەزدان دەیەوێت ئەوە بدەم بە ڕوس ئان. لەگەڵ ئەوەی کە سێ مانگ لەمەوپێش کڕیبووم بەڵام لەبەرم نەکردبوو. لەڕاستیدا لەناو نایلۆنەکەیدا هەڵواسرابوو کاتێک هێنابوومەوە ماڵەوە. بەڕاستی حەزم لێی بوو بەڵام هەر کاتێک بیرم لەوە بکردایەتەوە کە لەبەری بکەم بە هەر هۆکارێک بوایە نەمدەویست لەبەری بکەم.

بیرت بێت، وتم کاتێک چاوم بە عەزێکە کەوت دەمزانی کە دەبێت بیدەم بە ئان. لەبەرئەوەی نەمدەویست دەستبەرداری بم بۆیە دەستم کرد بە دەلیل و بەڵگەهێنانەوە لە مێشکمدا کە ناکرێت یەزدان پێی وتبێتم کە ئەم عەزیە سوورەی بدەمێ چونکە تەواو نوێیە، تا ئێستا لەبەرنەکراوە و تا ڕادەیەکیش گرانبەها بوو، تەنانەت گوارەی زیویشم کڕیبوو بۆی تاکو تاقم بێت لەگەڵیدا!

من بیری دنیاییم بەدوور گرتبوو لە حاڵەتەکەم و لەناو ڕۆکمدا بەردەوام بووم لە هەستیاربوون بەرانبەر یەزدان، هەموو شتێک بە باشی دەڕۆیشت بەڵام ئێمەی مرۆڤ دەتوانین خۆمان لە گێلی بدەین و خۆمان هەڵبخڵەتێنین لەڕێگەی دەلیل و بەڵگەهێنانەوە کاتێک بەڕاستی دەمانەوێت ئەو شتە ئەنجام بدەین کە یەزدان دەیەوێت. لە دوو خولەکدا هەموو شتێکم لەیاد کرد و لەسەر کارەکەی خۆم بەردەوام بووم. مەبەستە سەرەکییەکە ئەوەبوو نەمدەویست عەزێکەم لەدەست بدەم چونکە نوێ بوو و حەزیشم لێبوو. مێشکم دەلیل و بەڵگەی هێنایەوە کە ئەو ئارەزووەی هەستم پێی کرد ناگونجێت یەزدان بێت بەڵام شەیتان هەوڵدەدات ئەو شتەی کە من چێژی لێ وەردەگرم لێمی زەوت بکات.

پاش چەند هەفتەیەک لە هەمان شوێن خۆم ئامادە دەکرد بۆ کۆبونەوەیەکی دیکە، بەهەمان شێوەی پێشتر، دیسان ناوی ڕوس ئان لە دڵمەوە بەرز بوەوە. دەستم کرد بە نوێژکردن بۆی. دووبارە هەمان شتم وتەوە: "ئەی باوک، (ڕوس ئان) بەدرێژایی ئەم ساڵانە کەسێکی زۆر باش بووە بۆ ئێمە، دەتوانم چۆن سوپاسی بکەم؟" یەکسەر هەمان عەزیە سوورەکەم بەرچاو کەوتەوە و هەستم بە نقووم بوون کرد لە جەستەمدا چونکە ئێستا ڕووداوەکانی دیکەم بەبیر دێتەوە کە زۆر خێرا و تەواو لە بیرم کردبوون.

ئەمجارە هیچ پێچ و پەنایەکی تێدا نەبوو؛ یان دەبوا ڕوبەڕوی ئەو ڕاستیە ببامەوە کە یەزدانی نیشانیدام کە چی بکەم و دەبێت بیکەم، یان بەسادەیی بڵێم یەزدان دەزانم تۆ چیم نیشان دەدەیت بەڵام بە قسەت ناکەم. من یەزدانم لەوە زیاتر خۆشدەویست کە بتوانم ئەنقەست نافەرمانی بکەم. بۆیە دەستم کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لەبارەی عەزیە سوورەکەوە. لە چەند خولەکێکدا بۆم دەرکەوت کە لە حاڵەتی پێشوومدا ڕێگەکەم ڕێک بەپێی ویستی یەزدان لێکدابوەوە، ئەوە تەنیا ساتێکی دەویست بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەم. من پێم وابوو ناکرێت گوێم لە دەنگی یەزدان بووبێت چونکە عەزیە نوێ بوو. بەڵام ئێستا بۆم دەردەکەوێت کە کتێبی پیرۆز تەنیا باسی پێدانی شتی کۆن ناکات! ئەوە بۆ من زیاتر لە قوربانییەک دەچوو چونکە جلەکە نوێ بوو، بەڵام بۆ ڕوس ئان زیاتر بوو لە بەرەکەت.

هەرکە دڵم بۆ یەزدان کردەوە، دەستی کرد بە نیشاندانم کە هەر لە سەرەتاوە من ئەو عەزیەم بۆ ئان کڕیبوو. بۆیە هەرگیز بۆم ڕێنەکەوت لەبەری بکەم. یەزدان ئەو ماوە زۆرە وەکو نوێنەری خۆی بەکاری هێنام بۆ بەرەکەتدار کردنی ئان. بەڵام من بیرۆکەی خۆمم هەبوو لەبارەی عەزیەکە، تا ئەو کاتەی ئامادە نەبم بیرۆکەکەم پشتگوێ بخەم ناتوانم لەلایەن ڕۆحەوە ڕابەری بکرێم.

ئەم ڕووداوە تایبەتە زۆر شتی فێرکردم، فێری ئەوەی کردم کە جەندە بە ئاسانی دەکرێت لەلایەن مێشکەوە ڕابەری بکرێین و ڕێگە بە دەیلیل و بەڵگەهێنانەوە بدرێت تاکو بەدوورمان بگرێت لە ویستی یەزدان بە هاندانی "ترسی" ڕێزگرتن لە دەلیل و بەڵگەهێناوە.

بیرت نەچێت بەپێی (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٤) مرۆڤی سادە لە مرۆڤی ڕۆحی تێناگات. مێشکی دنیایی من (مرۆڤی سادە) تێناگات لە بەخشینی ئەو جلەی کە هەرگیز لەبەرم نەکردبوو، بەڵام ڕۆحم (مرۆڤە ڕۆحییەکە) زۆر باش تێدەگەیشت.

هیوادارم ئەم نموونەیە لەم بوارەدا زیاتر بەرچاوت ڕوونبکاتەوە و یارمەتیت بدات لە هەموو کاتێک زیاتر بەپێی ویستی یەزدان کاربکەیت.

لەوانەیە ئێستا بیر بکەیتەوە کە ئایا عەزێکەم دا بە ڕوس ئان یان نە. بەڵێ، جلەکەم پێدا و ئێستا ئەوە لە ئیدارەکەی ئێمە وەکو فەرمانبەرێک ئیش دەکات و هێشتا ناوبەناو بۆ ئیش لەبەری دەکات.

دوای ئەوەی کە ڕوس ئان بۆ ماوەی حەوت ساڵ ئەو عەزێ سوورەی لەبەر کرد، وەک دیارییەک بۆی گەڕاندمەوە، ئێستا هیچ مۆدێلی نەماوە بەڵام پاراستوومە بۆ ئەوەی ئەو کاتە بە بیر خۆم بهێنمەوە کە ڕیگەی ملکەچی یەزدانم زاڵکرد بەسەر ئەو شتەی کە پارچەیەکەی کۆنە و هەرگیز کەسی دیکە لەبەری ناکات.

ببە بە ئەنجامدەری وشەکە

"تەنها گوێگری وشەکە مەبن، بەڵکو کاری پێ بکەن، ئەگینا خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن." (یاقوب **١: ٢٢**)

هەرکاتێک بزانین وشەی یەزدان داوای چیمان لێدەکات بەڵا ڕەتی بکەینەوە، دەلیل و بەڵگەهێنانوە تاڕادەیەک بەرپرسیارە و فێڵمان لێدەکات کە باوەڕ بکەین بە شتێک کە دوورە ڕاستییەوە. ناتوانین کاتێکی زۆر بەسەرببەین لە هەوڵدانی ئەوەی بە کە بەتەواوی لە هەموو شتێک تێبگەین کە وشەکە دەیڵێت. ئەگەر شایەتی بدەین لە ڕۆحدا، ئەوا دەتوانین بەردەوام بین و ئەنجامی بدەین.

بۆم دەرکەوت کە یەزدان دەیەوێت گوێڕایەڵی بم، ئەگەر حەزم لێبێت یان نا، ببەوێت یان نا، بیرۆکەیەکی باش بێت یان نا.

کاتێک یەزدان لەڕێگەی وشەکەیەوە یان لەناو مرۆڤی ناخمدا قسە دەکات، نابێت بیانوو بهێنینەوە، هۆکار و دەلیل بهێنینەوە، نابێت پرسیار لە خۆمان بکەین کە ئایا ئەوەی یەزدان دەیڵێت لەگەڵ لۆژیک دەگونجێت یان ناگونجێت.

کاتیک یەزدان قسە دەکات، ئێمە دەبێت بەڕێبکەوین نەوەک دەستبکەین بە لێکدانەوەی.

بڕوا بە یەزدان بکە نەوەک دەلیل و بەڵگەی مرۆڤ

"پڕ بەدڵ پشت بە یەزدان ببەستە و بە تێگەیشتوویی خۆت پشت ئەستوور مەبە." (پەندەکانی سلێمان **٣: ٥**)

بە واتایەکی دیکە، پشت بە دەلیل و بەڵگەی مرۆڤ مەبەست. دەلیل و لێکدانەوە دەرگا بۆ فێڵکردن دەکاتەوە و سەرلێشێوانی زیاتر لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

جارێکیان پرسیارم لە یەزدان کرد، وتم بۆچی خەڵکێکی زۆر تووشی سەرلێشێواوی دەبن، وەڵامی دامەوە: "پێیان بڵێ با واز لە هەوڵی چارەسەرکردنی شتەکان بدەن، ئەوکات سەریان لێناشێوێت." بۆم دەرکەوت کە ئەوە بە تەواوی دروستە. دەلیل و سەرلێشێوان هاوتای یەکترن.

من و تۆ لەناو دڵماندا دەتوانین بیر لە شتێک بکەینەوە، دەتوانین بەرزی بکەینەوە لەبەردەم یەزداندا دایبنێین بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا حەزدەکات تێگەیشتنمان بداتێ، بەڵام ئەو ساتەی کە هەست بە سەرلێشێوان دەکەین زۆر دووردەکەوینەوە.

دەلیل و بەڵگەی لۆژیکی مەترسیدارە لەبەر چەندین هۆکار، بەڵام یەکێکیان ئەمەیە: ئێمە دەتوانین دەلیل بۆ شتیک بهێنینەوە و چارەسەری بکەین کە بۆ ئێمە گونجاو بێت، بەڵام ئەو شتەی کە ئێمە دە دروستی دەزانین بۆی هەیە دروست نەبێت.

بیری مرۆڤ حەزی لە لۆژیک و داخوازی و دەلیلە. حەزدەکات کار لەسەر ئەو شتە بکات کە لێی تێدەگات. ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە لەناو خانەکانی مێشکدا شتەکان بەشێوەی خانەی ڕێک و پێک دابنێین. بیردەکەینەوە: "ئەوە دەبێت وەکو خۆی بێت و بەمشێوەیە بێت زۆر گونجاوە." ئێمە دەتوانین شتێک پەیدا بکەین کە میشکمان لەگەڵیدا ئاسوودە بێت و لەگەڵ ئەوەشدا تەواو هەڵە بێت.

پۆڵسی نێردراو لە (ڕۆما ٩: ١)دا دەڵێت: "مەسیح شایەتمە کە ڕاستی دەڵێم و درۆ ناکەم، ویژدانیشم بە ڕۆحی پیرۆز ئەوە دووپات دەکاتەوە." پۆڵس دەیزانی کە کارە دروستەکە دەکات نەک لەبەرئەوەی دەلیل و بەڵگەی مێشکی پێی وت دروستە بەڵکو ئەو شایەتی هەیە لە ڕۆحیدا.

بینیمان کە مێشک یارمەتی ڕۆح دەدات. مێشک و ڕۆح پێکەوە کاردەکەن، بەڵام ڕۆح ئەندامێکی بەرزترە و هەمیشە دەبێت لە مێشک زیاتری ڕێزی لێبگرین.

ئەگەر لە ڕۆحماندا زانیمان کە شتێک هەڵەیە ئەوا نابێت ڕێگە بە دەلیلهێنانەوەی مێشک بدەین کە پێمان بڵێت ئەنجامی بدە. هەروەها ئەگەر زانیمان کە شتێک دروستە ئەوا نابیت ڕێگە بە مێشک بدەین پێمان بڵێت ئەنجامی مەدە.

یەزدان لە زۆر بابەتدا تێگەیشتنمان دەداتێ، پێویست ناکات لە هەموو شتێک تێبگەین بۆئەوەی بتوانین ملکەچی فەرمانەکانی بین و لەگەڵیدا ڕێبکەین. کاتی وا هەیە کە یەزدان هێمان پرسیاری زۆر گەورە بەجێدەهێڵێت وەکو ئامێرێک لە ژیانماندا بۆ ئەوەی باوەڕمان پێی بەهێزبێت. پرسیاری بێ وەڵام ژیانی جەستەیی لە خاچ دەدات. سەختە بۆ مرۆڤ کە واز لە دەلیل و بەڵگەی لۆژیکی مێشکی بهێنێت و بەئاسانی باوەڕ بە یەزدان بکات. بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەکە مێشک دەچێتە شوینی ئاسوودەییەوە.

دەلیل هێنانەوە یەکێکە لە "چالاکییە سەرقاڵکەرەکان" کە تێیدا مێشک وا کاردەکات کە ڕێگە لە تێگەیشتن و ئیلهامی زانیاری دەگرێت. جیاوازی زۆر گەورە هەیە لەنێوان زانیاری مێشک و زانیاری ئیلهامی.

نازانم بۆ تۆ، بەڵام من دەمەوێت کە یەزدان شتەکانم بە شێوەیەک بۆ دەربخات کە لەناو ڕۆحمدا بزانم ئەو شتەی کە بۆ مێشکم ئاشکرا کراوە دروستە. نامەوێت دەلیل و بیانووی لۆژیکی بهێنمەوە، گومان بکەم و لۆژیکی بم، نامەوێت مێشکم لەدەوری کێشەیەکدا بسوڕێتەوە و بسوڕێتەوە. ئەو کاتەی ماندوو دەبم سەرملێدەشێوێت. دەمەوێت ئەزموونی ئاشتی مێشک و دڵ بەدەست کە لە باوەڕبوون بە یەزدان دەبێت نەوەک لەناخی مرۆڤانەی خۆم و تێگەیشتنی خۆم.

ئێمە دەبێت بەرەو پێش بچین بەرەو ئەو شوێنەی کە خۆشحاڵین بە ناسینی ئەو کە هەموو شتێک دەزانێت تەنانەت ئەگەر ئێمەش نەزانین.

بڕیاربدە بێجگە لە مەسیح هیچ نەزانیت

"ئەی خوشک و برایان، منیش کاتێک هاتمە لاتان، بە قسەی گەورە یان دانایی نەهاتم شایەتی خودا ڕابگەیەنم، چونکە بڕیارم دا لەنێوتاندا هیچ نەزانم، بێجگە لە عیسای مەسیح، ئەویش بە لە خاچ دراوی." (یەکەم کۆرنسۆس **٢: ١- ٢**)

ئەمە بۆچوونی پۆڵس بوو لەبارەی زانین و دەلیل هێنانەوە، من لێی تێدەگەم و بەرز دەینرخێنم. کاتی زۆری خایاند، بەڵام لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت کە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا چەندە کەمتر بزانم ئەوەندە دڵخۆشترم. هەندێک جار ئەوەندە زۆر دەزانین کە دەبێتە هۆی ئەوەی تەواو بەدبەخت بین.

هەمیشە کەسێکی سەیر و بەگومان بووم. تا هەموو شتێکم دەرنەخستبا دەستبەردار نەدەبووم. یەزان نیشانی دام کە دەلیل و بەڵگەی لۆژیکی بنچینەی سەرلێشێواندنە و ئەوە بوەتە بەربەست لەبەردەم وەرگرتنی ئەو شتەی کە یەزدان دەیەوێت بمداتێ. خودا وتی: "جۆیس، ئەگەر دەتەوێت لە شتەکان بگەیت ئەوا دەبێت دەلیل و بەڵگەی لۆژیکی مێشکی دنیاییت پشتگوێ بخەیت.

ئێستا بۆم دەردەکەوێت کە هەست بە ئاسایشتی زیاتر دەکەم ئەگەر شتەکانم بە چارەسەرکراوی هەبوایە. من هیچ شتێکی تەواونەکراوم لە ژیانم نەدەویست. دەمویست دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرم، کاتێک لە شتەکان تێنەدەگەیشتم هەستم بە لەدەستدانی کۆنترۆڵ و ترس دەکرد. بەڵام لە شتێکدا کەموکوڕیم هەبوو. بیرم لە ئاشتیدا نەبوو، لە ڕووی جەستەییەوە بەدەست دەلیل و بیانووی لۆژیکییەوە ماندوو ببووم.

ئەم جۆرە چالاکیە دەروونییە هەڵەیە بەردەوام واتلێدەکات بە جەستەش ماندووبیت، بە ماندوویی بەجێت دەهێڵێت.

یەزدان داوای لێکردن وازبهینم، بەڕاستی هەمان پێشنیار دەکەم بەوکەسەی کە خووی بە دەلیل و لۆژیک گرتووە. بەڵێ، وتم خووم بە دەلیل و بەڵگەی لۆژیکییەوە گرتبوو. دەکرێت ئێمە خووبگرین بە چالاکی هەڵەی دەروونییەوە هەروەک چۆن کەسێک خوو بە حەب و نیکۆتی و کحولەوە دەگرێت. خووم بە دەلیل و لۆژیک گرتبوو کاتیکیش تەرکم کرد نیشانەی تەرک کردنەکەم پێوە دیاربوو. هەستم بە ونبوون و ترس دەکرد، چونکە نەمدەزانی چی ڕوودەدات. تەنانەت هەستم بە بێزاربوونیش دەکرد.

زۆر کاتی دەرونیم سەرفی دەلیل هێنانەوە و بیانووی لۆژیکی کرد، کاتێک وازم هێنا لەگەڵ مێشکی خۆم دەبوا خۆم بگونجاندبا تاکو ئاشتی خواز بێت. بۆ ماوەیەک بێزارکەر بوو بەڵام ئێستا حەزم لێیەتی. لەکاتێکدا پێشتر مێشکم بۆ هەموو شتێک دەچوو بەڵام ئێستا ناتوانم بەرگەی ئەو ئازارە بگرم و بەرگەی دەلیل و بەڵگەی لۆژیکی ناگرم.

دەلیل و بەڵگەی لۆژیک حاڵەتێکی ئاسایی نییە بۆیە یەزدان دەیەوێت ئەوانە لە مێشکماندا نیشتەجێ نەبن.

وریای ئەوە بە کاتێک کە مێشکت پڕدەبێت لە دەلیل و بیانووی لۆژیکی، ئاسایی نییە؛ لانی کەم بۆ مەسیحییەک ئاسایی نییە کە خەریکە سەردەکەوێت، باوەڕدارێک کە خەریکە ئەو جەنگە دەباتەوە کە لە ناو مەیدانی جەنگی مێشکدا هەڵگیرساوە.

بەشی یازدەیەم

مێشکێکی بێ باوەڕ و گوماناوی

"کەم باوەڕ بۆچی گومانت کرد؟" (مەتا ١٤: ٣١)

"لە بێباوەڕی ئەوان سەری سوڕما." (مەرقۆس ٦: ٦)

ئێمە بە زۆری باسی گومان و بێباوەڕی پێکەوە دەکەین وەک ئەوەی کە یەک شت بن، لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت ئەو دوانە نزیک بن بەڵام لەڕاستیدا دوو شتی تەواو جیاوازن.

بەپێی فەرهەنگی زمانی تایبەت بە کتێبی پیرۆز، یەکێک لە پێناسەکانی وشەی "گومان" لە شێوەی فەرماندا بریتییە لە وەستان لەنێوان دوو ڕێگادا .... دڵنیا نەبوون لەوەی کە کام لە ڕێگەکان بگرین؛ .... کە بە باوەڕدارێک دەوترێت کە باوەڕەکەی لاوازە ... نارەحەت بوون، بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی مێشک، بەهۆی لەرزینی ترس و گومان.

هەمان فەرهەنگ تێبینی ئەوە دەکات کە یەکێک لەو دوو وشە یۆنانییە کە بە (بێباوەڕی) وەرگێڕدراوە هەمیشە بە مانای گوێڕایەڵی نەکردن دێت.

هەرکە سەیری ئەم دوو ئامێرە بەهێزەی دوژمن دەکەین، دەبینین کە وا لە کەسێک دەکات کە دۆشدابمێنێ لەنێوان دوو بیرۆکەدا، لە کاتێکدا بێباوەڕی سەر دەکێشێت بۆ گوێڕایەڵ نەبوو.

پێم وایە یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر بزانین شەیتان بە چی هێرش دەکاتە سەرمان. ئایا دەبێت ڕوبەڕوی گومان یان بێباوەڕی بینەوە؟

گومان

"هەتا کەی لەنێوان ئەم دووانەدا دوو دڵ دەبن؟" (یەکەم پاشایان ١٨: ٢١)

چیرۆکێکم گوێ لێبوو کە لەبارەی گومانەوە زانیاریمان دەداتێ.

پیاوێکی نەخۆش هەبوو کە ئایەتەکانی پەیوەست بە چارەسەرکردنی دەوتەوە و باوەڕی وابوو کە چارەسەر دەکرێت. لەکاتی ئەنجامدانی ئەوەدا، یەک لە دوای یەک بە بیروهزری گوماناوی هێرشی کرایە سەر.

دوای تێپەڕبوونی بە کاتێکی سەختدا سەرەتای نائومێدبوونی یەزدان چاوەکانی بە جیهانی ڕۆحیدا کردەوە. ئەمەی بینی: شەیتان بە درۆ لەگەڵی دەدوا. پێی دەوت کە چاک نابیتەوە. ئەوەی کە دەیڵێت باوەڕم بە وشەکەیە هیچ بایەخێکی نابێت. ڕووناکی وەک شمشێر بەناو دەمیدا دێتە دەر و ڕۆحی شەیتان دەلەرزێنێت و بەرەو دوا دەگەڕێتەوە.

بەو جۆرەی کە یەزدان خۆی نیشاندا پیاوێک پاشان بۆی دەرکەوت کە بۆچی ئەوەندە گرنگە وشەکە بەردەوام بڵێتەوە. بینی کە باوەڕی هەبوو، هەربۆیە کە ڕۆحی شەیتان بەگومان هێرشی دەکردە سەر.

گومان شتیک نییە کە یەزدان خستبێتیە ناومان. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە خودا "بڕێک لە باوەڕ" بە هەموو کەسێک دەدات (ڕۆما **١٢: ٣**). یەزدان باوەڕی خستۆتە دڵمان. بەڵام شەیتان هەوڵی نەرێکردنی باوەڕمان دەدات لەڕێگەی بە گومان هێرشکردنە سەرمان.

گومان لە شێوەی ئەو بیروهزرەدا دێت کە پێچەوانەی وشەی یەزدانە. هەر لەبەر ئەمەیە کە زۆر گرنگە وشەکانی یەزدان بزانین. ئەگەر وشەکەمان زانی ئەو کات دەزانین کە شەیتان خەریکە درۆمان لەگەڵ دەکات بۆ ئەوەی ئەو شتەمان لێ بدزێت کە عیسا بەهۆی مردن و هەستانەوەی بۆمانی کڕی.

گومان و بێباوەڕی

"هەرچەندە هیواش بڕابوو، بە هیواوە باوەڕی هێنا کە دەبێتە باوکی چەندین نەتەوە، بەگوێرەی ئەوەی گوترابوو: نەوەکەت ئاوا دەبێت. باوەڕیشی لاواز نەبوو کە بینی لەشی وا مردووە، چونکە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ بوو، هەروەها سارای ژنیشی لە سکوزا چووبووەوە. بە بێباوەڕی

گومانی لە بەڵێنی خودا نەکرد، بەڵکو لە باوەڕ بەهێز بوو و خودای شکۆدار کرد. دڵنیابوو کە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر." (ڕۆما ٤: ١٨)

کاتێک لە شەڕدام، دەزانم کە خودا بەڵێنی پێداوم و لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن گومان و بێباوەڕییەوە هێرشم دەکرێتە سەر. حەزدەکەم ئەو دەقەی سەرەوەتان بۆ بخوێنمەوە یان لێی ورد ببمەوە.

ئیبراهیم لەلایەن یەزدانەوە بەڵێنی پێدرابوو کە میراتگرێکی لە جەستەی خۆی پێ دەبەخشێت. ساڵانێکی زۆر هاتن تێپەڕین بەڵام هێشتا بەهۆی پەیوەندی نێوان ئیبراهیم و سارا منداڵ پەیدا نەبوو. ئیبراهیم هێشتا باوەڕی وابوو کە ئەوەی یەزدان وتوویەتی دێتە دی. لەکاتی باوەڕەکەیدا لەلایەن بیروهزری گومانەوە هیرشی کرایە سەر. ڕۆحی گوماناوی فشاریان بۆ دەهێنا تاکو سەرپێچی فەرمانەکانی خودا بکات.

سەرپێچی کردن لە ئەوها بارودۆخێکدا دەتوانێت وات لێبکات دەست هەڵبگریت و کۆڵبدەیت لەکاتێکدا یەزدان هانت دەدات بەردەوام بیت. سەرپێچی کردن تەنیا بریتی نییە لە پێشێل کردنی دە ڕاسپاردەکەی موسا بەڵکو بریتییە لە پشتگوێ خستنی دەنگی یەزدان و هەر شتێک کە بەتایبەتی پێمان دەڵێت.

ئیباراهیم لەسەر جێگیربوونەکەی بەردەوام بوو، ئەو بەردەوام بوو لە ستایشکردن و شکۆدارکردنی یەزدان. کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت لە گەڵ ئەنجامدانی ئەوانەدا باوەڕەکی بەهێز بوو.

سەرنجت دا، کاتێک یەزدان شتێکمان پێدەڵێت یان داوای ئەنجامدانی شتێکمان لێدەکات، ئەو باوەڕەی کە واتلێدەکات متمانە بکەیت یان ئەنجامی بدەیت لەلایەن یەزدانەوە لەگە: وشەکەدا دێت. مایەی گاڵتەجاڕییە بۆ یەزدان ئەگەر داوای ئەنجامدانی شتێکمان لێبکات و ئەو توانایەشمان نەداتێ کە باوەڕبکەین دەتوانین ئەنجامی بدەین. شەیتان دەزانێت کە چەند مەترسیدار دەبێت کاتێک کە دڵمان پڕە لە باوەڕ، هەربۆیە بە گومان و بێباوەڕی هێرشمان دەکاتە سەر.

ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئێمە باوەڕمان نییە، شەیتان هەوڵ دەدات بە درۆکانی باوەڕمان بڕوخێنێت.

با نموونەیەکتان بدەمێ، ئەمە لەبارەی ئەو کاتەیە کە لە لایەن خزمەتەوە پەیوەندیم پێوەکرا. بەیانییەک بوو هەموو ڕۆژەکانی دیکە ئاسایی، تەنها ئەوە نەبێت کە سێ هەفتە پێش ئەوە پڕ ببووم لە ڕۆحی پیرۆز. تازە لە گوێگرتنی یەکەم دەرسی تومارکراوم تەواو ببووم، پەیامێک بوو بە ناوی "بپەڕێوە ئەو بەر." لە دڵم وردبوومەوە و سەرمسوڕما لەوەی کە کەسێک بتوانێت یەک کاتژمێری تەواو تەنیا باسی یەک ئایەت بکات و لەگەڵ ئەوەشدا فێرکردنەکەی سەرنجڕاکێش بێت.

کاتێک جێی نووستنەکەم ڕێکدەخست، لەناکاو هەستم کرد کە حەزێکی لەڕادەبەدەر لە ناخمدا هەڵقوڵا بۆ ئەوەی وشەی یەزدان فێر خەڵک بکەم. پاشان دەنگی یەزدان وتی: "تۆ بۆ هەموو شوێنێک دەچیت و وشەکانم فێر خەڵک دەکەیت و ژمارەیەکی زۆر تۆماری فێرکردنی خزمەتت دەبێت." من دەنگێکی بیسترام گوێ لێنەبوو بەڵام گوێم لە دەنگی ناو دڵم بوو کە ئەو توانایەی پێدام کە باوەڕ بکەم دەتوانم ئەوە ئەنجام بدەم کە یەزدان نیشانی دام.

بەهیچ جۆرێک هیچ هۆکارێکی سروشتی بۆ من بوونی نەبوو تاکو باوەڕبکەم کە یەزدان قسەی لەگەڵ کردووم، یان توانیبێتم یان هەرگیز بتوانم ئەو شتە بکەم کە ئێستا گوێم لێبوو. لە ناخی خۆمدا چەندین کێشەم هەبوو. لە "بابەتی خزمەت" نەدەچووم، بەڵام یەزدان لاوازەکان و گیلەکان هەڵدەبژێرێت بۆ تێکدانی ژیرەکان (سەیری یەکەم کۆرنسۆ ١: ٢٧ بکە). ئەو سەیری دڵی مرۆڤ دەکات نەوەک جەستە (سەیری یەکەم ساموێل ١٦: ٧ بکە). ئەگەر دڵڕاست و دروست بیت یەزدان دەتوانێت جەستە بگۆڕێت.

لەگەڵ ئەوەی کە هیچ شتێکی سروشتی نییە بۆ دەرخستنی ئەوەی کە دەبێت باوەڕ بکەم کاتێک ئارەزوەکە بەسەر مندا زاڵ بوو، بە جۆرێک پڕبووم لە باوەڕ کە دەمتوانی ئەو شتە بکەم کە یەزدان دەیەوێت بیکەم. کاتێک یەزدان بانگ دەکات، ئارەزوو، باوەڕ، توانای ئەنجامدانی ئەو کارەمان پێدەبەخشێت. هەروەها دەتەوێت پێت بڵێم کە بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە لە فێرکردن و

چاوەڕوان کردندا بەسەرم بردووە، شەیتان بە شێوەیەکی بەردەوام بەگومان و بێباوەڕی هێرشی کردۆتە سەرم.

یەزدان بینی و خەون دەخاتە ناو دڵی گەلەکەیەوە، ئەوان وەک "تووی بچووک" دەست پێدەکەن. هەروەک چۆن ژنێک کاتێک دووگیان دەبێت تۆوێک لە ناو منداڵدانیندا دەچێنێت، ئێمەش بەهەمان شێوە "دووگیان" دەبین بۆ ئەوەی قسە بکەین بەو شتانەی کە یەزدان قسەی پێدەکات و پەیمانی پێداوین. لەماوەی "دووگیانیدا" شەیتان بە تەواوی هەوڵدەدات کە خەونەکەمان لەبار ببات، یەکێک لەو ئامرازانەی بەکاریدێنێت گومانە، ئامرازێکی دیکە بێباوەڕییە، هەردووکیان لە دژی مێشک کاردەکەن.

باوەڕ بەرهەمی ڕۆحە، هێزێکی ڕۆحییە. دوژمن نایەوێت من و تۆ ڕۆحمان و مێشکمان لەگەڵ یەکدیدا بگونجێن. ئەو دەزانێت کە ئەگەر یەزدان باوەڕی خستە دڵماندەوە بۆ ئەوەی کارێک بکەین، هەروەها ئێمە ئەرێنی بین و بەشێوەیەکی بەردەوام باوەڕم بەوە هەبێت کە ئێمە بەڕاستی دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەوا ئەو کات زەبرێکی کوشندە لە پاشایەتییەکەی شەیتان دەدەین.

بەردەوام بە لە ڕۆیشتن بەسەر ئاودا

"بەلەمەکەش ماوەیەکی زۆر لە وشکاییەوە دوور کەوتبووەوە، شەپۆلەکانیش پیایاندا دەکێشا، چونکە بایەکە پێچەوانە بوو. پێش لە خۆرهەڵاتن عیسا هاتە لایان و بەسەر دەریاچەکەدا دەڕۆیشت .کاتێک قوتابییەکان بینییان لەسەر دەریاچەکە دەڕوات، شێوان و گوتیان: ئەمە دێوەزمەیە! لە ترسانیشدا هاواریان کرد. یەکسەر عیسا قسەی لەگەڵ کردن: ورەتان بەرز بێ! ئەوە منم. مەترسن. پەترۆس وەڵامی دایەوە: گەورەم، ئەگەر تۆی، فەرمانم پێبدە بەسەر ئاوەکەدا بێمە لات. فەرمووی: وەرە. پەترۆس لە بەلەمەکە دابەزی و بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیشت و بەرەو لای عیسا بەڕێکەوت .کاتێک بینی ڕەشەبایە، ترسا و خەریک بوو نوقوم دەبوو، هاواری کرد: (گەورەم، ڕزگارم بکە! عیساش یەکسەر دەستی درێژکرد و گرتییەوە و پێی فەرموو: کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟ کە سەرکەوتنە ناو بەلەمەکە، بایەکە وەستا." (مەتا **١٤: ٢٤- ٣٢**)

من جەختم لەسەر ئایەتی کۆتایی دەکەمەوە چونکە دەمەوێت سەرنجت ڕابکێشم بە لای ئەو بەرنامەیەدا کە دوژمن لەم دەقەدا دایڕشتووە. پەترۆس زۆر پێداگری کردووە لە داواکارییەکەی عیسا بۆ ئەنجامدانی شتێک کە هەرگیز نەیکردبوو. لەڕاستیدا جگە لە عیسا هیچ کەسێکی دیکە ئەو کارەی نەکردبوو.

پێویستی بە باوەڕە!

پەترۆس هەڵەی کرد؛ کاتی زۆری لە سەیرکردنی تۆفانەکەدا بەسەربرد، ترسا. گومان و بێباوەڕی زاڵ بوو بە سەریدا، هەربۆیە خەریک بوو لە ئاوەکەدا بقوم بێت. هاواری بۆ عیسا کرد بۆ ئەوەی رزگاری بکات، عیساش ڕزگاری کرد. سەرنج بدە هەرکە پەیرۆس گەڕایەوە ناو بەلەمەکە تۆفانەکە وەستا.

(ڕۆما ٤: ١٨- ٢١)ت لەبیر دێت لەو شوێنەی کە ئیبراهیم نەشێوا کاتێک سەرنجی بارودۆخەکە مەحالەکەی دا؟ ئیبراهیم مەرجەکانی دەزانی، بەڵام بە پێچەوانەی پەترۆسەوە پێدەچێت بارودۆخەکانی پشتگیری لە باوەڕەکەی نەکردووە. بۆی هەیە زۆر بیری لێیان نەکردبێتەوە یان لەبارەیانەوە قسەی نەکردبێت. ئەو مێشک و گفتوگۆکەی لەسەر یەزدان بوو. من و تۆ دەتوانین کە بنیاتمان دەنێت و باوەڕمان بەهێز دەکات.

هەربۆیە ئیبراهیم سەرقاڵی ستایش کردن و شکۆدارکردنی یەزدان بوو. بەردەوام دەبین لە شکۆردارکردنی یەزدان کاتێک بەردەوام دەبین لە ئەنجامدای ئەو شتەی کە دەزانین دروستە تەنانەت لە کاتە ناهەموارەکاندا. (ئەفەسۆس ٦: ١٤) فێرمان دەکات لەکاتی جەنگی ڕۆحیدا دەبێت پشتێنی راستی لە کەمەرمان ببەستین.

کاتێک تۆفانەکە دێتە ناو ژیانتەوە، پاژنەکانی پێت لە ناو لم توند بکە و ڕوخسارت وەکو بەردەی ئاگرین لێبکە و دڵنیا بە لەوەی کە لە دەرەوەی بەلەمەکەیت. لەناو ڕۆحی پیرۆزدا جێگیربە. لەوانەیە بڵێین: "بڕۆ دەرەوە و لە دوورەوە بوەستە." زۆربەی جار تۆفانەکە هێمن دەبێتەوە هەرکە وازت هێنا و گەڕایتەوە بۆ ناو ئەو شوێنەی کە پێت وایە سەلامەت و ئەمنە. شەیتان تۆفان دێنێتە ناو ژیانتەوە بۆ ئەوەی تۆ بترسێنێت. لەکاتی تۆفانەکەدا بیرت بیت کە مێشک مەیدانی جەنگەکەیە.بەپێی بیروهزرت یان هەستەکانت بڕیار مەدە، بەڵکو پشت بە ڕۆحت ببەستە. کاتێک واتکردن ئەو شتە پەیدا دەکەیت کە هەر لە سەرەتاوە لەوێ بووە.

ڕێگە بە ناجێگیری نادرێت

"ئەگەر یەکێکتان لە دانایی کەموکوڕی هەیە، با داوا لە خودا بکات، کە بە دڵفراوانی بە هەمووان دەبەخشێت و گلەییش ناکات، پێشی دەبەخشرێت. بەڵام با بە باوەڕەوە داوا بکات و گومان نەکات، چونکە ئەوەی گومان دەکات وەک شەپۆلی دەریا وایە، با دەیهێنێت و دەیبات. ئەو مرۆڤە با بیرنەکاتەوە شتێک لە مەسیحی باڵادەستەوە وەردەگرێت،" (یاقوب ١: ٥- ٧)

گوێم لە قەشەیەک بوو کە چیرۆکێکی باس دەرکرد لەبارەی ئەوەی کە چۆن سەریلێشێواوە کاتێک هەوڵی داوە بڕیاربدات لەدوای دەرچوونی لە (کۆلێژی خوێندنی لاهوت) چیبکات.

یەزدان تەواو ئەوەی خستە دڵیەوە کە بگەڕێتەوە بۆ سەینت لویس و دوای دەرچوونی دەست بکات بە دانانی کەنیسەیەکی ناوخۆیی کە حەزی دەکرد ئەو کارە بکات. هەرچەندە لەکاتی ڕۆیشتنیدا تەنیا پەنجا دۆلاری پێبوو، خێزان و منداڵێکی هەبوو جگە لەوەی منداڵێکی دیکەشی بەڕێوە بوو. وادیارە هەلومەرجەکانی زۆر باش نەبووە.

لە کاتی بڕیاردانیدا دوو پێشنیاری زۆر باشی بەدەست گەیشت بۆ ئەوەی بڕواتە پاڵ دەستەیەکی دیکەی کەنیسەیەکی بەهێزەوە. مووچەکەی باشتر بوو. دەرفەتەکانی کەنیسەکە سەرنجڕاکێش بوون هەر هیچ نەبێت تەنیا شەرەفی کارکردنی لەو کەنیسانە پشتگیری لە کەسایەتی دەکرد. تا زیاتر تاوتوێی کردبا زیاتر سەری لێدەشێوا. (پێدەچیت کاک گومان سەردانی کردووە، مەگەر نا؟)

پێشتر بەتەواوی دەیزانی کە دەیەوێت چی بکات. بەڵام ئێستا لەنێوان دوو هەڵبژاردنەکاندا ناجێگیر و دوودڵە. لەبەرئەوەی نەیدەویست بگەڕێتەوە هەمان بارودۆخەکانی سەینت لویس هەربۆیە دووچاری دوودڵی ببوو کە دەبێت کام لەم دوانە هەڵبژێرێت، بەڵام نەیدەتوانی سەبارەت بە شێوازی کارەکانیان ئارام بێت. ئەو لە کۆتاییدا داوای ئامۆژگاری لە یەکێک لەو قەشانە کرد کە پێشنیاری ئیشەکەی پێدابوو. پیاوەکە بە داناییەوە وتی: "بڕۆ بۆ شوێنێک، بێدەنگ و ئارام بە، پاشان مێشکت بگوژێنەوە و واز لە مێشکت بهێنە، سەیری ناو دڵت بکە. سەیر بکە بزانی چی لەوێیە و ئەنجامی بدە."

کاتێک شوێنی ئامۆژگاری قەشەکە کەوت هەر زوو بۆی دەرکەوت کە لەناو دڵیدا کەنیسەیەک هەیە لە سەینت لویس. نەیدەزانی کە چۆن بەو بڕە پارەیەی کە هەیەتی ئەنجامی دەدات، بەڵام بە گوێرایەڵییەوە بەرەوپێش چوو و ئەنجامەکەی سەرسوڕهێنەر بوو.

ئەمڕۆ ئەو قەشەیە، (ڕیک شێڵتن) دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری سەنتەری ژیانی مەسیحییە لە سەینت لویس. هەزاران کەس بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ڕێگەی خزمەتەکەیەوە پیرۆز بوون و گۆڕدران. من قەشەی یاریدەدەر بووم لەوێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ. لەو کاتەدا بوو کە خزمەتەکەی من لەدایک بوو. بەس بیر بکەوە کە شەیتان چەندەی دەدزی لەڕێگەی گومان و بێباوەڕییەوە ئەگەر بێتو قەشە شێڵتۆن لەلایەن مێشکییەوە ڕێنمایی کرابا لەجێگەی دڵی.

گومان بژاردەیەکە

بەیانی کە دەگەڕایەوە شار، برسی بوو. دار هەنجیرێکی لەسەر ڕێگاکە بینی و چووە لای، لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، ئینجا پێی فەرموو: ئیتر هەرگیز بەر نەگریت! یەکسەر دار هەنجیرەکە وشک بوو. کاتێک قوتابییەکان ئەمەیان بینی، سەرسام بوون و گوتیان: چۆن یەکسەر دار هەنجیرەکە وشک بوو؟ عیساش وەڵامی دانەوە: ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر باوەڕتان هەبێت و گومان نەکەن، نەک هەر ئەمەی دار هەنجیرەکە دەکەن، بەڵکو ئەگەر بەم کێوە بڵێن "هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە،" وا دەبێت. هەرچی لە نوێژدا بە باوەڕەوە داوای بکەن، وەریدەگرن." (مەتا **٢١: ١٨- ٢٢**)

کاتێک قوتابییەکانی مەسیح سەیان سوڕمابوو پرسیاریان لێی کرد کە چۆن توانی بە یەک وشە دار هەنجیرەکە وشک بکات. عیسا وەڵامی دانەوە: "ئەگەر باوەڕتان هەبێت و گومان نەکەن، دەتوان هەمان شت بکەن کە من لە دار هەنجیرەکەم کرد و تەنانەش شتی لەوەش گەورەتر." (سەیری یۆحەنا **١٤: ١٢** بکە)

پێشتر بۆمان دەرکەوت کە باوەڕ دیاری یەزدانە، کەواتە دەزانین کە باوەڕمان هەیە (سەیری ڕۆما **١٢: ٣** بکە). بەڵام گومان بژاردەیەکە. شێوازی شەڕی شەیتانە دژی مێشکمان.

لەبەرئەوەی کە دەتوانیت بیروهزرت هەڵبژێریت، کاتێک گومان دێت دەبێت فێربیت بیناسیتەوە بەو جۆرەی کە هەیە و پێی بڵێیت: "نە، سوپاس"، هەروەها بەردەوام بە لە باوەڕکردن.

هەڵبژاردنەکە هی خۆتە!

باوەڕنەکردن سەرپێچی کردنە

"کاتێک گەیشتنە لای خەڵکەکە، کابرایەک هات و لەبەردەمی چۆکی دادا و گوتی: گەورەم، بەزەییت بە کوڕەکەمدا بێتەوە، خووداره و ئازارێکی زۆر دەچێژێت. زۆر جار دەکەوێتە ناو ئاگر و زۆر جاریش ناو ئاوەوە. هێنامە لای قوتابییەکانت، بەڵام نەیانتوانی چاکی بکەنەوە. جا عیسا وەڵامی دایەوە: ئەی نەوەی بێباوەڕ و خوار، هەتا کەی لەگەڵتان بم؟ هەتا کەی بەرگەتان بگرم؟ بیهێننە ئێرە بۆ لام. عیسا لە ڕۆحە پیسەکەی ڕاخوڕی و لە کوڕەکە هاتە دەرەوە، لەو کاتەوە کوڕەکە چاک بووەوە. پاشان قوتابییەکان بە تەنها هاتنە لای عیسا و گوتیان: بۆچی ئێمە نەمانتوانی دەریبکەین؟ ئەویش پێی فەرموون: لەبەر کەمی باوەڕتان. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر ئەوەندەی دەنکە خەرتەلەیەک باوەڕتان هەبێ، بەو کێوە دەڵێن "لەوێ بڕۆ،" دەڕوات و شتێک بۆتان مەحاڵ نابێت." (مەتا ١٧: ١٤- ٢٠)

بیرت بێت کە بێباوەڕی بەرەو سەرپێچیکردنمان دەبات.

لەوانەیە عیسا قوتابییەکانی فیری کۆمەڵێک شتی تایبەت کردبێت بۆئەوەی لەم حاڵەتانەدا ئەنجامی بدەن، بەڵام بێباوەڕییەکەیان بووە هۆی ئەوەی سەرپێچی فەرمانەکانی بکەن. بەرهەرحاڵ ئەوان سەرکەوتوو نەبوون. مەبەستەکە ئەوەی کە بێباوەڕی وەکو گومان ڕێگەمان لێدەگرێت ئەو شتە ئەنجام بدەین کە یەزدان داوای دەکات و ئێمەی دیاری کردووە بۆ ئەوەی لە ژیانماندا جێبەجێی بکەین. هەروەها پێشمان پێدەگرێت لە چەشتنی هەستی ئاشتی کە ئەو دەیەوێت ئێمە چێژی لێوەربگرین هەرکە ئێمە لە ئەودا حەسانەوەمان بۆ ڕۆحمان پەیدا کرد (سەیری مەتا ١١: ٢٨ بکە).

ڕۆژی حەسانەوە

"بۆیە با کۆشش بکەین تاکو بچینە ناو حەسانەوەکە، نەوەک یەکێک بە هەمان پەندی یاخیبوون بکەوێت." (عیبرانییەکان ٤: ١١)

ئەگەر تەواوی بەشی سەرەتای کتێبی عیبرانییەکانت خوێندەوە بۆت دەردەکەوێت کە لەبارەی شوێنی حەسانەوەی قسە دەکات بۆ گەلی خودا لەبەردەستدایە. بەپێی پەیمانی کۆن ڕۆژی پشوو وەک ڕۆژی حەسانەوە سەیر دەکرا. بەپێی پەیمانی نوێ ئەم شوێنی حەسانەوەیە کە قسەی لەسەر کراوە شوێنێکی ڕۆحییە کە تێیدا باوەڕدار دەتوانێت نیشتەجێ بێت. مافی تایبەتی هەموو باوەڕدارێکە کە نیگەرانی و دوودڵی ڕەتبکاتەوە. وەکو باوەڕدار من و تۆ دەتوانین بچینە شوێنی حەسانەوەی یەزدان و لەوێ نیشتەجێ بین.

سەرنجدانی وردی (عیبرانییەکان ٤: ١١) بۆما دەردەخات کە هەرگیز ناچینە ناو ئەو حەسانەوەیە بە باوەڕ نەبێت و بەهۆی بێباوەڕی و سەرپێچی کردنەوە لەدەستی دەدەین. بێباوەڕی لە "ژیانی چۆڵەوانیدا" دەتهێڵێتەوە، بەڵام عیسا شوێنی حەسانەوەی هەمیشەیی بۆ ئامادەکردووین. شوێنێک کە تەنیا لەڕێگەی زیان بە باوەڕەوە ئاوەدان دەکرێتەوە.

ژیان لە باوەڕەوە بۆ باوەڕ

"چونکە لە ئینجیلدا بێتاوانکردن لە خوداوە ئاشکرا دەکرێت، ئەم بێتاوانکردنەش لە دەستپێکردنەوە هەتا کۆتایی بە باوەڕە، وەک نووسراوە: ئەوەی ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژیێت." (ڕۆما ١: ١٧)

ڕووداوێکم لەبیردێ کە لەوانەیە ئەم خاڵە زۆر بە ڕوونی بەرەو ماڵەوە بباتەوە. شەوێکیان بە دەوری خانوەکەمدا دەسوڕامەوە، هەوڵمدەدا هەندێک ئیشی ماڵەوە ئەنجام بدەم. زۆر دڵتەنگ بووم. هیچ خۆشیەکم نەبوو، هیچ ئاشتییەک لە دڵمدا بوونی نەبوو. هەمیشە لە یەزدانم دەپرسی: "کێشەم چییە؟" زۆربەی کات ئەو جۆرە هەستەم هەبوو، لە ناخی دڵمەوە دەمویست بزانم کێشەم چی بوو. هەوڵم دەدات هەموو ئەو شتانە جێبەجێ بکەم کە لە باوەڕهێنانم بە عیسا فێربووم، وا دیارە بە دڵنیاییەوە شتێک ونە (جێبەجێ نەکردووە).

لەو کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، لەکاتی قسەکردنم دەستم بەناو سندووقێک کاتی کتێبی دەگێڕا کە کەسێک بۆمی ناردبوو. لەڕاستیدا سەیری هیچ کامیانم نەدەکرد، لە کاتی قسەکردنم بە تەلەفۆنەکە تەنیا ئەمبەر و ئەوبەرم پێدەکردن. کاتێک تەلەفۆنەکەم داخستەوە بڕیارم دا خۆم و بەختم یەکێک لەو کارتانە هەڵبژێرم و بزانم هیچ وزەیەکی لێ وەردەگرم.

(ڕۆما ١٥: ١٣) دەرکێشا "با خودای هیوا پڕتان بکات لە هەموو خۆشی و ئاشتییەک لە باوەڕدا، تاکو بە هێزی ڕۆحی پیرۆز هیواتان لێی بڕژێتەوە."

بینیم!

هەموو کێشەکەم گومان و بێباوەڕی بوو. من خۆم دڵتەنگ کردبوو بەهۆی باوەڕکردنی درۆکانی شەیتان، نەرینی بووم. نەمدەتوانی خۆشی و ئاشتیم هەبێت چونکە باوەڕم نەدەکرد. مەحاڵە خۆشی و ئاشتی هەبێت و لە بێباوەڕیدا بژیت.

بڕیاربدە کە باوەڕ بە خودا بکەیت نەوەک شەیتان!

فێربە لە باوەڕەوە بۆ باوەڕ بژی. بە پێی (ڕۆما ١: ١٧) ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە ڕاست و دروستی یەزدان دەردەکەوێت. خودا دەبوا نیشانی بدابام کە لە جیاتی ژیانی باوەڕ بۆ باوەڕ بە زۆری لە باوەڕەوە بۆ گومان و لە گومانەوە بۆ بێباوەڕی دەژیم.

پاشان بۆ ماوەیەک دەگەڕێمەوە بۆ باوەڕەکەم، دواتر بۆ گومان و بێباوەڕی. لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوەی دیکەیان دێم و دەڕۆم. هەر لەبەر ئەوە بوو زۆر کێشە و دڵتەنگیم هەبوو.

بیرت نەچێت بەپێی (یاقوب ١: ٧- ٨) مرۆڤی گوماناوی و دوودڵ لە هەموو ڕێگاکانیدا ناجێگیرە و هەرگیز ئەو شتە بەدەست ناهێنێت کە لە یەزدانی داوا دەکات. مێشکت وا بنیات بنێ کە تۆ دوودڵ نابیت؛ لە گوماندا مەژی!

یەزدان پلانی ژیانێکی گەورەی بۆت هەیە. ڕێگە بە شەیتان مەدە ئەو ژیانە خۆشە لە ڕێگای درۆوە لێ بدزێ. لە جێگەی ئەوە شەڕە قسەکان و تیۆرەکان و دەلیل و بەڵگە لۆژیکییەکان ڕەتبکەوە و هەموو شتێکی بەرز و بڵند کە خۆیان دەردەخەن بۆ بەرهەڵستی زانیاری یەزدان هەروەها بیر و هزرێکی مرۆڤانە بەدیل دەگرین بۆ ملکەچ مەسیح (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٥).

بەشی دوازدەیەم

میشکێکی نیگەران و ناڕەحەت

نیگەرانی و ناڕەحەتی هەردووکیان هێرش دەکەنە سەر مێشکمان بۆ ئەوەی سەرمان لێبشوێنن لە خزمەتکردنی یەزدان. هەروەها دوژمن ئەم دوو ئازارە بەکاردێنێت بۆ ئەوەی باوەڕمان کپ بکاتەوە بۆ ئەوەی نەتوانێت هەستێتەوە و یارمەتیمان نەدا لە سەرکەوتندا بژین.

هەندێک خەڵک کێشەیەکی وایان لەگەڵ ناڕەحەتیدا هەیە لەوانەیە بوترێت کە ئەوان خوویان بە ناڕەحەت بوونەوە گرتووە. ئەگەر ئەوان لە خۆیاندا کێشەیەکیان نەبێت، ئەوا بە هۆی کێشەی ترەوە ناڕەحەت دەبن. من خۆم ئەم کێشەیەم هەبوو، هەربۆیە بە باشی دەزانم ئەم بارودۆخە هەڵبسەنگێنم.

چونکە بەردەوام لە شتێک نیگەران بووم، هەرگیز چێژی لەو ئاشتییەم نەدەکرد کە عیسا مرد بۆ ئەوەی من هەمبێت.

بەڕاستی مەحاڵە کە ناڕەحەت بیت و لە هەمان کاتدا لە ئاشتیدا بژی. ئاشتی شتێک نییە کە بتوانرێت لەسەر کەسێک دابنرێت. ئاشتی بەرهەمی ڕۆحە (سەیری گەلاتیا **٥: ٢٢** بکە). بەروبوم هۆکاری جێگیربوونە لە عیسادا (سەیری یۆحەنا **١٥: ٤** بکە). جێگیربوون پەیوەندی بە چوونە ناو شوێنی ئیسراحەتی یەزدانەوە هەیە. لە بەشی چواری عیبرانییەکاندا باسی لێوە کراوە هەروەکو چۆن لە زۆر شوێنی کتێبی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە عیسا ئاشتی خۆی بێبەشین (سەیری یۆحەنا **١٤: ٢٧** بکە) بەڵام وتی نابێت ناجێگیر و دڵتەنگ و تاساو بن. بە جۆرێکی دیکە ئاشتی لە ئێمەدا دەردەکەوێت بەڵام دەبێت بەسەر بیری جەستەییمان زاڵی بکەین. ئێمە دەتوانین وا بکەین ئاشتیخواز بین بە بیرکردنەوە لەسەر ئەو شتانە کە ئاشتی بەرز ڕادەگرێت نەوەک ئەو شتانەی کە دەرگا بۆ ناڕەحەتی و دڵتەنگی دەکەنەوە.

لە کتێبی پیرۆزدا چەندی وشە بۆ باسکردنی ناڕەحەتی و نیگەرانی بەکارهاتووە، ئەمەش بەپێی ئەو وەرگێڕانەی کە دەیخوێنینەوە. کینگ جەیمس ڤێرژن وشەی "نیگەرانی" بەکارناهێنێت، وشەی "مەراق مەخۆ" بەکاردەهێنێت (زەبوورەکان **٣٧: ٨**). نموونەی دەستەواژەی وەستان دژی ناڕەحەتی بریتییە لە نیگەران مەبن (مەتا **٦: ٢٥**)، نیگەران مەبن ..... (فیلیپی **٤: ٦**). هەموو خەمێکتان بخەنە سەر ... (یەکەم پەترۆس **٥: ٧**) من بە گشتی چاپی (AMP) بەکاردێنم کە چەندین وەرگێڕانی جیاوازی ئەم دەستەواژەیە و دەستەواژەکانی تر تایبەت بە بابەتەکە لەخۆ دەگرێت. بۆ

ئەوەی بەدرێژایی بەشەکە فێرکردنەکەم ئاسان بکەم من وەکو (نیگەران بوون) ئاماژە بە بارودۆخەکە دەدەم.

نارەحەتی پێناسە کراوە

لە فەرهەنگی زماندا وشەی "نارەحەتی" بەم شێوەیە پێناسە کراوە: "هۆکاری هەست کردن بە ترس، کێشە و پەرێشانی. شتیک بەردەوام بێزار بکات. هەروەها گوێم لێبووە بە خۆ ئازاردان بە بیروهزری بێزارکەر دەکرێت."

کاتێک ئەو بەشەم بینی کە لەبارەی ئازاردانی کەسێکە بە بیروهزری بێزارکە، هەر لەوێدا بڕیارمدا لەو کاتەدا کە من زۆر لەوە زیرەکترم (کە ئەو بارودۆخە کارم تێدەکات.) و باوەڕم وایە کە هەموو مەسیحیەکیش بەم شێوەیەیە. پێم وایە باوەڕداران زۆر لەوە زیرەکترن کە دابنیشن ئازاری خۆیان بدەن.

بەدڵنیاییەوە هیچ شتێک باشتر ناکات. کەواتە بۆ وازی لێنەهێنین؟

لایەنێکی دیکەی پێناسەکە لە فەرهەنگێکی دیکەی زماندا ڕوونکراوەتەوە: "گرتنی مل بە ددان و ڕاوەشاندنی، یان پارچە پارچەکردنی، وەک چۆن گیاندارێک وا لە گیاندارەکانی دیکە دەکات، یان بێزاربوون بەهۆی گازگرتینی دووبارە، پەلاماردانی لەناکاو.

وردبوونەوەم لەم پێناسەیە بووە هۆی دروست کردنی ئەم پەیوەندییەی خوارەوە:

شەیتان نارەحەتبوون و نیگەران بوون بەکاردێنێت بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەو شتەمان پێ ئەنجام بدات کە لە سەرەوە باسکرا. ئەگەر ئێمە تەنانەت بۆ چەند کاتژمێرێک نارەحەت بین ئەوە ڕێک وەکو ئەوە وایە کە کەسێک قورقوڕاگەی ئێمەی گرتبێت و ڕایبوەشێنێت تا ئەو کاتەی تەواو بێزار دەبێت. تا ئەو کاتەی تەواو ورد دەبێت و پارچە پارچە دەبێت. دووبارە بوونەوەی بیروهزرەکان کە دێن و کەم ناکەن وەکو بەردەوام و بەردەوام پەلاماریان و گازگرتنە کە لەم پێناسەیەدا باسکراوە.

بەدڵنیاییەوە نارەحەتی هێرشی شەیتانە بۆ سەر مێشک. چەند شتێکی تایبەت هەیە کە باوەڕ پێنەکراوە کە لەگەڵ مێشکدا بیکات. دوژمن دەیەوێت دڵنیا بێت کە هەرگیز ئەنجام نادرێت. شەیتان دەیەویت بە جۆرەکانی هەڵە بیرکردنەوە مەیدانی مێشک ئەوەندە سەرقاڵ ڕابگرێت بۆ ئەوەی هەرگیز مێشکت بەکارنەهێنێت بۆ ئەو مەبەستەی کە یەزدان پلانی بۆ داناوە.

لە بەشی داهاتوودا باسی ئەو شتە دروستانە دەکەین کە دەبێت لەگەڵ مێشک بکرێت. ئێستا با بەردەوام بین لە خوێندنەکەمان لەسەر نارەحەت بوون تا ئەو کاتەی بینینی تەواو بەدەست دێنی لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی چەندە بێنرخە.

(مەتا ٦: ٢٥- ٣٤) باشترین ئایەتن بۆ خوێندنەوە ئەو کاتەی کە هەست بە هاتنی "هێرشی نارەحەتی" دەکەین. بە جیا سەیری هەریەک لەو ئایەتانە بکە بۆ بینینی ئەوەی کە یەزدان چیت پێدەڵێت لەبارەی ئەم بابەتە گرنگە.

ئایا ژیان لە شتەکان گرنگتر نییە؟

"لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: بۆ ژیانی خۆتان نیگەران مەبن کە چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، یان بۆ لەشتان چی دەپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟" (مەتا ٦: ٢٥)

ژیان دەبوا لە ئاستێکی ئەوها بەرزدا بوایە کە ئێمە زۆر چێژمان لێوەرگرتبا. لە (یۆحەنا ١٠: ١٠)دا عیسا دەڵێت: "دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ." شەیتان هەوڵدەدات لە زۆر ڕێگەوە ئەو ژیانە لە ئێمە بدزێت. یەکێک لەو ڕێگایانە بریتییە لە نارەحەت بوون. لە (مەتا ٦: ٢٥)دا فێرکراوین کە لە ژیاندا هیچ شتێک نییە کە بۆی نارەحەت بین، هیچ بەشێکی.

چۆنییەتی ئەو ژیانەی کە یەزدان پێی بەخشیوین بەپێی پێویست گەورەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە ئامادە بکات کە پێویستمانە. بەڵام ئەگەر سەبارەت بە شتەکان نارەحەت بین ئەوا لەدەستیان دەدەین و ئەو ژیانەش لەدەست دەدەین کە یەزدان دەیەوێت هەمانبێت.

ئایا ئێوە لە باڵندەیەک بەنرختر نین؟

"لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: بۆ ژیانی خۆتان نیگەران مەبن کە چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، یان بۆ لەشتان چی دەپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان لەش لە پۆشاک؟" (مەتا ٦: ٢٥)

لەوانەیە هەریەک لە ئێمە کاتێکی باش لە سەیرکردنی باڵندە بەسەربردبێت، ئەمە ئەو شتەیە کە یەزدان داوامان لێدەکات ئەنجامی بدەین.

ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش نەبێت بەڵام لایەنی کەم ناوبەناو پێویستە کاتمان تەرخان بکەین بۆ سەرنجدان و بە بیرهێنانەوەی خۆمان کە هاوڕێ باڵندەکانمان چەندە گرنگیان پێدراوە.

ئەوان تەواو نازانن کە ژەمی دواتریان لە کوێوە دێت، لەگەڵ ئەوەشدا من خودی خۆم باڵندەیەکم نەبینیوە لەسەر لقی دارێک بنیشێتەوە و بەهۆی نارەحەتییەوە تووشی کێشەی دەروونی بووبێت.

لێرەدا خاڵی سەرەکی زۆر ئاسانە "ئایا لە باڵندە بەنرختر نیت؟"

ئەگەر تەنانەت زۆرانبازی لەگەڵ وێنەیەکی لاوازی خۆتدا بکەیت، باوەڕدەکەیت کە لە باڵندەیەک بەنرختریت. سەیردەکەیت کە باوکی ئاسمانیت چەندە بە باشی چاودێرییان دەکات.

بە نارەحەت بوون چیت دەست دەکەوێ؟

"کێ لە ئێوە ئەگەر نیگەران بوو، دەتوانێت یەک کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟" (مەتا ٦: ٢٧)

هەر زوو بۆمان ڕوونبوەوە کە نارەحەت بوون بێسوودە. نابێتە هۆی جێبەجێکردنی هیچ شتێکی باش. ئەگەر وایە، کەواتە بۆ نارەحەت بین، بۆ ئەوەندە نیگەران بین؟

بۆ ئەوەندە دڵتەنگ و خەمبار بین؟

"هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵی کێوی بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت، بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەک یەکێک لەوانەی نەپۆشیوە. ئەگەر خودا گیای کێڵگە ئاوا بپۆشێت کە ئەمڕۆ هەیە و بەیانی فڕێدەدرێتە تەنوورەوە، ئایا ئێوە زیاتر نین هەتا پۆشتەتان بکات، ئەی کەم باوەڕینە؟" (مەتا ٦: ٢٨- ٣٠)

بەدرێژایی باسکردنی یەکێک لە دروستکراوەکانی، یەزدان ئاماژە بەوە دەدات ئەگەر گوڵێک کە هیچ ناکات بەڵام بەباشی پارێزگاری لێبکرێت و جوان بێت کە تەنانەت سلێمانی پاشا ئەوەای نەپۆشیوە،

کەواتە بەدڵنیاییەوە ئێمە دەتوانین باوەڕ بکەین کە پارێزگاریمان لێدەکرێت و پێویستییەکانمان بۆ دابین دەکرێت.

کەواتە خەم مەخۆن و دڵتەنگ مەبن

"جا خەم مەخۆن بڵێن "چی بخۆین؟" یان "چی بخۆینەوە؟" یان "چی بپۆشین؟"" (مەتا ٦: ٣١)

حەزدەکەم ئەم ئایەتە هەندێ فراوانتر بکەم و پرسیارێکی دیکەی پێ زیاد بکەم، "دەتەوێت چی بکەیت؟"

باوەڕم وایە کە شەیتان ڕۆحە پیسەکان دەنێرێت کە ئیشیان هیچ نییە جگە لە دوبارەکردنەوەی ئەو دەستەواژەیە بەدرێژایی ڕۆژ لە گوێی باوەڕدارەکاندا. ئەوان کۆمەڵێک پرسیاری زۆر قورس دێننە مەیدان کە باوەڕداریش دەبێت ئەو کاتە بەنرخەی کە هەیەتی سەرفی وەڵامدانەوەی ئەو شتە بکات کە پێویست ناکات.

شەیتان بەردەوام جەنگ دادەگیرسێنێت لە مەیدانی جەنگی مێشکماندا بەهیوای تێوەگلانی تاکی مەسیحی لە جەنگێکی درێژخایەن و بەئازار.

وەڵامی ئێمە بۆ ئەو پرسیارەی شەیتان کە دەپرسێت "دەتەوێت چی بکەیت؟"دەبێت بە سادەیی بریتی بێت لە "هیشتا نازانم لەم بارودۆخەدا چی بکەم، بەڵام یەزدان دەزانێت و ئەوەندە بەسە بۆ من، ئەو لە کاتی خۆیدا ڕێنوێنیم دەکات."

سەرنج بدە لە ئایەتی **٣١** یەزدان فێرمان دەکات کە دڵتەنگ یان نارەحەت نەبین. بەبیرت بێت کە دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵ دەڕژێتەوە (سەیری مەتا **١٢: ٣٤** بکە). دوژمن دەزانێت کە ئەگەر توانی بەپێی پێویست شتی هەڵە لە مێشکماندا دابنێ ئەوا ئەو شتە هەڵانە لە مێشکماندا دابنێ ئەوا ئەو شتە هەڵانە لە دواییدا لە دەمی ئێمە دێنە دەرەوە. وشەکانمان زۆر گرنگن چونکە باوەڕمان دەردەخات، لە هەندێ حاڵەتیشدا بێباوەڕیمان دەردەخات.

داوای یەزدان بکە نەوەک دیارییەکان

"چونکە بێباوەڕان هەوڵ بۆ هەموو ئەمانە دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە. بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت. لەبەر ئەوە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە." (مەتا **٦: ٣١- ٣٢**)

ڕوونە کە ڕۆڵەکانی یەزدان وەکو ڕۆڵەکانی جیهان نین. جیهان بەدوای شتی مادیدا دەگەڕێت بەڵام ئێمە بەداوی یەزداندا دەگەڕێین. ئەو پەیمانی پێداوین کە ئەگەر داوای لێبکەین هەموو ئەو شتانەمان پێدەدات کە بزانێت پێویستمانە.

دەبێت فێربین کە داوای ڕوخساری یەزدان بکەین نەوەک دەستەکانی!

باوکی ئاسمانیمان خۆشحاڵ دەبێت لە بەخشینی هەموو شتێک بە ڕۆڵەکانی بەڵام کاتێک ئێمە بە دوایاندا گەڕاین. بەدواداگەڕان وشەیەیەکی بەهێزە واتە بەدواکەوتن، تامەزرۆبوون و شوێنکەوتن بە هەموو تواناوە.

ڕێگەپێدراوە کە داوای هەموو شتێک بکەیت بەڵام دەبێت داوا لە یەزدان بکەین چونکە بەبێ ئەو هەموو شتێک بێبایەخە. پێش داواکردنی هەر شتێک یەزدان دەزانێت کە پێویستمان بە چییە، گەر ئێمە زۆر بە سادەیی داواکارییەکەمان بۆ یەزدان ڕوون کردەوە (سەیری فیلیپی **٤: ٦** بکە) ئەو بە پێی باشترین کاتی خۆی جێبەجێی دەکات. دڵتەنگ بوون بە هیچ جۆرێک نابێتە هۆکاری یارمەتیدانمان، لەڕاستیدا ڕێگر دەبێت لە بەرەو پێشچوونمان.

ئیش لەسەر یەک ڕۆژ بکە

"لەبەر ئەوە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێک خراپی خۆی بەسە." (مەتا **٦: ٣٤**)

حەزدەکەم وەسفی نارەحەت بوون یان دڵتەنگبوونتان بۆ بکەم، دڵتەنگ بوون واتە بەفیڕۆدانی کاتی ئەمڕۆ بۆ تێگەیشتن لە سبەینێ. وەرە با فێربین ئەو کاتە بەکاربهێنین کە یەزدان پێیداوای بۆ ئەو شتەی کە مەبەستیەتی.

دەبێت لە ئێستا و لەم کاتەدا بژیت!

بەداخەوە ژمارەیەکی کەمی خەڵک دەزانن چۆن بەوپەڕی تەواوییەوە و پڕییەوە بژین. بەڵام تۆ دەتوانیت یەکێک بیت لەوان. عیسا دەڵێت شەیتان دوژمنەکەتە، دێت تاکو ژیانت بدزێت (سەیری یۆحەنا ١٠: ١٠ بکە).

چیدیکە ڕێگەی پێمەدە ژیانت بدزێت. ئەمرۆت لە خەمی سبەینێتدا بەسەر مەبە. ئەمڕۆ بەپێی پێویست کێشەی هەیە، پێویستی بە تەواوی سەرنجی تۆیە. بەرەکەتی یەزدان لەسەرتە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شتانەی کە پێویستە ئەمڕۆ ئەنجامیان بدەیت. بەڵام بەرەکەتی سبەینێ نایەت تاکو سبەینێ نەیەت. کەواتە ئەمڕۆ بەفیڕۆ مەدە!

دووربن لە دڵەڕاوکێ و نیگەران مەبن

"نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە لەگەڵ سوپاسدا لای خودا زانراو بێت." (فیلیپی ٤: ٦)

ئەمە ئایەتێکی باشی دیکەیە بۆ وردبوونەوە لێی لە کاتی هێرشی نارەحەت بووندا. بەڕاستی پێشنیاری ئەوەتان دەدەمێ کە بە وشەی یەزدان بدوێن. وشەی یەزدان شمشێرێکی دوو دەمە کە پێویستە شارەزایانە دژی دوژمن بەکاری بهێنی (سەیری عیبرانییەکان ٤: ١٢ و ئەفەسۆس ٦: ١٧ بکەن). ئەگەر شمشێر لەکاتی هێرشکردندا لەناو قەڵغانەکەیدا بێت ئەوا سوودی نییە.

یەزدان وشەی خۆی پێبەخشیوین، بەکاری بهێنە، ئایەتی وەکو ئەمەی سەرەوە فێربە، هەرکاتێک دوژمن هێرشی کرد دژی بوەستە بەهەمان ئەو چەکەی کە مەسیح بەکاریهێنا: وشەی یەزدان.

خەیاڵەکان لەناوببە

"هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین." (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٥)

کاتێک بیروهزرەکان پێشنیاری پێکردی بۆ ئەوەی ڕازی نەبیت بە وشەکانی یەزدان، باشترین ڕێگە بۆ بێدەنگ کردنی شەیتان بەکارهێنانی وشەکانی یەزدانە.

وشەکە لە دەمی باوەڕدارەوە دێتە دەرەوە، بە باوەڕ پشگیری کردن لێی کاریگەرترین ڕێگەیە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بردنەوەی جەنگ دژی نارەحەتی و دڵتەنگ بوون.

گیرۆگرفتەکانتان بخەنە سەر یەزدان

"بۆیە لەژێر دەستی بە توانای خودا ڕۆحسووک بن، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە. هەموو خەمێکتان بخەنە سەر ئەو، چونکە ئەو بایەختان پێ دەدات." (یەکەم پەترۆس ٥: ٦- ٧)

کاتێک دەژمن هەوڵدەدات کێشەیەکمان بداتێ. ئێمە ئەو مافە تایبەتەمان هەیە کە بتوانین بە یەزدانی بسپێرین. وشەی "خستنە سەر" لەڕاستیدا بە واتای فڕێدان و پڕتاو کردن دێت. من و تۆ دەتوانین بیخەین یان بیدەینە دەست یەزدان. بڕوام پێبکە ئەو دەتوانێت وەریانبگرێت، دەزانێت چییان لێبکات.

ئەم دەقە ڕێگەی پێداین فێری ئەوە بین کە خۆنزمکردنەوە لە نارەحەتبوون پێکنەهاتووە. ئەو کەسەی کە نارەحەتە پێی وانییە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانێت کێشەکەی خۆی چارەسەر بکات. نارەحەت و نیگەران بوون بریتییە لە گەڕانی مێشک بە دەوروبەریدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەی. مرۆڤی خۆبەگەورەزان پڕە لە خودی خۆی، لەکاتێکدا مرۆڤی بێفیز و خۆبەکەمزان پڕە لە یەزدان. خۆبەگەورەزان نارەحەت دەبێت بەڵام بێفیز چاوەڕێ دەکات.

تەنیا یەزدان دەتوانێت ڕزگارمان بکات، دەیەوێت ئەوە بزانین تاکو لە هەموو حاڵەتێکدا وەڵامی یەکەممان پشت بەستن بێت بە ئەو و بچینە ناو شوێنی حەسانەوەکەیەوە.

حەسانەوەی یەزدان

"ئەی خودای ئێمە، ئایا حوکمیان بەسەردا نادەیت؟ چونکە ئێمە توانامان نییە بەرامبەر ئەو سوپا زۆر گەورەیەی پەلامارمان دەدەن و ئێمە نازانین چی بکەین بەڵام چاومان لە تۆیە." (دووەم پوختەی مێژوو ٢٠: ١٢)

ئەم ئایەتەم خۆشدەوێت! بەدڵنیاییەوە خەڵکەکەی ناو ئەم ئایەتە سێ شتیان بۆ ڕوون بوەتەوە:

1. هیچ وزەیەکیان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دوژمن نەبووە.
2. نەیاندەزانی چی بکەن.
3. پێویستیان بەوە بوو کە تەرکیزیان لەسەر یەزدان بێت.

لە ئایەتی ١٥ و ١٧ی هەمان دەقدا دەیبینین کە یەزدان چی پێ وتن کاتێک کە بۆیان ڕوونبوەوە بەڕاشکاوانە دانیان نا بە یەزداندا: "..... مەترسن و ورە بەرمەدەن لەبەردەم ئەو سوپا زۆرە، چونکە جەنگەکە هی ئێوە نییە بەڵکو هی خودایە ..... پێویست ناکات لەم شەڕە بجەنگن. ئەی یەهودا و ئۆرشەلیم، ڕاوەستن و مەجوڵێن و تەماشا بکەن چۆن یەزدان ڕزگارتان دەکات. مەترسن و ورە بەرمەدەن، سبەینێ بۆ بەرەنگاربوونەوەیان بچن و یەزدان لەگەڵتان دەبێت."

شوێنی ئێمە چییە؟ شوێنی ئێمە ستایش و جێگیربوون لە عیسا و چوونە ناو ئاسایشی یەزدانە. شوێنی ئێمە چاوەڕێکردنی بەردەوامی یەزدانە بە چاوەکانمان و تەرکیز کردن لەسەری، جێبەجێکردنی ئەو شتەی کە یەزدان داوامان لێدەکات ئەگەر نا "ترسی بەڕێز" لەناو جەستەمان هاتوچۆدەکات.

لەبارەی چوونە ناو شوێنی حەسانەوەی یەزدانەوە دەمەوێت بڵێم کە هیچ شوێنێک وەکو "شوێنی حەسانەوەی یەزدان" نییە و ئەوە قسە هەڵناگرێت. ئاسانە کە هەست بە ئارامی بکەیت لەکاتێکدا هیچ شتێک نییە بۆ نیگەران بوون. بێباوەڕەکانیش بەهەمان شێوە لە کاتە ئاساییەکاندا هەست بە ئارامی دەکەن. بەڵام حەسانەوەی خودایی دیارییەکە کە لە کاتە ناخۆشەکاندا باوەڕداران لە ئارامیدا دەهێڵێتەوە، ئەمە دیارییەکە لەلایەن یەزدانەوە بۆ ڕۆڵەکانی.

بۆ زیاتر باسکردنی ئەمە، ڕێگەم بدەن چێرۆکێکتان بۆ باس بکەم کە جارێکیان گوێم لێبوو. ئەم چیرۆکە باسی هەر دوو هونەرمەندی نیگارکێش دەکات کە داوایان لێکرابوو وێنەی ئاشتی بکێشن بەو جۆرەی کە دەیبینن. یەکێکیان وێنەی دەریاچەیەکی ئارام و ڕاوەستاوی کێشتا لە پشت

شاخەکانەوە. ئەوەی دیکەیان وێنەی تاڤگەیەکی ترسناک و بەهێزی کێشا کە دار چنارێک لەبەردەمی شۆڕبووتەوە و باڵندەیەک لە سەر یەکێک لە لقەکانی لەناو هێلانەکەی خۆیدا هەڵنیشتبوو.

کامیان باشتر وەسفی ئاشتی کردووە؟ دوەم دانەیان، چونکە هیچ ئاشتییەک بەبێ بەرهەڵستی بوونی نییە. وێنەی یەکەم چالاک نەبوون نیشان دەدات، ئەو دیمەنەی کە لە دەرەوە جێگیرکراوە لەوانەیە ئارام بێت، لەوانەیە کەسێک حەزبکات بڕوات بۆ ئەوێ و حاڵ و هەوایەک تازە بکاتەوە. ڕەنگە وێنەیەکی جوانمان پێ ببەخشێت بەڵام وێنەی ئاشتی خوداییمان نیشان نادات.

عیسا وتی: "ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی من دەتاندەمێ وەک ئەوە نییە کە جیهان دەیدات" (یۆحەنا **١٤: ٢٧**). ئاشتیەکەی عیسا ئاشتییەکی ڕۆحییە. ئیسراحەتی مەسیح لەناوەڕاستی گەردەولول و تۆفانیشدا کاری خۆی دەکات، نەوەک لە ئامادەنەبوونی گەردەلول و تۆفاندا. عیسا نەهات بۆ ئەوەی بەرهەڵستییەکانی ژیانمان لەناوبەرێت بەڵکو هات تاکو ڕێگەیەکی دیکەی جیاوازمان بداتێ بۆ تۆفانی ژیان. پێویستە نیری ئەو هەڵبگرین و لە ئەوەوە فیربین (سەیری یۆحەنا **١١: ٢٩** بکە) واتە دەبێت ڕێگاکانی فێربین. پێویستە بەو جۆرە سەیری ژیان بکەین کە ئەو کردی.

عیسا نیگەران نەبوو کەواتە نابێت ئێمەش نیگەران بین.

ئەگەر چاوەڕێی ئەوەی کە هیچ شتێک نیگەرانت نەکات، پێش ئەوەی نیگەران بوون ڕابگریت ئەوا پێویستە پێت بڵێم کە دەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەیت. چونکە بۆی هەیە ئەو کاتە هەرگیز نەیەت. من ڕەشبین نیم بەڵکو ڕاستگۆم! ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە پڕە لە ناڕەحەتی و نیگەرانی، ڕاستە ناڕەحەتی لە دەوروبەرمانە بەڵام پێویست ناکات لەناوماندا بێت.

(مەتا **٦: ٣٤**) داوامان لێدەکات کە نیگەرانی سبەی نەبین چونکە هەر ڕۆژەو بەپێی پێویست کێشەی خۆی هەیە، عیسا خۆی ئەمەی وتووە، بەدڵنیاییەوە ئەو ڕەشبین و نەرێنی نەبووە. لە ئاشتیدا بوون و چێژوەرگرتن لە حەسانەوەی یەزدان لە ناوجەرگەی تۆفان وگەردەلولی ژیاندا، شکۆمەندی زیاتر بە یەزدان دەبەخشێت چونکە ئەمە دەیسەلمێنێ کە ڕێگاکانی یەزدان کاردەکەن.

نیگەرانی ... نیگەرانی ... نیگەرانی!

چەندین ساڵی تەمەنم لە نیگەرانی ئەو شتانەدا بەفیڕۆدا کە نەمدەتوانی هیچ شتێکیان لێبکەم. حەزم دەکرد بمتوانیبا ئەو ساڵانە بگەڕێنمەوە و بە جۆرێکی دیکە ڕەفتاریان لەگەڵ بکەم. بەڵام ئەگەر ئەو کاتەی کە یەزدان پێی بەخشیوی بەسەرت برد، ئەوا مەحاڵە بتوانیت بیگەڕێنیتەوە و شتەکانیش بە جۆرێکی دیکە ئەنجام بدەیت.

لە لایەکی دیکەوە هاوسەرەکەم هەرگیز نیگەران نەبوو. کاتی وا هەبوو کە لێی تووڕە دەبووم چونکە نیگەرانی من نەبوو، لەگەڵم دانەدەنیشت تاکو باسی پێشهاتە ناڕوونەکان بکەین کە ئەگەر یەزدان فریامان نەکەوت چی بکەین. بۆ نموونە لە چێشتخانە دادەنیشتم و سەیری قەرزەکان و دەفتەرچەی حیسابەکەم دەکرد، ئەوەندەی دیکە نیگەران دەبوون چونکە قەرزەکان زیاتر بوون لەو پارەیەی کە ئیمە هەمبانبوو. بەڵام دەیڤی هاوسەرم، لە ژوورەکەی دیکە خەریکی یاریکردن و سەیرکردنی تەلەفزیۆن دەبوو لەگەڵ منداڵەکان لەکاتێکدا منداڵەکان هەڵبەز و دابەزیان لەسەر پشتی دەیڤ دەکرد و قژیان لوول دەکرد.

بیرم دێت بە شێوەیەکی ناخۆش پێم وت: "بۆچی ناییت بۆ ئێرە و لە جێگەی یاری کردن شتێک بکەیت لەکاتێکدا من خەریکی دۆزینەوەی چارەسەرێکم بۆ ئەم شتە بێمانایە."

کاتێک بە "حەزدەکەیت چیت بۆ بکەم" وەڵامی دامەوە، نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە؛ تەنیا ئەوە تووڕەی دەکردم کە چۆن دەیوێرا خەریکی چێژوەرگرتن بێت لە کاتێکدا کە تووشی کێشەیەکی دارایی لەو شێوەیە هاتبووین.

دەیڤ ئارامی کردمەوە و بەبیری هێنامەوە کە یەزدان هەمیشە پێویستییەکان دابین دەکات کاتێک ئێمە ئەوەی لەسەرمانە ئەنجامی دەدەین (بەخشنی یەک لە دەی پارەمان بە کەنیسە و بەخشینی دیاری و نوێژکردن و متمانەکردن)، بەم شێوەیە یەزدان بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدانی ئەو شتەی لەسەریەتی. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هاوسەرەکەم متمانەی هەبوو لەکاتێکدا من نیگەران بووم. لەگەڵ ئەودا دەڕۆیشتم بۆ ژوورەوە بۆلای منداڵەکان و پاش ماوەیەکی کەم دیسان بیروهزرەکان دەهاتنەوە ناو مێشکم و دەموت: "بەڵام دەبێت چی بکەین، چۆن ئەو قەرزانە بدەینەوە؟ چی رووەدات ئەگەر ....."

پاشان هەموو ئەو نەهامەتیانەم لە سەر شاشەی فیلمی خەیاڵی دەبینی، دانانی بارمتەی پێشوەخت، دووبارە بوون بە خاوەن ئۆتۆمبێل، شەرمەزاربوون لەبەردەم خزم و هاوڕێدا ئەگەر بێتو داوای

هاوکاری داراییان لێ بکەین و چەندین شتی دیکە. تا ئێستا لە "فیلمەدا" بوویت، یان ئایا ئەم جۆرە بیروهزرە لە مێشکتدا هاتوچۆیان کردووە؟ بێگومان تۆش ئەو ئەو جۆرە کێشانەت هەبووە ئەگەر وا نەبوایە ئێستا ئەم کتێبەت نەدەخوێندەوە.

دوای ماوەیەک لە پێشوازیکردن لە بیروهزری شەیتانی بەسەرگەردانی دەگەڕامەوە بۆ چیشتخانەکە و دەستم دەکردەوە بە هێنادەرەوەی وەرەقەی قەرزەکان و حاسیبەکە و دەفتەرچەی حیساباتەکە. دووبارە بەسەر هەموو وێرانکارییەکدا دەڕۆیشتمەوە، پێم وابوو ئەگەر بەپێی پێویست سەیری بکەم و زیاتر هەوڵ بدەم ئەوا دەتوانم چارەسەرێک بدۆزمەوە. بەڵام تەنیا یەزدان وەڵام و چارەسەری لابوو. تا زیاتر سەیری وەرەقەی قەرزەکانم کردبا زیاتر نیگەران دەبووم، هەمان دیمە دووبارە دەبوەوە! بە سەر دەیف و منداڵەکاندا هاوارم دەکرد چونکە لە کاتێکدا من خەریکی بەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی بووم ئەوان خەریکی بەسەربردنی کاتێکی خۆش بوون. لە ڕاستیدا ئەو شتەی کە من پێشبینم دەکرد لێپرسراویەتی نەبوو بەڵکو گیروگرفت بوو، شتێک کە یزدان بە تایبەتی پێی وتم کە بە ئەوی بسپێرم.

ئێستا کە سەیری ڕابردووم دەکەم بۆم دەردەکەوێت هەموو ئەو ئێوارانەم بەفیڕۆدا کە یەزدان لە سەرەتای ژیانی هاوسەریدا پێی بەخشیبووم. ئەو کاتەی کە یەزدان پێمان دەبەخشێت دیارییەکی گرانبەهایە، بەڵام من ئەو کاتەم بەخشی بە شەیتان. کاتەکە هی خۆتە، بە ژیرانە بەکاری بهێنە؛ جارێکی دکەی بەم ڕێگەیەدا نارۆیتەوە.

یەزدان هەموو پێداویستییەکانمان دەزانێت، بە چەندی ڕێگای جیاواز دابینیان دەکات، ئەو هەرگیز ڕێگە بە شکستمان نادات، تەنانەت یەک جاریش، خودا وەفادارە!

دڵتەنگ مەبە، متمانە بە یەزدان بکە

"با سەربوردەتان بێ خۆشەویستی پارە بێت، ڕازی بن بەوەی هەتانە، چونکە خودا گوتوویەتی: هەرگیز پشتگوێت ناخەم، هەرگیز وازت لێ ناهێنم." (عیبرانییەکان **١٣: ٥**)

ئەمە شایەتییەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی هانت بدات لە کاتێکدا بیردەکەیتەوە ئایا یەزدان بە هانای پێویستییەکانتەوە دێت یان نە.

لەم دەقەدا یەزدان ڕێگەمان دەدات کە بزانین پێویست ناکات مێشکمان بە پارەوە خەریک بکەین، پێویست ناکات بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئاگاداری خۆمان بین، چونکە بە دڵنیاییەوە یەزدان سەرپەرشتی ئەو شتانەمان بۆ دەکات. بەڵێنی داوە کە هەرگیز نەمانخات و بەجێمان نەهێڵێت.

ئەوەی لەسەرتە ئەنجامی بدە، بەڵام هەوڵ مەدە ئەوەی کاری یەزدانە تۆ ئەنجامی بدەیت، بارەکە زۆر قورسە بۆ هەڵگرتن، ئەگەر وریا نەبیت لە ژێر قورساییەکەیدا وردوخاش دەبیت.

نیگەران مەبە. "

"پشت بە یەزدان ببەستە و چاکە بکە، لەسەر خاکەکە نیشتەجێ بە و چاودێری دڵسۆزی بکە."
(زەبووری ٣٧: ٣)
ئەمە پەیمانە!

بەشی سێزدەیەم

مێشکێکی حەکمدەر و ڕەخنەگر و دوودڵ

"حوکم مەدەن تا حوکم نەدرێن." (مەتا ٧: ١)

بەهۆی ڕەفتاری حوکمدان و ڕەخنەگرتن و دوودڵی، خەڵکی تووش نەهامەتی زۆر دەبن. زۆر لە پەیوەندییەکان بەهۆی ئەم دوژمنانەوە لێک دەترازێن. جارێکی دیکە، مێشک مەیدانی جەنگەکەیە.

بیروهزرەکان، تەنیا "پێم وایە" دەکرێت ببێتە ئامرازێک کە شەیتان بۆ تەنهایی مانەوەی کەسێک بەکاریبهێنێت. خەڵک چێژ وەرناگرن کاتێک لەگەڵ ئەو کەسانەن کە لەسەر هەموو شتێک بیروڕای خۆیان دەردەبڕن. هەندێ کات ئێمە زیاتر خەم لەوە دەخۆین کە بە خەڵکی بڵێین بیر لە چی دەکەیتەوە لەجێگەی ئەوەی کە گوێبگرین و فێربین و پەیوەندەییەکی باش بنتات بنێین.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، جارێکیان ژنێکم ناسی کە مێردەکەی زۆر دەوڵەمەند بوو، بە گشتی کەسێکی هێمن بوو. ژنەکە دەیویست مێردەکەی زیاتر قسە بکات. مێردەکەی لە بارەی زۆر شتەوە زانیاری هەبوو، ژنەکە لە پیاوەکە تووڕە دەبوو کاتێک لەناو کۆمەڵە کەسێکدا بوون لەو کاتەدا کەسێک دەستی دەکرد بە قسەکردن لەسەر بابەتێک کە مێردەکەی بە دڵنیاییەوە دەیتوانی ڕوونی بکاتەوە، دەیتوانی هەموو شتێکیان پێبڵێت کە دەیزانی، بەڵام پێی نەدەگوتن.

شەوێکیان خۆی و مێردەکەی کاتێک لە ئاهەنگێک گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بە تووڕەییەوە ڕەخنەی لێگرت و پێی وت: "بۆچی دەنگت نەکرد و بە خەڵکەکەت نەوت کە هەموو شتێک لەبارەی ئەو شتەوە دەزانی کە قسەیان لەبارەوە دەکرد؟ لەوێ دانیشتیت و وا خۆت نیشاندا کە بە هیچ شێوەیەک زانیاریت لەبارەیەوە نییە؟!"

ئەویش لە وەڵامدا وتی: "پێشتر ئەو شتەم دەزانی کە ئێستا دەیزانم، هەوڵدەدەم بێدەنگ بم و گوێبگرم. بەم شێوەیە بۆم دەردەکەوێت کە خەڵکی چی دەزانن."

ئێستا بەتەواوی دەتوانم ئەوە ببینم کە بۆچی دەوڵەمەند بووە و هەروەها دانا بووە! کەم کەس بەبێ ژیری دەوڵەمەند دەبن. کەم کەس هاوڕێ پەیدا دەکەن بەبێ بەکارهێنانی دانایی لە پەیوەندییەکاندا.

حوکمدان و ڕەخنەگرتن و خۆهەڵقورتاندان سێ ڕێگای ڕوونن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکان. شەیتان بە دڵنیاییەوە دەیەوێت من و تۆ تەنیا ڕەتکراوە بین، لەبەر ئەوە لەم بوارانەدا هێرش دەکرێتە سەر مێشکمان.

ئاواتە خوازم ئەم بەشە یارمەتیمان بدات لە ناسینەوەی شێوەی بیروهزرە هەڵەکان، هەروەها فێری ئەوەش بین چۆن لەگەڵ گوماندا مامەڵە بکەین.

حوکمدان پێناسەکراوە

فەرهەنگی زمانی تایبەت بە کتێبی پیرۆز، بەم شێوەیە پێناسەی وشەی یۆنانیەکەی حوکمدان دەکات: "بڕیارێکە دەخرێتە سەر هەڵەکانی خەڵک"، نزیکە لە وشەی "لۆمەکردن".

یەزدان تەنیا کەسێکە کە مافی لۆمەکردن و حوکمدانی هەیە. بەم هۆیەوە کاتێک حوکم بەسەر کەسێکدا دەدەیت، بەدڵنیاییەوە لە ژیانتدا خۆت بۆ ئاستی یەزدان بەرز کردوەتەوە.

نازانم بۆ تۆ، بەڵام ئەمە هەندێک "ترسی خوداییم" بۆ دروست دەکات. توانایەکی زۆرم هەیە بەڵام حەزناکەم هەوڵی بوون بە یەزدان بدەم! ئەم بوارانە کێشە سەرەکی بوون لە کەسایەتیمدا، لەو باوەڕەدام بتوانم هەندێک شتیان لەگەڵ باس بکەم کە یەزدان فێری کردووم، تاکو یارمەتیتان بدەم.

ڕەخنە و حوکمدان و خۆهەڵقورتاندن هەموویان پێدەچن خزمی یەکدی بن، هەربۆیە هەرسێکیان پێکەوە وەک کێشەیەکی زۆر گەورە باسیان لێوە دەکەم.

ڕەخنەگر بووم چونکە هەمیشە وادیاربوو کە هەڵەکانم دەبینی نەوەک ڕاستییەکان. هەندێ کەسایەتی زیاتر لەوانی دیکە ئەم هەڵەیە دەکەن. هەندێ جۆری کەسایەتیە خۆشگوزەرانەکان حەزناکەن بێجگە

لە "دڵخۆشی و ڕابواردن" هیچی دیکە لە ژیانیاندا ببینن، هەر بۆیە گوێ نادەنە ئەو شتانەی کە خۆشیەکەیان لێ تێکدەدات. کەسایەتیە زۆر خەمگینەکان یان کەسایەتیە کۆنترۆڵکەرەکان زۆربەی کات یەکمجار هەڵەکان دەبینن، بەشێوەیەکی گشتی، ئەو خەڵکەی کە ئەم جۆرە کەسایەتیەیان هەیە زۆر دەست بڵاون لە بەشداری پێکردنی بۆچوون و بیرۆکە نەرێنییەکان لەگەڵ خەڵکیدا.

دەبێت بزانین کە ئێمە ڕێگەی خۆمان هەیە بۆ بینینی شتەکان. حەزدەکەین بە خەڵکی بڵێین بیر لە چی دەکەینەوە، ئەمە ڕێک مەبەستەکەیە، ئەو شتەی کە بیری لێدەکەمەوە ڕەنگە بۆ من دروست بێت، پێویست ناکات بۆ تۆش دروست بێت و بە پێچەوانەشەوە. بێگومان هەموومان دەزانین کە "دزە مەکە" بۆ هەموو کەسێک وەکو یەکە، بەڵام من لێرە لەبارەی هەزاران شت دەدوێم کە هەموو ڕۆژێک ڕوبەڕوما دەبنەوە، گرنگ نییە ڕاست بن یان هەڵە. بەڵام ئەوە تەنیا بژاردەی تاکە کەسین. ئەوەی پێ زیاد بکەم کە ئەمانە بۆ من هەڵبژاردنێکن، خەڵکی مافی خۆیانە بڕیاری لەسەر بدەن بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی.

من و دەیڤی هاوسەرم لە شێوازی ڕوانینی شتەکان بەتەواوی جیاوازین. چۆنیەتی ڕێکخستن دەکرێت یەکێک بێت لەو شتانە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئێمە حەزمان لە شتی یەکدی بەبێت، بەڵام ئەگەر پێکەوە بڕۆین بۆ کڕینی شتی ماڵەوە هەمیشە وادیارە کە دەیڤ حەزی لە شتێکە و منیش حەزم لە شتێکی دیکەیە. بۆچی؟ بەکورتی، چونکە ئێمە دوو مرۆڤی جیاوازین. بۆچوونەکەی ئەو وەکو هی من باشە، و بۆچوونی منیش وەکو هی ئەو باشە. ئەوان تەنیا جیاوازن.

چەند ساڵێکی خایاند تاکو تێگەیشتم کە دەیڤ هیچ کێشەیەکی نەبوو کە لەگەڵ من نەدەگونجا. بیگومان پێش ئەوەی باشتر فێربم، زۆربەی کات ڕێگەمدەدا وابزانێت کە هەستدەکەم هەڵەیەکی هەیە چونکە بەشداری لە بۆچوونەکانمدا نەدەکرد. ڕوونە کە ڕەفتارەکانی من زیاتر دەبووە هۆکاری نەگونجانی نێوانمان و زیانی بە پەیوەندەییەکەمان دەگەیاند.

شانازی کردن: کێشەی "من"

"چونکە بەو نیعمەتەی پێم دراوە بە هەر یەکێک دەڵێم کە لەنێوتاندایە: با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی نەکات، بەڵکو لە نرخاندن هۆشیار بێت، بەو بڕە باوەڕەی خودا بۆ هەر یەکێکی بەش کردووە." (ڕۆما **١٢: ٣**)

حوکمدان و ڕەخنەگرتن بەرهەمی کێشەیەکی قوڵترن، ئەویش شانازیکردن و خۆ بە گەورە زانینە. کاتێک کە ئەو "من"ە لەناوماندا گەورەتر بوو لەوەی کە پێویستە ببێت هەمیشە دەبێتە هۆی ئەو جۆرە کێشانەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین. کتێبی پیرۆز بەردەوام ئاگادارمان دەکاتەوە کە لەخۆبایی نەبین و خۆمان گەورە نەگرین.

کاتێک لە بوارێکدا لە پێشترین، تەنیا لەبەرئەوەیە کە دیاری بەرەکەتی بۆ ئەوە پێبەخشیوین. ئەگەر ئێمە لەخۆبایی بین یان لەڕادەبەدەر باسی خۆمان بکەین، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بە نزمی سەیری خەڵکی دیکە بکەین و لە خۆمان کەمتر نرخیان بۆ دابنێین. ئەم جۆرە ڕەفتارە یان بیرکردنەوەیە بۆ یەزدان لەڕادەبەدەر مایەی نەفرەتە و لە ژیانماندا زۆرێک لە دەرگاکان بۆ دوژمن دەکاتەوە.

ترسی خودایی

"خوشکان، برایان، ئەگەر یەکێک کەوتە گوناهێک، با ئێوەی ڕۆحییانە، کەسی ئاوا بە ڕۆح نەرمی ڕاست بکەنەوە. سەیری خۆشت بکە نەوەک تۆش بکەویتە تاقیکردنەوە. باری یەکتری هەڵگرن و ئاوا شەریعەتی مەسیح بهێننە دی. چونکە ئەگەر یەکێک خۆی بە شتێک زانی، هیچیش نەبوو، ئەوا خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت." (گەلاتیا **٦: ١- ٣**)

سەرنجێکی وردی ئەم ئایەتانە بە خێرایی پێمان دەڵێت کە دەبێت کاردانەوەمان چۆن بێت لەبەرانبەر ئەو لاوازییانەی کە لە کەسانی دیکەدا دیبینین. ئەمە ئەو ڕەفتارە دەرونیەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەبێت لە خۆماندا پەرەی پێبدەین. دەبێت "ترسی خوداییمان" لە خۆبەگەورەزانین هەبێت، وریابین لە تاوانبارکردنی خەڵکانی دیکە و ڕەخنەگرتن لێیان.

ئێمە کێین کە خەڵکی تاوانبار بکەین؟

"تۆ کێی تاکو خزمەتکاری یەکێکی دیکە تاوانبار بکەیت؟ بۆ گەورەی خۆیەتی دەچەسپێت یان دەکەوێت. بەڵام دەچەسپێت، چونکە مەسیحی خاوەن شکۆ دەتوانێ بیچەسپێنێت." (ڕۆما ١٤: ٤)

بەم شێوەیە بیری لێبکەوە: با بڵێین دراوسێکەت دێت بۆ ماڵتان و پێت دەڵێت کە منداڵەکانت دەبێت چ جۆرە جلوبەرگێک لەبەربکەن بۆ قوتابخانە، چ بابەتێک بخوێنن. چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟یان وایدابنێت دراوسێکەت پێت دەڵێت کە حەزی لەو جۆرە شێوازی پاککردنەوەی ماڵەکەی تۆ نییە. چی پێدەڵێیت؟ بەدڵنیاییەوە پێی دەڵێت خۆی لە کاروباری تۆدا هەڵنەقورتێبێت و سەری لە کاروباری خۆیدا بێت.

ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە ئەو ئایەتە مەبەستیەتی. هەریەک لە ئێمە هی خوداین، تەنانەت ئەگەر لاوازیمان هەبێت ئەو دەتوانێت پشتمان بگرێت و بەرگریمان لێبکات، ئێمە وەڵامی یەزدان دەدەینەوە نەوەکو هی یەکتر، هەربۆیە نابێت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە یەکتر تاوانبار بکەین.

شەیتان زۆر سەرقاڵی بەخشینی ڕۆحە پیسەکانە بۆ جێگیرکردنی بیروهزری ڕەخنەگرانە و حوکمدەرانە لەناو بیری خەڵکدا. بیرم دێت کە بەلامەوە شتێکی خۆش بوو کاتیک لە پارکێک یان لە دوکانێکی گەورەدا دادەنیشتم سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد کە تێپەڕ دەبوون لەو کاتەدا بۆ هەریەکێک لەوان لە دەرونمدا شتێکم بۆ دروست دەکرد: جلەکانیان، ستایلی قژیان، هاوڕێکانیان، هتد. ئێستا هەمیشە پێمان ناکرێت ڕێگە لە خۆمان بگرین لە هەبوونی بیروبۆچوون بەڵام پێویست بە دەربڕینیان ناکات. لەو باوەڕەدام کە دەتوانین بگەینە ئەو خاڵەی کە تەنانەت بۆچونی زۆریشمان هەبێت و ئەو بۆچونانەش کە هەمانن لە سروشتێکی ڕەخنەگرانەوە نەبن.

زۆربەی کات بە خۆم دەڵێم: "جۆیس، ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە." کێشەی سەرەکی بریتییە لە جۆشدان لە مێشکت کاتێک کە بیر دەکەیتەوە لە بۆچوونەکانت تا ئەو کاتەی کە دەبێت بە حوکمدان. تا زیاتر بیری لێ بکەیتەوە کێشەکانت گەورەتر دەبن تا وای لێدێت بۆ ئەوانی دیکەی دەردەبڕیت یان تەنانەت بۆ ئەو کەسە دەردەبڕیت کە حوکمی بەسەردا دەکەیت. پاشان دەبێت بە

تەقێنەرەوە، توانایەکی زۆری ئازاردانی هەیە لە بواری پەیوەندیەکەندا، هەروەها لە هەڕێمی ڕۆحیشدا دەتوانێت کێشەکانی داهاتووت چارەسەر بکەیت بە وتنی "ئەمە پەیوەندی بە منەوە نییە."

تاوانبارکردن و ڕەخنەگرتن دەستی بەسەر خێزانەکەمدا گرتبوو، "بەو جۆرەی کە لەگەڵیان گەورە بوون" بەو جۆرە قسەم دەکرد. کاتێک کێشەکە ئەمەیە، لەوانەیە بۆ تۆش وابێت، وەکو ئەوە وایە هەوڵ بدەیت بە پێیەکی شکاو یاری تۆپی پێ بکەیت. من هەوڵم دەدا لەگەڵ یەزدان "یاری بە تۆپەکە" بکەم. دەمویست بەڕێگەی یەزدان شتەکان ئەنجام بدەم، ڕەفتار و بیرکردنەوەم وەکو ئەوە بێت بەڵام نەمتوانی. ساڵانێکی خایاند پێش ئەوەی لەبارەی قەڵاکانی ناو مێشکم فێرببم کە دەبێت خۆم بە ئەوانەوە خەریک بکەم پێش گۆڕینی کردارەکانم.

بیرت بێت کە کردارەکانت ناگۆڕدرێن تاوەکو بیرت نەگۆڕی.

(مەتا ٧: ١- ٦) چەند ئایەتێکن لەسەر بابەتی حوکمدان و ڕەخنەگرتن. کاتێک لەم بوارەدا کێشەت لەگەڵ مێشکتدا هەبوو ئەو ئایەتانە و ئایەتێکی دیکە بخوێنەوە. پاشان بەدەنگی بەرز بیانخوێنەوە، هەروەها وەکو چەکێک دژی شەیتان بەکاریان بهێنە کە لە مێشکتدا هەوڵی دروستکردنی قەڵاکان دەدات. لەوانەیە ئەو قەڵایانە بەگەڕبخاتەوە کە چەندین ساڵە لەوێن. با سەرنجێکی ئەم دەقە بدەین، تێبینی لەسەر هەر یەکێک لە بەشەکانی دەدەم لەکاتی باسکردنیدا.

چاندن و دروێنەی حوکمدان

"حوکم مەدەن تاکو حوکم نەدرێن. چونکە بەو حوکمەی دەیدەن حوکم دەدرێنەوە، بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە." (مەتا ٧: ١- ٢)

ئەم ئایەتانە بەڕوونی پێمان دەڵێن کە چی بچێنین ئەوە دەدورینەوە (سەیری گەلاتیا ٦: ٧ بکە). چاندن و دروێنە تەنیا بەسەر دارایی و کشتوکاڵدا جێبەجێ ناکرێت بەڵکو لە مەودای دەرونیشدا جێبەجێ دەکرێت. دەتوانین ڕەفتار بچێنین و بدروینەوە بەهەمان شێوەی چاندن و دروێنەی دانەوێڵە و بەرهەم هێنان.

قەشەیەک کە دەیناسم بە زۆری دەڵێت، کە بیستوویەتی کەسێک بەشێوەیەکی بێبەزەییانە و حوکمدەرانە باسی کردووە، قەشەکە لە خۆی دەپرسێت: "ئایا ئەوان دەچێنن یان من دەدورمەوە؟" زۆر جار لە ژیانماندا ئەو شتە دەدروینەوە پێشتر لە ژیانی کەسێکی دیکەدا چاندبوومان.

دکتۆر خۆت چارەسەر بکە!

"بۆچی پووشی ناو چاوی براکەت دەبینیت، بەڵام تێبینی تەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت ناکەیت؟ یان، چۆن بە براکەت دەڵێی: ڕێم بدە با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم، کەچی تەختە دارێک لەناو چاوی خۆتدایە؟ ئەی دووڕوو، یەکەم جار تەختە دارەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشی ناو چاوی براکەت." (مەتا ٧: ٣- ٥)

شەیتان حەزدەکات ئێمە بەسەرقاڵی بهێڵێتەوە و لەڕووی دەروونییەوە خەڵکی مەحکووم بکەین. بەم شێوەیە هەرگیز خەریک نابیت و نایبینین کە کێشەمان چییە.

ناتوانین خەڵک بگۆڕین تەنیا خودا دەتوانێت، ناتوانین خۆشمان بگۆڕین بەڵام دەتوانین هاوکاری ڕۆحی پیرۆز بکەین و ڕێگەی پێبدەین کارەکە ئەنجام بدات. هەنگاوی یەکەم بۆ هەر ئازادییەک بریتییە لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ڕاستیەی کە یەزدان دەیەوێت نیشانمان بدات.

کاتێک کە بیروهزرەکانمان و قسەکردنمان لەسەر ئەوە بوو کە کێشەی خەڵک چییە، بەزۆری لەبارەی ڕەفتارەکانی خۆمان فێڵمان لێدەکرێت. لەبەرئەوە عیسا ئەمری کرد کە خۆمان بە کێشەی خەڵکەو خەریک نەکەین لەکاتێکدا هەڵەیەکی زۆر لە خۆماندا هەیە. سەرەتا ڕێگە بدە یەزدان ئیش لەسەر تۆ بکات، پاشان ڕێگەی کتێبی پیرۆز دەزانیت و یارمەتی براکەت دەدەیت کە گەشە بکات لە مەسیحیەتدا.

یەکترتان خۆش بوێت

"شتی پیرۆز مەدەن بە سەگ، مرواریشتان فڕێمەدەنە بەردەمی بەراز، نەوەک پێشێلیان بکەن و ڕوو وەربگێڕن و پارچەپارچەتان بکەن." (مەتا ٧: ٦)

باوەڕم وایە ئەم ئایەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانایەی کە یەزدان پێی بەخشیوین بۆ ئەوەی یەکترمان خۆشبوێت. ئەگەر من و تۆ ئەم توانا و ئەمرەمان لە یەزدانەوە پێدراوە کە خەڵکی دیکەمان خۆش بوێت، بەڵام لەجێگەی ئەوە، مەحکومیان دەکەین و ڕەخنەیان لێدەگرین، ئێمە ئەو شتە پیرۆزە کە (خۆشەویستییە) بردومانە و لەبەردەم سەگ و بەرازمان (ڕۆحە پیسەکان) داناوە. دەرگامان بۆ کردوونەتەوە بۆ ئەوەی پێبنێن بەسەر شتە پیرۆزەکاندا و پارچە پارچەمان بکەن.

پێویستە ئەوە ببینین کە "ڕۆیشتنی خۆشەویستی" بریتییە لە بەرگریکردن دژی هێرشە شەیتانیەکە. پێم وانییە کە شەیتان بتوانێت ئازاری زۆری ئەو کەسە بدات کە لە خۆشەویستیدا ڕێدەکات.

کاتێک بە چوارەم منداڵمەوە دووگیان بووم، مەسیحییەکی پڕبووم لە ڕۆحی پیرۆز، بانگ کرام بۆ خزمەت، قوتابییەکی تێکۆشەری بواری لاهوتی کتێبی پیرۆز بووم. فێری ڕاهێنانکردنی باوەڕ بووم بۆ مەبەستی چارەسەرکردن. لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای دووگیانیەکەمدا زۆر نەخۆش بووم، وزە و کێشم لەدەستدا، کاتی زۆرم لەسەر قەرەوێڵە بەسەر برد، نەخۆش بووم و بە زەحمەت دەمتوانی بجوڵێم.

ئەم بارودۆخە زۆر سەرلێشێوێنەر بوو، لە کاتێکدا هەستم بە خۆشیەکی زۆر دەکرد لەکاتی دووگیانبوونم بە منداڵەکەی دیکەم. هەرچەندە لە کەنیسە بووم بەڵام زۆرم لەبارەی وشەی خوداوە نەدەزانی و چالاکانە باوەڕم بۆ هیچ شتێک بەکارنەدەهێنا. ئێستا زۆر ئاشنام بە پەیمانەکانی یەزدان، بەڵام نەخۆش بووم؛ هیچ بڕە نوێژێکردن بۆ یەزدان و شەڕکردن دژی شەیتان کێشەکانمی چارەسەر نەدەکرد!

ڕۆژێکیان کاتێک لە جێگادا کەوتبووم، گوێم لە مێردەکەم و منداڵەکان بوو کە کاتێکی خۆشیان لە حەوشەکەی پشتەوە بەسەربرد، زۆر بوێرانە داوام لە خودا کرد "کێشەی من چییە؟ بۆچی زۆر نەخۆشم؟ بۆچی چاک نابمەوە؟"

ڕۆحی پیرۆز ڕێگەی نیشاندام کە مەتا حەوت بخوێنمەوە. پرسیارم لە یەزدان کرەد کە ئەم دەقە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە. بەردەوام هەستم دەکرد کە دەبێت دوبارە بیخوێنمەوە، لە کۆتاییدا یەزدان ڕووداویکی بیرهێنامەوە کە دوو ساڵ لەمەوپێش رووید‌ا بوو.

من لە ماڵەوە کچێکم فێری کتێبی پیرۆز دەکرد کە ناوی (جەین) بوو. ئەو بە وەفادارییەوە بەشداری لە کۆرسەکە کرد تا کاتی دووگیانبوونی. پاشان بۆی نەدەکرا کە بەردەوام لەگەڵماندا بەشداربێت چونکە هەمیشە نارەحەت و هەستێکی خراپی هەبوو.

ئەو ڕۆژە هەر کە لە تەختی خەوەکەدا پاڵکەوتم، بیرم کەوتەوە کە من و "خوشکە مەسیحیەکی" دیکە جەینمان تاوانبار کردووە و قسەمان لەبارەی کردووە و ڕەخنەمان لێگرتووە چونکە ئەو هەوڵی نەدەدا بۆ ئەوەی لە بارودۆخەکانیدا سەرکەوتوو بێت و هەوڵی نەدەدا کە خۆشحاڵ بێت کە کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە. ئێمە لە هیچ ڕوویەکەوە یارمەتیمان پێشکەش نەکردبوو، تەنیا بۆچونێکمان دروست کردبوو کە ئەو لاوازە و دووگیانبونەکەی وەکو بیانوێک بۆ تەمبەڵیەکەی و حەز و ئارەزوەکەی بەکاردێنێت.

ئێستا منیش لە هەمان بارودۆحی دوو ساڵ لەمەوبەری جەیندام. یەزدان نیشانیدام کە هەرچەندە لەش ساغ بووم لەماوەی دووگیانبوونم بە سێ منداڵی یەکەمم، بە ڕەخنەگرتن و تاوانبارکردن دەرگایەکی گەورەم بۆ شەیتان کردبوەوە. مرواریەکانم و شتە پیرۆزەکەم (توانای خۆشەویستین بۆ جەین) خستە بەردەم سەگ و بەرازەکان، بەڵام ئێستا لێم هەڵگەڕاونەتەوە و پارچە پارچەیان کردووم. دەتوانم بڵێم کە خێرا بووم لە تۆبەکردن. هەر کە تۆبەم کرد تەندروستیم باش بوو و لەماوەیەی کە مابووم تا لەدایک بوونی منداڵەکە تەندروستیم بوو.

لەم ڕووداوەدا دەرسێکی گرنگ فێربووم سەبارەت بە تاوانبارکردن و ڕەخنەگرتن لە خەڵکی. ببوورن کە دەڵێم لەو ڕۆژە بەدواوە چەندین هەڵەی لەو شێوەم کرد. هەموو کاتێک خودا دەبوا کاری لەسەر کردبام کە بۆ ئەوە سوپاسگوزارم.

هەموومان هەڵە دەکەین، هەموومان لاوازیمان هەیە. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە نابێت دڵڕەقی و ڕۆحی ڕەخنەگرانەمان بەرانبەر یەکتر هەبێت، لەجێگەی ئەوە دەبێت یەکتر ببەخشین و بەزەیی بە یەکتر نیشان بدەین، هەروەک چۆن یەزدان لەبەر یەزدان بەزەیی بە ئێمەدا هاتەوە (ئەفەسۆس ٤: ٣٢).

حوکمدان سەرزەنشتی بەدواوەیە

"کەواتە ئەی مرۆڤ، بیانووت نییە، هەر یەکێک بیت کە حوکم دەدەیت، چونکە بەوەی خەڵکی پێ حوکم دەدەیت، خۆت تاوانبار دەکەیت، لەبەر ئەوەی تۆ کە حوکم دەدەیت، خۆشت هەمان شت دەکەیت." (ڕۆما ٢: ١)

بەجۆرێکی دیکە، هەمان ئەو شتانەی کە خەڵکی دیکەی پێ تاوانبار دەکەین، خۆمان هەمان شت دەکەین. بۆ تێگەیشتنم لەو یاسایە جارێکیان یەزدان نمونەیەکی زۆر باشی پێدام. بیرم کردەوە کە بۆچی ئێمە کاتێک خۆمان شتێک دەکەین هەست دەکەین دروستە، بەڵام کەسێکی دیکە تاوانبار دەکەین کە هەمان شتی ئێمە دەکات. یەزدان وتی: "جۆیس، تۆ لە ئاوێنە پەیەمەییەکەت سەیری خۆت دەکەیت، بەڵام بە ئاوێنەی گەورەکەر سەیری خەڵکی دەکەیت."

ئێمە بۆ کارەکانی خۆمان بیانوو دێنینەوە، بەڵام هەر کاتێک یەکێک هەمان شتی ئێمە دەکات، زۆربەی کات بێبەزەیین بەرانبەریان. چۆن دەتانەوێ هەڵسوکەوتان لەگەڵ بکەن بە هەمان شێوە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی بکەن (سەیری مەتا ٧: ١٢ بکەن). نموونەیەکی باشی ژیانە، ئەگەر شوێنی بکەوین ئەوا ڕێگە لە حوکمدان و ڕەخنە گرتنی زۆر دەگرێت.

بیری حوکمدەر لقێکی سەرەکی بیری نەرێنیە، بیر لە هەڵەکانی کەسێک دەکەویتەوە لەجێگەی بیرکردنەوە لە ڕاستی و دروستیەکانی.

ئەرێنی بە و نەرێنی مەبە!

خەڵکی قازانج دەکەن بەڵام تۆ لە هەموو کەسێک زیاتر قازانج دەکەیت.

دڵت بپارێزە

"لە سەرووی هەموو چاودێرییەکەوە دڵت بپارێزە، چونکە دڵ سەرچاوەی ژیانە."
(پەندەکانی سلێمان ٤: ٢٣)
ئەگەر دەتەوێت ژیان سەرچاوە بگرێت بۆت، لە تۆشەوە ژیان سەرچاوە بگرێت ئەوا دڵتە بپارێزە.

کۆمەڵە بیروهزرێکی تایبەت مایەی "تێڕامان" نین بۆ باوەڕدار، حوکمدان و ڕەخنەگرتنیش لەناو ئەو کۆمەڵەیەدان، هەموو ئەو شتانەی کە یەزدان دەیەوێت فێرمان بکات بۆ خۆشبەختی و باشی ئێمەیە. شوێنکەوتنی ڕیگەی ئەو بەرهەم دێنێت، شوێنکەوتنی ڕێگەی شەیتان ویرانی دێنێت.

لە گومان کردن گوماناوی بە

"بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت، باوەڕ بە هەموو شتێک دەکات، هیوا بە هەموو شتێک دەخوازێت، بۆ هەموو شتێک ئارام دەگرێت." (یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٧)

دەتوانم ڕاستگۆیانە بڵێم کە ملکەچ بوون بۆ ئەم ئایەتە هەمیشە بەلامەوە گران بووە. گەورەکراوم بۆ ئەوی گومانم هەبێت، لەڕاستیدا فێرکراوم کە باوەڕم بە هیچ کەسێک نەبێت، بەتایبەت ئەگەر خۆیان وا نیشاندا کە باشن، چونکە دەبێت شتێکیان بوێت.

سەرەڕای ئەوەی فێرکرابووم کە گومانم لە خەڵکی دیکە و مەبەستەکانیان هەبێت، ئەزمونی بێهیواییەکی زۆرم لەگەڵ خەڵکیدا هەبووە، نەک تەنیا پێش ئەوەی ببم بە مەسیحییەکی چالاک، بەلکو بەهەمان شێوە لە دواتریشدا. دوای وردبوونەوە لە پێکهاتەکانی خۆشەویستی بۆم دەرکەوت کە خۆشەویستی باوەڕی بە باشترین هەیە یارمەتیەکی گەورەی دام بۆ گەشەپێدانی گردارێکی نوێ.

کاتێک مێشکت ژەهراوی کرا یان شەیتان قەڵاکانی لەناو مێشکتدا بەدەست هێنا، دەبێت مێشکت دوبارە بەپێی وشەی یەزدان نوێ بکرێتەوە. ئەمە بە فێربوونی وشەی خودا و بیرکردنەوە لەو وشانە ئەنجام دەدرێت.

ئێمە ڕۆحێکی پیرۆزی گەورەمان لەناخدایە. کاتێک بیروهزرەکانمان بە ئاراستەیەکی هەڵەدا دەڕوات بەئاگامان دێنێتەوە. یەزدان کاتێک ئەم کارەم بۆ دەکات کە لە جیگەی بیروهزری خۆشەویستی، بیروهزری گوماناویم هەبوو. مرۆڤی ئاسایی پێی وایە "ئەگەر باوەڕ بە خەڵکی بکەم، ئەوا سوودم لێوەردەگرێت"، لەوانەی بەو جۆرە بێت بەڵام ئەو سوودانە زۆر لە ئەزمونە نەرێنیەکان قورستر دەبن.

متمانەکردن و باوەڕ، خۆشی بۆ ژیان دێنن، هەروەها یارمەتی پەیوەندییەکان دەدەنکە بۆ ئەوپەڕی گەورەیی گەشە بکەن.

گومان هەموو پەیوەندیەکان فەلەج دەکات بەزۆری لەناویان دەبات.

ئەمە مەبەستە سەرەکییەکەیە: ڕێگای یەزدان بەسوودە و ڕێگای مرۆب بیسوودە. یەزدان گومان و ڕەخنەگرتن و تاوانبارکردن مەحکوم دەکات، بەهەمان شێوە ئێمەش دەبێت مەحکومی بکەین. ئەوەی کە یەزدان خۆشی دەوێت تۆش خۆشت بوێت، ئەوەشی کە ڕقی لێیەتی تۆش ڕقت لێی بێت، ڕێگە بدە بەوەی کە ئەو ڕێگەی پێداوە، ڕێگە مەدە بەوەی کە ئەو ڕێگەی پێنەداوە.

هەڵسوکەوتی مامناوەند هەمیشە باشترین سیاسەتە. ئەمە واتای ئەوە نییە کە پێویست ناکات دانایی و تێگەیشتن بەکاربهێنین لەکاتی هەڵسوکەوت کردندا. نابێت هەموو ژیانمان بەڕووی ئەو کەسانەدا بکەینەوە کە قسەیان لەگەڵ دەکەین، نابێت دەرفەتی ئەوەیان بدەینێ کە وێرانمان بکەن. لەلایەکی دیکەوە پێویست ناکات بە نەرێنی و چاوی گومانەوە سەیری هەموو کەسێک بکەین، هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بکە کە خەڵکی سودت لێوەربگرن.

بەتەواوی باوەڕ بە یەزدان بکە و بەپێی پێویست باوەڕ بە مرۆڤ بکە

"کە لە جەژنی پەسخە لە ئۆرشەلیم بوو، زۆر کەس باوەڕیان بە ناوی هێنا، چونکە نیشانەکانیان دەبینی کە دەیکرد. بەڵام عیسا لەلای خۆیەوە متمانەی پێ نەکردن، چونکە هەموویانی دەناسی. لەبەر ئەوە پێویستی بە کەس نەبوو دەربارەی مرۆڤ شایەتی بۆ بدات، چونکە ناوەڕۆکی مرۆڤی دەناسی." (یۆحەنا ٢: ٢٣- ٢٥)

جارێکیان دوای ئەوەی تووشی بارودۆخێکی نائومێدی کەنیسە بووم (یۆحەنا **٢: ٢٣- ٢٥**) هێنایە بەرچاوم.

ئەم دەقە باسی پەیوەندی عیسا و قوتانییەکانی دەکات، بەڕوونی دەڵێت کە باوەڕی پێیان نەبوو. ئەوە بەو مانایە نایەت کە متمانەی نەبوو پێیان یان لێیان بە گومان بوو، تەنیا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە عیسا سروشتی مرۆڤ تێگەیشتبوو. بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ باوەڕی پێیان نەبوو.

دەرسێکی باش فێربووم. زۆر بە خراپی ئازاردرام لە حاڵەتێکی کەنیسەکەمدا چونکە لە ڕادەبەدەر تێکەڵی گروپێکی خانمان ببووم، هاوسەنگیم لەدەستدابوو. هەرکاتێک هاوسەنگیمان لەدەست دەدەین دەرگایەک بەڕووی شەیتاندا دەکەینەوە.

(یەکەم پەترۆس **٥**: ٨) دەڵێت: "چاوکراوە بن و ئێشک بگرن، شەیتانی دوژمنتان وەک شێرێکی .بە نەڕەنەڕ دەسووڕێتەوە، بەدوای یەکێکدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیخوات."

فێربووم کە پشتم بە خانمەکانی ناو گروپەکە دەبەست باوەڕێکم پێیان هەبوو کە هی یەزدان بوو. ئێمە تەنیا دەتوانین زیادەڕۆیی لە پەیوەندیە مرۆڤانەکانماندا بکەین، ئەگەر لە ژیری لاماندا کێشە سەرهەڵدەدات و ئازارمان دەدات.

هەمیشە باوەڕی تەواوت بە یەزدان هەبێت. ئەنجامدانی ئەمە دەرگای ڕۆحی پیرۆزت بۆ دەکاتەوە، کە هێڵی هاوسەنگیت تێپەڕاند ئاگادارت دەکاتەوە.

هەندێک کەس پێیان وایە کە دەرک دەکەن بەڵام لەڕاستیدا ئەوان گومان دەکەن. دیاریەکی ڕاستەقینەی ڕۆحی هەیە کە پێی دەوترێت توانا ڕۆحییەکان (یەکەم کۆرنسۆس **١٢: ١٠**). ئەو دەرکی خراپ و چاک دەکات، نەک تەنیا خراپ. گومان لە مێشکێکی نوێنەبوەوە سەرچاوە دەگرێت، دەرک کردن لە ڕۆحێکی نوێبوەوە سەرچاوە دەگرێت. نوێژ بۆ دیاریە ڕاستەقینەکان بکە، نەوەک ئەو جەستەیەی کە خۆی وەکو دیاری ڕۆح نیشاندەدات. توانا ڕۆحیە ڕاستەقینەکان نوێژ لەگەڵ خۆیاندا دینن نەوەک قسەی بێبنچینەیە. ئەگەر کێشەیەکی ڕاستەقینە لەلایەن دیاریەکی

ڕاستەقینەوە بناسرێتەوە، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی پشت بە شێوازی کتێبی پیرۆز دەبەستێت، نەوەک شێوازی جەستەیی کە تەنیا کێشەکە ئاڵۆز و بڵاودەکاتەوە.

قسەی جوان شیرین و چارەسەرە

"دڵی کەسی دانا ڕێنمایی دەمی دەکات و بەسەر لێوان فێربوون زیاد دەکات. قسەی جوان شانەی هەنگوینە، بۆ دەروون شیرینە و بۆ ئێسک چاکبوونەوەیە." (پەندەکانی سلێمان **١٦: ٢٣-٢٤**)

بیروهزرەکان و وشەکان وەکو ئێسقان و مۆخن، زۆر نزیکن، سەختە لەیەکیان جودا بکەیتەوە. (سەیری **٤: ١٢** بکە).

بیروهزرەکان و وشە بێدەنگەکان کە تەنیا یەزدان و ئێمە گوێمان لێدەبێت، بەڵام ئەو وشانە کاردەکاتە سەر ناخی مرۆڤانەمان، تەندروستیمان، خۆشیمان، ڕەفتارمان. ئەو شتانەی کە بیریان لێدەکەینەوە زۆربەی کات لە دەممان دێنە دەرەوە و هەر دەیڵێین و دەیڵێینەوە. هەندێ کات وامان لێدەکات گێل دەرکەوین. حوکمدان و ڕەخنەگرتن و گومانکردن هەرگیز خۆشی ناهێنن. عیسا وتی کە هات بۆ ئەوەی ژیانمان هەبێت و خۆشی لە ژیان وەربگرین (سەیری یۆحەنا **١٠: ١٠** بکە). دەست بکە بە کارکردن لەناو مێشکی مەسیحدا، بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە هەنگاو دەنێیتە ناوچوی تەواوی ژیانی نوێوە.

بەشی چواردەیەم

مێشکێکی ناچالاک

"گەلەکەم لە نەزانین لەناودەچێت." (هۆشەع ٤: ٦)

ئەم ڕستەیە بەتەواوی دروستە سەبارەت بە بواری ناچالاکی. زۆربەی مەسیحییەکان تەنانەت بەم دەستەواژەیە ئاشنا نین و نازانن چۆن نیشانەکانی بناسنەوە.

ناچالاکی پێچەوانەی چالاکیە. کێشەیەکی مەترسیدارە، چونکە وشەی یەزدان بەڕوونی فێرمان دەکات کە ئێمە دەبێت وریا و ئاگادار و چالاک بین (سەیری یەکەم پەترۆس ٥؛ ٨ بکە). پێویستە مەشخەڵەکە و ئەو دیارییەش کە لەناوماندایە دایگیرسێنین (سەیری دوەم تیمۆساوس ١: ٦ بکە).

چەندین جۆر پێناسەی وشەی "ناچالاکی"م خوێندوەتەوە و بە نەبوونی هەست یان نەبوونی حەز، بێهەستی و کەمتەرخەمی و تەمبەڵی وەسف دەکەم. ڕۆحە پیسەکانی لەپشت ناچالاکیەوەن. شەیتان دەزانێت کە ناچالاکی و شکستهێنانی ویست کۆتایی دێنێت بە بەرگری باوەڕدارەکان. تا کەسێک دژی شەیتان هەستێتەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ویستییەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵی، دوژمنەکە جەنگەکە ناباتەوە. هەرچەندە ئەگەر چووە ناو هەرێمی ناچالاکیەوە، ئەوا تووشی کێشەیەکی جدی بووە.

زۆرێک لە باوەڕداران بەپێی هەستیان بەڕێوە دەچن بەجۆریک ناچالاک کردنی هەستەکانیان تەنیا شتێکی کە پێویستە بۆ وەستاندنیان لە ئەنجامدانی ئەو شتەی کە فێرکراون ئەنجامی بدەن. ئەوان ستایش دەکەن ئەگەر هەستیان کرد حەزیان لێیەتی، دەبەخشن ئەگەر هەستیان کرد حەزیان لێیەتی، پەیمانەکەیان دەبەنە سەر ئەگەر هەستیان کرد حەزیان لێیەتی و ئەگەر هەستیان کرد حەزیان لێی نییە ئەوا نایکەن.

شوێنی بەتاڵیش شوێنە!

"دەرفەت بۆ شەیتان مەڕەخسێنن." (ئەفەسۆس ٤: ٢٧)

ئەو دەرفەتەی کە دەیدەینە شەیتان زۆربەی کات شوێنێکی بەتاڵە. مێشکێکی بەتاڵ و ناچالاک بەئاسانی دەتوانرێت پڕبکرێت بە هەموو جۆرە بیروهزرێکی هەڵە. باوەڕدارێکی کە مێشکی ناچالاکی هەیە و دژی ئەو بیروهزرە هەڵانە ناوەستێتەوە ئەوا زۆربەی کات وەکو بیروهزرەکانی خۆی وەریاندەگرێت.

ئەو پەی بەوە نابات کە ڕۆحی شەیتان خستونیەتە ناو مێشکیەوە، چونکە لەوێ شوێنێکی بەتاڵ هەیە بۆ پڕکردنەوە.

یەکێک لە ڕێگاکان بۆ پاراستنی مێشکت لە بیروهزرە هەڵەکان بریتیە لە پڕکردنی مێشکت بە بیروهزرە دروستەکان. شەیتان دەتوانرێت تێک بشکێنرێت بەڵام دەڕوات و لە بیابانەکان سەرگەردان دەبێت و بەدوای وەرزێکدا دەگەڕێت. کاتێک کە گەڕایەوە ماڵە چۆڵەکەی و بۆی دەرکەوت کە چۆڵە، کتێبی پیرۆز لە (لۆقا ١١: ٢٤- ٢٦) دەڵێت کە ئەو دەگەڕێتەوە، خەڵکی دیکەش لەگەل خۆی دینێت و حاڵەتی کۆتایی کەسەکە خراپتر دەبێت لە حالەتی یەکەم جاری.

من ناڵێم کە کەسیک بیروهزری خراپی هەیە خاوەنی ڕۆحێکی پیسە، بەڵام ڕۆحی پیس هەمیشە بیروهزری خراپی هەیە. کەسێک بەردەوام دەتوانێت خەیاڵەکان لەناوببات، بەڵام هەمیشە دەگەڕێنەوە تا ئەو کاتەی فێردەبێت ناوچە چۆڵەکە بەبیرکردنەوەی دروست پڕبکاتەوە. کاتێک دوژمن دەگەڕێتەوە هیچ بۆشاییەک لە کەسەکەدا نادۆزێتەوە.

گوناهی هێرشکەر هەیە، یان گوناهی بەهێز هەیە و گوناهی شاراوەش هەیە کە گوناهی لەناوبراون. بەجۆرێکی تر، شتی زۆر هەڵە هەیە کە دەیکەین شتی باش هەیە کە نایکەین، بۆ نموونە پەیوەندی دەتوانرێت بە قسەی پڕوپووچ لەناوببرێت و هەروەها بەلەناوبردنی وشە جوانەکانی بەرزنرخاندن کە دەبوایە بوترێن بەڵام هەرگیز نەوتران. کەسی ناچالاک پێی وایە شتی هەڵە ناکات چونکە هیچ شتێک ناکات. ڕوبەڕوی هەڵەکەی بوەتەوە و دەڵێت: "هیچ شتێکم نەکردووە." لێکدانەوەکەی دروستە بەڵام کردارەکەی دروست نیە، کێشەکەی تەواو دەردەکەوێت چونکە هیچ شتێکی نەکردوە.

زاڵبوون بەسەر ناچالاکیدا

چەندین ساڵ لەمەوپێش دەیڤ، کێشەی لەگەڵ ناچالاکیدا هەبوو، هەندێ شتی تایبەت هەبوو کە تێیاندا چالاک بوو. هەموو رۆژ دەچوو بۆ سەرکار، ڕۆژی شەمە یاری گۆڵفی دەکرد، یەکشەمە یاری تۆپی پێی دەکرد. بیجگە لەمانە زەحمەت بوو بتوانی قایلی بکەیت کە شتێکی دیکە بکات.

ئەگەر پێویستیم بەوە بوایە ڕەسمێک بە دیوارێکەوە هەڵبواسم، ئەوا سێ بۆ چوار هەفتەی پێدەچوو تا ئەنجامی دەدات. ئەمە ببوە هۆی ناکۆکی گەورەی نێوانمان. بۆم دەرکەوت کە تەنیا ئەو شتەی دەکرد کە خۆی دەیویست، جگە لەوە هیچی دیکەی نەدەکرد.

دەیڤ یەزدانی خۆشدەویست، هەرکە داوای لە یەزدان کرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەم کێشەیە، یەزدان هەندێک زانیاری ئاراستە کرد سەبارەت بە ناچالاکی مێشکی و مەترسیەکانی. بۆی دەرکەوت کە کێشەی لەگەڵیاندا نەبوو چونکە خواستی خۆی لەم بوارانەدا بەدەست هێنابوو، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ناچالاک بوونەوە خواست و ئارەزوەکەی پێشکەش دوژمن کردبوو. لەو بوارانەدا دەچەوسایەوە هەروەها چووبوو بۆ ئەو شوێنەی کە هیچ ئارەزووی لێنەبوو، هیچ هاندانێک نەبوو بۆ ئەوەی یارمەتی بدات ئەرکە دیاریکراوەکەی تەواو بکات.

خوێندنی وشەی یەزدان و نوێژ، دوو بواری تر بوون کە دەیڤ تێیدا ناچالاک بوو. لەو کاتەوەی کە دەمزانی داوای لە یەزدان نەدەکرد تاکو ڕێنمایی بکات ئیدی بۆم سەخت بوو گوێی لێبگرم. بەهەرحاڵ لەگەڵ یاخیبوون کێشەم هەبوو، هەروەها دەتوانی ببینی کە چۆن شەیتان لایەنە لاوازەکەی ئێمە لە دژی یەکتر بەکاردێنێت. چەندی ژن و مێرد لەسەر ئەم کێشانە لەیەکتر جودا بوونەتەوە. بەڕاستی تێناگەن کێشەکە چییە.

لەڕاستیدا زۆر بەپەلە بووم. هەمیشە پێش یەزدان دەکەوتم، لە جەستەدا "کارەکانی خۆمم ئەنجام دەدا" و چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە یەزدان بەرەکەتداری بکات. دەیڤ شتی زۆری نەدەکرد جگە لە چاوەڕێکردنی یەزدان، ئەوەش بەلای منەوە بێزارکەر بوو. ئێستا پێدەکەینین کاتێک بیر لەوە دەکەینەوە کە لە ڕابردوودا چۆن بووین. بەڵام ئەوە لەو کاتەدا پێکەنیناوی نەبوو، ئەگەر یەزان سەرنجی ئێمەی ڕانەکێشابا، ئەوا لەوانە بوو ئێمەش یەکێک دەبووین لە ئاماری جوودابوەکان.

دەیڤ پێی وتم کە هەمیشە لە پێش یەزدانەوە بووم، و وەڵامی دەدەمەوە کە هەمیشە پازدە کیلۆمەتر لەدوای یەزدانەوە بوو. من زۆر پەلە و دەیڤیش زۆر ناچالاک بوو.

کاتێک باوەڕدارێک لەهەر بوارێکدا ناچالاکە کە توانای هەیە و لەو بوارەشدا بەهرەی پێدراوە، ئەو بوارە تایبەتە دەستدەکات بە وشکبوونەوە یان بێجوڵە دەبێت. تا زیاتر کارێک نەکات ئەوا کەمتر دەیەوێت کارێک ئەنجام بدات. یەکێک لە باشترین نموونەکانی راهێنانی جەستەییە.

لەم دواییانەدا لەسەر بەرنامەیەکی باشی ڕاهێنان بووم تا زیاتر ڕاهێنانم دەکرد ئاسانتر دەبوو بۆم. کاتێک یەکەم جار دەستم پێکرد زۆر گران بوو، کە بەرنامەکەم جێبەجێ دەکرد هەموو کات ئازاری دەدام، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر ناچالاک و سست بووم لە ڕاهێنان کردن. تا زیاتر ئەنجامم نەدەدا زیاتر جەستەم خراپ دەبوو. بەهۆی بەکارنەهێنانی ماسولکەکانەوە تا دەهات لاواز و لاوازتر دەبووم.

دەیڤ بۆی دەرکەوت کە کێشەکەی چیبووە! ئەو سەرقاڵی ڕۆحە خراپەکان بوو کە بە هۆی ماوەیەکی زۆری ناچالاکیەوە دەیانچەوساندەوە. هەرکە ڕۆحی پیرۆز ئەم ڕاستیەی بۆ دەرخست، دەیڤ بڕیاریدا کە جارێکی دیکە چالاک و بە هەڵمەت بێت، تەمبەڵ نەبێت و کارەکان دوا نەخات.

بڕیاردان لایەنێکی ئاسان بوو، بە کردارکردنی قورس بوو. قورس بوو چونکە هەریەک لەو بوارانەی کە تێیدا ناچالاک بوو دەبێت ڕابهێنرێنەوە تا ئەو کاتەی بەهێز دەبنەوە.

پێش ئەوەی بڕوات بۆ ئیش، کاتژمێر پێنجی بەیانی هەڵدەستا و دەستی دەکرد بە نوێژکردن و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز. جەنگ هەڵگیرسابوو! شەیتان نەیدەویست دەستبەرداری ئەو ناوچەیە بێت کە بەدەستی هێناوە، بێ شەڕکردن وازی لێناهێنێت. دەیڤ لە خەو هەڵدەستا بۆ ئەوەی کات لەگەڵ خودا بەسەر ببات بەڵام لەسەر قەنەفەکە خەوی لێدەکەوت. لەگەڵ ئەوەی کە بەیانی زوو خەوی لێدەکەوت بەڵام ئەو هەر لە گەشەکردندا بوو، چونکە لە جێگەکەی دەهاتە دەرەوە و هەوڵی دەدا ژیانی نوێژکردن بنیات بنێت.

کاتی وا هەبوو بێزار دەبوو. ڕۆژی وا هەبوو کە هەستی دەکرد هیچ گەشە ناکات. بەهیچ جۆرێک لەو شتە تێنەدەگەیشت کە دەیخوێندەوە، یان پێی وابوو کە نوێژەکانی ناگەنە شوێنی مەبەست. بەڵام بەهی بینینی ڕۆحی پیرۆز بۆ ئەو بارودۆخە کە پێی دەڵێن "ناچالاکی" بەرگەی گرت و بە جێگیری مایەوە.

سەیرم کرد کاتێک کە پێویستم بە دەیف بوو تاکو وێنەیەک هەڵبواسێت یان شتێک لە ماڵەوە چاک بکاتەوە دیسان دەستبەجێت لایدەدایەوە، دەستی دەکردەوە بە بیرکردنەوەکانی خۆی و بڕیاردانەکانی خۆی. زۆرجار هەستی دەکرد کە حەزناکات ئەنجامی بدات یان تەنانەت بیەوێت بە سروشتی ئەنجامی بدات، بەڵام ئەو بەسەر هەستەکان و ویستی جەستەییدا سەرکەوت. تا زیاتر بەگوێرەی ئەوەی کە دەیزانی دروستە کاری ئەنجام دەدا زیاتر چێژی لە ئازادی وەردەگرت.

ڕاستگۆیانە پێت دەڵێم بۆ ئەو شتێکی ئاسان نەبوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تەنانەت چەند هەفتەکەیش کاتی نەبوو. ناچالاکی یەکیکە لە بارودۆخە هەرە سەختەکان بۆ زاڵبوون، چونکە هەروەکو باسم کرد هیچ هەستێک نیە بۆ پشتیوانی کردن.

بە یارمەتی خودا، دەیف جێگیر بوو، ئێستا بە هیچ جۆرێک ناچالاک نیەی. ئەو بەڕێوەبەری خزمەتەکەمانە، چاودێری دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکەمان دەکات و هەروەها بەرپرسیاریەتی هەموو لایەنی دارایی خزمەتەکەمانی هەیە بە خشتەی گەشتەکانیشەوە. پیاویکی زۆر ناوازەی خێزانیشە. نوێژدەکات و بەردەوام کاتی خۆی بۆ وشەی یەزدان تەرخان دەکات. بە کورتی، پیاوێکی دەبێت ڕێزی لێبگیردرێت و دەستخۆشی لێبکرێت.

تا ئێستاش یاری گۆڵف دەکات و سەیری وەرزش دەکات، بەڵام ئەو شتانەش دەکات کە دەبێت بیانکات. ئەگەر ئێستا بیناسیت و سەیری هەموو ئەو شتانە بکەیت کە ئەو بەدەستی هێناوە، هیچ کەسێک باوەڕ ناکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناچالاک بووبێت.

باری ناچالاکی دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام یەکەم هەنگاوی کرداری بۆ زاڵبوون بەسەریدا بریتیە لە زاڵبوون بەسەر ناچالاکی لە مێشکدا.

دەیڤ نەیدەتوانی گەشە بکات تا ئەو کاتەی بڕیاریدا شێوازی بیرکردنەوەی بگۆڕێت.

کرداری دروست لەدوای بیرکردنەوەی دروستەوە دێت

"شێوەی ئەم ڕۆژگارە وەرمەگرن، بەڵکو بە نوێکردنەوەی بیرتان بگۆڕێن، تاکو بتوانن خواستی خودا تێبگەن کە باش و پەسەندکراو و تەواوە." (ڕۆما **١٢: ٢**)

بە درێژایی وشەی خودا یاسایاکی زیندوو ودایناميکی نیشاندراوە، هیچ کەسێک هەرگیز پێنانێتە سەرکەوتنەوە تا ئەو کاتەی تێنەگات و لەناویدا کار نەکات. کرداری دروست لەدوای بیرکردنەوەی دروستەوە دێت.

ڕێگەم بدەن با بە جۆریکی دیکە بڵێم: کردارەکانت ناگۆڕدرێن تاوەکو بیرکردنەوەکانت نەگۆڕێن. لە ڕیزبەندی شتەکانی یەزداندا، دروست بیرکردنەوە یەکەم شتە و بەدوایدا کرداری دروست دێت. باوەڕم وایە کە کرداری دروست یان ڕەفتاری دروست بریتییە لە "بەرهەم و میوە"ی دروست بیرکردنەوە.

زۆربەی باوەڕداران لە کێشمەکێشدان بۆ ئەنجامدانی کاری دروست، بەڵام کێشمەکیش بەرهەمی نییە. میوە و بەرهەم لە ئەنجامی چەسپان لەگەڵ دار مێوەکەدا دێت. (سەیری یۆحەنا **١٥: ٤** بکە) و چەسپان لە دار مێوەکەدا گوێڕایەڵیش لەخۆ دەگرێت (سەیری یۆحەنا **١٤: ١٠** بکە).

من هەمیشە (ئەفەسۆس **٤: ٢٢- ٢٤**) بەکاردێنم کاتێک لەسەر ئەم یاسایە وانە دەڵێمەوە.

ئایەتی **٢٢** دەڵێت: "سەربوردەی پێشووتان دابکەنن، مرۆڤە کۆنەکە، کە بە ئارەزووە هەڵخەڵەتێنەرەکانی گەندەڵ بووە."

ئایەتی **٢٤** بەردەوام دەبێت لە بۆچوونەکە بە وتنی: "مرۆڤی نوێ لەبەر بکەن، ئەوەی بەگوێرەی خودا بەدیهێنراوە، لە ڕاستودروستی و پیرۆزی ڕاست."

کەواتە دەبینین کە ئایەتی **٢٢** بەشێوەیەکی سەرەکی پێمان دەڵێت کە واز لە ڕەفتاری نەشیاو بهێنین و ئایەتی **٢٤** پێمان دەڵێت کە بەشێوەیەکی شیاو هەڵسوکەوت بکەین.

بەڵام ئایەتی **٢٣** کە پێی دەڵێم بووکی کتێبی پیرۆز: "ڕۆحی مێشکتان نوێ بێتەوە." ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە چۆن لە ئایەتی **٢٢** "هەڵسوکەوتی نەشیاو" بکەینە ئایەتی **٢٤** "هەڵسوکەوتی شیاو."

مەحاڵە بەبێ گۆڕینی بیروهزرەکانت بتوانیت لە کرداری هەڵەوە بگەیتە کرداری دروست. کەسێکی ناچالاک پێدەچێت بیەوێت شتێکی دروست ئەنجام بدات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەنجامی بدات تاوەکو بەتایبەتی مێشکی چالاک نەکات و یەکڕیز نەبێت لەگەڵ وشەی یەزدان و ویستەکەی.

نموونەیەکم بە مێشکدا هات کە لەبارەی پیاوێکەوەیە، لە یەکێک لە سیمینارەکانمدا داوای کرد نوێژی بۆ بکەی. ئەو پیاوە کێشەی لەگەڵ هەوەس هەبوو. ئەو بەڕاستی ژنەکەی خۆشدەویست، نەیدەویست ژیانی هاوسەرگیریەکەیان لەناوبچێت. بەڵام دەبوو کێشەکەی چارەسەر بکرێت ئەگەرنا بەدڵنیاییەوە خیزانەکەیان وێران دەبوو.

پێی وتم: "جۆیس، من کێشەم لەگەڵ شەهوەتدا هەیە، ناتوانم خۆم بەدووربگرم لە ژنانی دیکە، بۆ ڕزگاربوون نوێژ دەکەیت؟ چەندین جار نوێژم کرد، بەڵام هیچ پێشکەوتنێکم بەخۆوە نەدی."

ئەمە ئەو شتە بوو کە ڕۆحی پیرۆز هانیدام پێی بڵێم: "بەڵێ نوێژت بۆ دەکەم، بەڵام تۆ دەبێت وەڵام دەرەوەیئەو شتە بیت کە ڕێگەی پێدەدەیت لە شاشەی مێشکتدا نیشان بدرێت. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بتەوێت چێژ لە ئازادی وەربگریت ئەوا نابێت ڕۆژێک لە ڕۆژان وێنە ڕووتەکان بهێنیتە بەرچاو خۆت."

هەروەکو ئەم پیاوە خەڵکی دیکەش دەستبەجێ بۆیان دەرکەوت، بۆچی ئەوان ئەزمونی بەرەو پێشچوون ناکەن لەگەڵ ئەوەی کە دەیانەوێت ئازاد بن: ئەوان دەیانەوێت ڕەفتاریان بگۆڕن نەوەک بیرکردنەوەیان.

مێشک بەزۆری ئەو ناوچەیەیە کە خەڵکی "لەگەڵ گوناهدا" ڕوبەرو دەبێتەوە. عیسا لە (مەتا **٥: ٢٧-٢٨**)دا دەڵێت: "بیستووتانە گوتراوە: داوێنپیسی مەکەن. بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بە هەوەسبازییەوە سەیری ئافرەتێک بکات، ئەوا لە دڵی خۆیدا داوێنپیسی لەگەڵ کردووە."

ڕێگەی کرداری گوناهاوی بیرکردنەوەی گوناهاوی ڕێگەی بۆ خۆش کردووە.

ژنێک کە بەشداری کرد لە یەکەم وانەی کتێبی پیرۆز لە ماڵەوە، ژیانی بەخشی بووە یەزدان و دەیویست ماڵەکەی و خێزانەکەی ڕاست و دروست بێت. هەموو شتێک لە ماڵەکەیدا شپرزبوو، ماڵ و منداڵ و زەواج و باری دارایی و تەندرستی و هتد. ڕاشکاوانە وت کە هاوسەرەکەی خۆشناوێت، لەڕاستیدا ڕقی لێی دەبوەوە. دەیزانی کە ڕەفتارەکانی خودایی نین، دەیویست خۆشی بوێت بەڵام تەنیا پێدەچوو نەتوانێ خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت.

نوێژمان کرد ئەویش نوێژی کرد. هەموو کەسێک نوێژی کرد! ئێمە لەگەڵیدا باسی کتێبی پیرۆزمان کرد و فێرکردنی تۆمارکراومان پێدا بۆ ئەوەی گوێی لێبگرێت. هەموو ئەو شتانەمان کرد کە دەمانزانی بیکەین، وادیار بوو دوای ئامۆژگارییەکانمان کەوتبوو بەڵام هیچ بەرەوپێش جوونێکی بەدی نەکردبوو.

کێشەکە چی بوو؟ لە ماوەی کۆبونەوەی ڕاوێژکاریدا ئاشکرا بوو کە ئەو هەموو ژیانی لە خەیاڵدا بەسەر بردوە. هەمیشە خەیاڵی ئەو حەکایەتانەی کردوە کە تێیدا خۆی شازادە بووە و شازادی خەیاڵیشی بە چەپکێک گوڵ و پاکەتێک شیرینیەوە لە ئیش دەگەڕێتەوە بە میهرەبانیەکەی خاکی بەرپێی دەماڵێت.

ئەو ڕۆژانی تەمەنی بەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەسەر بردووە. کاتێک مێردە قەڵەوە عارەقاویە چڵکنەکەی دێتەوە ماڵ کە بەدرێژایی ڕۆژ بەسەختی هەوڵ دەدات، ڕقی لێ دەبوەوە.

بۆ ساتێک بیر لەم حاڵەتە بکەوە. ژنەکە دوبارە لەدایک بوەتەوە، بەڵام هێشتا ژیانی ئاڵۆز بوو. دەیویست گوێڕایەڵی خودا بیت و بۆ ئەوە بژێت و هەروەها دەیویست مێردەکەشی خۆش بوێت

چونکە دەیزانی ئەوە ویستی یەزدانە. حەزی دەکرد لە ژیانی و هاوسەرگیریەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەڵام مێشکی شکستی پێدەهێنا. هیچ ڕێگەیەک نەبوو بۆ زاڵبوون بەسەر ڕقلێبوونەوەی مێردەکەی تا ئەو کاتەی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی شێوازی "مێشکی ئارام."

ئەو لەڕووی دەرونییەوە لە جیهانێکدا دەژیا کە بوونی نەبوو و بوونیشی نابێت. هەربۆیە بەتەواوی ئامادەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕاستیدا خۆی بگونجێنێت، مێشکێکی ناچالاکی هەبوو، هەروەها تا ئەو کاتەی بیرکردنەوەی بەپێی وشەی یەزدان هەڵنەبژێرێت، ئەوا ڕۆحە خراپەکان بیروهزرەکان دەخەنە مێشکیەوە.

تا ئەو کاتەی پێی وابێت ئەوانە بیروهزری خودی خۆین و چێژیان لێوەربگرێت هەرگیز ئەزمونی سەرکەوتن ناکات. ئەو بیرکردنەوەکانی گۆڕی و ژیانیشی دەستی بە گۆڕان کرد، ئەو هەڵسوکەوتە دەرونیەکانی بەرانبەر هاوسەرەکەی گۆڕی و مێردەکەشی دەستی کرد بە گۆڕینی ڕوخسار و هەڵسوکەوتی بەرانبەر ژنەکەی.

مێشکت لەسەر کاروباری ئاسمانی جێگیربکە

"بۆیە ئەگەر لەگەڵ مەسیحدا هەڵستاونەتەوە، بۆ ئەو شتانەی سەرەوە کۆشش بکەن، لەوێ مەسیح لە دەستە ڕاستی خودا دانیشتووە. بایەخ بەو شتانەی سەرەوە بدەن، نەک ئەوانەی لەسەر زەوین." (کۆلۆسی **٣: ١- ٢**)

جارێکی دیکە هەمان یاسا دەبینین: ئەگەر دەتەوێت ژیانی هەستانەوت هەبێت کە عیسا دەستەبەری کردووە ئەوا دوای ئەو ژیانە نوێ و بەهێزەدا بگەڕێ لەڕێگەی جیگرکردن و ڕاگرتنی مێشکت لەسەر شتە ئاسمانیەکان نەوەک لەسەر کاروباری زەوی.

پۆڵسی نێردراو دەڵێت کە ئەگەر من و تۆ ژیانێکی باشمان دەوێت ئەوا دەبێت مێشکمان لەسەر شتی باش دابنێین.

زۆر لە باوەڕدارەکان ژیانێکی باشیان دەوێت، بەڵام ئەوان ناچالاکانە دادەنیشن و هیوای ئەوە دەخوازن کە شتێکی باشیان بەسەر بێت. زۆربەی کات ئیرەیی بەوانە دەبەن کە لە سەرکەوتندا دەژین و زۆر تووڕەن لەوەی کە ژیانی خۆیان زۆر قورسە.

ئەگەر ئارەزووی ئەوە دەکەیت بەسەر کێشەکانتدا زاڵ بیت، ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت ژیانی هەستانەوەی مەسیح بەسەر ببەیت ئەوا دەبێت ئێسکی پشتت هەبێت نەوەک ئێسکی خۆزگە.

دەبێت چالاک بیت، نەوەک ناچالاک. کرداری دروست بە بیرکردنەوەی دروست دەستپێدەکات. لە میشکتدا ناچالاک مەبە، ئەمڕۆ دەستپێبکە و بیروهزرە دروستەکان هەڵبژێرە.

بەشی پازدەیەم

بیری مەسیح

"چونکە کێ بیری یەزدانی زانی، کێ فێری دەکات؟ بەڵام ئێمە بیری مەسیحمان هەیە." (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ١٦)

باوەڕم وایە کە ئێستا بڕیارێکی بەهێزت داوە بۆ ئەوەی بیروهزری دروست هەڵبژێریت، کەواتە با سەیری ئەو جۆرە بیروهزرانە بکەین کە یەزدان لای پەسەندە. بێگومان چەندین جۆر بیرکردنەوە هەن کە بە لای عیساوە بیمانا بوون ئەو کاتەی کە لەسەر زەوی بوو و بیری لەو شتانە نەدەکردەوە. ئەگەر بمانەێت شوێن پێیەکانی ئەو بکەوین، پێویستە بەو جۆرە بیربکەینەوە کە ئەو بیری کردوەتەوە.

لەوانەیە دەستبەجێ بیر بکەیتەوە و بڵێیت: "جۆیس، ئەوە مەحاڵە. عیسا بێگوناه و بێخەوش بوو. ڕەنگە بتوانم بیرکردنەوەم بەرەو پێش بەرم بەڵام هەرگیز ناتوانم بەو جۆرە بیر بکەمەوە کە عیسا بیری دەکردەوە. "
بەڵام ئەوەتا کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە ئیمە بیری مەسیحمان هەیە، دڵێکی نوێ و ڕۆحێکی نوێمان هەیە.

دڵ و ڕۆحێکی نوێ

"دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ. ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوە، واتان لێ دەکەم کە ڕێگای فەرزەکانم پەیڕەو بکەن و حوکمەکانم بەجێبهێنن و کاریان پێ بکەن." (حزقییێل ٣٦: ٢٦- ٢٧)

ئێمەی مەسیح سروشتێکی نوێمان هەیە، کە لە ڕاستیدا سروشتی یەزدانە و لەکاتی دوبارە لەدایک بوونەوەمان لەناوماندا نیشتەجێ بووە.

لەم ئایەتەوە دەتوانین ئەوە ببینینکە یەزدان دەزانێت ئەگەر بێت و ئێمە گوێ لە فرمانەکانی بگرین و بە گوێرەی یاساکانی ئەو بەڕێدا بڕۆین ئەو ڕۆحی خۆی و دڵێکی نوێ (بیرێکی نوێ)مان دەداتێ. (ڕۆما ٨: ٦) باس لە بیری جەستەیی دەکات و پێمان دەڵێت کە مردن لە ئەنجامی شوێنکەوتنی بیری جەستەییەوە دێت. ژیان لە ئەنجامی شوێنکەوتنی بیری ڕۆحییەوە دێت.

بە فێربوونی جیاکردنەوەی مردن لە ژیان، پێشکەوتنێکی زۆر بەدەست دێنین. کاتێک شتێک باسی مردنی بۆ کردی ئەوا چیتر ئەنجامی مەدە، کاتێک چەند دێڕێکی بیروهزرەی دیاریکراو پڕی کردی لە مردن (هەموو جۆرەکانی نارەحەتی و دڵتەنگی) ئەوا دەستبەجێ دەزانی کە ئەمە بیری ڕۆحی نییە.

بۆ زیاتر باسکردنی، با بڵێین من بیر لە نادادپەروەرییەک دەکەمەوە بەهۆی کەسێکەوە ئازاری پێوە چەشتووە، هەربۆیە تووڕە بووم پاشان دەست دەکەم بە بیرکردنەوە کە چەندە ڕقم لەو کەسەیە. ئەگەر من ژیر بم ئەوا سەرنجی ئەوە دەدەم کە پرکراوم لە مردن. بێتاقەت و تووڕە و خەمبار دەبم، لەوانەیە تووشی نائارامی جەستەییش بم. سەرێشە و زگ ئێشە و زۆر شەکەتبوون دەکرێت ببنە بەرهەمی هەڵە بیرکردنەوەم. بەڵام ئەگەر بیر بکەمەوە کە چەندە پیرۆزم و یەزدان چەندە بۆ من باش بووە ئەوکات دەبینم کە پڕبووم لە ژیان.

بۆ باوەڕدار زۆر یارمەتیدەرە کە فێربێت ژیان و مردن بناسێتەوە. عیسا لەڕێگەی دانانی بیری خۆی لە ئێمەدا پڕبوون لە ژیانی بۆمان دەستەبەر کردووە. ئێمە دەتوانین لەناو بیری مەسیحدا دەست بکەین بە سەرچاوەگرتن.

لە لاپەڕەکانی دواتری ئەم زنجیرەیەدا لیستی کۆمەڵێک شت هەن کە دەتوانین ئەنجامیان بدەین تاکو لە بیری مەسیحدا بگرین.

هەنگاوی یەکەم: بە ئەرێنی بیر بکەوە.

"ئایا دووان پێکەوە هاتوچۆ دەکەن، بێ ئەوەی ڕێک بکەون؟" (ئامۆس **٣: ٣**)

ئەگەر کەسیک بە پێی بیری مەسیح بیربکاتەوە ئەوا بیروهزرەکانی چۆن دەبن؟ بەدڵنیاییەوە ئەرێنی دەبن. لە بەشی پێشتردا لەسەر پێویستە تەواوی ئەرێنی بیرکردنەوە قسەمان کرد. ئەگەر پێویست بکات بگەڕێوە بۆ بەشی پێنجەم و لەسەر گرنگی ئەرێنی بوون بیرت نوێ بکەوە. ئێستا چوومە بەشی پێنج و خوێندمەوە و بەرەکەبم لێوەرگرت، لەگەڵ ئەوەی کە خۆم نووسیومە.

هەرگیز ناتوانرێت بەپێی پێویست باسی ئەرێنی بوون بکرێت. یەزدان ئەرێنیە هەروەها ئەگەر من و تۆ بمانەوێت لەگەڵ ئەودا سەرچاوە بگرین دەبێت دەست بکەین بە ئەرێنی بیرکردنەوە. باسی ڕاهێنانی کۆنترۆڵکردنی مێشک ناکەم بەڵکو بەسادەیی باسی بوون بە کەسێکی تەواو ئەرینی

دەکەم. ڕەفتار و نیگای ئەرێنیت هەبێت. پێشبینی و بیروهزرەی ئەرینی بگرە خۆت، لە قسەی ئەرێنیدا بەشدار بە.

بێگومان عیسا ڕەفتار و نیگای ئەرێنی نیشان داوە. ئەو بەرگەی زۆر نارەحەتی گرتووە. لەوانەیە کاتێک کە زۆر پێویستی بە قوتابیەکانی بووە دۆریان لەگەڵ کردوەو و بەجێیان هێشتووە، گاڵتەی پێکراوە، تەنیا بەجێهێڵراوە، بەهەڵە لێی تێگەیشتووە و هەروەها زۆر شتی دیکەی مایەی بێهیوانیی بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە ناوەڕاستی ئەو هەمووە نائومێدییەدا ئەو بە ئەرێنی مایەوە. عیسای مەسیح هەمیشە بۆچوونی بنیاتنەری هەبوو، هیوای دەدا بەوانەی کە دەهاتن بۆ لای.

بیری مەسیح لە ئێمەدا ئەرێنییە، هەربۆیە کاتیک نەرێنی دەبین لەگەڵ بیری مەسیحدا کارناکەین. ملیۆنان کەس ئازار دەچێژن بەهۆی ئەو شتەی کە من پێی دەڵێم "نشێویەکانی ژیان": دڵساردی، خەمباری، نائومێدی. بەڵام پێم وانییە بگونجێت بە بێ ئەوەی نەرێنی بیت حاڵت خراپ بێت، مەگەر ئەوەی کە هۆکارەکە پزیشکی بێت. تەنانەت لەو حاڵەتەشدا نەرێنی بوونەکە تەنیا کێشەکە و نیشانەکانی زیاد دەکات. کاتێک کەسێک حاڵی خراپە، هەموو شتێکی نزم دەبێتەوە، سەری شۆڕدەبێتەوە، لێوی شۆر دەنبەوە، چاوەکان دەتەپن، شانەکانی دەکەون و زۆربەی کات دەیەوێت دابنیشێت یان ڕابکشێت.

بەپێی (زەبووری ٣: ٣) یەزدان شکۆمەندی ئێمەیە و سەربەرزکەرەوەی ئێمەیە، ئەو دەیەوێت هەموو شتێک بەرز بکاتەوە: هیواکانمان، ڕەفتارمان، حاڵمان ، سەرمان، دەستمان هەروەها دڵمان. هەموو ژیانمان ئەو خودای بەرزکەرەوەی ئێمەیە! یەزان دەیەوێت بەرزمان بکاتەوە. شەیتان دەیەوێت نزممان بکاتەوە، شەیتان دەڕوات و بارودۆخە نەرێنیەکانی ژیانمان بەکاردێنێت بۆ نزمکردنەوەمان. فەرهەنگی زمان بەم شێوەیە پێناسەی وشەی "خەمۆکی" دەکات: "نزمبوونەوەی ڕۆحی: دڵتەنگ بوون." بەپێی فەرهەنگی زمانی وێبستەر، کاتێک کەسێک خەمۆکە ئەوا ئەو کەسە لە ژێر کاریگەری دەوروبەریدا کەمتر بووە لەوان. خەمۆکی واتە نقوم بوون، فشار خستنە سەر یان گیرکردن لەژێر زەویدا. بەشێوەیەکی بەردەوام بیرکردنەوەی نەرێنیمان هەیە، بەڵام ئەوانە دەبنە هۆی زیاتر فشار خستنە سەرمان. نەرێنی بوون هیچ کێشەیەکمان بۆ چارەسەر ناکات بەڵکو زیاتری دەکات.

زاڵبوون بەسەر خەمۆکیدا

(زەبووری **١٤٣: ٣- ١٠**) وەسفی خەمۆکیمان بۆ دەکات، پێمان دەڵێت کە چۆن بەسەریدا زاڵبین. با بە وردی سەیری ئەم دەقە بکەین بۆ بینینی ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانین بەکاریان بهێنین بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم هێرشەی دوژمندا:

1. سروشت و هۆکاری کێشەکە دەستنیشان بکە.

"چونکە دوژمن ڕاوم دەنێت، ژیانمی بەرەو زەوی پێپەست کردووە، لەناو تاریکی داینیشاندووم وەک ئەوانەی دەمێکە مردوون." (زەبووری **١٤٣: ٣**)

نیشتەجێبوون " لەناو تاریکی داینیشاندووم وەک ئەوانەی دەمێکە مردوون" بەدڵنیاییەوە بۆ من وەکو ئەوە وایە کە باسی یەکێک بکات کە تا سەر ئێشقان خەمۆکە.

سەرنج بدە کە هۆکاری یان سەرچاوەی ئەو خەمۆکییە، ئەم هێرشەی سەر ڕۆح شەیتانە.

2. ناسینەوەی ئەو خەمۆکییە ژیان و ڕووناکی دەبات.

"ڕۆحم بێ ورە دەبێت، لە ناخمەوە دڵم دەبەسترێت." (زەبووری **١٤٣ ٤**)

خەمۆکی توانا و ئازادی ڕۆحی مرۆڤ سست دەکات.

ڕۆحمان بەهێز و ئازادە. هەربۆیە شەیتان دەیەوێت توانا و ئازادیەکەی بەسەرماندا زاڵ بکات لەڕێگەی پرکردنی مێشکمان بە تاریکی و لێڵی. تکایە بزانە کە زۆر گرنگە بەرگەی ئەو هەستە بگری کە پێی دەوترێت "خەمۆکی" کە دەستبەجێ دەگاتە سەر هەستتان. تا زیاتر ڕێگەی مانەوەی بدەی، بەرگەگرتنی قورستر دەبێت.

3. کاتە باشەکانت لەبیر بێت.

"ڕۆژگاری دێرین دێتەوە یادم، لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە، سەرنج دەدەمە کردارەکانی دەستت." (زەبووری **١٤٣: ٥**)

لەم ئایەتەدا وەڵامی داودی پاشا بەرانبەر بارودۆخەکەی دەبینی. لەبیربوون، تێفکرین و سەرنجدان هەمووی کاری مێشکە. ئەو بە دڵنیاییەوە دەزانێت کە بیر و هزرەکانی کار لەسەر هەستەکانی

دەکات بۆیە سەرقاڵی بیرکردنەوەیە لەبارەی جۆری ئەو شتانەی کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی زاڵبێت بەسەر ئەو هێرشەی کە دەکرێتە سەر مێشکی.

4. لە ناوەڕاستی کێشەکاندا ستایشی یەزدان بکە.

"دەستم بۆ تۆ بەرزدەکەمەوە، گیانم بۆ تۆ وەک خاکێکی وشکە." (زەبووری **١٤٣**: ٦)

داودی پاشا گرنگی ستایش کردن دەزانێت. دەستەکانی لە پەرستندا بەرزەکاتەوە. ئەو ڕاستگۆیانە پێویستی خۆی ڕادەگەنێت، پێویستی بە یەزدانە. تەنیا یەزدان دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە هەست بە ڕازیبوون بکات.

دەتوانیت بڵێی هەموو جارێک کە خەڵکی خەمۆک و مەلول دەبن، هۆکارەکی ئەوەیە کە شتیکیان پێویستە و لە شوێنی هەڵەدا بەدوایدا دەگەڕێن کە ئەمەش تەنیا دەبیتە هۆی زیاتربوونی کێشەکان.

لە (یەرمیا **٢**: **١٣**)دا یەزدان دەڵێت: " گەلەکەم دوو خراپەی کردووە: وازیان لە من هێنا کە کانی ئاوی ژیانم، هەروەها ئەمباراویان بۆ خۆیان هەڵکەند، ئەمباراوی شکاو کە ئاو ڕاناگرێت."

تەنیا یەزدان دەتوانێت ڕۆحی تینبوو ئاو بدات. هەڵمەخڵەتێ بەوەی کە پێت وابێت شتێکی دیکە دەتوانێت بەتەواوی ڕازیت بکات. شوێنکەوتنی شتی هەڵە هەمیشە بێهیوات دەکات، بێهیوایی دەرگا بۆ بۆ خەمۆکی دەکاتەوە.

5. داوابکە یەزدان یارمەتیت بدات.

"ئەی یەزدان، زوو وەڵامم بدەوە، ڕۆحم لەناودەچێت، ڕووی خۆتم لێ مەشارەوە، ئەگینا لەوانە دەچم کە دەچنە نێو جیهانی مردووان." (زەبووری **١٤٣**: ٧)
داود داوای یارمەتی دەکات، ئەو بەشێوەیەکی سەرەکی دەڵێت: "یەزدان خێراکە، چونکە زیاتر لەمە ناتوانم بەبێ تۆ بەردەوام بم."

6. گوێ لە یەزدان بگرە.

6- طوىَ لة خوداوةند بطرة.

"با بەیانییان گوێم لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت بێت، چونکە من پشت بە تۆ دەبەستم. ئەو ڕێگایەم پێ بناسێنە کە دەیگرمەبەر، چونکە گیانی خۆم بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە." (زەبووری **١٤٣** ٨)

داودی زەبوورنووس کە پێویستە گوێ لە یەزدان بگرێت، پێویستی بەوەیە کە دڵنیابێت لە خۆشەویستی و میهرەبان یەزدان، پێویستی بە سەرنج و فەرمانی یەزدانە.

7. نوێژ بۆ ڕزگاری بکە.

"ئەی یەزدان، لە دوژمنەکانم دەربازم بکە، هانا بۆ تۆ دەهێنم." (زەبووری **١٤٣: ٩**)

جارێکی دیکە داود ڕایدەگەیەنێت کە ئەوە تەنیا یەزدانە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات. تکایە سەرنجی ئەوە بدە کە بەدرێژایی ئەم گفتوهۆیانە ئەو بیری لەسەر یەزدان جێگیر کردبووە نەوەک کێشەکان.

8. بەدوای ژیری و زانیاری و ڕابەری یەزداندا بگەڕێ.

"فێرم بکە بە ڕەزامەندی تۆ بهێنمە دی، چونکە تۆ خودای منی. ڕۆحە چاکەکەت ڕێنماییم دەکات لە زەوییەکی ڕاست." (زەبووری **١٤٣: ١٠**)

لەوانەیە داودی پاشا ئەوە ڕوونبکاتەوە کە ئەو لە ویستی یەزدان دەرچووە، بۆیە دەرگای کردوەتەوە بۆ هێرشی ڕۆحی. ئەو دەیەوێت لەناو ویستی یەزداندا بێت، چونکە ئێستا دەزانێت کە ئەوێ تەنیا شوینێکی سەلامەتە بۆ مانەوە تێیدا.

پاشان داوایکرد کە یەزدان یارمەتی بدات تاکو جێگیر و چەسپاو بیت. باوەڕم وایەک کە دەستەواژەی "ڕێنماییم دەکات بۆ زەوییەکی ڕاست" دەگەڕێتەوە بۆ هەستە جێگیرەکانی. دەیەوێت ڕاست بێت، نەوەک بەرز و نزم.

چەکەکانت بکاربهێنە

"چونکە چەکی شەڕکردنمان جەستەیی نییە، بەڵکو بە خوداوە توانای وێرانکردنی قەڵای هەیە، هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین." (دووەم کۆرنسۆس **١٠: ٤- ٥**)

شەیتان خەمۆکی بەکاردێنێت بۆ ڕاکێشانی ملیۆنان کەس بۆ چاڵی تاریکی و بێهیوایی و نائومێدی. خۆکوشتن زۆربەی کات لە ئەنجامی بێهیواییەوە دێت. ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێت زۆربەی کات کەسێکە کە ئەوەندە نەرێنی دەبێت کە هیچ هیوایەک بۆ داهاتوو نابینێت.

بیرت نەچێت: بیروهزرە نەرینییەکان سەرچاوەی هەستە نەرینییەکانن.

مێشک مەیدانی جەنگە، ئەو شوێنەیە کە جەنگەکە دەبردرێتەوە یان دەدۆڕێنرێت. ئەمڕۆ ئەرێنی بوون هەڵبژێرە. هەموو خەیاڵە نەرێنیەکان لەناو ببە و هەموو بیروهزرێک ملکەچی عیسای مەسیح بکە. (سەیری دووەم کۆرنسۆس **١٠: ٥** بکە).

هەنگاوی دووەم: هاوبیری یەزدان بە.

"تۆ مرۆڤی بیروڕا چەسپاو بە ئاشتی تەواو دەپارێزیت، چونکە پشتی بە تۆ بەستووە." (ئیشایا **٢٦: ٣**)

عیسا هەمیشە لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ باوکە ئاسمانییەکەیدا، مەحاڵە پەیوەندی تەواوت لەگەڵ هەر کەسێک هەبێت بەبێ بیرکردنەوەت لەسەر ئەو کەسە. ئەگەر من و مێردەکەم بەیەکەوە لەناو ئۆتۆمبێلدا بین، ئەو قسە لەگەڵ مندا بکات و منیش بیرم لەلای شتی دیکە بێت، ئەوکات ئێمە بەڕاستی هاوبیر نین چونکە سەرنجی تەواوم پێنەدا. هەربۆیە باوەڕم وایە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە بیروهزرەکانی ئەو کەسەی کە لەناو بیری مەسیحدا کاردەکات لەسەر یەزدان و هەموو ئیشە گەورەکانی دەبێت.

بیر لە یەزدان و ئیشەکانی بکەوە

"گیانم تێر دەبێت وەک ئەوەی بە دوگ و چەوری، بە لێوی شادمانەوە دەمم ستایشت دەکات. لەناو نوێنەکەم یادی تۆ دەکەم، بە درێژایی شەو بیر لە تۆ دەکەمەوە." (زەبووری **٦٣: ٥- ٦**)

لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە و بیر لە کردەوە مەزنەکانت دەکەمەوە." (زەبووری **٧٧: ١٢**)

"لە ڕێنماییەکانت ورد دەبمەوە، چاو دەبڕمە ڕێگاکانت." (زەبووری **١١٩: ١٥**)

"ڕۆژگاری دێرین دێتەوە یادم، لە هەموو کارەکانت ورد دەبمەوە، سەرنج دەدەمە کردارەکانی دەستت." (زەبووری **١٤٣: ٥**)

داودی پاشا بەردەوام باس لە ورەبوونەوە لە یەزدان دەکات و ئیشەکانی و ڕێگەکانی دەکات. لەڕادەبەدەر هیوابەخشە کە بیر لە باشی یەزدان و هەموو ئیشە بێهاوتاکانی دەستی دەکەین.

من چێژ لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن وەردەگرم کە ژیانی ناو زەریاکان و ئاژەڵەکان و سروشت نیشاندەدات چونکە ئەوانە گەورەیی و بێهاوتایی یەزدان خەلاقیەتە بێکۆتاییەکەی نیشان دەدەن و چۆن بە توانای خۆی پشتگیری هەموو شتێ دەکات (عیبرانییەکان **١: ٣**).

ئەگەر دەتەوێت ئەزمونی سەرکەوتن بکەیت ئەوا بیرکردنەوە لە یەزدان و ئیشەکەی و ڕێگاکانی دەبێت بەشێکی بەردەوام بێت لە بیروهزری ژیانت.

یەکێک لەو ئایەتانەی کە زۆرم حەز لێیەتی (زەبووری **١٧: ١٥**)یە کە تێیدا داود بە یەزدان دەڵێت: "من بێتاوان دەبم و ڕووی تۆ دەبینم، کە بەئاگادێم تێر دەبم لە بینینی شێوەت."

من ڕۆژانێکی زۆر ناخۆشم بەسەربردووە چونکە هەرکە بەیانیان خەبەرم دەبوەوە دەستم دەکرد بە بیرکردنەوە لە هەڵەکانم. ڕاستگۆیانە دەتوانم بڵێم کە ئێستا زۆر ڕازیم لەو کاتەوەی ڕۆحی پیرۆز یارمەتیدام ئیش بە بیری مەسیح (بیری ڕۆح) بکەم لەناویدایە. گفتوگۆکردن لەگەڵ یەزدان لەکاتی کازیوەی بەیانیاندا ڕێگەیەکی دڵنیاکەرەوەیە بۆ ئەوەی هەموو بەیانیەک بە شێوەیەکی دروست دەست پێبکەیت و چێژ لە ژیان وەربگریت.

هاوڕێیەتی لەگەڵ یەزدان

"بەڵام ڕاستیتان پێ دەڵێم: باشترە بۆتان کە بڕۆم، چونکە ئەگەر نەڕۆم، یارمەتیدەرەکە بۆتان نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتانی دەنێرم." (یۆحەنا **١٦: ٧**)

ئەم وشانە لەلایەن عیساوە وتراون پێش ئەوەی بڕوات بۆ ئاسمان و بە شکۆرە لەلای دەستە ڕاستی باوک دانیشێت. لەم ئایەتەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە ویستی یەزدان بۆ ئەوەی لە هاوڕێیەتی ئەو نزیک بینەوە. هیچ شتێک لە بیروهزرەکانمان نزیکتر نییە لە ئێمە هەربۆیە ئەگەر

ئێمە بیرمان بە یەزدان پڕبکەین، بیری یەزدان بێتە ناو هەستی هۆشیاریمان ئەوکاتە ئێمە دەست دەکەین بە چێژوەرگرتن لە دۆستایەتی ئەو، کە خۆشی و ئاشتی و سەرکەوتن بۆ ژیانی ڕۆژانەمان دەهێنێت.

یەزدان هەروەکو چۆن بەڵێنی داوە بۆ هەمیشە لەگەڵمان دەبێت. (سەیری مەتا **٢٨: ٢٠** و عیبرانییەکان **١٣: ٥** بکە). بەڵام لە بوونی یەزداندا ئاگادار نابین تاکو لەبارەی بیر نەکەینەوە. دەکرێت لەگەڵ یەکێک لە ژورێکدا بم، ئەگەر بیرم لەسەر زۆر شتی دیکە بێت، ئەوێ بەجێدێڵم و هەرگیز نازانم کە ئەو کەسە لەوێ بووە. ئەمە ڕێگەی سود و بایەخ و دۆستایەتی کردنە لەگەڵ یەزدان. یەزدان هەمیشە لەگەڵ ئێمەیە، بەڵام پێویستە بیری لێبکەینەوە و بەئاگا بین لە بوونی ئەو.

هەنگاوی سێیەم: مێشکت لەسەر "یەزدان خۆشی دەوێم" جێگیر بکە.

"ئێمەش ئەو خۆشەویستییەی خودا کە بۆ ئێمەیە ناسیمان و باوەڕمان پێکرد خودا خۆشەویستییە. ئەوەی لە خۆشەویستیدا نیشتەجێ بێت لە خودا نیشتەجێ دەبێت و خوداش لە ئەودا." (یەکەم یۆحەنا **٤: ١٦**)

فێربووم کە هەمان شت ڕاستە لە خۆشەویستی یەزدان کە ڕاستە لە ئامادەبونیدا، ئەگەر هەرگیز بیر لە خۆشەویستیەکەی نەکەینەوە بەرانبەر بە ئێمە، ئەو ئەزموونی ناکەین.

پۆڵس لە (ئەفەسۆس **٣**)دا نوێژ دەکات کە خەڵکی خۆیان ئەزمونی خۆشەویستی یەزان بکەن. کتێبی پیرۆز دەڵێت کە یەزدان خۆشی دەوێین بەڵام چەندە لە ڕۆڵەکانی یەزدان هێشتا بینینیان نییە لەبارەی خۆشەویستی یەزدان.

لەبیرمە کاتێک لە ڕێکخراوەکەماندا خزمەتم دەست پێکرد. لە هەفتەی یەکەمدا دەبوا کۆبونەوەیەکم کردبا، بە یەزدانم وت کە دەیەوێت چی بۆ خەڵکی باس بکەم. ئەو دەیویست کە خەڵکی فێربکەم و وەڵامی دایەوە "بە خەڵکەکەم بڵێ کە خۆشم دەوێن."

وەڵامم دایەوە کە "ئەوان ئەو دەزانن" دەمەوێت شتێکی زۆر بەهێزیان فێربکەم نەوەک وانەیەکی یەکشەمانی قوتابخانەکان لەبارەی (یۆحەنا **٣: ١٦**).

یەزدان پێی وتم: "خەڵکێکی زۆر کەم دەزانن کە من چەندە خۆشم دەوێن، ئەگەر بیانزانیبا، ئەوا بە شێوەیەکی دیکە ڕەفتاریان دەکرد."

هەرکە دەستم کرد بە خوێندنی بابەتی وەرگرتنی خۆشەویستی یەزدان، بۆم دەرکەوت کە خۆم پێویستیەکی زۆرم بە یارمەتییە. یەزدان ڕێنمایی کردم بە گوێرەی (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٦) کە دەڵێت پێویستە بەئاگابین لە خۆشەویستی یەزان. واتای ئەوەیە کە دەبێت شتێک بیت بەو چالاکییەوە لێی بەئاگابین.

بێئاگا و کەمتەرخەمی و جۆرێک لە تێنەگەیشتنم هەبوو، لەوەی کە یەزدان منی خۆشی دەوێت، بەڵام خۆشەویستی یەزدان دەبێت لە ژیانماندا فشارێکی بەهێز بێت، خۆشەویستییەک کە تەنانەت لە بارودۆخە هەرە سەختەکانیشدا بەرەو سەرکەوتنمان دەبات.

لە (ڕۆما ٨: ٣٥) پۆڵسی نێردراو ئامۆژگاریمان دەکات و دەڵێت: "کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟ ناخۆشی یان تەنگانە یان چەوسانەوە یان برسێتی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر؟" پاشان لە ئایەتی ٣٧ بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "بەڵام لە هەموو ئەمانەدا سەرکەوتنی تەواومان هەیە بەوەی خۆشی ویستووین."

بۆ ماوەیەکی زۆر لەم بوارەدا خوێندم و هۆشیار و بەئاگا هاتمەوە لە خۆشەویستی خودا بۆ من لەڕێگەی بیرکردنەوە لە خۆشەویستیەکەی و دانپێدانانی بە دەنگی بەرز. فێری ئایەتەکان بووم سەبارەت بە خۆشەویستی یەزدا، لێیان وردبوومەوە و بە دەنگی بەرز دانم پێدانان، ئەم شتەم زیاتر لە مانگێک کرد و کردەوە، هەموو جارێک ئیلهامی خۆشەویستییە بیسنوورەکەی زیاتر و زیاتر بۆم دەبوو بە ڕاستی.

ئێستا خۆشەویستی یەزدان زۆر ڕاستییە و تەنانەت لەکاتە سەختەکاندا بە "زانینی بەئاگا" دڵنەوایی دەکرێم کە یەزدان خۆشی دەوێم و چیتر پێویست ناکات لە ترسدا بژیم.

مەترسە

"خۆشەویستی ترسی تێدا نییە، بەڵکو خۆشەویستی تەواو ترس دەردەکاتە دەرەوە، چونکە ترس لە سزاوە دێت. ئەوەی بترسێت لە خوشەویستی تەواودا نەبووە." (یەکەم یۆحەنا ٤: ١٨)

یەزدان بەتەواوی ئێمەی خۆشدەویت، هەروەک چۆن ئێمە ئەومان خۆشدەوێت. (ڕۆما ٥: ٨) دەڵێت کە "بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ سەلماندین: هێشتا گوناهبار بووین مەسیح لە پێناوماندا مرد."

ئەو باوەڕدارانەی وەکو مەسیح بیردەکەنەوە بیرناکەنەوە کە چەندە خراپن. بیروهزریان لەسەر ڕاستودروستی بنیات نراوە. تۆ دەبیت هۆشیارییەکی ڕاستودروستت هەبێت، بەردەوام ڕابمێنە لەوەی کە تۆ "کێیت لە مەسیحدا." ئێمە ئەو مافەمان نییە کە لەگەڵ یەزداندا ڕابوەستین، ڕاستە ئێمە هەموو شتێک بە ڕاستودروستی دەکەین بەڵام هۆکارەکەی ئەوەیە کە ڕێک ڕاوەستانی وەکو دیاری بەرەکەتی خۆی بە ئێمە بەخشیوە. کاتێک بە باوەڕ ئەو دیاریەمان بەدەست گەیشت دیاری چاکەخوازی دەستدەکات بە بنیاتنانی زیاتر و زیاتری ڕەفتاری دروست.

هۆشیاریکی ڕاستودروست بە نەوەک هۆشیارێکی گوناهبار

"ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو بە بەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بە ڕاستودروستی خودا." (دووەم کۆرنسۆس **٥: ٢١**)

زۆرێک لە باوەڕداران بەهۆی ئەو بۆچوونە نەرێنییانەی کە سەبارەت بە خۆیان هەیانە ئازار دەچێژن. بیردەکەینەوە لەوەی کە دەبێت یەزدان دڵگران بووبێت لەگەڵیان بەهۆی لاوازییەکانیان و دۆڕاندنەکانیان.

چەندە کاتت بەفیڕۆداوە لەژێر ژیانی تاوانبارکردن و گوناهەوە؟ سەرنج بدە وتم چەندە کاتت بەفیڕۆداوە، چونکە ڕێکە ئەو شتەیە کە هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوەیە، کات بەفیڕۆدان!

بیر لەوە مەکەوە کە چەندە خراپ بوویی پێش ناسینی عیسا، لەجێگەی ئەوە، بیر لەوە بکەوە کە تۆ چۆن بوو ڕاستودروستی یەزدان لە عیسادا ئەنجامدا. بەبیرت بێت کە بیروهزرەکان دەگۆڕێن بۆ کردار، "ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بتەوێ باشتر ڕەفتار بکەیت یەکەم جار پێویستە شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕێت. ئەگەر بەردەوام بیر لەووە بکەیتەوە کە چەندە خراپ بوویت ئەوە تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی خراپتر هەڵسوکەوت بکەیت. هەرکاتێک بیروهزری نەرێنی و تاوانبارانە هاتە ناو بیرت بەبیر خۆت بێنەوە کە یەزدان خۆشی دەوێت و تۆ ڕاستودروستیت لە مەسیحدا ئەنجام داوە.

بە بەردەوامی باشتر دەبیت. هەموو ڕۆژێک بەشێوەی ڕۆحی گەشە دەکەیت. یەزدان پلانی پیرۆزی هەیە بۆ ژیانت. ئەمانە ئەو ڕاستیانەن کە دەبێت بیریان لێبکەیتەوە.

ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێت لەگەڵ مێشکتدا ئەنجامی بدەیت!

بە تایبەتی بەپێی وشەی یەزدان بیربکەوە، بیر لەو شتە مەکەوە کە دێتە ناو مێشکت، وەکو بیروهزرەی خودی خۆت وەریبگرە. سەرزەنشتی شەیتان بکە و لەڕێگەی بیرکردنەوەی دروستەوە دەست بکە بە بەرەوپێش چوون.

هەنگاوی چوارەم: بیرێکی هاندەری بەهێزت هەبێت.

"کێ هاندانی هەیە، با هانبدات." (ڕۆما **١٢: ٨**)

ئەو کەسەی کە بیری مەسیحی هەیە بە ئەرێنی بیر دەکاتەوە، بە بەرزی و بەهێزە بیر لە خەڵکانی تر دەکاتەوە بەهەمان شێوەی خۆی و بارودۆخەکانی.

فێرکردنی هاندان ئەمڕۆ لەم جیهانەدا زۆر پێویستە. تۆ هەرگیز بە وشەکانت کەسێک هان نادەیت تاکو یەکەمجار بیروهزری میهرەبانیت نەبێت بەرانبەر ئەو کەسە. بەبیرت بێت هەر شتێک کە لە دڵتدا بێت لە دەمتەوە دێتە دەرێ. بەتایبەیت هەندێ "خۆشەویستانە بیر" بکەرەوە.

بیروهزری خۆشەویستی ئاراستەی خەڵکی دیکە بکە. وتەی هاندەریان پێبڵێ.

فەرهەنگی تایبەت بە کتێبی پیرۆز بەم شێوەیەی پێناسەی وشەی یۆنانی هاندان دەکات:
"بانگکردنی کەسێک ... ئامۆژگاری کردن، ڕاوێژکاری کردن، گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکدا بۆ ڕازیکردنی شێوازی ئەنجامدانی کارەکە. ئەم پێناسەیە بە واتای هاتن بۆ لای کەسێک لێک دەدەمەوە کە پێداگری بکات لە بەرەوپێشچوونی ڕێگای ئەنجامدانی کارەکەی. دیاری فێرکردنی ئامۆژگاری لە (ڕۆما **٢: ٨**)دا وتراوە دەتوانرێت بە خۆشتەوە لەو کەسانەی کە هەیانە ببینرێت. ئەوان هەمیشە و بە هەموو کەسێک شتی بەرزکەرەوە و هاندەر دەڵێن، شێک وا لە خەڵکی بکات هەست بە باشبوون بکەن و هانیان دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوام بن.

بۆی هەیە ئێمە هەموومان دیاری فێرکردنی ئامۆژگاریمان نەبێت، بەڵام هەموو کەسێک داتوانێت فێری هیوا بەخشین بێت. یاسا سادەکە ئەمەیە: ئەگەر باش نیە بیری لێمەکەوە و مەیڵێ. هەموو کەسێک بەپێی پێویست کێشەی هەیە، پێویست ناکات بە وێرانکردنیان کێشەکەیان بۆ زیاد بکەین.

پێویسته له خۆشەویستیدا یەکتر بنیات بنێین (ئەفەسۆ **٤: ٢٩**). بیرت نەچێت خۆشەویستی باوەڕی بە باشترینی هەموو کەسێک هەیە (یەکەم کۆرنسۆس **١٣: ٧**).

هەرکە دەستت کرد بە بیرکردنەوەی خۆشەویستانە بەرانبەر خەڵکی ئەوا دەبینین کە بەشێوەیەکی زۆر باشتر هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکەن، بیروهزرەکان و وشەکان هەڵگر یان چەکن بۆ هەڵگرتنی توانای وێرانکەر یان دروستکەر. دەتوانرێت لە دژی شەیتان و کارەکانی بەکاربهێنرێن یان دەکرێت بەڕاستی یارمەتی شەیتان بدەن لە پلانە وێرانکاریەکانیدا.

با بڵێین منداڵێکت هەیە، بوەتە هۆی دروستبوونی چەند کێشەیەک، بەتەواوی پێویستی بەوەیە بگوڕدرێت. نوێژی بۆ دەکەیت و داوا لە خودا دەکەیت کە کار لە ژیانیدا بکات. هەر شتێکی بگۆڕدرێت هەر باشە. ئێستا لەبارەی ئەو چی بە بیروهزرەکان و وشەکاندا دەکەیت، لەکاتی چاوەڕوانکردنی وەڵامی نوێژەکانت؟ زۆر لە خەڵکی هەرگیز وەڵامی نویژەکانیان نابینن چونکە پێش ئەوەی یەزدان دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە لەجێیان کاربکات ئەوان بە بیروهزرەکان و وشەکانیان نوێژەکانیان ڕەتدەکەنەوە.

ئایا نوێژ بۆ منداڵەکەت دەکەیت تا بگۆڕدرێت و پاشانیش هەموو جۆرە بیروهزرێکی نەرێنی لەبارەی ئەو قبوڵ دەکەیت؟ یان لەوانەیە نوێژ بۆ گۆڕین بکەیت و پاشان بیربکەیتەوە و تەنانەت بە خەڵکی دەڵێیت "ئەو منداڵە هەرگیز ناگۆڕدرێت!"

بۆ ئەوەی لە سەرکەوتندا بژیت پێویستە بیروهزرەکانت هاوتای وشەی یەزدان بکەیت. ئێمە لە وشەدا جێگیر نابین، ئەگەر بیروهزرەکانمان پێچەوانەی ئەو بێت کە دەیڵێت. ئیمە لەوەشدا جێگیر نابین، ئەگەر لە وشەدا بیر نەکەینەوە.

کاتێک نوێژ بۆ کەسێک دەکەیت دەبێت بیروهزرەکانت و وشەکانت هاوتای ئەو شتە بکە کە نوێژی بۆ دەکەیت ئەو کاتە بەرەوپێشچوونی باوەڕپێنەکراو بەدی دەکەیت.

من ناڵێم هاوسەنگیت لەدەست بدەیت و ڕەتی بکەینەوە کە کێشەت هەیە. ئەگەر منداڵەکەت لە قوتابخانە کێشەی هەڵسوکەوتی هەیە و هاوڕێیەک بڵێت حالی منداڵەکەت چۆنە، ئەو کاتە چی دەکەیت ئەگەر لە ڕاستیدا هیچ گۆرانکاریەک تێیدا ڕووینەدا بوو؟ دەتوانی بڵێی، ڕاستە، هێشتا هیچ بەرەوپێشچوونێک بەدی ناکەین، بەڵام باوەڕم وایە یەزدان کاری خۆی دەکات بە زووی گۆڕانکاری دەبینین.

هەنگاوی پێنجەم: پەرە بە بیری سوپاسگوزاری بدە.

"بە سوپاسەوە بڕۆنە ناو دەروازەکانی، بە ستایشەوە بڕۆنە ناو حەوشەی پەرستگاکەی، سوپاسی بکەن و ستایشی ناوی بکەن." (زەبووری **١٠٠: ٤**)
ئەگەر کەسێک دوای بیری مەسیح بکەوێت دەبینیت کە بیروهزرەکانی پڕ دەبن لە ستایش و سوپاسگوزاری.

گلەیی کردن دەبێتە هۆی کردنەوەی زۆر لە دەروازەکان بە ڕووی دوژمندا. هەندێ خەڵک نەخۆشن و بە لاوازی دەژین، ئەو کەسانەی کە بە بێوانایی دەژین بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە پێی دەوترێت گلەیی کردن کە هێرش دەکاتە سەر بیروهزرەکان و گفتوگۆکانی خەڵکی.

بە بێ سوپاسگوزاری ژیانێکی گەورەت نابێت. کتێبی پیرۆز لەناو یاسای سوپاسگوزاریدا بەردەوام و بەردەوام فێرمان دەکات. گلەیی کردن لە بیروهزردا یان لە وشەدا سەرچاوەی مردنە، سوپاسگوزاربوون و وتنی سوپاسگوزاری سەرچاوەی ژیانە.

ئەگەر کەسێک بیر و دڵێکی سوپاسگوزاری نەبوو، سوپاسگوزاری لە دەمی نایەتە دەرەوە. ئەگەر ئێمە سوپاسگوزاربین ئەوا دەیڵێین.

هەموو کاتێک سوپاسگوزار بە

"لەبەر ئەوە، با بەهۆی عیساوە هەردەم قوربانی ستایش پێشکەشی خودا بکەین، کە بەروبوومی لێو، دان بە ناوی ئەو دەنێت." (عیبرانیەکان **١٣: ١٥**)

کەی سوپاسگوزاری پێشکەش دەکەین؟ هەموو کاتێک و لە هەموو بارودۆخێکدا و لە هەموو شتێکدا بە ئەنجامدانی ئەمە، دەچینە ناو ژیانێکی سەرکەوتوەوە، ئەو شوێنەی کە شەیتان ناتوانێت دەست بە سەرماندا بگرێت.

شەیتان چۆن دەتوانێت دەست بەسەرماندا بگرێت، ئەگەر ئێمە لە خۆشی و سوپاسگوزاریدا بین بێگرنگیدان بە بارودۆخەکان؟ بەدڵنیاییەوە ئەم جۆرە شێوازی ژیانە هەندێک جار قوربانی ستایش و مردن و سوپاسگوزاری پێویستە. بەڵام من سوپاسگوزاری خۆم قوربانی یەزدان دەکەم نەوەک خۆشیم بۆ شەیتان. فێربووم کاتێک کە ناوچاوتاڵ و سوپاسگوزار نیم ئەوا خۆشیەکەم لەدەست دەڕوات. بەجۆرێکی دیکە، خۆشیەکەم دەدۆڕێنم بە ڕۆحی گلەیی کردن.

لە (زەبووری **٣٤: ١**)دا داودی پاشا دەڵێت: "هەموو کاتێک ستایشی یەزدان دەکەم، هەمیشە ستایشی ئەو لەسەر لێوەکانمە." چۆن دەتوانین یەزدان پیرۆز بکەین؟ بەردەوام ڕێگەدانی ستایش کردنی یەزدان لەناو بیروهزرەکان و لێوەکانمان.

کەسێکی سوپاسگوزار بە، کەسێکی پڕبوو بە سوپاسگوزاری نەک تەنیا بەڕووی یەزدان، بەڵکو بە ڕووی خەڵکی تریشدا. کاتێک یەکێک شتێکی باشی بۆ کردی، کارەکەی بەرز بنرخێنە.

لەناو ئەندامانی خێزانەکەتدا سوپاسگوزاری نیشان بدە. زۆر جار بەدڵنیاییەوە بیر لەو شتانە دەکەیتەوە کە یەزدان تێیدا بەرەکەتی پێبەخشیوین. ڕێگەیەکی دڵنیاکەرەوە بۆ لەدەستدانی شتێک ئەوەیە کە بە بەرزی نەینرخێنێت.

من مێردەکەم بەرز دەنرخێنم. ماوەیەکی زۆرە زەواجمان کردووە، بەڵام هێشتا بەرز دینرخێنم. بە چەندین شێواز پیاوێکی زۆر هێمنە و زۆر زۆر کەسایەتی باشی تری هەیە. دەزانم کە ئەگەر خەڵکی بزانن کە ئێمە کارەکانیان بەرز دەنرخێنن تەنانەت باسکردنی هەندێک شتی دیاریکراو کە سوپاسگوزارین بۆی دەبێتە هۆی بنیاتنان و پشتیوانی کردنی پەیوەندی باش لەنێوانماندا.

لەگەڵ زۆر خەڵک هەڵسوکەوت دەکەم، بە بەردەوامی سەرسام دەبم کە چۆن هەندێک خەڵک بۆ هەموو شتێکی بچوکیش کە بۆیان کراوە سوپاس گوزارن، لەکاتێکدا ئەوانی تر هەرگیز ڕازی نابن. گرنگ نییە چەند لە جێگەی ئەوان ئیشیان بۆ بکرێت. پێم وایە کە شانازیکردن پەیوەندیەکی هەبیت بەم کێشەوەیە. هەندێک خەڵک ئەوەندە پڕن لە خۆیان کە بەلایانەوە گرنگ نیە کە کەسانی دیکە جیان بۆ دەکەن. پێیان وایە کە ئەوان تەنیا شایەنی ئەوە نین بەڵکو شایەنی زیاترن! زۆر بە کەمی سوپاسگوزاری دەردەبڕن.

بەرزنرخاندن تەنیا بۆ کەسی بەرانبەر باش نییە، بەڵکو بۆ ئێمەش باشە، چونکە لە ناوماندا ئازاد دەکات.

ڕۆژانە وردبەرەوە لەو شتانەی کە تۆ دەبێت سوپاسگوزار بی بۆیان. دووبارە لە نوێژدا بۆ یەزدان بڵێوە، هەرکە ئەو کارەت کردت دەسبەجێ دڵت پڕ دەبێت لە ژیان و ڕۆشنایی.

هەمیشە بۆ هەموو شتێکی سوپاسگوزار بە

"بە شەراب سەرخۆش مەبن کە بەڕەڵایی تێدایە، بەڵکو پڕبن لە ڕۆحی پیرۆز :لەگەڵ یەکتری بە زەبوور و سروود و گۆرانی ڕۆحی بدوێن، لە دڵتانەوە گۆرانی و ستران بۆ یەزدان بڵێن؛ هەموو کاتێک سوپاسی خودای باوک بکەن بۆ هەموو شتێک، بە ناوی عیسای مەسیحی گەورەمان." (ئەفەسۆس **٥: ١٨- ٢٠**)

سەیری ئەو ئایەتە بەهێزانە!

من و تۆ چۆن دەتوانین بۆ هەمیشە پڕبین لە ڕۆحی پیرۆز؟ بە قسەکردن لەگەڵ خۆمان (لەڕێگەی بیروهزرمانەوە) یان بە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی دیکە (لەڕێگەی وشەکانمانەوە) بە زەبووەرەکان و سرودەکان سترانە ڕۆحییەکان. پێم وا نییە مەبەستی ئەوە بیت کە دەبێت زۆر بە کەمی بە کتێبی پیرۆز بدوێین و گۆرانی بۆ یەکتر بڵێین. بەڵام ئەوە دەستنیشان دەکات کە پێویستە

بیروهزرەکانمان و وشەکانمان بەردەوام بێت و پڕبیت لە وشەی یەزدان، بە ستایش کردن لە هەموو کاتیک بۆ هەموو شتێک سوپاس گوزار بین.

هەنگاوی شەشەم: هاوبیری وشەی یەزدان بە

"وشەکەشی لە ئێوەدا چەسپاو نییە، چونکە ئەوەی ئەو ناردوویەتی ئێوە باوەڕی پێ ناکەن." (یۆحەنا **٥: ٣٨**)

کتێبی بیروهزرەکانی یەزدانن کە لەسەر کاغەز نووسراون تاکو ئێمە بیخوێنین و سەرنجیان بدەین. وشەی یەزدان بریتییە لە بیرکردنەوەی یەزدان لە هەموو بابەت و بارودۆخەکان.

لە (یۆحەنا **٥: ٣٨**)دا عیسا بەتوندی ڕەخنە لە هەندێ لە بێناوەڕەکان دەگرێت. لەڕێگەی ئەم وەرگێڕانەوە دەبینین کە وشەی یەزدان بریتیە لە نوسینی دربڕینی بیروهزرەکانی و ئەو خەڵکەی کە دەیانەوێت باوەڕبکەن و ئەزموونی هەموو ئەنجامە باشەکانی باوەڕکردن بکەن پێویستە ڕێگە بە وشەکە بدەن کە پەیامێکی زیندوو بیت لە دڵیاندا. ئەمە بە وردبوونەوە و سەرنجدان لە وشەی یەزدان دێتە دی. بەم جۆرە بیروهزرەکانی دەبنە بیروهزری ئێمە، تاکە ڕێگایەکی بۆ گەشەکردنی بیری مەسیح لە ئێمەدا.

کتێبی پیرۆز لە (یۆحەنا **١**؛ **١٤**)دا دەڵێت کە عیسا وشەکە بوو، بوو بە لەش. ئەو شتە ڕووینەدەدا ئەگەر بێتو بەردەوام بیری پڕ نەکردبا لە وشەی یەزدان.

وردبوونەوە لە وشەی یەزدان یەکێکە لە ڕێسا هەرە گرنگەکانی ژیان کە دەبێت فێری بین. فەرهەنگی زمان پێناسەی دوو وشەی یۆنانی دەکات کە بەم جۆرە وشەی "وردبوونەوە و سەرنجدان" پێناسە دەکات: "گرنگیدان، ئاگالێبوون، ڕاهێنان، کۆشش، ڕاهێنان لە هەستی فراوانی وشەدا، بیرکردنەوە، خەیاڵکردن، پێشوەخت بیرکردنەوە." بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە پێناسەکە زیاد دەکات: "بۆڵەبۆڵ کردن یان چپەچپ کردن."

بەهۆی بەهێزی ئەم ڕێسایەوە ناتوانم گرنگی تەواویتان بۆ دەربخەم. بە ڕێسای ژیان ناوزەندی دەکەم چونکە وردبونەوە لە وشەی یەزدان ژیانت ئامادە دەکات و یارمەتی ژیانی ئەوانەی دەوروپشتت دەدات.

زۆر لە مەسیحییەکان لە وشەی وردبوونەوە دەترسن بەهۆی ڕاهێنانی مێدیتەیشنی پەرستنی بت پەرستەکان و ئایینە نادیارەکان. بەڵام من هانت دەدەدەم کە لە یادت بێت شەیتان هەرگیز بیرۆکەیەکی ڕاستی نییە. ئەو شتانەی کە هی پاشایەتی ڕوناکین دەیبات و بەلاڕێدا دەیبات بۆ پاشایەتی تاریکی. دەبێت ئەوەندە ژیربین کە بزانین ئەگەر وربونەوە ئەوها توانایەک بۆ لایەنی شەیتان دروست بکات ئەوا بەهەمان شێوە توانایەک بەرهەم دێنێت بۆ لایەنی باشە. ڕێسای وردبونەوە ڕاستەوخۆ لە وشەی یەزدانەوە دیت، با سەیرێکی کتێبی پیرۆز بکەین بزانین لەم بارەوە چی دەڵێت.

سەرنجبدە و سەربکەوە

"پەڕتووکی ئەم فێرکردنە لە دەمت جیا نەبێتەوە، بەڵکو بە شەو و بە ڕۆژ لێی وردبەرەوە، بۆ ئەوەی وریابیت بۆ کارکردن بەپێی هەموو ئەو شتانەی تێیدا نووسراوە، ئەو کاتە ژیانت ڕاستەڕێ دەبێت و سەردەکەویت." (یەشوح ١: ٨)

لەم ئایەتەدا یەزدان بەڕوونی پێمان دەڵێت کە ئێمە هەرگیز ناتوانین وشە بە کردار بکەین، یەگەر یەکەم جار لەڕویی دەروونیەوە ڕاهێنانی لەسەر نەکەیەن.

(زەبووری ١: ٢- ٣) باسی کەسێکی خواناس دەکات و دەڵێت: "ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی یەزدانە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنەکەی ورد دەبێتەوە. وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و گەڵاکانی هەرگیز وشک نەبن، لە هەموو کارێک سەرکەوتوو دەبێت."

سەرنجبدە و شیفا وەرگرە

"ڕۆڵە، سەرنج بدە وشەکانم، گوێ بۆ قسەکانم شل بکە. لەبەرچاوت دوورنەکەونەوە، لە ناخی دڵت بیانپارێزە، چونکە ژیانن بۆ ئەو کەسەی دەیاندۆزێتەوە، دەرمانە بۆ هەموو لەشی."
(پەندەکانی سلێمان ٤: ٢٠- ٢٢)
بیرت بێت یەکێک لە پێناسەکانی وشەی "سەرنجدان" بریتی بوو لە "گوێگرتن"، سەرنجی ئەم ئایەتە بدە کە دەڵێت وشەی یەزدان دەرمانە بۆ لەش.
سەرنجدان و ڕامان لە وشەی یەزدان لەبیرماندا کاریگەی دەبێت لەسەر لەشی جەستەییمان.
ڕوخسارم گۆڕاوە لەماوەی ئەو ساڵانەی کە لەگەڵ عیسادا لە پەیوەندیدا بووم. باشتر دەردەکەوم چونکە من خەمبار و نارەحەت و بەدبەخت نیم. بەدبەختی لە ڕوخسارماندا دەردەکەوێت بەهەمان شێوە خۆشحاڵیش دەردەکەوێت. چەندە دڵخۆش بین ئەوەندە گەنجتر دەردەکەوین. زۆر لەگەڵ ئەوەی بەتەمەنم، ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناخەوە نوێ دەبمەوە، ئەوە لە ڕوخساری دەرەوەمدا ڕەنگدەداتەوە.

گوێگرە و بچێنە

"هەروەها پێی فەرموون: (وردبنەوە لەوەی دەیبیستن. بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە و بۆشتان زیاد دەکرێت." (مەرقۆس ٤: ٢٤)

ئەمە وەکو ڕێسای چاندن و دروێنە وایە، تا زیاتر بچێنین، زیاتر دەدروینەوە لە وەرزی دروێنەدا. مەسیح لە (مەرقۆس ٤: ٢٤)دا دەڵێت کە من و تۆ تا زیاتر کات تەرخان بکەین بەبیرکردنەوە لە وشەی یەزدان و خوێندنی وشەکانی کە گوێمان لێدەبێت، زیاتر و زیاتر لێی تێدەگەین.

بخوێنەوە و بدورەوە

"چونکە شاردراوە نییە ئاشکرا نەبێت و نهێنی نییە دەرنەکەوێت." (مەرقۆس ٤: ٢٢)

ئەم دوو ئایەتانە پێکەوە پێمان دەڵێن کە وشەکە لەناو گەنجینەیەکی گەورە و نهێنییەکی بەهێزی ژیان بەخشدا شاردراوەتەوە، یەزدان دەیەوێت بۆمانی ئاشکرا بکات. ئاشکرا کراون بۆ ئەو کەسانەی کە ورد دەبنەوە و بیردەکەنەوە، دەخوێنن، بیردەکەنەوە، لە دەرونەوە ڕاهێنان دەکەن و وشەی یەزدان لەسەر لێویان دەڵێن و دەڵێنەوە.

من خۆم وەکو مامۆستایەکی فێرکردنی کتێبی پیرۆز ئەم ڕێسایە دەزانم. وادیارە کۆتایی بوونی نییە لەو شتەی کە یەزدان دەتوانێت نیشانم بدات لەڕێگەی یەک ئایەتی کتێبی پیرۆزەوە. یەکجار دەیخوێنم و شتێکی لێوەردەگرم و جارێکی دیکە شتێکی نوێ دەبینم کە تەنانەت پێشتر سەرنجم نەدابوو.

یەزدان بەردەوامە لە ئاشکراکردنی نهێنیەکانی بۆ ئەوانەی کە خۆیان بۆ وشەکە تەرخان کردووە. مەبە بەو جۆرە کەسەی کە هەمیشە لەسەر ئاشکراکردنی خەڵکی دەژیت، خۆت وشەکە بخوێنەوە و ڕێگە بە ڕۆحی پیرزۆ بدە کە ژیانت بەڕاستودروستی بەرەکەتدار بکات.

دەتوانم هەر بەردەوام بم لەسەر بابەتی وردبونەوە لە وشەی یەزدان. هەروەک وتم، ڕامان لە وشەکانی یەزدان یەکێکە لە هەرە شتە گرنگەکان کە من و تۆ دەبیت فێری بین و ئەنجامی بدەین. بەدرێژایی ڕۆژ کاتێک خەریکی کاری ڕۆژانەت دەنیت داوا لە ڕۆحی پیرۆز بکە بۆئەوەی هەندێک ئایەتی تایبەتی کتێبی پیرۆزت بەبیر بینێتەوە بەمەبەستی وردبوونەوە لێیان. سەرت سوڕدەمێنێت کە چەندە بەهێز لە ژیانتدا ئازاد دەبێت بەهۆی ئەم ڕاهینانەوە. تا زیاتر لە وشەی یەزدان ورد ببیتەوە زیاتر دەتوانیت پشت بە توانای وشەکە ببەستیت لەکاتی کێشە و تەنگانەدا. بیرت بیت: توانای ئەنجامدانی وشەکە لە ڕاهێنانکردنی وردبوونەوە لە وشەکە سەرچاوە دەگرێت.

وشەکە وەربگرن و پێشوازی لێبەکەن

"کەواتە هەموو گاڵاوی و گەشەکردنێکی بەدکاری دابکەنن، ئەو وشەیەی کە لە ئێوەدا چانراوە بە دڵنەرمییەوە وەریبگرن، ئەوەی دەتوانێت گیانتان ڕزگار بکات." (یاقوب ١: ٢١)

لەم ئایەتەوە دەبینین کە وشەکە توانای ڕزگارکردنی ئێمەی هەیە لە ژیانی گوناهدا بەلام ئەو کاتەی کە وەرمانگرت و پێشوازیمان لێکرد و لە ناخی دڵماندا چاندمان. ئەم چاندن و جێگیرکردنە لەڕێگەی گوێگرتن بۆ وشەی یەزدان ڕوودەدات، لەڕێگەی هەبوونی لەبیرماندا لە هەموو شتێک زیاتر.

ئەگەر من و تۆ هەمیشە لە کێشەکان وردبینەوە ئەوا زۆر زیاتر لەناویاندا ڕۆدەچین. ئەگەر لەوە وردبینەوە کە کێشەم چییە و خەڵکی دیکە کێشەیان چییە، زۆر قوڵتر بە کێشەکان ڕازی دەبین و هەرگیز چارەسەر نابینین. هەروەک ئەوەیە زەریایەکی پڕ لە ژیانمان هەبێت. ئەو ئامێرەی کە دەمانەوێ پێی بەرەوپێش بچین بریتییە لە خوێندنی زۆر و وردبوونەوە لە وشەکانی یەزدان.

ناوی خزمەتەکەمان ئەمەیە "چێژ لە ژیانی ڕۆژانەت وەربگرە". بەپێی ئەو ئەزموونەی کە هەمە دەتوانم بڵێم کە ئێمە بە تەواوی و بەڕاستی چێژمان لە ژیان وەرگرتوە و لەڕێگی خۆشویستن و گوێڕایەڵی کردنی وشەی یەزدان.

ژیان هەڵبژێرە

"چونکە بایەخی جەستە مردنە، بەڵام بایەخی ڕۆحەکە ژیان و ئاشتییە." (ڕۆما ٨: ٦)

دووبارە سەرنجت ڕادەکێشم بۆ (فیلیپی ٤: ٨) پێدەچێت ڕیگەیەکی باش بێت بۆ کۆتایی پێهێنانی بەم بەشەی کتێبەکە: "ئەوەی ڕاستییە و ڕێزداریە، ئەوەی دادپەروەرییە و پاکییە، ئەوەی خۆشەویستییە و ناوبانگ باشییە، ئەگەر ڕەوشت بەرزە و ئەگەر شایانی ستایشە، بیری لێ بکەنەوە."

بارودۆحی مێشکت پێویستە بەو جۆرە بێت کە لە کتێبی پیرزۆدا هەیە. تۆ بیری مەسیحت هەیە، دەست بکە بە بەکارهێنانی. ئەگەر ئەو بیری لێنەکردوە تۆش پێویست ناکات بیری لێبکەیتەوە.

بەهۆی ئەو بەردەوامی "پاراستنی" بیروهزرەکانتەوەیە کە دەست دەکەیت بە بەدیلگرتنی هەموو بیروهزرێکی و ملکەچی مەسیحی دەکەیت (سەیری دووەم کورنسۆس ١٠: ٥ بکە).

ڕۆحی پیرۆز خێرایە لە بیرهێنانەوەت ئەگەر بێتو بە ئاراستەیەکی هەڵەدا ڕۆیستی ئەوکات بڕیار بە دەستی تۆیە. لەناو بیری جەستەییدا سەرچاوە دەگریت یان لەناو بیری ڕۆحیدا؟

ڕێگەیەک بەرەو مەرگت دەبات و ڕێگەیەکیش بەرەو ژیان. هەڵبژاردنی بەدەستی تۆیە.

ژیان هەڵبژێرە!

زنجیرەی سێیەم

زەینییەتی چۆڵەوانی

ناساندن

"لە حۆرێڤەوە لەسەر ڕێگای کێوی سێعیر بۆ قادێش بەرنێعە گەشتێکی یازدە ڕۆژە." (دواوتار ١: ٢)

خەڵکی ئیسراییل بۆ ماوەی چل ساڵ سەرگەردان بوون لە چۆڵەوانیدا لە کاتێکدا دەیانویست گەشت بکەن کە لە ڕاستیدا تەنیا یازدە ڕۆژی پێویست بوو. بۆچی؟ هەڵەی دوژمنەکەیان، بارودۆخەکەیان، ناخۆشی ڕێگەکەیان بوو یان شتێکی تەواو جیاواز کە ڕێگەی لێگرتن لە گەیشتنیان بە شوێنی مەبەست؟

کاتێک بیرم لەم حاڵەتە دەکردەوە یەزدان بینییێکی بەهێزی پێدام کە یارمەتی شەخسی من و هەزاران کەسی تریشی دا. یەزدان پێی وتم: "نەوەکانی ئیسراییل چل ساڵیان لە چۆڵەوانی بەسەربرد بۆ ئەوەی گەشتێکی یازدە ڕۆژی بکەن چونکە زەینییەتی چۆڵەوانییان هەبوو."

بەپێی پێویست لێرە ماویتەوە

"یەزدانی خودامان لە حۆرێڤ پێی فەرمووین: ئیتر بەسە! ماوەیەکی زۆرە لەم کێوە دانیشتوون." (دواوتار ١: ٦)

پێویستە بە سەرسوڕماوییەوە سەیری ئیسراییلیەکان بکەین چونکە زۆرێک لە ئێمەش هەمان شت دەکەین کە ئەوان کردیان. بەردەوام دەسوڕێین بەدەور هەمان کێودا لەجێگەی ئەوەی بەرەوپێش بچین. ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی ئەزمونی سەرکەوتن بەسەر شتێکدا بکەین کە دەکرێت و دەبێت بە خێرایی کاری لەسەر بکەیت.

پێموایە یەزدان هەمان شت بە من و تۆش دەڵێت کە بە نەوەی ئیسراییلی وت لەکاتی ئەواندا.

"ماوەیەکی زۆرە لەم کێوە دانیشتوون!"

بیرت چەسپاو بکە و بە چەسپاوی بیهێڵەوە

"بایەخ بەو شتانەی سەرەوە بدەن، نەک ئەوانەی لەسەر زەوین." (کۆلۆسی **٣: ٢**)

یەزدان دە زەینییەتی چۆڵەوانی نیشاندام کە ئیسراییلییەکان هەیانبوو کە وایلێکردن لە چۆلەوانیدا بمێننەوە. زەینییەتی چۆلەوانی ڕەفتاری هەڵەیە.

دەتوانین ڕەفتاری باش یان خراپمان هەبێت. باشەکانیان قازانجیان بۆمان دەبێت، خراپەکانیش ئازاریان بۆمان دەبێت و ڕێگە لە بەرەوپێش چوونمان دەگرێت. (کۆلۆسی **٣: ٢**) فێرمان دەکات کە بیرمان چەسپاو بکەین و بە چەسپاوی بیانهێڵینەوە. دەبێت بیرمان لە ئاراستەی دروستدا جێگیر بکەین. کردارە هەڵەکان نەک تەنیا کاردەکاتە سەر بارودۆخەکانمان بەڵکو کاردەکات سەر ژیانی دەرونیشمان، هەندێک کەس شێوازی ژیانی چۆڵەوانییان هەیە، چونکە ئەوان چۆڵەوانین.

کاتی وا هەبوو کە بارودۆخەکانم زۆر خراپ نەبوون بەڵام نەمدەتوانی چیژ لە هیچ شتیکی ئەم ژیانە وەربگرم چونکە من لە ناخمدا بیابانێک بووم. من و دەیڤ خانوێکی جوانمان هەبوو، چوار منداڵی خۆشەویست و ئیشی باش و پارەی پێویست بۆ ژیانێکی ئارام. من نەمدەتوانی چیژ لە بەرەکەتەکانمان وەربگرم چونکە زۆرێک لە زەیبیەتی چۆڵەوانیم هەبوو. ژیان بۆ من وەکو بیابانێک بوو چونکە هەموو شتێکم بەو شێوەیە دەبینی. چونکە یەوان لە ژیانیاندا ئەزمونی حاڵەتی ناخۆشیان کردووە ناتوانن شتەکان باشتر ببینن. پاشان هەندێک کەس هەن کە هەموو شتێک بە خراپی نەرێنی دەبینن چونکە بەڕاستی ئەوان لە ناخیاندا بەو جۆرەن. هۆکارەکەی هەر شتێک بێت، بۆچوونی نەرێنی دەبێتە هۆی خەمگینی کەسەکە. حەزناکات هیچ هەنگاوێک بنێت بەرەو زەوی بەڵێن پێدراو. یەزدان بانگی نەوەکانی ئیسراییلی کرد لەکاتێکدا کۆیلەی میسرییەکان بوون بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ئەو زەوییەی کە یەزدان بەڵێنی پێداون بیانداتێ وەکو میراتی هەمیشەیی.
زەوییەک کە هەنگوین و شیر و هەموو ئەو باشانەی لێ دەڕژێت کە بیری لێدەکەنەوە. زەویەک کە تێیدا لە هیچ شتێکدا کە پێویستیانە کەم ناهێن، زەوییەکی ڕەونەق لە هەموو لە هەموو حاڵەتێکی بوونیاندا.

زۆربەی ئەو نەوەیەی کە یزدان بانگی کردن هەرگیز نەچوونە ناو زەوی بەڵێن پێدراوەوە و لە بەرانبەردا لە چۆلەوانیندا مردن. بۆ من ئەمە یەکێکە لە دڵتەنگترین ئەو شتانەی کە دەکرێت بەسەر ڕۆڵەیەکی یەزداندا بێت، ئەو هەمووە شتەت لەبەردەستدا بێت و لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانیت چیژی لێ وەربگرێت.

منیش بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ژیانی مەسیحی بوونمدا یەکێک بووم لەو خەڵکانە. من بەڕێوە بوومن بۆ بەهەشت بەڵام چێژم لەو گەشتە وەرنەدەگرت. لە چۆڵەوانیدا نارەحەت بووم بەڵام سوپاس بۆ بەزەییەکەی یەزدان ڕووناکی لە تاریکیەکەمدا تروستکایەوە و پێشڕەوی هاتنە دەرەوەی هاتنە دەرەوەی کردم.

نوێژدەکەم ئەم بەشەی کتێبەکە ببێت بە ڕووناکی بۆت و ئامادەت بکات بۆ ئەوەی لە چۆڵەوانیەکەت بێتە دەرەوە و بڕۆیتە ناو ڕووناکی شکۆداری گەورەی پاشایەتی یەزدان.

بەشی شانزەیەم

داهاتووم پەیوەستە بە ئێستا و ڕابردوومەوە

"بەبێ سروش گەل بەڕەڵا دەبێت، بەڵام ئەوەی تەورات پەیڕەو بکات خۆزگەی پێ دەخوازرێت." (پەندەکانی سلێمان **٢٩: ١٨**)

ئیسراییلیەکان هیچ ڕوانینیکی ئەرێنیان بۆ ژیانیان نەبوو، هیچ خەونێکیان بۆ ژیانیان نەبوو. دەیانزانی لەکوێوە هاتوون بەڵام نەیاندەزانی بۆ کوێ دەڕۆن. هەموو شتێک پشتی دەبەست بەو شتەی کە دەیانبینی و دەیانتوانی بینین، نەیاندەزانی چۆن "بە چاوی باوەڕەوە ببینن."

دەستنیشانکردن بۆ هێنانی ڕزگاری

"ڕۆحی یەزدان لەسەرمە، چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ موژدەدان بە هەژاران، منی ناردووە تاوەکو جاڕی ئازادی بدەم بۆ ئەوانەی بە دیلگیراون، هەروەها گەڕانەوەی بینایی بۆ کوێران، تاوەکو ستەملێکراوان ئازاد بکەم و ساڵی ڕەزامەندی یەزدان ڕابگەیەنم." (لۆقا **٤: ١٨- ١٩**)
من لە باکگراوندێکی ئیهانەئامێزەوە هاتووم، من لە خێزانێکی خراپدا بەخێوکراوم. منداڵیم پڕبووە لە ترس و ئازار. شارەزایان دەڵێن کە کەسایەتی منداڵ لە پێنج ساڵی سەرەتای منداڵیدا دروست دەبێت. کەسایەتی من خراپ بوو! لە ڕووکەشدا ژیانم بەسەر دەبرد لەپشت ئەو دیوارانە بەرگریانەوە ژیانم بەسەر دەبرد کە دروستم کردبوون بۆ ئەوەی خەڵکی نەتوانن ئازارم بدەن. درگام لەسەر خەڵکی دادەخست و لەڕووی دەرەوەشدا لەخۆم دادەخست. من دەست بەسەرداگیراوێک بووم، ئەوەندە بە ترس پڕببووم تاکە ڕێگەیەک کە ڕوبەڕوی ژیان دەبوومەوە ئەوە بوو کە دەبوا هەست بکەم کە هەموو شتێکم لە کۆنترۆڵدایە، هەربۆیە کەس ناتوانێت ئازارم بدات.

وەکو گەنجێکی پێگەیشتوو هەوڵم دەدا بۆ مەسیح بژیم و شوێن شێوازی ژیانی مەسیحی بکەوم، بەڵام نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم. هەمیشە وامدەزانی کە داهاتووم بەهۆی ڕابردوومەوە زیانی پێدەگات. بیرم دەکردەوە: "چۆن دەکرێت کەسێک کە ئەو جۆرە رابردووەی هەیە کە من هەمبووە ئەوجا باشیش بێت؟" مەحاڵە! هەرچەندە عیسا دەڵێت کە هاتووە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە چاک بکاتەوە کە نەخۆش و دڵشکاو و بریندار و ڕووخاون.

عیسا هات بۆ ئەوەی دەرگای زیندانەکان بکاتەوە و زیندانییەکان ئازاد بکات. من هیچ پێشکەوتنێکم لەخۆدا بەدی نەکرد تا ئەو کاتەی کە باوەڕم کرد منیش دەتوانم ڕزگارم بێت. دەبوا بینینێکی ئەرێنیم بۆ ژیان هەبوایە. دەبوا بڕوام کردبا کە داهاتووم پەیوەست نییە بە ڕابردوو و ئێستامەوە. دەکرێت ڕابردوویێکی ناخۆشت هەبووبێت، تەنانەت لەوانەیە ئێستا لە بارودۆخێکی نەرێنی و دڵتەنگدا بیت. لەوانەیە ڕوبەڕوی حاڵەتی وا ببیتەوە کە ئەوەندە خراپ بیت کەوا هیچ جۆرە هۆکارێک بۆ هیوا خواستن بوونی نەبێت. بەڵام من بەوپەڕی دلێرییەوە پێت دەڵێم کە داهاتووت پەیوەست نییە بە رابردوو و ئێستاتەوە.

هەڵسوکەوتی نوێ نیشان بدە. باوەڕت بەوە هەبێت کە هیچ شتێک بۆ یەزدان مەحاڵ نییە (لۆقا ١٨: ٢٧). بۆ مرۆڤ لەوانەیە هەندێ شت مەحاڵ بێت بەڵام ئێمە خزمەتی یەزدانێک دەکەین کە هەموو شتێکی لە نەبوونەوە بەدیهێنا (عیبرانییەکان ١١: ٣). هیچی خۆتی پیببەخشە و سەیرکە دەستبەکار دەبێت. تەنیا شتێک کە پێویستی پێیەتی باوەڕی تۆیە، پێویستی بەوەیە کە تۆ باوەڕ بکەیت، ئیتر یەزدان خۆی ئەوەلای ئەنجام دەدات.

چاوەکان بۆ بینین، گوێیەکان بۆ گوێگرتن

"چڵێک لە بنەداری یەسا دەردەچێت، لقێکی نوێ لە ڕەگەکەیەوە دەڕوێت. ڕۆحی یەزدان لەسەری دەنیشێتەوە، ڕۆحی دانایی و تێگەیشتن، ڕۆحی ڕاوێژ و ئازایەتی، ڕۆحی زانین و لەخواترسی، بە لەخواترسی شادمان دەبێت. بەگوێرەی بینینی چاوی خۆی دادوەری ناکات، بەگوێرەی بیستنی گوێی خۆی بڕیار نادات." (ئیشایا ١١: ١- ٣)

ناتوانین بە بینینی چاوی سروشتیمان خەڵکی تاوانبار بکەین و حوکم بەسەر خەڵکیدا بدەین. دەبێت "چاوی ڕۆحی بۆ بینین و گوێی ڕۆحی بۆ گوێگرتن"مان هەبێت. پێویستە ئەو شتەمان گوێ لێبێت کە ڕۆح دەیڵێت، نەوەک ئەوەی کە جیهان دەیڵێت. با یەزدان لەبارەی داهاتووت قسە بکات نەوەک خەڵکی دیکە. گەلی ئیسراییل بەردەوام سەیری شێوازی شتەکانیان دەکرد و باسی حاڵەتی شتەکانیان دەکرد. یەزدان بەدەستی موسا ئەوانی لە میسر ڕزگار کرد، لەڕێگەی ئەوەوە باسی زەوی بەڵێن پێدراوی بۆ کردن. یەزدان دەیویست ئەوان چاویان لەسەر ئەو شوێنە بێت کە بۆی دەچن و چاویان لەسەر ئەو شتە نەبێت کە تێیدا بوون. با سەیری هەندێ ئاتەت بکەین کە بەڕوونی ڕەفتاری هەڵەیان دەردەخات.

کێشەکە چییە؟

"هەموو نەوەی ئیسرائیل دەستیان بە بۆڵەبۆڵ کرد بەسەر موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ، پێیان گوتن: خۆزگە لە میسر دەمردین! خۆزگە لە چۆڵەوانیدا دەمردین! بۆچی یەزدان ئێمە دەهێنێتە ئەم خاکە بۆ ئەوەی بە شمشێر بکوژرێین و ژن و منداڵمان بە تاڵان ببردرێن؟ ئایا باشتر نییە بگەڕێینەوە میسر؟" (سەرژمێری **١٤: ٢- ٣**)

هانت دەدەم کە بە وریاییەوە سەرنجی ئەم دەقە بدەیت. سەرنج بدە کە ئەو خەڵکە چەندە نەرێنی بوون. گلەییان دەکرد، ئامادەن بەئاسانی وازبهێنن. گەڕانەوە بۆ کۆیلایەتی پەسەند دەکەن لەجێگەی بەردەوام بوون لە ڕۆیستن بەناو چۆڵەوانیدا بۆ گەیشتن بە زەوی بەڵێن پێدراو. لەڕاستیدا ئەوان هیچ کێشەیەکیان نەبوو، خودی خۆیان کێشەکە بوون!

بیروهزری خراپ کرداری خراپ بەرهەم دێنێت

"ئاو نەبوو بۆ کۆمەڵ، جا لە دژی موسا و هارون کۆبوونەوە و گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و گوتیان: (خۆزگە وەک براکانمان لەبەردەم یەزدان لەناوبچووینایە !بۆچی کۆمەڵی یەزدانتان هێنایە ئەم چۆڵەوانییە هەتا تێیدا خۆمان و مەڕومالاتمان بمرین؟" (سەرژمێری **٢٠: ٢- ٤**)

ئاسانە کە لە وشەکانیانەوە ئەوە ببینیت کە ئیسراییلیەکان باوەڕیان بە یەزدان نەبووە. ئەوان کاری دۆڕاو و نەرێنیان هەیە. ئەوان بڕیاریان داوە کە بدۆڕێن تەنانەت ئەگەر پێش ئەوەی دەست پێبکەن. لەڕاستیدا لەبەرئەوەی هەموو بارودۆخەکانی بێخەوش نەبوون. ئەوا ڕەفتارێکیان نیشاندا کە لە مەبەستێکی هەڵەوە سەرچاوەی گرتبوو. ڕەفتاری خراپ بەرهەمی بیروهزری خراپە.

نەبوونی هەڵسوکەوتی سوپاسگوزاری

"ئینجا لە کێوی هۆرەوە بە ڕێگای دەریای سوور کۆچیان کرد هەتا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە، جا گەل لە ڕێگادا ئارامییان لێ بڕا. گەل لە دژی خودا و موسا قسەیان کرد و گوتیان: بۆچی لە میسر دەرتانهێناین هەتا لە چۆڵەوانی بمرین؟ چونکە نە نان هەیە و نە ئاو! ئەم خواردنە بێ تامەمان لەبەرچاو کەوتووە."

لەگەڵ هەبوونی ئەو هەمووە ڕەفتارە خراپانەی دیکە کە لە ئایەتەکانی پێشتردا بینیمان. لەم دەقەدا بەڵگەمان بەرچاو دەکەوێت لەسەر سوپاسگوزار نەبوونی ئیسراییلەیەکان.

ئیسراییلیەکان نەیاندەتوانی واز لەو بیرکردنەوەیە بهێنن کە لە کوێوە هاتبوون و زۆر دەخایەنێت تا دەگەنە ئەو شوێنەی کە بۆی دەڕۆن.

ئەگەر سەرنجی ئیبراهیمی باوەگەورەیان بدابا ئەوا یارمەتیان دەدا. ئەوا ڕوبەڕوی چەندین حاڵەتی بێهیوابوون بوەوە لە ژیانیدا. بەڵام ڕێگەی پێنەدان کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر داهاتووی هەبێت.

ژیان بەبێ ناکۆکی نابێت

"ناکۆکی لەنێوان شوانەکانی مەڕومالاتی ئەبرام و شوانەکانی مەڕومالاتی لۆت ڕوویدا. لەو کاتەش کەنعانییەکان و پریزییەکان نیشتەجێی خاکەکە بوون. ئینجا ئەبرام بە لۆتی گوت: با هیچ ناکۆکییەک لەنێوان من و تۆ و لەنێوان شوانەکانم و شوانەکانی تۆ نەبێت، چونکە ئێمە مام و برازاین. ئەوە نییە هەموو خاکەکە لەبەردەمتە؟ کەواتە لە من جیا ببەوە. ئەگەر بەلای چەپدا بڕۆیت، من بەلای ڕاستدا دەڕۆم و ئەگەر بەلای ڕاستدا بڕۆیت، من بەلای چەپدا دەڕۆم. لۆت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردون ئاوداره. وەک بەهەشتی یەزدانە، وەک خاکی میسر کە بەرەو زۆعەر دەڕۆیت. ئەمە پێش ئەوەی یەزدان سەدۆم و عەمۆرا وێران بکات. لۆت هەموو دەوروبەری ڕووباری ئوردونی بۆ خۆی هەڵبژارد و بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. ئیتر هەردووکیان لە یەکتری جیا بوونەوە." (پەیدابوون **١٣: ٧- ١١**)

ئیبراهیم مەترسیی ژیانی لە ناکۆکیدا دەزانی، ئەو بە لۆتی وت کە پێویستە لە یەکدی جودا ببنەوە تاکو لە خۆشەویستیدا هەڵسوکەوت بکەن و دڵنیابن لەوەی کە هیچ ناکۆکیەک لە داهاتوودا ڕوبەڕویان نابێتەوە. ئیبراهیم ڕێگەی بە برازاکەی دا کە یەکەم جار چ دۆڵێکی دەوێت هەلیبژێرێت. لۆت باشترینی هەڵبژارد (دۆڵی ئوردون) و لەوێدا جودا بوونەوە.

دەبێت لە یادمان بێت کە ڵوت هیچ نەبوو تا ئەو کاتەی کە ئیبراهیم بەرەکەتداری کرد. بیر لەو هەڵسوکەوتە بکەوە کە ئیبراهیم دەیتوانین هەیبێت، بەڵام نەیکرد. ئیبراهیم دەیزانی کە ئەگەر بە دروستی هەڵسوکەوت بکات ئەوا یەزدان دەیپارێزێت.

چاو هەڵبڕە و بڕوانە

"دوای جیابوونەوەی ڵوت لە ئەبرام، یەزدان بە ئەبرامی فەرموو: چاوت هەڵبڕە و لەو شوێنەی کە لێیت، سەیری باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکە. چونکە هەموو ئەو خاکەی دەیبینیت بۆ هەتاهەتایە دەیدەمە تۆ و نەوەی تۆ." (پەیدابوون **١٣: ١٤- ١٥**)

ئەم دەقە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ ئەوەی ئیبراهیم دوای جیابوونەوەی لە برازاکەی لە بارودۆخێکی ناخۆشدا خۆی بینییەوە بەڵام یەزدان داوای لە ئیبراهیم کرد کە "چاو هەڵبڕێت" بۆ ئەو شوێنەی کە دەیەوێت بیبات.

ئیبراهیم ڕەفتارێکی باشی هەبوو لەبارەی حاڵەتەکەیەوە، لەئەنجامدا شەیتان نەیتوانی پێشگیری لە بەرەکەتی یەزدان لەسەری بکات. تەنانەت یەزدان مولکی زیاتری لە پێشتر پێبەخشی کە پێش جیابوونەوەکە چێژی لێوەردەگرت، هەروەها بەهەموو شێوەیەک پیرۆز و بەرەکەتداری کرد.

هانت دەدەم کە بەشێوەیەکی ئەرێنی لە ئەگەرەکانی داهاتووت بڕوانیت و دەست بکە بە "بانگکردنی ئەو شتانەی کە بوونیان نییە وەکو ئەوەی کە بوونیان هەبێت" (ڕۆما **٤: ١٧**).
بەشێوەیەکی ئەرێنی باس یان بیر لە داهاتووت بکەوە، بەپێی ئەو شتەی کە یەزدان لەناختدا داینناوە نەوەک بەپێی ئەو شتەی کە لە ڕابردووتدا بینیوتە یان تەنانەت ئەوەی لە کاتی ئێستا دەیبینیت.

بەشی حەڤدەیەم

نامەوێت بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگرم، با کەسێکی دیکە ئەنجامی بدات

"تارەح ئەبرامی کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارای بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە بەڕێکەوتن تاکو بچنە خاکی کەنعان. بەڵام کاتێک هاتنە حەڕان و لەوێ نیشتەجێ بوون." (پەیدابوون ١١: ٣١)

هەمیشە بەرپرسیاریەتی پێناسە دەکرێت وەکو وەڵامی ئێمە بۆ توانای یەزدان، بەرپرسیاربوون بریتییە لە کاردانەوەمان بۆ ئەو دەرفەتانەی کە یەزدان لەبەردەم ئێمەدا دایناون.

یەزدان بەرپرسیاریەتی بە باوکی ئیبراهیم بەخشی بۆ وەڵامدانەوەی توانەکەی. دەرفەتی چوون بۆ کەنعانی خستە بەردەستی. بەڵام لەجێگەی ڕۆیشتنی هەموو ڕێگاکە لەگەڵ یەزدان، وەستا و لە هاران نیشتەجێ بوو.

زۆر ئاسانە کە دڵخۆش بیت کاتێک یەزدان قسەمان لەگەڵ دەکات و دەرفەتی ئەنجامدانی شتێکمان دەداتێ، بەڵام وەکو تارەح زۆربەی جار ئەو شتە بەکۆتا نایەنین کە دەستمان پێکردووە چونکە کاتێک دەچینە ناوی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمە زیاتر لە تاسان و دڵخۆشی لە خۆدەگرێت.

زۆربەی سەرکێشییە نوێیەکان خۆشن چونکە نوێن. خۆشی بۆ ماوەیەک لەگەڵ کەسیکدا دەمێنێتەوە بەڵام هەرهیز ناتگەیەنێتە هێڵی کۆتایی.

زۆر لە باوەڕدارەکان ئەو شتە ئەنجام دەدەن کە کتێبی پیرۆز دەڵێت تارەح کردویەتی. بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ شوێنێک دەست پێدەکەن و لە نیوەی ڕێگەدا دەڕۆن لە شوێنێکی دیکەدا نیشتەجێ دەبن. بێزار یان ماندوو دەبن. حەزدەکەن دەورەکەیان تەواو بکەن، لەڕاستیدا نایانەوێت هەموو ئەو بەرپرسیاریەتیانە بەئەستۆ بگرن کە لەگەڵی دێت. ئەگەر کەسیکی دیکە بۆیان ئەنجام بدات حەزدەکەن قازانجەکەیان بدرونەوە، بەڵام بەو شێوەیە ناگونجێت و نابێت.

بەرپرسیاریەتی تاکەکەسی ناکرێت بدرێتە کەسێکی دیکە

"ئەوە بوو بۆ بەیانی موسا بە گەلی گوت: ئێوە گوناهێکی گەورەتان کردووە، بەڵام ئێستا سەردەکەوم بۆ لای یەزدان، بەڵکو کەفارەتی گوناهەکەتان بکەم. ئیتر موسا گەڕایەوە لای یەزدان و گوتی: ئای کە ئەم گەلە گوناهێکی گەورەی کرد و خوداوەندی زێڕیان بۆ خۆیان دروستکرد، بەڵام ئێستا لە گوناهیان خۆش بە، ئەگەر نا، لە پەڕتووکەکەی خۆت بمسڕەوە کە نووسیوتە." (دەرچوون **٣٢: ٣٠- ٣٢**)

لە خوێندن و خوێندنەوەمدا سەرنجی ئەوەم دا کە ئیسراییلیەکان نەیانەویست بەرپرسیاریەتی هیچ شتێک لەئەستۆ بگرن. موسا لەجێگەی ئەوان نوێژی کرد، لە یەزدان پاڕایەوە تەنانەت کاتێک تووشی کێشە بوون لەجێگەی ئەوان تۆبەی کرد. (دەرچوون **٣٢: ١- ١٤**)

منداڵ بەهیچ جۆرێک بەرپرسیاریەتی لەسەر نییە، بەڵام کە گەورە بوو جاوەڕوانی بەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی زیاتر و زیاتری لێدەکرێت. یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی دایک و باوک ئەوەیە کە منداڵەکانیان فێری بەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریتی بکە. یەزدانیش حەزدەکات هەمان شت فێری ڕۆڵەکانی بکات.

خودا دەرفەتی ئەوەی پێدام کە تەواوی کات لە ڕێکخراوی مەسیحیدا ئیش بکەم، لەڕێگەی ئەوەی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە جیهانییەکاندا وشەکانی بڵێمەوە، تاکو لە سەرتاسەری ئەمریکا و وڵاتانی تریشدا باسی کتێبی پیرۆز بۆ خەڵکی بکەم. بەڵام دڵنیات دەکەمەوە لەگەڵ ئەو بانگکردنەدا بەرپرسیاریەتی هەیە کە زۆر کەس لێی بێئاگان. زۆر کەس دەڵێن دەیانەوێت لە ڕێکخراوێکی مەسیحی خزمەت بکەن چونکە پێیان وایە ڕوداوێکی بەردەوامی ڕۆحییە.

زۆر جار ئەو کەسانەی کە لە ڕێکخراوەکەماندا داوای ئیش دەکەن پێیان وایە کە باشترین شت کە دەکرێت لە ژیانیاندا بۆیان ڕێبکەوێت ئەوەیە کە ببن بە بەشێک لە خزمەتی مەسیحیەت. پاشان بۆیان دەردەکەوێت کە لەوێ دەبێت وەکو هەموو شوێنێکی دیکە ئیش بکەن، دەبێت لەخەو هەستن و لەکاتی خۆیدا بگەنە ئەوێ، لێپرسراویان دەبێت، دەبێت شوێن خشتەیەکی جێگیری ڕۆژانە بکەون، هتد. کاتێک کە خەڵک دەڵێن دەیانەوێت بێن و لەگەڵ ئێمە ئیش بکەن، ئێمە پێیان

دەڵێین کە بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر هەورێک ڕاناکشێن و گۆرانی "هەلێلویا" بڵێنەوە، ئیش دەکەین، ئیشی سەخت. ئێمە بەڕاستودروستی هەڵسوکەوت دەکەین و ئەوەی دەیکەین زۆر بە باشی دەیکەین.

بەدڵنیاییەوە مافی تایبەتی خۆتە لە ڕێکخراوی مەسیحیدا ئیش بکەیت بەڵام هەوڵ دەدەین کە بۆ ئەو کەسە نوێیانەی کە داواکاری ئیشیان پێشکەش کردووە ڕوون بکەینەوە کە ئەگەر تاسان و خۆشی بەرەو نەمان ڕۆیشت دەبێت بزانن ئێمە چاوەڕێی بەرپرسیاریەتی گەورەیان لێدەکەین.

تۆ سەیری مێروولە بکە

"ئەی تەمبەڵ، بڕۆ لای مێروولە، بڕوانە ڕێگاکانی و ببە بە دانا. بێ ئەوەی پێشەوا و کوێخا و فەرمانڕەوای هەبێت، بەڵام لە هاویندا نانی خۆی ئەمبار دەکات و لە کاتی دروێنەدا خۆراکی خۆی کۆدەکاتەوە. ئەی تەمبەڵ، هەتا کەی پاڵدەدەیتەوە؟ کەی لە خەوەکەت هەڵدەستی؟ کەمێک خەوتن، کەمێک خەواڵوو بوون، کەمێکیش دەست تێکنان بۆ ڕاکشان، ئینجا هەژاریت وەک چەتە دێت، نەبوونیشت وەک چەکدار." (پەندەکانی سلێمان ٦: ٦- ١١)

ئەم کردارە تەمبەڵەی کە ئیسراییلیەکان هەیانبوو یەکێک بوو لەو شتانەی کە لە چۆڵەوانیدا بۆ ماوەی چل ساڵ هێشتنیەوە لەکاتێکدا ئەو گەشتە تەنیا یازدە ڕۆژی دەخایاند.

حەزدەکەم ئەم دەقە لە پەندەکان بخوێنمەوە کە سەرنجمان بەلای مێروولەدا ڕادەکێشێت، کە بەبێ هیچ چاودێرێک یان سەرکارێک شت بۆ خۆی و خێزانەکی دابین دەکات. ئەو کەسانەی کە هەمیشە دەبێت یەکیکی دیکە پشتیان بگرێت هیچ شتێکی باش ناکەن و ئەوانەی کە تەنیا ئەوە دەکەن کە دروستە لەکاتێکدا کە کەسێک سەیریان دەکات ئەوا هەرگیز لەشوێنی خۆی زیاتر ناڕوات. دەبێت لە ناخەوە هان بدرێین نەوەک لە دەرەوە. دەبێت لەبەردم یەزدان بژین، ئەوە بزانە کە یەزدان هەموو شتێک دەبینێت و دیارییەکان لەلایەن ئەوەوە دێت ئەگەر بێتو ئێمە ئەو شتە ئەنجام بدەین کە ئەو داوامان لێدەکات.

زۆر بانگ دەکرێن، کەم هەڵدەبژێردرێن

"چونکە زۆرن ئەوانەی بانگ دەکرێن‌و کەمن ئەوانەی هەڵدەبژێرێن." (مەتا **٢٠: ١٦**)

جارێکیان لە مامۆستایەکی کتێبی پیرۆزم بیست کە ئەم ئایەتە واتە زۆرێک بانگ دەکرێن یان زۆرێک دەرفەتیان پێدەدرێت بۆ ئەنجامدانی شتێک بۆ یەزدان بەڵام ژمارەیەکی کەمیان ئارەزووی ئەوە دەکەن بەرپرسیاریەتی ئەو داواکردنە بەئەستۆبگرن.

هەروەکو چۆن لە زنجیرەی پێشتردا ئاماژەم پێدا زۆرێک لە خەڵکی ئێسکی ئارەزوویان هەیە نەوەک ئێسکی پشت. ئەو خەڵکەی کە "زەینییەتی چۆڵەوانییان" هەیە دەیانەوێت هەموو شتێکیان هەبێت بێ ئەوەی هیچ شتێک ئەنجام بدەن.

هەستە و بڕۆ

"ئەوە بوو پاش مردنی موسای بەندەی یەزدان، یەزدان بە یەشوعی کوڕی نونی خزمەتکاری موسای فەرموو: موسای بەندەم مرد، ئێستا هەستە، خۆت و هەموو ئەم گەلە لە ڕووباری ئوردونەوە بپەڕنەوە بۆ ئەو خاکەی پێیان دەدەم، واتە بە نەوەی ئیسرائیل. هەر شوێنێک پێی لێ بنێن، بە ئێوەی دەدەم، هەروەک بە موسام فەرموو." (یەشوع **١: ١- ٣**)

کاتیک یەزدان بە یەشوعی وت کە موسا مردووە، دەبێت جێگەی بگرێتەوە، پێشڕەوی خەڵکەکەی بکات بۆ ئەوەی لە ئوردونەوە بڕۆن بۆ زەوی بەڵێن پێدراو؛ ئەوە بۆ یەشوع بە مانای بەرپرسیاریەتی نوێ دەهات.

هەمان شت بۆ ئێمەش ڕاستە کە بەرەوپێش دەچین و داوای میراتی ڕۆحیمان دەکەین. ئەگەر بێتو من و تۆ ئامادەیی ئەوەمان تێدا نەبێت بەرپرسیاریەتی خۆمان بە جدی لە ئەستۆ نەگرین ئەوا هەرگیز ئەو مافەمان نابێت کە لە لایەن یەزدانەوە بەکاربهێنرێین.

سەیرکە، ئێستا کاتیەتی!

"ئەوەی چاوی لە با بێت ناچێنێت، ئەوەی سەیری هەور بکات دروێنە ناکات." (ژیرمەندی **١١: ٤**)

لەساڵی **١٩٩٣**دا کاتێک یەزدان بە من و دەیڤی وت کە دەیەوێت ئێمە بڕۆینە بەشی تەلەفزیۆن. یەزدان پێی وتین: "دەرفەتێکتان دەدەمێ بۆ ئەوەی بڕۆن لە تەلەفزیۆن ئیش بکەن، بەڵام ئەگەر ئێستا دەرفەتەکە نەقۆزنەوە ئەوا هەرگیز دووبارە نایەتەوە." پێدەچوو ئەگەر یەزدان ڕێگەی پێنەدابایە کە دەستبەجێ پێویستە وەڵامی بدەینەوە لەوانەبوو دوایبخەین. سەرەڕای هەموو ئەوانە لە شوێنێکدا بووین کە دەمانتوانی ئارام بین. ئەگەر داواکارییەکەی یەزدانمان زۆر دواخستبا ئەوا یەزدان دەبوا کەسیکی دیکە بدۆزێتەوە کە دەستبەجێ وەڵامی داواکارییەکەی بداتەوە.

نۆ ساڵ بوو سەرقاڵی ڕاوەستانی ڕێکخراوەکەمان و خزمەتەکەماندا بووین، ئێستا یەزدان دەرفەتێکی پێداوین کە کە خەڵکێکی زیاتر بناسین، کە دەمانویست بە هەموو دڵ و گیانمانەوە ئەنجامی بدەین. هەرچەندە بۆ ئەنجامدانی ئەمە دەبوا ئاسوودەیی خۆمانمان وەلا بنابا و بەرپرسیاریەتی نوێ بەئەستۆ بگرین.

کاتێک یەزدان داوا لە گەلەکەی دەکات بۆ ئەنجامدانی شتێک ئەوا وەسوەسە چاوەڕێی "دەرفەتی گونجاو" دەکات (کرداری نێردراوان **٢٤: ٢٥**). هەمیشە مەیلی پاشەکشێ هەیە بۆ ئەوەی تووشی کێشە و ناڕەحەتی نەبێت.
هانت دەدەم بۆ ئەوەی ببیت بە کەسێک کە لە بەرپرسیاریەتی نەترسێت. لە ڕوبەڕوبونەوەی کاتە ناخۆشەکانتدا توانات بنیات بنێیت. ئەگەر تۆ تەنیا ئەو شتە ئەنجام بدەیت کە ئاسانە ئەوا بە لاوازی دەمێنیتەوە.
یەزدان چاوەڕێی بەرپرسیاریەتی لە ئێمە دەکات، چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات کە ئەو شتانە بپارێزین کە پێیداوین، شتێکیان لێبکەین کە بەرهەمی باش بدەن. ئەگەر ئێمە ئەو دیاری و بەهرانە بەکارنەهێنین کە یەزدان پێی بەخشیوین ئەو ئەوکاتە ئێمە بەرپرسیار نابین لەسەر ئەو شتانەی لە ئەستۆی ئێمەی داناوە.

ئامادە بە

"کەواتە ئێشک بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن." (مەتا **٢٥: ١٣**)

مەتا **٢٥** ئەو بەشەی کتێبی پیرۆزە کە فێرمان دەکات دەبێت چی بکەین لەکاتێکدا چاوەڕێی گەڕانەوەی گەورەکەمانین.

دوازده ئایەتی سەرەتا باسی دە کچمان بۆ دەکات کە پینجیان گێلن و پێنجیان ژیرن. پێنج گێلەکە نەیاندەویست هیچ شتێکی زیاتر ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە ئامادەن بۆ بینینی زاوا لەکاتی گەڕانەوەیدا. گێلەکان کەمتر لە بەشی خۆیان نەوتیان پێبوو، نەیاندەویست یەک کیلۆمەتری دیکە بڕۆن، بۆیە تەنیا ئەوەندە نەوتیان هێنا کە بۆ چراکانیان پێویست بوو. بەڵام کچە ژیرەکان زۆر لەوە زیاتریان ئەنجامدا کە دەبوا بیانکردبا. نەوتی زیادەیان لەگەڵ خۆیان هێنا بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ بکەن.

کاتێک زاواکە هات، گێلەکان سەیریان کرد چراکانیان نەوتیان تێدا نەماوە، بێگومان داوا لە کچە ژیرەکان دەکەن بۆ ئەوەی هەندێک نەوتیان بدەنێ. زۆربەی جار ئەمە کێشەکەیە. ئەو خەڵکەی کە تەمبەڵن و کارەکانیان دوادەخەن و داوا لەو کەسانە دەکەن کە بە باشی کاردەکەن بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی ئەوانیش هەڵبگرین کە لە ڕاستیدا دەبوا خۆیان لە ئەستۆیان گرتبا.

ئەوەی کە پێت دراوە بەکاریبهێنە

"ئەی کۆیلەی خراپ و تەوەزەل!" (مەتا **٢٥: ٢٦**)

پاشان مەتا **٢٥** نموونەی سێ خزمەتکارمان پێنیشان دەدات کە کیسە زیویان پێدرابوو کە هی گەورەکەیان بوو. دواتر گەورەکەیان ڕۆیشت بۆ وڵاتێکی دوور. چاوەڕێی ئەوەی لە خزمەتکارەکانی دەکرد کە بە باشی چاودێری کەلوپەلەکان بکەن لەکاتێکدا خۆی لەوێ نییە.

ئەو پیاوەی کە پێنج کیسە زیوەکەی پێدرابوو بازرگانی پێوەکرد و پێنجی دیکەی قازانج کرد. ئەو پیاوەی کە دوو کیسەی وەرگرتبوو هەمان شتی کرد بەڵام ئەو پیاوەی کە یەک کیسەی وەرگرتبوو ڕۆیشت و چاڵێکی هەڵکەند و زیوەکەی تێدا شاردەوە چونکە زۆر دەترسا. ئەو لەبەرەوپێش هەنگاونان دەترسا، لە بەرپرسیاریەتی دەترسا.

کاتێک گەورەکەیان گەڕایەوە، سوپاسی ئەو دوو خزمەتکارەی کرد کە بەو پارەی کە وەریانگرتنبوو قازانجێکیان کردبوو. بەڵام بەو پیاوەی وت کە پارەکەی شاردبوەوە و هیچ شتێکی قازانج

نەکردبوو: "ئەی کۆیلەی خراپ و تەوەزەل!" پاشان ئەمری کرد کیسە زیوەکەی لێوەربگرنەوە و بدرێت بەو پیاوەی کە دە کیسە زیوی هەبوو و ئەو کۆیلە خراپە تەوەزەلە دەبێت بەسەختی سزابدرێت. هانت دەدەم کە وەلامی ئەو توانایە بدەرەوە کە یەزدان پێی بەخشیویت لەڕێگەی بەگەڕخستنی هەموو تواناکەت لەو کارەدا بۆ ئەوەی کاتێک گەورەکە گەڕایەوە بۆئەوەی نەک تەنیا ئەوەکەی خۆی بدەیتەوە بەڵکو زیاتریشی بدەیتێ.

کتێبی پیرۆز بەڕوونی نیشانمان دەدات کە یەزدان دەیەوێت ئێمە بەرهەمی باش بدەین. (یۆحەنا ١٥: ١٦)

گیروگرفتی پێ بسپێرن نەوەک بەرپرسیاریەتی

"ئەی لاوەکان، بە هەمان شێوە ملکەچی پیران بن، هەمووتان خۆتان بە بچووکی یەکتر بزانن، چونکە خودا بەرهەڵستی لووتبەرزەکان دەکات، بەڵام نیعمەت دەداتە بێفیزەکان. بۆیە لەژێر دەستی بە توانای خودا ڕۆحسووک بن، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە." (یەکەم پەترۆس ٥: ٥- ٦)

لە بەرپرسیاریەتی مەترسە، فێربە گیروگرفتەکانت بسپێرە نەوەک بەرپرسیاریەکەت. هەندێ کەس فێربوون کە خەمی هیچ شتێکیان نەبێت، بوون بە پسپۆڕ لە "سپاردنی گیروگرفت" کە تەنانەت بەرپرسیاریەتیەکانیشیان بە یەزدان دەسپێرن.

بیرت لەسەر ئەو شتە بێت کە لە بەردەستدایە و لە هیچ شتێکی ڕامەکە تەنیا لەبەرئەوەی پێدەچێت تووشی بەربەست و ڕێگری بیت.

هەمیشە لەبیرت بێت کە ئەگەر یەزدان ئەو شتەی پێبەخشیت کە داوات لێکردووە ئەوا شان بە شانی ئەو بەرەکەتە بەرپرسیاریەتیش هەیە کە دەبێت بەئەستۆی بگریت. ئەگەر خاوەنی ئۆتۆمبێل یان خانوێکیت ئەوا یەزدان چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکات کە بیانپارێزیت. لەوانە تەمبەڵی هێرش بکاتە سەر بیر و هەستەکانت، بەڵام تۆ بیری مەسیحت هەیە. بە دڵنیاییەوە دەتوانیت فێڵ و تەڵەکەکانی

شەیتان بناسیتەوە، هەستەکانت وەلا بنێ و ئەو شتە ئەنجام بدە کە پێت دروستە. داواکردنی شت ئاسانە، بەرپرسیاربوون ئەو بەشەیە کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتی.

بیرم دێت جارێکیان کاتێک بەردەوام هەوڵم دەدا لەگەڵ هاوسەرەکەم قسە بکەم بۆ ئەوەی خانوێک لە تەنیشت دەریان (خانوی گەشتیاری) بکڕین، شوێنێک کە دەمانتوانی پشووی تێدا بدەین و نوێژ و خوێندنی تێدا بکەین. شوێنێک بۆ ئەوەی لە "هەموو شتێک دوور بکەوینەوە." پێم وت کە چەندە شاز دەبێت ئەگەر بیکڕین و منداڵەکانمان و نەوەکانمان دەتوانن چێژی لێوەربگرن و تەنانەت دەتوانین کۆبوونەوەی بازرگانییەکان لەوێ بەڕێوەببەین و پێکەوە کاتێکی شکۆدار لە نوێژکردندا بەسەر ببەین.

ئەو شتانە هەمووی باش دیاربوون و بۆ هەستەکانیشم باش دەردەکەوتن، بەڵام دەیڤ هەمیشە پێی دەگوتم کە دەبێت بە باشی چاودێری ئەو شتانە بکەین کە هەمانە. بەبیری هێنامەوە کە چەندە سەرقاڵین و ئەو کاتەمان نییە کە بەرپرسیاریەتی خانوێکی دیکە بە ئەستۆ بگرین. چاودێری کردنی سەوزایی و پارەی چاکردنەوەی کەلوپەل و پارە سەرفکردن و هتد. گوتی باشتر وایە کە خانوو بەکرێ بگرین ئەگەر ویستمان بڕۆین بۆ شوێنێک لەجێگەی بەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی خانوی خۆمان.

من سەیری لایەنی کوڵی دەروونی بابەتەکەم کردبوو و ئەو سەیری لایەنی کرداری کردبوو. کاێک بڕیارێک دەدەین دەبێت گرنگی تەواو بە هەردوو لایەن بدرێت، نەک تەنیا لایەنە چێژبەخشەکەی چونکە پێویستی بە بەرپرسیاریەتیشە. خانووی گەشتیاری بەتەواوی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن کاتی بۆ تەرخان بکەن بەڵام لەڕاستیدا ئێمە ئەو کاتەمان نەبوو. لە قوڵایی دڵمەوە ئەوەم دەزانی بەڵام بۆ ماوەی ساڵێک ناوبەناو هەوڵم دەدا بە دەیڤ بڵێم بۆ ئەوەی بیکڕین.

خۆشحاڵم کە پێداگر مایەوە. ئەگەرنا دڵنیام کە ئەو خانوەمان دەکڕی، بۆ ماوەیەک چاودێریمان دەکرد پاشان دەستمان دەکرد بە بۆڵەبۆڵ کردنێکی زۆر چونکە نەماندەتوانی ئاگامان لێی بێت و دڵنیام لەوە کە بە فرۆشتنی خانوەکە کۆتایی دەهات چونکە ئیسی زۆری پێویستە. پاش ماوەیەک

هاڕێکانمان خانوێکی گەشتیاریان کڕی و ڕێگەیان پێداین کە بە ئیزنی ئەوان و بەشێوەیە بەرنامە بۆ داڕێژراو بەکاری بهێنین. پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بارودۆخەکەمان گونجا بۆ ئەوەی ئێمەش خانوێکی لەو شێوەیە بکڕین و بۆ کڕینی کاتێکی گونجاو بوو. لە سەرەتادا کە ویستم ببمە خاوەنی خانوەکە ئەوا کاتێکی هەڵە دەبوو لە ژیانماندا بۆ ئەوەی بیکڕین. ویست بۆ هەبوونی شتێک بەس نییە، پێویستە بەتەواوی ئامادەبین کە بەرپرسیاریەتیەکەی بەئەستۆ بگرین.

ئەگەر پشت بە دانایی ببەستی ئەوا یەزدان وەڵامی داواکارییەکانت دەداتەوە. ئەو کەسەی کە بیری مەسیحی هەیە لە داناییدا هەنگاو دەنێت نەوەک لە هەستەکانیندا.

بەرپرسیار بە!

بەشی هەژدەیەم

تکایە هەموو شتێک ئاسان بکە، ئەگەر شتەکان زۆر قورس بن ناتوانم ئەنجامیان بدەم

"ئەم فەرمانەی من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم، لەسەرتان قورس نییە و لێتانەوە دوور نییە." (دواوتار ٣٠: ١١)

ئەم کردەوە هەڵەیە وەکو ئەو دانەیە کە ئێستا باسمان کرد، بەڵام ئەوە کێشەیەکی تەواوە لە نێوان گەلی خودا کە لەو باوەڕەدام شایانی ئەوەیە وەرزێکی ئەم کتێبەی کە بۆ تەرخان بکەین.

ئەوە یەکێکە لە بەربڵاوترین ئەو بیانوانەی کە من لەلایەن ئەو خەڵکەوە گوێبیست دەبم کە داواکاری نوێژیان هەیە. زۆربەی جار کاتێک یەکێک دێت بۆ لام بۆ ئەوەی نوێژی بۆ بکەم یان ئامۆژگاری پێشکەش بکەم، کاتێک پێی دەڵێم وشەی خودا چی دەڵێت یان لەو باوەڕەدام کە رۆحی خودا دەڵێت: وەڵامیان بریتیە لە "دەزانم ئەمە دروستە، خودا هەمان شتی نیشان داوم، بەڵام جۆیس، ئەمە زۆر قورسە."

خودا نیشانی دام کە شەیتان هەوڵدەدات ئەو دەستەواژەیە بخاتە ناو مێشکی خەڵکەوە بۆ ئەوەی وایان لێبکات دەست بەردار ببن. چەند ساڵێک لەمەوبەر کاتێک خودا ئەو ڕاستییە بۆ دەرخستم، فێری کردم کە واز لە گوتنی ئەوە بێنم کە شتەکان چەندە قورسن، دڵنیای کردمەوە کە ئەگەر ئەوەم کرد ئەوا شتەکان ئاسانتر دەبن.

تەنانەت کاتێک بریارماندا تاقی بکەینەوە و بەرەو پێش هەنگاو بنێین، ئێمە کاتێکی زۆر بە بیرکردنەوە و قساکردن دەربارەی بەسەر دەبەین و دەڵێین "ئەوە زۆر قورسە" بە جۆرێک پرۆژەکە زۆر لەوە قورستر دەبێت لە پێشتر کە ئەگەر بێتو ئەرێنی بووینایە لە جێگەی نەرێنی ئەوا ئەوەندە قورس نەدەبوو.

لە سەرەتادا کاتێک لەو وشەی خودا بینیم کە دەبێت چۆن بژیم و هەڵسوکەوت بکەم و بەراورد کرد بەو شوێنەی جۆم کە پێشتر تێیدا بووم، هەمیشە دەمگوت، "خودا دەمەوێت شتەکان بە ڕێگەی

تۆ ئەنجام بدەم، بەڵام ئەوە قورسە." خودا (دواوتار **٣٠: ١١**) نیشاندام کە تێیدا خودا دەڵێت کە داخوازیەکانی زۆر قورس نیە یان زۆر دوور نیە.

هۆکارەکانی ئەوە کە داخوازییەکانی خودامان زۆر قورس نییە ئەوەیە کە رۆحی خۆی پێبەخشیوین بۆ ئەوەی بەوپەڕی تواناوە لە ناوماندا ئیش بکات و لەو هەموو ئەو شتانەدا کە خودا داوامان لێدەکات یارمەتیمان بدات.

یارمەتیدەر

"منیش داوا لە باوک دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە." (یۆحەنا **١٤: ١٦**)

شتەکان گران دەبن کاتێک هەوڵ دەدەین بە تەنها و بەبێ پشت بەستن بە بەرەکەتی خودا ئەنجامیان بدەین. ئەگەر هەموو شتێک لە ژیاندا ئاسان بوایە ئەوا ئەو کاتە تەنانەت پێویستمان بە توانای پیرۆز نەدەبوو لەناومانە بۆ یارمەتیدانمان، کتێبی پیرۆز رۆحی پیرۆز بە "یارمەتیدەر" ناودەبات. ئەو هەمیشە لەگەڵمانە لەناومانە بۆ یارماتیدانمان، بۆ ئەوەی توانادارمان بکات لا ئەنجامدانی ئەو شتەی کە ناتوانین ئەنجامی بدەین، و لەوانەشە زیادە بخەمە سەر و هیچ شتێک بۆ ئەو قورسە نییە.

ڕێگا ئاسانەکە و ڕێگا قورسەکە

"ئەوە بوو کە فیرعەون ڕێی دا گەلەکە بڕۆن، خودا ڕێنمایی نەکردن بۆ ڕێگای خاکی فەلەستییەکان، لەگەڵ ئەوەی نزیکیش بوو، چونکە خودا فەرمووی: نەوەک گەل پەشیمان ببنەوە کاتێک شەڕ ببینن و بگەڕێنەوە بۆ میسر." (دەرچوون **١٣: ١٧**)

دڵنیابە لەوەی خودا بۆ هەر شوێنێکت ئاراستە بکات دەتوانێت یارمەتیت بدات. هەرگیز لە توانای خۆمان زیاتر پێ ناسپێرێت. (سەیری کۆرنسۆس **١٠: ١٣** بکە). داوای هەر شتێک بکات پارەکەی دەدات. پێویست ناکات لە کێشمەکێشمی بەردەوام بەسەر ببەین ئەگەر بێتو فێری ئەوە بین پشت تەنها بەو ببەستین بۆ ئەو توانایەی کە پێویستمانە

ئەگەر دەزانیت خودا داوای ئەنجامدانی شتێکی لێ کردووی ئەوا پشتی تێ مەکە تەنها لەبەر ئەوەی بەرەو قورسی رۆشتووە. کاتێک شتەکان گران دەبن ئەوا کاتی زیاتر لەگەڵ خودا بەسەر ببە. زیاتر پشتی پێ ببەستە و بەرەکەتی زیاتر لە خودا وەربگرە (سەیری عیبرانییەکان **٤: ١٦** بکە).

بەرەکەت توانای خودایە کە بەبێ بەرامبەر بۆ تۆ دێت، بۆ ئەوەی ئەو شتەی لە رێگەی تۆوە ئەنجام بدات کە تۆ خۆت ناتوانیت ئەنجامی بدەیت. وریای ئەو بیروهزرانە بە کە دەڵێت "زۆر قورسە، ناتوانم ئەنجامی بدەم."

هەندێ کات خودا لەجێگەی رێگە ئاسانەکە بەرەو رێگەی قورس دەمانبات چونکە لە ناوماندا کارێک دەکات. ئەگەر هەموشتێک لە ژیانماندا ئەوەندە ئاسان بێت کە بەتەنها خۆمان بتوانین ئەنجامی بدەین ئەوا چۆن فێری ئەوە دەبین کە پشت بەو ببەستین؟

خودا گەلی ئیسراییلی بە رێگا درێژ و قورسەکەدا برد چونکە ئەوان هێشتا ترسنۆک بوون و دەبوا کارێکیان لەناودا بکات بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ ئەو جەنگەی کە لە زۆوی بەڵێن پێدراودا ڕوبەڕویان دەبێتەوە.. لەگەڵ ئەوەی بەرەو ڕێگە قورسەکەی بردن بەڵام زۆر بۆیان قورس نەبوو، خودا هەرگیز لە توانای خۆمان زیاتر ئەرکمان پێ ناسپێرێت.ڕێگاکانی ژیانمان ئەو کاتانە قورس دەبێت کە پێمان وابێت زۆر قورسە.

زۆر قورسە خەڵک پێیان وایە کە چوونە ناو زەوی بەڵێن پێدراو واتە نەمانی جەنگ، بەڵام ئەوە راست نیە. ئەگەر بێتو ئەو مێژووە بخوێنیتەوە کە چی روویدا دوای ئەوەی کە ئیسراییلیەکان رووباری ئۆردەنیان تێپەراندووە و چوونەتەوە ناو خاوەنداریتی ززەوی بەڵێن پێدراوەوە دەبینیت کە خەریکی جەنگ لە دوای جەنگ بوون. بەڵام هەموو جەنگانەیان بە هێزی خودا و لە ژێر رێنمایی ئەو بردوەتەوە.

خودا بە ناو رێگە چۆڵەوانی و درێژ و قورسەکەدا بردنی لەگەڵ ئەوەی رێگەی کورتر و ئاسانتر هەبوو چونکە ئەو دەیزانی کە بۆ ئەو جەنگانەی ئامادەنەبوون کە لە زەویەکەدا رووبەرویان نەدەبوەوە. دەیزانی کاتێک دوژمن روبەڕوویان دەبێتەوە ئەوا لەوانە بوو رایان بکردبایە تەوە بۆ میسر، هەربۆیە

ئەوانی بە ڕێگەی قورسەکە برد بۆ ئەوەی فریان بکات کە کێیە و فێریان بکات کە ناتوانن پشت بە خۆیان ببەستن.

کاتیک کەسێک بە بارودۆخێکی سەختدا تێپەڕ دەبێت، بیری دەیەوێت واز بێنێت و تەسلیم بێت. شەیتان دەزانێت ئەگەر بتوانێت لە بیرماندا شکستمان بدات ئەوا دەتوانێت ئەزموونەکانیشمان شلست پێ بێنێت. هەر بۆیە زۆر گرنگە بێ وزە نەبین و بەهێز و وریا بین.

توند خۆت بگرە

"کەواتە با لە چاکەکاری نەکەوین، چونکە ئەگەر ورە بەرنەدەین لە کاتی خۆیدا دروێنەی دەکەین." (گەلاتیا ٦: ٩)

بێ ورەبوون و بێهۆشی پەیوەندی بە تەسلیم بوونی مێشکەوە هەیە. رۆحی پیرۆز پێمان دەڵێت کە لە بیرمان واز نەهێنین چونکە ئەگەر بەرگە بگرین ئەوا لە کۆتاییدا دروێنە دەکەین.

بیر لە عیسا بکەوە. رێک لە دوای لە ئاو هەڵکێشانی پڕ بوو لە رۆحی ڤیرۆز و لەلایەن رۆحەوە بەرەو چۆڵەوانی ئاراستە کرا بۆ ئەوەی لەلایەن شەیتانەوە تاقی بکرێتەوە. گلەیی نەکرد و دڵتەنگ و نائومێدی نەبوو. ئەو بە نەرێنی بیری نەدەکردەوە و بە نەرێنی قسەشی نەدەکرد. سەری لێنەشێوا و هەوڵی نەدا بزانێت بۆچی ئەمە دەبێت رووبدات. ئەو هەموو تاقیکردنەوەکانی بەسەر کەوتوویی بری. لەگەرمەی هەول تاقیکردنەوەکەیدا، خودامان چل رۆژ و شەو لە چۆڵەوانیدا نەسوڕایەوە و باسی ئەوەی نەکرد کە ئەوە چەندە قورسە. ئەو هێزی لە باوکی ئاسمانی وەرگرت و بەسەرکەوتوویی هاتە دەرەوە (سەیری لۆقا ١: ٤- ١٣ بکە).

دەتوانی وێنای ئەوە بکەی کە عیسا لەگەڵ قوتابیەکانی بەناو وڵاتدا بگەڕێن و باسی ئەوە بکەن کە شتەکان چەندە گران بوون؟ دەتوانی وێنای بکەیت کە عیسا باسی ئەوە بکەیت کە لە خاچدان چەندە قورس دەبێت یان چەندە لەو شتانە ترساوە کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە یان لە هەلومەرجی ژیانی رۆژانەیدا چەندە پاڵەپەستۆی لەسەرە: بگەڕێی بە لادێدا و بەبێ ئەوەی شوێنێکت هەبێت پێی

بوترێت ماڵ، هیچ سەقفێک لەسەریانەوە نەبوو، شوێنێکی خەو نەبووە بۆ ئەوەی شەوان تێیدا بخەون.

لە حالەتی خودی خۆمدا کاتێک کە شوێنێکەوە گەشت دەکەم بۆ شوێنێکی دیکە و لە هەموو شوێنێک باسی کتێبی پیرۆز دەکەم، دەبوا فێری ئەوە بم کە باسی ئەو سەختییە نەکەم کە لە جۆری خزمەتە گەڕۆکەکەدا ڕوبەڕوم دەبێتەوە. دەبوا فێری ئەوە بم کە باسی ناخۆشی ئەوە نەکەم کە هەر جارە و دەبێت لە هۆتێلێکی سەیردا بمێنمەوە، بە بەردەوامی لە دەرەوە نان بخۆیت، هەموو پشوویەک لە شوێنی خەوی جیاواز بخەویت، لەماوە دوور بیت، خەڵکی نوێ ببینیت و لەگەڵیدا خۆت بگونجێنە رێک لە کاتی بەرەو پێش چوونت. ئەگەر مافی ئەنجامدانی ئەو شتەم بوێت کە دەمانەوێت ئەنجامی بدەم ئەوا دەبێت بە هەڵسوکەوتێکی باش بەرگەی ئەو ناهەمواریيەش بگرم کە لەگەڵیدا دێت.

من و تۆ بیری مەسیحمان هەیە و دەتوانن شتەکان بەو جۆرە ئەنجام بدەین کە ئەو ئەنجامی دا: لەڕووی دەروونییەوە خۆمان ئامادە بکەین لە رێگەی "بیرکردنەوەی سەرکەوتوانە" نەوەک "بیرکردنەوەی وازهێنەرانە."

ئازار چەشتن سەرکەوتنی بە دواوە دێت

"وەک مەسیح بە جەستە ئازاری چێژت، ئێوەش خۆتان بەم بیروڕایە چەکدار بکەن، چونکە ئەوەی بە جەستە ئازار بچێژێ لە گوناه کردن دەوەستێ، تاکو ئەو کاتەی بە جەستە لە ژیان ماوە بۆ هەوەسە مرۆڤانەکان نەژی، بەڵکو بۆ خواستی خودا." (یەکەم پەترۆس ٤: ١- ٢)

ئەم دەقە نهێنییەکمان فێر دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن ڕوبەڕوی شت و کاتە قورسەکان ببینەوە. ئەمەش تێگەتشتنی منە بۆ ئەو دوو ئایەتە:

بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەوە کە عیسا ڕوبەڕوی بوەتەوە و بەرگەی گرتووە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانی ڕوبەڕوی سەختیەکان ببیتەوە. خۆت بۆ جەنگ چەکدار بکە. خۆت بۆ بردنەوە

ئامادە بکە بەو جۆرەی بیرکردنەوەی کە عیسا بیری دەکردەوە: "من بە ئارامییەوە بەرگەی ئازار دەگرم نەک بدۆڕێم بۆ ئەوەی یەزدان دڵخۆش بکەم." من بە ئارامییەوە بەرگەی ئازار دەگرم نەک بدۆڕێم بۆ ئەوەی یەزدان دڵخۆش بکەم." چونکە ئەگەر ئازار بچێژیت و مێشکی مەسیحت بەرانبەری هەبێت ئەوا چیتر تەنیا بۆ ناو ناژیت خۆش دڵخۆش بکەیت و هەرشتێک ئاسان بێت ئەنجامی بدەیت و لەدەست شتە سەختەکان ڕابکەیت. بەڵام ئەو توانایەت بێت کە بۆ ویستی یەزدان بژیت نەوەک هەستەکانت و بیروهزرە جهیهانییەکانت بژیت.

بۆ ئەوەی بەپێی ویستی یەزدان ڕەفتار بکەین دەبێت بەرگەی ئازاری "جەستەمان" بگرین. جەستەمان هەمیشە ڕازی نییە لەگەڵ شێوازی ژیانی خزمەتی گەڕۆک بەڵام دەزانم کە ئەوە ویستی یەزدانە بۆ من کە دەبێت دوای بکەوم. هەربۆیە دەبێت خۆم بەبیری دروست چەکدار بکەم لەبارەیەوە، ئەگەرنا پێش دەستپێکردنم شکستم پێهێنراوە.

لەوانەیە لە ژیانتدا کەسێک هەبێت کە پێت ناخۆش بێت لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت و لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە یەزدان دەیەوێت بەردەوام بیت لە پەیوەندی لەگەڵیدا و لەدەستی ڕانەکەیت. جەستەت ئازار دەچێژێت، لەو حاڵەتەدا لەگەڵ ئەو کەسەدا هەڵسوکەوت کردن ئاسان نییە، بەڵام دەتوانی خۆت ئامادە بکەیت بەبیرکردنەوەی گونجاو لەبارەی بارودۆخەکە.. هەرچەندە بەپێی ویستی یەزدان هەڵسوکەوت کردن هەندێ کێشەی هەیە بەڵام دووڕوو بوون لە ویستی ئەو کێشەی زۆر زۆرتری دەبێت.

بێ نیازین لە بێ نیازیی مەسیحدا

"دەزانم نەبوونی چییە و دەزانم هەبوونی چییە، لە هەر شتێک و لە هەموو شتێکدا فێری نهێنی ئەوە بووم لە هەبوونی و نەبوونیدا ئاسوودە بم .دەتوانم هەموو شتێک بکەم بەهۆی مەسیحەوە کە بەهێزم دەکات." (فیلیپی **٤: ١٢- ١٣**)

بیرکردنەوەی دروست چەکدارمان دەکات بۆ جەنگ.. بەبیرکردنەوەی هەڵەوە ڕۆیشتن بۆ ناو جەنگ وەک ئەوە وایە بڕۆیتە هێڵی پێشەوەی جەنگ بەبێ ئەوەی چەکت پێبێت. ئەگەر ئەوە بکەین ئەوا هەر زوو لەناودەچین.

ئیسراییلییەکان "بیانووگر" بوون هەربۆیە گەشتێکی یازدە ڕۆژەیان بە چل ساڵ سەرگەردان بوون لە چۆڵەوانیدا ئەنجامدا. ئەوان لە هەموو سەختیەکدا بینانوویان دەگرت و لەبارەی هەموو بەربەستێکی نوێ گلەییان دەکرد. هەمیشە باسی ئەوەیان دەکرد کە شتەکان چەندە سەختن. بیریان بەم جۆرە بوو "تکایە هەموو شتێک ئاسان بکە ئەگەر شتەکان زۆر قورس بم ناتوانم ئەنجامیان بدەم!"

زۆر لە باوەڕدارەکان شەڕکەری یەکشەمان و بیانوگری دووشەمانن. لە یەکشەماندا بەباشی دەدوێن لە کەنیسەدا لەگەڵ هاوڕێکانیان، بەڵام دووشەمان کە "کاتی قسە و پیاسەیە" و هیچ کەسێکیش لە دەوروبەریان نییە تا کاریگەری لەسەریان هەبێت ئەوان بە سادەترین تاقیکردنەوە لەهۆش خۆیان دەچن. ئەگەر تۆ بیانووگر و گلەییکەری، بیرێکی نوێ وەربگرە کە دەڵێت "من دەتوانم هەموو شتێک لەڕێگەی مەسیحەوە بکەم کە بەهێزم دەکات." (فیلیپی **٤: ١٣**).

بەشی نۆزدەیەم

لە توانای من بەدەرە، خووم بە گلەیی و عەیب دۆزینەوە و بۆڵە بۆڵەوە گرتووە.

"چونکە ئەگەر کەسێک لەبەر ویژدانی بەرامبەر خودا بەرگەی ژانی ئازاری زۆرداری بگرێت، ئەمە جێی ستایشە. بەڵام ئەگەر هەڵەتان کرد و لێتان درا و بەرگەتان گرت، ئەمە چ شانازییەکە؟ بۆیە ئەگەر چاکە بکەن و لە ئازاردا بەرگەتان گرت، ئەمە جێی ستایشە لەلای خودا." (یەکەم پەترۆس **٢: ١٩- ٢٠**)

تا فێری ئەوە نەبین لە کاتە سەختەکاندا بە هەڵسوکەوتەکانمان خودا شکۆدار بکەین رزگارمان نابیت. ئەوە ئازار نییە کە خودا شکۆدار دەکات بەڵام هەلسوکەوتی خودایی لە ئازار چەشتندا خودا دڵخۆش دەکات و شکۆدار دەکات.

ئەگەر من و تۆ لەم ئایەتەوە ئەو شتانانەمان بەدەست بگات کە خودا دەیەوێت هەمانبێت ئەوا دەبێت لەسەرخۆ بیخوێنینەوە و دستەواژە و رستەکانی یەک بە یەک بە باشی تێبگەین و وەریبگرین. دان بەوەدا دەنێم کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەوانەم خوێند و هەوڵم دا لەوە تێبگەم کە بۆچی ئازار چەشتنی من ئەوەندە خودا دڵخۆش دەکات لە کاتێکدا کتێبی پیرۆز بەڕوونی دەڵێت عیسا بەرگەی ئێش و ئازاری سزادانی منی گرت (ئیشایا **٥٣: ٣- ٦**).

چەندین ساڵ لەمەوپێش تێگەیشتم کە مەبەستی سەرەکی ئەم ئایەتیانە لە یەکەم پەترۆس ئازار چەشتنەکە نییە بەڵکو ئەو هەڵسوکەوتەیە کە دەبێت لە کاتی ئازار چەشتندا هەمانبێت.

سەرنجی وشەی "بە ئارامی" بدە کە لەم دەقەدا بەکارهاتووە، دەقەکە دەڵێت کە ئەگەر کەسێک بە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد ئەوا بە ئارامییەوە روبەڕوی بەرەوەن، ئەوە بۆ خودا دڵخۆشکەرە. ئەو شتەی ذڵی خۆش دەکات بریتییەلە هەڵسوکەوتە ئارامەکە، نەوەک ئازار چەشتنەکەمان. بۆ ئەوەی لە ئازار چەشتنماندا هانمان بدات ئێمە بەو پەڕی تواناوە هاندراوین بۆ ئەوەی سەیری عیسا بکەین کە چۆن ڕوبەڕوی ئەو هێرشە نادادپەروەرانە بووەوە کە کرایە سەر.

عیسا وەکو نموونەی ئێمە

"چونکە بۆ ئەمە بانگکراون، لەبەر ئەوەی مەسیحیش لە پێناوتان ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن. ئەوەی هیچ گوناهێکی نەکردبوو، فڕوفێڵی لەسەر زاری نەبوو. ئەوەی جنێوی پێ دەدرا و جنێوی نەدەدایەوە، ئازار دەدرا و هەڕەشەی نەدەکرد، بەڵکو خۆی دەدایە دەست ئەوەی حوکمی دادپەروەرانەیە." (یەکەم پەترۆس **٢: ٢١- ٢٣**)

عیسا بە شکۆداریەوە ئازاری چەشت! بە بێدەنگی، بەبێ گلەی کردن، بروای بە خودا هەبوو بە بێ ئەوەی گرنگی بە هیچ شتێک بدات، ئەو لە هەموو بارودۆخێکدا وەکو خۆی مایەوە. ئەو بە ئارامی وەڵامی نەدایەوە کاتێک هەموو شتێک ئاسان بوو و بە نائارامیش وەڵامی نەدایەوە کاتێک شتەکان قورس و نادادپەروەرانە بوون.

ئەو ئایەتانەی سەرەوە ڕێمان دەدات بزانین کە عیسا نموونەی ئێمەیە و هات بۆ ئەوەی شێوازی ژیانمان نیشان بدات. چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە بەردەم خەڵکی دیکە نیشانیان دەدات کە چۆن بژین. ئێمە بە نموونە زیاتر منداڵەکانمان فێردەکەین تا بە وشە. ئێمە دەبێت نامەی زیندوو بین کە بۆ هەموو مرۆڤەکان بخوێنرێتەوە (سەیری دووەم کۆرنسۆس **٣: ٢- ٣** بکە)، دەبێت رووناکی بین بۆ ئەوەی لە جیهانی تاریکیدا بدرەوشێتەوە (فیلیپی **٢: ١٥**).

بانک کراون بۆ خۆ نزمکردنەوە و ساکاری و ئارام گرتن

"منی بەندکراو لە پێناوی مەسیحی خاوەن شکۆ لێتان دەپاڕێمەوە بە شێوەیەک بژین شایانی ئەم بانگەوازە بێت کە پێی بانگکراون. بەوپەڕی بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتنەوە، بە خۆشەویستی بەرگەی یەکتری بگرن." (ئەفەسۆس **٤: ١- ٢**)

ماوەیەک لەمەوپێش لە ژیانی خێزانداریماندا حاڵەتێک پێش هاتبوو کە نموونەیەکی زۆر باش دەگونجێت مۆ مەبەستەکەی من لەبارەی ئازار چەشتن بە نەرم و ساکاری ئارامگرتنەوە.
کوڕەکەمان، دانیال، تازەیی لە گەشتێکی مزگێنی دان لە کۆماری دۆمینیکا گەڕایەوە. کە هاتەوە بینیمان سەرشانی زۆر بە خراپی روشاوە و کۆمەڵێ زۆر برینی سارێژ نەبووشی پێوەیە. پێی وترابوو

کە ئەوە شێوازی پیچکی ژەهراوی دۆمینیکایە. ئەوەندە خراپ دەردەکەوت کە هەستمان کرد دەبێت بزانین ئەوە چییە. ئەو رۆژە دکتۆرەکامان لە پشوودا بوو هەربۆیە کاتێکمان بۆ بینین لەگەڵ ئەو دکتۆرەدا رێکخست کە پەیوەندیەکانی وەردەگرت.

ساندرای کچمان، پەیوەندی کرد و کاتی بینینەکەی دەسنیشان کرد. پێی وتن کە دانیال تەمەنی چەندە و ئەو خوشکی دانیالە و ئەو دانیال دێنێت بۆ نەخۆشخانە. ئەو رۆژە هەمومان سەرقاڵ بووین تەنانەت ساندراش سەرقاڵ بوو. پاش چل و پێنج خولەک لە هاژۆشتنی ئۆتۆمبێل گەیشتینە کلینیکی دکتۆرەکە تەنها بۆ ئەوەی پێی بوترێت "ئای ببوورە، لە بەرنامەی ئێمەدا نییە کە منداڵ بەبێ هاتنی دایک و باوک چارەسەر بکەین."

ساندرا بۆی روونکردەوە کە لەکاتی تەلەفۆنکردنەکەدا، بەتایبەتی وتبووی کە ئەو براکەی دێنێت بۆ نەخۆشخانە، کە زۆر بەی کات ئەو براکەی دەبردە نەخۆشخانە چونکە ئێمە بە هۆی گەشتەکانمانەوە نەمان دەتوانی. پەرەستارەکە دلنیای کردەوە کە دەبێت دایک و باوکی لەگەڵ بێت.

ساندرا هەلومەرجی تووڕەبوونی هەبوو. ئەو زۆری لە خۆی کردبوو بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکە زیاد بکاتە سەر بەرنامە سەرقاڵەکەی پێشتریتەنها بۆ ئەوەی بۆ دەرکەوێت کە پلان و هەواڵەکانی بێ سووودن. ئەو چل و پێنج خولەکی دیکە لێخورینی سەیارەی لە بەردەستایە و هەموو شتێک وەکو کات بەفیرۆدان بوو.

خودا یارمەتی دا کە بە خۆشەویستی و ئارامی بمێنێتەوە. پەیوەندی بە باوکییەوە کرد کە سەردانی دایکی خۆی دەکرد، گوتی دێت و ئاگای لە بارودۆخەکە دەبیت. ئەو بەیانیە دەیڤ هەستی کرد کە رێنوێنی کراوە بۆ ئەوەی بێت بۆ ئیدارەکەی ئێمە و هەندێ کتێب و پەیای تۆمارکراو لەگەڵ خۆی ببات.بەراستی نەیدەزانی چی بەو شتانە دەکات.تەنها هەستی کرد کە دەبێت ئەو شتانە ببات. کاتیک گەیشتە کلینیکی دکتۆرەکە، ئەو ژنەی کە ناوی نەخۆشەکانی دەنووسی پرسیاری لە دەیڤ کرد کە ئایا ئەو قەشەیە وهاوسەری جۆیسە یان ن. ئەو پێی وت بەڵێ وایە، ئەو گوتی منی لە تەلەفزیۆن دیوە و بە پێی پێویست گوێی لە ناوی خێزانەکەمان بووە هەربۆیە گوتی لەوانەیە هەمان

کەس بێت. دەیڤ تۆزێ قسەی لەگەڵ کرد و یەکێک لە کتێبەکانمی پێدا کە دەربارەی چارەسەری سۆزداری بوو.

مەبەستم لە وتنی ئەم چیرۆکە ئەمە بوو: چی دەبوو ئەگەر ساندرا تورە ببوایە و نائارام بوایە؟ شایەتییەکەی ئەگەر وێران نەبوایە ئەوا ورد دەبوو. تەنانەت دەتوانی رۆحییەن ئازاری ئەو ژنە بدرابا کە لە تەلەفزیۆن منی بینیبوو و پاشان بە شێوەیەکی خراپ سەیری خێزانەکەمانی دەکرد.

لە جیهاندا خەڵکێکی زۆر هەوڵ دەدەن خودا بدۆزنەوە و ئەو شتەی ئێمە نیشانیان دەدەین زۆر لەوە گرنگترە کە پێیان دەڵێین. بە دڵنیایەوە ئەوە گرنگە کە بە قسە باسی ئینجیل بە خەڵکی دەکەین، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە قسە بۆ خەڵکی بکەیت و بە هەڵسوکەوتەکانمان ئەو شتە نەرێنی بکەین کە وتمان خرابترە لەوەی کە هیچ شتێک نەڵێین.

ساندرا بە ئارامییەوە لەم بارودۆخەدا بەرگەی ئازارەکەی گرت و وشەی خودا دەڵێت ئێمە بانگکراوین بۆ ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و کرداره.

لەسەرخۆ ئازار چەشتنەکەی یوسف

"کەسێکی لەپێشیانەوە نارد، یوسف بە کۆیلەیەتی فرۆشرا، بە کۆت ئازاری پێیان دا، زنجیری ئاسنیان لە ملی کرد. هەتا کاتی هاتنەدی قسەکەی، پەیامی یەزدان ڕاستگۆیی ئەوی چەسپاند." (زەبوورەکان **١٠٥: ١٧- ١٩**)

وەکو نموونەیەکی پەیمانی کۆن بیر لە یوسف بکەوە کە دادپەروەرانە لە لایەن براکانییەوە بە خراپی هاڵسوکەوتی لەگەڵ کرا. وەکو کۆیلە فرۆشتیان و بە باوکیان وت کە لە لایەن گیانلەبەرێکی وەحشییەوە کوژراوە لە هەمان کاتدایوسف لە لایەن ڤیاوێکی دەوڵەمەند کڕدرا کە ناوی پوتیفار بوو کە وەکو کۆیلە بردیە ماڵەکەی خۆی. بۆ هەرشوێنێک دەچوو خودا یارمەتی یوسفی دەدا و هەر زوو لە لایەن گەورە تازەکەیەوە پشتگیری کرا.

یوسف بەردەوام بوو لە بەرەو پێشچوون بەڵام نادادپەروەرییەکی دیکەی بەسەرهات. خێزانەکەی پوتیفار هەڵی دا یوسف بخاتە تەڵەی عەشقبازییەوە بەڵام یوسف پیاوێکی بە ئەمەک بوو و کاری

بەسەر ئەو ژنەوە نەبوو. ژنەکە درۆی لەگەڵ مێردەکەی کرد و گوتی یوسف هێرشی کردوەتە سەری، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە یوسف لەبەر شتێک زیندانی بکرێت کە نەیکردووە. یوسف هەمیشە یارمەتی ئەو کەسانەی دەدا کە لە زیندان لەگەڵی بوون. هەرگیز گلەیی نەکرد چونکە هەڵسوکەوتێکی گونجاوی هەبوو لە ئازار چەشتندا. خودا رزگاری کرد و پلەکەی بەرز کردەوە. لە کۆتاییدا دەسەڵاتی زۆری هەبوو لە میسر کە بێجگە لە فیرعەون کەس لەو گەورەتر نەبوو. هەرەوها خودا پشتیوانی یوسفی کرد سەبارەت بە برکانی لەوەدا کە دەبوا بۆ پەیدا کردنی خواردن بهاتبان بۆ لای یوسف کاتێک کە هەموو ناوچەکە تووشی قاتوقڕی بوو. دووبارە یوسف هەڵسوکەوتی خۆی نیشاندا بە خراپ هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵ براکانی سەرەڕای ئەوەی کە شایانی هەڵسوکەوتی نەشیاو بوون. پێی وتن کە مەبەستیان لە ئازاردانی یوسف چی بووە خودا ئەو مەبەستەی بۆ باشی یوسف گۆڕی، ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی خودادان نەوەک دەسەڵاتی ئەو، ئەو بۆی نییە هیچ شتێک بکات پیرۆزکردناین نەبێت. (سەیری پەیدابوون **۳۹- ۵۰** بکە).

مەترسی بۆڵەبۆڵ کردن

"نابێت مەسیح تاقی بکەینەوە، وەک هەندێکیان تاقییان کردەوە و مار لەناوی بردن بۆڵەبۆڵ مەکەن وەک هەندێکیان بۆڵەبۆڵیان کرد و لەناوبەر لەناوی بردن. جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە کۆتایی ڕۆژگار بۆمان هاتووە." (یەکەم کۆرنسۆس **۱۰: ۹- ۱۱**)

لەم دەقەوە بە خێرایی دەتوانین جیاوازی یوسف و ئیسراییلیەکان ببینین. یوسف بە هیچ جۆرێک بۆڵەبۆلی نەکرد بەڵام ئەوان لەسەر بچووکترین شت کە بە کەیفی ئەوان نەدەبوو دەیان بۆڵاند. کتێبی پیرۆز زۆر وردە دەربارەی مەترسییەکانی بۆڵەبۆڵە کردن و عەیب دەدۆزینەوە و گلەیی کردن.

پەیامەکەی تەواو ڕوونە. بۆڵەبۆڵی ئیسراییلیەکان دەرگای بۆ دوژمن کردەوە بۆ ئەوەی بێتە ژورەوە و وێرانیان بکات. دەبوا باشی خودایان لەبەر چاویان نەبوایە، هەربۆیە باخەکەیاندا.

پێمان وتراوە کە تەواوی مێژووی ئازار چەشتن و مردنەکەیان نوسراوە بۆ ئەوەی نیشانمان بدات کە چی روودەدات ئەگەر ئێمەش بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەین.

من و تۆ بە دەم نابۆڵێنین تاوەکو بە بیر و هزرمان ئەبۆڵێنین. بۆڵەبۆڵ کردن بە دڵنیاییەوە زەینییەتێکی چۆڵەوانییە کە ڕێگریمان لێ دەکات لە چوومە ناو زەوی بەڵێن پێدراوەوە.

عیسا نموونەی ئێمەیە و دەبێت ئەو شتە بکەین کە ئەو کردی.

ئیسراییلیەکان بۆڵەبۆڵیان کرد لە چۆڵوانیدا مانەوە.

عیسا ستایشکرا و لە مردن هەستێنرایەوە.

لەم بەراوردەدا دەتوانین هێزی ستایشکردن و سوپاس گوزاری ببینین و هەروەها هێزی بۆڵەبۆڵ کردنیش ببینین. بەڵێ، بۆڵەبۆڵە کردن، گلەیی کردن، چپەچپکردن و عەیب دۆزینەوە توانای هەیە، بەڵام توانایەکی نەرێنی. هەرکاتێک بیرو زمانمان دەدەین بە یەکێک لەو شتانە ئەوا هێز بە شەیتان دەدەین بۆ ئاوەی بەسەرماندا زاڵ بێت کە ئەمەش شتێکە خودارێگەی پێنەداوە کە هەبێت.

مەبۆڵێنە و گلەیی مەکە بەدوای کەموکوڕی خەڵکدا مەگەڕێ

"هەموو شتێک بێ بۆڵەبۆڵ و شەڕەقسە بکەن، تاکو بێ گلەیی و پاک بن، منداڵانی خودا بێ لەکەن لەناو نەوەیەکی چەوت و خواردا، لەنێو ئەواندا وەک ئەستێرە لە گەردوون دەدرەوشێنەوە." (فیلیپی ٢: ١٤- ١٥)

هەندێ کات وا دەردەکەوێت کە هەموو جیهان گلەیی دەکەن. گلەیی و منگەمنگی زۆر دەکرێت و سوپاسگوزاری و بەرزنخاندن کەم. خەڵکی لەبارەی ئیشەکەیان و بەڕیوبەرەکەیان گلەی دەکەن لە کاتێکدا کە دەبێت سوپاس گوزار بن کە ئیشێکی هەمیشەییان هەیە و ئەو راستییە بەرز بنرخێنن کە ئەوان لە شوێنێک لە ژێر خێوەتدا ناژین بەهۆی نەبوونی خانوو یان لە ڕیزی خواردن وەرگرتندا نەوەستاون.

زۆربەی ئەو خەڵکە فەقیرە سەرەڕای ناتەواویەکەشی زۆر خۆشحاڵ دەبن ئەگەر ئێشێکی ئەوهایان هەبێت. ئامادەن لەگەڵ بەرێوەبەرێکی خراپیشدا بگونجێن بەڵام بەمەرجێک داهاتێکی بردەوامیان هەبێت، لە ماڵی خۆیان بژین و خۆیان خواردن بۆ خۆیان چاک بکەن.

لەوانەیە پێویستت بە ئیشێکی باشتر هەبێت یان بۆی هەیە بەڕێوبەرێکت هەبێت کە نادادپەروەرانە هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەکات. ئەوە جێگەی داخە. بەڵام بە گلەیی کردن لەو شتانە رزگارت نابێت.

نیگەران و دڵتەنگ مەبە نوێژ بکە و سوپاسگوزار بە

"نیگەران مەبن، بەڵکو با لە هەموو شتێکدا داواکاریتان بە نوێژ و پاڕانەوە لەگەڵ سوپاسدا لای خودا زانراو بێت." (فیلیپی ٤: ٦)

لەم ئایەتەدا پۆڵۆسی نێردراو فێرمان دەکات کە چۆن کێشەکانما چارەسەر بکەین. پێمان دەڵێت کە بە سوپاسگوزارییەوە لە هەموو بارودۆخێکدا نوێژ بکەین.

خودا هەمان شتی فێرکردم بەم شێوەیە: "جۆیس، بۆچی دەبێت شتی ترت بدەمێ لە کاتێکدا بۆ ئەو شتەی کە هەتە سوپاسگوزار نەبیت؟ بۆچی دەبێت شتێکی دیکەت بدەمێ بۆ ئەوەی گلەی بکەیت دەربارەی؟"

ئەگەر نەتوانینبە ژیانێکی پڕ لە سوپاسگوزاری داواکاری نوێژەکانی ئێستامان نخەینە بەردەستی خودا ئەوا ئەو وەڵامێکی دڵخۆشکەروەرناگرین. وشەی خودا ناڵێت بە گلاییەوە نوێژ بکە بەڵکو دەڵێت بە سوپاسگوزارییەوە نوێژ بکە.

منگە منگ کردن، بۆڵەبۆڵ کردن، عەیب لە خەک دۆزیەنەوە و گلەیی کردن بەو جۆرە ناڕوات کە دەمونەوێت، یان دەبێت لەسەر شتەکان زیاتر لەوە چاوەرێ بکەین کە چاوەرێی دەکەین. وشەی خودا فێرمان دەکات کە لەو کاتەدا ئارام بگرین.

بۆم دەرکەوتووە کە ئارام گرتن بریتی نییە لە توانای چاوەڕێ کردن، بەڵکو بریتییە لە بەردەوام بوون لە هەڵسوکەوتی باش لە کاتی چاوەڕوانیکردندا.

زۆر گرنگە کە ئەم مەسەلەیەی بۆلەبۆڵ کردن و هەموو ئەوشتانەی کە پەیوەندییان پێوەی هەیە بە جدی وەربگرین. بە تەواوی لەو باوەڕەدام خودا تێیگەیاندم کە چەندە مەترسیداە ئەگەر زمانمان و بیرمان ببەخشین پێیان.

خودا لە (دواوتار ١: ٦) دا گوتی: "بە پێی پێویست لەسەر ئەم کێوە ماونەتەوە." پێدەچێت تۆش چەندین جار لە دەوروبەری ئەم کێوە بووبێتی، ئێستا کاتی ئەوەیە کە بەرەو پێش بچیت. ئەگەر وایە، باشە بیرت بێت کە تاوەکو ئەو کاتەی کە بیرو هزرەکانت و گفتوگۆکانت پڕ بێت لە گلەیی کردن بەهیچ شێوەیەکی ئەرێنی بەرەوپێش ناچیت.

ناڵێم گلەیی نەکردن ئاسانە، بەڵام تۆ بیری مەسیحت هەیە. بۆچی زۆرترین سوودی لێوەرناگریت؟

بەشی بیستەم

لەسەر هیچ شتیک مەمهێڵەوە دەستبەجێ شایانی هەموو شتێکم

"بۆیە خوشکان و برایانم، تاکو هاتنەوەی مەسیحی خاوەن شکۆ ئارام بگرن. سەیر بکەن چۆن جوتیار چاوەڕێی بەرهەمە سەنگینەکەی زەوی دەکات، بۆ بارانی پایز و بەهار ئارام دەگرێت." (یاقوب ٥: ٧)

دانبەخۆدانەگرتن بەرهەمی شانازی کردنە. کەسی شانازی بەخۆوەکەر وادیارە ناتوانێت بە هەڵسوکەوتی دروست چاوەڕێی هیچ شتێک بکات. هەروەک چۆن لە بەشی پێشتردا باسمان کرد، دانبەخۆداگرتن توانای چاوەڕێکردنی نییە. بەڵکو توانای پاراستنی هەڵسوکەوتی باشی هەیە لەکاتی چاوەڕوانکردندا.

ئەم ئایەتە ناڵێت ئەگەر چاوەڕێت کرد دان بەخۆتدا بگرە، "دەڵێت لەکاتی چاوەڕوانی کردندا دانبەخۆداتدا بگرە،" چاوەڕوانی کردن بەشێکە لە ژیاکی زۆر بە "باشی چاوەڕوانی ناکەن" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ژیانمدا کاتی زیاتر لە چاوەڕوانکردندا بەسەر دەبەین تاوەکو لە وەرگرتن.

مەبەستم ئەوەیە کە داوای شتێک دەکەین لە نوێژدا و باوەڕ داوای دەکەین پاشان چاوەڕێی دەکەین بۆ دەرکەوتن. کاتێک نوێژەکە گەیشت خۆشی دەردەبڕین چونکە لە کۆتاییدا بینیمان ئەوەی کە چاوەڕێمان دەکرد بەدەستمان گەیشت. هەرچەندە لەبەرئەوەی ئێمە خەڵکێکی بەئامانجین کە هەمیشە دەبێت شتێکمان هەبێت بۆ بڕەودان، شتێک کە چاوەڕێی بکەین، دەستبەجێ دەگەڕێینەوە بۆ پڕۆسەی داواکردن و باوەڕکردن بە یەزدان بۆ شتێکی دیکە.

زیاتر چاوەڕێ و چاوەڕێدەکەین، تاوەکو سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراوی دووەم دێت. بیرکردنەوم لەم حاڵەتە وایلێکردن تێبگەم کە کاتی زۆر زیاتر لە چاوەڕوانکردندا بەسەر دەبەم تا لە وەرگرتندا. هەربۆیە بڕیارمدا کە فێربم چێژ لە کاتی چاوەڕوانکردن وەربگرم نەک تەنیا لە کاتی وەرگرتنم.

پێویسته فێربین لەو شوێنەی کە هەین چێژ وەربگرین لە کاتێکدا دەڕۆین بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی دەچین.

شانازی بەخۆکردن ڕێگە لە بە ئارامی چاوەڕوانکردن دەگرێت

"چونکە بەو نیعمەتەی پێم دراوە بە هەر یەکێک دەڵێم کە لەنێوتاندایە: با لە نرخ بۆ خۆ دانان زێدەڕۆیی نەکات، بەڵکو لە نرخاندن هۆشیار بێت، بەو بڕە باوەڕەی خودا بۆ هەر یەکێکی بەش کردووە." (ڕۆما **١٢: ٣**)

مەحاڵە چێژ لە چاوەڕوانکردن وەربگری ئەگەر نەزانیت چۆن بەئارامی چاوەڕێ بکەیت. شانازی بەخۆکردن ڕێ لە بە ئارامی چاوەڕێکردن دەگرێت، چونکە کەسی شانازی بەخۆوەکەر زۆر بەرز بیر لە خۆی دەکاتەوە. بە جۆرێ کە باوەڕی وایە نابێت بە هیچ شێوەیەک لە کێشەدا بێت.

لەگەڵ ئەوەی نابێت خرا بیر لە خۆمان بکەینەوە، نابێت ئەوەندەش بەرز بیر بکەینەوە. مەترسدارە خۆمان بۆ شوێنێکی ئەوەندە بڵند بەرزبکەینەوە کە وامان لێبکات بەنزمی سەیری خەڵکی دیکە بکەین. ئەگەر شتەکان بەو شێوەیە ئەنجام نەدەن کە ئێمە دەمانەوێت یان هەر بەو خێراییەی کە ئێمە بیری لێدەکەیەوە ئەوا بە نائارامی و تووڕەیی هەڵسوکەوت دەکەین.

کەسی خۆزنمگر و بێفێز هەڵسوکەوتی نائارام بەرانبەر خودا یان مرۆڤ نیشان نادات.

ڕاستی قبوڵ بکە و واقیع بین بە

"ئەمانەم پێ گوتن تاکو ئاشتیتان لە مندا هەبێت. لە جیهاندا تەنگانەتان هەیە .بەڵام ورەتان بەرز بێت، من جیهانم بەزاندووە." (یۆحەنا **١٦ ٣٣**)

ڕێگەیەکی دیکە کە شەیتان بیر و مێشکمان بەکاردێنێت بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتێکی نائاراممان هەبێت ئەوەیە کە وامان لێدەکات خەیاڵییانە (ئایدیالیستیک) بیربکەینەوە لەجێگەی واقیعیانە (ریالیستیک).

ئەگەر لە مێشکماندا پێمان وابێت کە هەموو شتێک سەبارەت بە خۆمان و بارودۆخەکانمان و پەیوەندیەکانمان دەبێت هەمیشە بێخەوش بێت، بێ سەربەستی و بێ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ خەڵکی مۆن و بێتام، ئەو کاتەی خۆمان ئامادە دەکەین بۆ کەوتنێک، یان دەبێت بڵێم کە لە ڕاستیدا شەیتان ئامادەمان دەکات بۆ کەوتن لەرێگەی هەڵە بیرکردنەوە.

من پێشنیاری ئەوە ناکەم نەرێنی بین: باوەردارێکی بەهێزم لە هەڵسوکەوت و بیروهزری ئەرێنیدا. بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەم بەپێی پێویست ئەوەندە واقعبین بین کە هەر زوو بزانین کە هەندێ شتی زۆر کەم لە ژیانی ڕاستەقینەدا بێ خەوش و تەواو دەبێت.

لە ساڵانی سەرەتای خزمەتەکەماندا، من و هاوسەرەکەم هەموو کۆتایی هەفتەیەک دەڕۆشتین بۆ شارێکی جیاواز بۆ بەستنی سیمینار. زۆربەی جار هۆڵی هۆتێل و هۆڵی سیمینارەکانمان بە کرێ دەگرت. لە سەرەتادا نائارام و بێ هیوا دەبووم. هەموو جارێک لە یەکێک لەو شوێنانەدا شتێک خراپ دەبوو، شتی وەکو سپلیت باش ئێشی نەدەکرد یان بە هیچ جۆرێک ئیشی نەدەکرد، ڕووناکی ناتەواو لە ژوری کۆنفرانس، کورسییەکان کە گەڕ و شکاو بوون بەو شتانەی کە پێیان هەڵواسراو بوون یان پاشماوەی کێکی ئاهانگی میوانی دەزگیرانداری شەوی ڕابردوو هێشتا لانەبرابوو.

هەستم کرد کە پارەیەکی باشمان پێداون بۆ بەکارهێنانی ئەم ژورانە و هەستم کرد کە بە باوەڕێکی باش بە کرێمان گرتن لەبەرئەوە پێشبینیمان دەکرد کە شیاو و ڕێکوپێک بن. هەربۆیە بێزار دەبووم بەو شێوەیە نەبوو. ئەوەی لە توانامانداا بوو کردمان بۆ ئەوەی دڵنیابین ئەو شوێنانەی کە بە کرێمان گرتوون باشن، و هێشتا نزیکەی ٧٥% شتەکانی ئەو شوێنانە لە ئاستی چاوەڕوانی ئێمەدا نەبوو.

کاتی وا هەبوو زوو بەڵێنمان پێدراوە کە ژوور بۆ تیمی گەشتەکەمان وەربگرن، بەڵام دەگەشیتین و پێمان دەوترا کە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێرە هیچ ژوورێکی لە بەردەست نیە. کارمەندەکانی هۆتێل زۆرجار زانیاری هەڵەیان دەدا سەبارەت بە کاتی کۆبونەوەکانمان. لەگەڵ ئەوەی بەردەوام پێمان وتبوون، تەنانەت کارتمان بۆیان دەنارد کە کات و بەرواری تەواو دەسنیشان کرابوو. زۆرجار

کارمەندەکانی چێشیخانەی هۆتێل قسە ڕەق و تەمبەڵ بوون. زۆرجار ئەو خواردنەوەی داوامان کردبوو بۆ نیوەڕۆ ئەوە نەبوو کە چاوەڕێمان دەکرد.

بەتایبەتی جارێکیان بیرم دێت کاتێک (شیرینی دوای نان خواردن) پێشکەشی خانمە مەسیحیەکانمان کرا، نزیکەی ٨٠٠ دانە لەو کێکانە پڕکرابوون لە کحول. چێشتخانە قاپەکانی تێکەڵ کردبوو لەگەڵ میوانی ئاهانگی مارە بڕین. پێویست ناکات بڵێم تا چ ڕادەیەک شەرمەزار بووین کاتێک یەکێک لە خانمەکان پێی گوتین کە شیرینیەکە تامی وەکو ئەوەیە مەشرووبی تێدابێت. دەتوانم بەردەوام بم لەم نموونانە. بەڵام مەبەستەکە بەڕاستی ئەمەیە: هەندێ کات، بەڵام زۆر بە کەمی، بەبێ خەوش شوێنێکی بێ کێشە و خەڵکێکی زۆر باش و سیمینارێکی بێ کەموکوڕی رویدەدا.

لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەو بارودۆخانەی وام لێبکەن نائارام بم و بووە هۆی ئەوەی بە خراپی هەڵسوکەوت بکەم ئەوە بوو کە خەیاڵبین بووم نەوەک ڕاستبین. پلان بۆ شکست دانانێم. بەڵام لەبیرمە کە عیسا وتوی لەم جیهانەدا دەبێت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ تەنگانە و زەحمەت و پەرێشانی و بێهیوایی، هەموو ئەو شتانە بەشێکن لە ژیانی سەرزەوی، بۆ باوەردارانیش بەهەمان شێوەی بێ باوەرەکان. ئەگەر لە خۆشەویستی خودا بمێنینەوە و بەرهەمی ڕۆحی نیشان بدەین ئەوا هەرچی نەهامەتی لە جیهاندایە ناتوانێت ئازارمان بدەن.

ئێستاش گەشت زۆر دەکەین و پاش **٢٥** ساڵ لە خزمەتەکەماندا تا ئێستاش لە زۆربەی شوێنەکاندا زەحمەت و رووداوی خراپمان توش دەبێت. لەکاتی دوو کۆنفرانسی ئەم دواییانەدا، کاتێک گەڕاینەوە بۆ ژورەکانمان لە دوای کۆبونەوەیەکی شەوان کلیلەکانمان دەرگای نەکردەوە. تا ئێستاش دەمەوێ لەوە تێبگەم کە بۆچی سیستەمی کۆمپیوتەری کلیلەکانی گۆڕی لەکاتێکدا پارێزەرەکەی هەر لە ژوورەکە بوو. ناوبەناو ڕوودەدات. لە ڕاڕەوەکە چاوەڕێ دەکەین تا کەسێک دەچێت کلیلە نوێکان وەربگرێت، بەدڵنیایەوە هەمیشە داوای لێبووردن دەکەن.

ئێستا ئێمە زۆر بەدەگمەن تورە دەبین، لە بێخەوش نەبوونی گەشتەکانمان، چونکە دەزانین کە ئەوە بەشێکە لە ژیانی رۆژانەمان. ئیشی ئێمە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکانمان نیە، بەڵکو ئیشمان وەڵام دانەوەیانە بە ڕێگەی خودایانە.

ئارامگرتن توانایەکە بۆ بەرگەگرتن

"بۆیە وەک هەڵبژێردراوانی خودا، پیرۆز و خۆشەویست، میهرەبانی و نیانی و بێفیزی و دڵنەرمی و ئارامگرتن لەبەر بکەن."(کۆلۆسی **٣: ١٢**)

من زۆربەی جار دەگەڕێمەوە بۆ ئەم ئایەتە بۆ ئەوەی بەبیری خۆمی بێنمەوە کە چ جۆرە هەڵسوکەوتێک دەبێت لە هەموو بارودۆخەکاندا نیشان بدەم. بەبیری خۆمی دێنمەوە کە ئارامی توانای من نیە بۆ چاوەڕێ کردن بەڵکو توانای منە بۆ بەردەوام بوون لە هەڵسوکەوتی باش لە کاتی چاوەڕوانکردندا.

ئارامی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا دەردەکەوێت

"خوشکان و برایانم، بەوپەڕی خۆشی دابنێن، کاتێک دەکەونە جۆرەها تاقیکردنەوە و ناخۆشی، چونکە دەزانن ئەزموونی باوەڕتان دانبەخۆداگرتن دروست دەکات. با دانبەخۆداگرتن تەواو کاری خۆی هەبێت، تاکو تەواو و پێگەیشتوو بن، کەموکوڕیتان لە هیچ شتێک نەبێت." (یاقوب **١: ٢-٤**)

ئارامی بەرهەمی ڕۆحە (سەیری گەلاتیا **٥: ٢٢** بکە). هەروەها ئارامی لە ڕۆحی هەموو کەسێکی تازە لەدایکبوو جێگیر دەبێت. نیشاندان یان دەرکەوتنی ئارامی لەلایەن گەلەکەیەوە زۆر گرنگە بۆ یەزدان. دەیەوێت خەڵکی دیکە کەسایەتی ئەو لەڕێگەی ڕۆڵەکانیەوە ببینن. بەشی یەکەم لە کتێبی یاقوب فێرمان دەکات کە کاتێک بێخەوش بووین هەموو شتێکمان دەبێت، شەیتان ناتوانێت کۆنترۆڵی کەسێکی ئارام بکات. هەروەها فێرمان دەکات کە دەبێت دڵخۆش بین لەکاتێدا خۆمان

لە بارودۆخی سەختدا دەبینین، بزانین کە شێوازی یەزدان بەکاردێنێت بۆ دەرکەوتنی ئارامی لە ئێمەدا لەڕێگەی ئەو شتەی کە کینگ جەیمس ڤێرژن پێی دەڵێت "تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان."

لە ژیانی خودی خۆمدا بۆم دەرکەوت کە "تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان" لە کۆتاییدا ئارامییان لە مندا دەرخست، بەڵام یەکەم جار چەندین شتی تری دەرخست کە تایبەتمەندی خودایی نەبوون، وەکو: شانازی بەخۆوە کردن، تووڕەبوون، یاخی بوون، بەزەیی بەخۆداهاتنەوە، گلەیی کردن و زۆر شتی دیکە. پێدەچێت ئەو شتانەی دیکە پێویست بێت ڕوبەڕویان ببینەوە و ئیشیان لەسەر بکەین پێش ئەوەی ئارامی خۆی دەربخات.

تاقیکرنەوە یان کێشە؟

"ئینجا لە کێوی هۆرەوە بە ڕێگای دەریای سوور کۆچیان کرد هەتا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە، جا گەل لە ڕێگادا ئارامییان لێ بڕا." (سەرژمێری **٢١: ٤**)

ئەگەر لەیادت بێت هەڵسوکەوتی نائارامی یەکێک بوو لە زەینییەتی چۆڵەوانی کە پێشتر ئیسراییلییەکانی بەسەرگەردانی هێشتەوە لە چۆڵەوانیدا بۆ ماوەی چل ساڵ. ئایا تاقیکردنەوەکانیان تا ئەو ڕادەیە خراپ بوو؟ دڵنیام هەندێکیان خراپتر بوون لەوانی دیکە. بەڵام زۆرجار سەبارەت بەو شتانە بۆڵەبۆڵ دەکەین کە کەسێکی پێگەیشتوو بە هیچ جۆرێک بەلایەوە گرنگ نییە.

چۆن دەتوانین بڵێین ئەو خەڵکە ئامادەبن بۆ ڕۆیشتن بۆ ناو زەوی بەڵێن پێدراو، شوێنی ئێستایان چۆڵ بکەین بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی زەویەکە ئەگەر نەتوانن بە ئارامی بەرگەی تۆزێک نارەحەتی بگرن.

بەڕاستی هانت دەدەم کە لەگەڵ ڕۆحی پیرۆز کاربکەیت، چونکە بەرهەمی ئارامی لە تۆدا جێگیر دەکات. تا زیاتر دژی بوەستی زیاتر پڕۆسەکە دوادەکەوێت، فێربە لە هەموو جۆرە تاقیکردنەوەدا بە ئارامی وەڵام بدەیتەوە. خۆت لە ژیانێکی باشدا دەدۆزێتەوە کە تەنیا بەرگە گرتن نییە بەڵکو بە تەواوی چێژ وەربگرە.

گرنگی ئارامی و بەرگەگرتن

"چونکە پێویستیتان بە دانبەخۆداگرتن هەیە، تاکو لەدوای ئەوەی بە خواستی خوداتان کرد، بەڵێنەکە بەدەستبهێنن." (عیبرانییەکان **١٠: ٣٦**)

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە بێ ئارام گرتن و بەرگەگرتن بەڵێنی یەزدان بەدەست ناهێنین. هەروەها (عیبرانییەکان **٦: ١٢**) پێمان دەڵێت کە تەنیا لەڕێگەی باوەڕ و ئارامگرتنەوەیە کە ئێمە بەڵێنەکانی یەزدان بە میرات وەردەگرین.

مرۆڤی شانازی بەخۆکەر بەپێی بەهێزی جەستەی خۆی دەڕوات بەڕێوە و هەوڵ دەدات شتەکان بەپێی خشتەی کاتەکەی ئەنجام بدات. شانازیکردن دەڵێت "ئێستا ئامادەم!" شانازی نەکردن و بێفیزی دەڵێت: "یەزدان دەزانێت و باشتر دەزانێت و دواناکەوێت!"

مرۆڤی بێفیز بە ئارامییەوە چاوەڕێ دەکات، لەڕاستیدا " بررێز ترس"ی هەیە لەپشت بەستن بەهێز و توانای جەستەی خۆی. بەڵام مرۆڤی شانازی بەخۆکەر هەموو شتێک یەک لەدوای یەک تاقی دەکاتەوە. هەمووی بێسوود دەبێت.

هێڵی ڕاست هەمیشە کورتترین مەودا نیە بۆ ئامانجێک

"ڕێگا هەیە لەبەرچاوی مرۆڤ ڕاست دیارە، بەڵام کۆتاییەکەی بەرەو مردنە." (پەندەکان **١٦: ٢٥**) دەبێت فێربین کە لە قەڵەمڕەوی ڕۆحیدا هەندێک کات هێڵی ڕاست کورتترین مەودا نییە لەنێوان ئێمە ئەو شوێنەی کە دەبێت ببین. لەوانەیە کورتترین ڕێگا بێت بۆ وێرانکاری. پێویستە فێربین ئارام بگرین و چاوەڕوانی یەزدان بکەین، تەنانەت ئەگەر وادیاربێت بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ دەمانبات بۆ ئەوەی بمانگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحی خەمگین و ناتەواو هەن لە دنیادا، تەنیا لەبەرئەوەی ئەوان سەرقاڵی هەوڵدانی ئەنجامدانی شتێکن لەجێگەی بەئارامی چاوەڕێکردنی یەزدان بۆ ئەوەی شتەکان بۆ بهێنێتە سەر ڕێگا لەکاتی خۆی و جێگەی خۆی.

کاتێک هەوڵ دەدەیت چاوەڕێی یەزدان بکەیت، شەیتان بەردەوام بیرت پڕدەکات لە شانازی بەخۆکردن، ئەمرت پێدەکات "شتێک بکە"، ئەو دەیەوێت لە تۆدا ئارەزووی جەستەییت بجوڵێنێت و ئەنجامی بدەیت، چونکە دەزانێت کە جەستە بە کەڵکی هیچ نایەت (سەیری یۆحەنا **٦: ٦٣** و ڕۆما **١٣: ١٤** بکە).

وەک چۆن بینیمان ئارام نەگرتن نیشانەی شانازی بەخۆکردنە، تەنیا وەڵامێک بۆ شانازی بەخۆکردن بریتیە لە خۆبەکەم زانین.

ڕۆحسوک و بێفیز بە چاوەڕێی خودا بکە

"بۆیە لەژێر دەستی بە توانای خودا ، تاکو لە کاتی خۆیدا بەرزتان بکاتەوە." (یەکەم پەترۆس **٥: ٦**)

دەستەواژەی"ڕۆحسووک بن" مانای ئەوە نییە کە بە خراپی بیر لە خۆت بکەیتەوە. بە سادەی مانای ئەوەیە کە "پێت وا نەبێت کە کێشەکانت بەتەنها خودی خۆت چارەسەر بکرێت."

لەجێگەی ئەوەی بە شانازیەوە شتەکان بخەیتە ژێر دەستی خۆمان، دەبێ فێربین لە ژێر دەستی بە توانای خودا خۆمان نزم بکەینەوە. کاتێک کە سەیری کرد کاتەکە گونجاوە بەرزمان دەکاتەوە و پیرۆزمان دەکات.

کاتێک کە چاوەڕێی خودامان کرد و ڕەتمان کردەوە کە لە ئارەزووی جەستەدا هەڵسوکەوت بکەین، ئەوا "لە خۆدا مردن" ڕوودەدات. ئێمە دەست دەکەین بە مردن لە خودی خۆماندا، لە خشتەی کاتی خۆماندا و چالاک بین لەو ویست و ڕێگەیەی کە بۆی داناوین.

ئێمە هەمیشە دەبێت دەستبەجێ ملکەچی داواکارییەکانی خودا بین و هەروەها دەبێت ترسی خودامان لە شانازی کردنی جەستەی هەبیت.

بیرت بێت: ئەوە شانازی کردنە کە ڕیشەی نائارامیە، کەسی شانازی بەخۆکەر دەڵێت: "لەسەر هیچ شتێک مەم هێڵەوە، دەست بەجێ شایەنی هەموو شتێکم."

کاتێک کە تووشی بێ ئومێدی و نا ئارامی هاتبێت، پێشنیار دەکەم کە بڵێی "خودا من ڕێگەی خۆم لە خشتەی کاتی تۆ دادەنێم، نامەویت لە پێشت بم هەروەها نامەوێ لە دوای تۆش بم یارمەتیم بدە.، باوکە بۆ ئەوەی بە ئارامی چاوەڕێت بکەم."

بەشی بیست و یەکەم

لەوانەیە کردارەکانم هەڵە بن، بەڵام هەڵەی منی تێدا نیە

"پیاوەکەش گوتی: (ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، ئەو لە بەری ئەو دارەی پێ دام، منیش خواردم. ئینجا یەزدانی پەروەردگار بە ئافرەتەکەی فەرموو: (ئەمە چییە تۆ کردووتە؟ ئافرەتەکەش گوتی: (مارەکە فریوی دام و منیش خواردم." (پەیدابوون ٣ : ١٢- ١٣)

ئامادە نەبوون بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی کارەکانی خودی کەسەکە، لۆمەکردنی کەسێکی دیکە بە هۆی ئەو شتانەی کە هەڵەن یان ئەو شتانەی کە بەهەڵە دەڕۆن هۆکاری سەرەکییە بۆ ژیانی چۆڵەوانی.

دەبینین کێشەکە لە سەرتای بوونیەوە دەرکەوتووە، کاتێک ئادەم و حەوا لە باخی عەدەن ڕووبەڕوی گوناهەکانیان بوونەوە لۆمەی یەکتریان کرد، خودا و شەیتان بۆ ئەو کارەیان بەرپرسیاریەتی تاکە کەسیان بۆ بەجێ هێشتن.

هەمووی هەڵەی تۆ بوو

"سارای ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی هاجەر بوو .سارای بە ئەبرامی گوت: یەزدان ڕێی منداڵبوونی لێ گرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەم بنوو، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت. ئەبرامیش بە قسەی سارای کرد .ئینجا سارای ژنی ئەبرام هاجەری کەنیزە میسرییەکەی هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعان، دایە ئەبرامی مێردی هەتا ببێتە ژنی. ئیتر لەگەڵ هاجەر نوست، ئەویش سکی پڕ بوو. کاتێک کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووک بوو. ئینجا سارای بە ئەبرامی گوت: ئەو سووکایەتییەی بە من دەکرێ تۆ لێی بەرپرسی. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی تۆ، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووک بووم. با یەزدان دادوەری نێوان من و تۆ بکات. ئەبرامیش بە سارای گوت: وا کەنیزەکەت لەبەردەستی خۆتدایە، چیت پێ باشە وای لێ بکە، ئیتر سارای هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی هەڵات." (پەیدابوون ١٦: ١-٦)

هەمان سیناریۆ لە نێوان حەوا رووویدا، هەمان شت لە مشتومڕی سارا و ئیبراهیم دەبینین. ماندوو بوون لە چاوەڕێ کردنی خودا بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکەی کە وتبووی منداڵێکیان دەداتێ، هەربۆیە لە جەستەدا هەڵسوکەوتیان کرد و "شتەکانی خۆیان ئەنجامدا." کاتێک بە خراپی بەسەریاندا شکایەوە، بووە هۆی کێشە و دەستیان کرد بە لۆمەکردنی یەکتر.

لە ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە هەمان دیمەنم بینیوە لە ماڵەوە لە نێوان خۆم و دەیڤدا. وا پێدەچوو بەردەوام خۆمان لە کێشەی"ڕاستەقەینەی ژیان" دەدزییەوە. هەرگیز نەماندەویست رووبەروی ڕاستی ببینەوە. بە باشی لەبیرمە، نوێژم دەکرد بۆ ئەوەی دەیڤ بگۆڕدرێت، کتێبی پیرۆزم دەخوێندەوە، تا دەهات زیاتر و زیاتر هەڵەکانیم دەبینی. چەندەی دەوێت تا بگۆڕدرێت! کاتێک کە نوێژم کرد، یەزدان لەگەڵم دوا و گوتی: "جۆیس، دەیڤ کێشەی نیە، ئەوە تۆی کە کێشەی."

بێ هیوا بووم. بەردەوام دەرگریام. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گریام، چونکە خودا نیشانیدام کە چۆن هەوڵمداوە هەموو شتێک کۆنترۆڵ بکەم کە رووویدا بوو، نیشانیدام کە چۆن ڕەخنەم دەگرت و گلەییم دەکرد. چەند سەختە دڵخۆشم بکەیت، چەند نەرێنی بووم، چەندین و چەندین شتی دیکە. لێدانێکی جووڵێنەر بووم بۆ شانازی بە خۆوە کردنم. بەڵام هەروەها سەرەتایی نوێبوونەوەم بوو لە خودادا.

وەکو زۆربەی خەڵک لۆمەی خەڵکی دیکەم دەکرد یان هەندێ بارودۆخ کە لە کۆنترۆڵی من بەدەربوون، وامدەزانی بە خراپی هەڵسوکەوت دەکەم چونکە بە ئازار درابووم. بەڵام خودا پێی وتم "ئازاردان لەوانەیە هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەت بێت، بەڵام مەهێڵە ببێت بە بیانویەک بۆ ئەوەی بەو شێوەیەت بهێڵێتەوە."

شەیتان بە سەختی هەوڵدەدات لە بیرماندا کاربکات، قەڵاکان بنیات دەنێت کە ڕێگای ڕوبەڕوبونەوەمان لە ڕاستی دەگرێت. ڕاستی ئازادمان دەکات و ئەو دەزانێت!

پێم وانیە هیچ شتێک لە رووی دەروونیەوە بەئازارتر بێت لە ڕوبەڕوبونەوەمان لە ڕاستی سەبارەت بە خۆمان و هەڵسوکەوتەکانمانن. لەبەرئەوەی بە ئازارە خەڵکێکی زۆر لێی ڕادەکەن. بە تەواوی ئاسانە

ڕوبەڕوی ڕاستی کەسێکی دیکە ببیتەوە، بەڵام کاتێک دێتەسەر ڕوبەڕوبونەوەی خۆمان دەزانین کە زۆر قورسە لە ئەستۆی بگرین.

ئەگەر .....

"گەل لە دژی خودا و موسا قسەیان کرد و گوتیان: (بۆچی لە میسر دەرتانهێناین هەتا لە چۆڵەوانی بمرین؟ چونکە نە نان هەیە و نە ئاو! ئەم خواردنە بێ تامەمان لەبەرچاو کەوتووە." (سەرژمێری **٢١: ٥**)

وەک چۆن لەبیرتە، ئیسراییلییەکان گلەییان کرد کە هەموو کێشەکانیان هەڵەی موسا و خودایە. بە سەرکەوتوانە لێپرسراوی تاکەکەسیان لابرد، کە بۆچی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە چۆڵەوانیدا بمێننەوە. خودا نیشانیدام ئەمە یەکێکە لەو زەینییەتی چۆڵەوانییە سەرەکییانەی کە بۆ چل ساڵ لەوێدا هێشتنیەوە.

هەروەها ئەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کە لە ژیانمدا وای لێکردم چەندین ساڵ بەسەرببەم لە سووڕانەوە بە دەوری کێوەکان. لیستی بیانوەکانم کە بۆچی خراپ هەڵسولەوتم دەکرد بێ کۆتا بوون:

"ئەگەر بە منداڵی خراپ هەڵسوکەوتم لەگەڵ نەکرابا، ئەوەندە زوو تورە نەدەبووم."

"ئەگەر منداڵەکانم زیاتر یارمەتییان دابام، باشتر هەڵسوکەوتم دەکرد."

"ئەگەر دەیف یاری گۆڵفی لە شەمەدا نەکردبا، ئەوەندە لەگەڵیدا نارەحەت نەدەبووم."

"ئەگەر دەیف زیاتر قسەی لەگەڵ کردبام، ئەوەندە تەنیا نەدەبووم."

"ئەگەر دەیف دیاری زۆری بۆ کڕیبام، ئەوەندە زیاد نەڕێنی نەدەبووم."

"ئەگەر پێویستی نەکردبا کاربکەم، ئەوەندە ماندوو و بەدخوو نەدەبووم."

"ئەگەر زۆرتر بڕۆمە دەرەوە ئەوەندە بێزار نابم."

"ئەگەر تەنیا پارەی زیاترمان هەبوایە...."

"ئەگەر خاوەن ماڵی خۆمان بوینایە، ئەو کاتە خانویەکمان دەکری، پاشان ئیتر....."

"ئەگەر ئەوەندە وەرەقەی قەرزمان نەبوایە...."

"ئەگەر دراوسێی باشتر یان هاوڕێی جیاوازمان هەبوایە....."

ئەگەر! ئەگەر! ئەگەر! ئەگەر! ئەگەر!

بەڵام .....

"ئینجا یەزدان بە موسای فەرموو: چەند پیاوێک بنێرە بۆ سیخوڕیکردن لە خاکی کەنعان کە من بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، لە هەر هۆزێک لە باوکانیان پیاوێک دەنێرن، هەر یەکێکیان سەرکردە بێت لەناویاندا. بەپێی فەرمانی یەزدان موسا لە چۆڵەوانی پارانەوە ئەوانی نارد. هەموویان لە نەوەی ئیسرائیل ڕابەر بوو..... ئینجا لەدوای چل ڕۆژ لە سیخوڕیەتی خاکەکە هاتنەوە. سیخوڕەکان هاتنە لای موسا و هارون و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی پاران، لە قادێش، هەواڵیان بۆ ئەوان و بۆ هەموو کۆمەڵ هێنایەوە و بەروبوومی خاکەکەیان پیشاندان . هەواڵیان پێی دا و گوتیان: (بۆ ئەو خاکە چووین کە تۆ ئێمەت بۆی نارد و بە ڕاستی شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت! ئەمەش بەرەکەیەتی .بەڵام ئەو گەلەی لە خاکەکەدا نیشتەجێن بە هێزن و شارەکان قەڵابەند و زۆر مەزنن، هەروەها نەوەی عەناقیشمان لەوێ بینی." (سەرژمێری **١٣: ١- ٣، ٢٥: ٢٨**)

"ئەگەر" و "بەڵام" یەکێکن لەو دوو وشە هەڵخەڵتێنەرانەی کە شەیتان تا ئێستا لە بیرماندا دەیچێنێت. دوازدە سیخوڕەکەی کە نێردرابوون بۆ زەوی بەڵێنپێدراو وەکو گروپی سیخوری، بە یەک هێشوە ترێی ئەوەندە گەورە گەڕانەوە کە دەبوا بە دوو کەس بە ستونێک هەڵیان بگرتبا. بەڵام ئەو هەواڵەی کە بە موسا و خەڵکەکەیاندا نەرێنی بوو.

ئەوە "بەڵام" بوو کە شکستی دا، دەبوا چاویان لەسەر یەزدان بوایە و چاویان لەسەر هێزی کێشەکە نەبوایە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە وا دەکات کێشەکانمان شکستمان بدات ئەوەیە کە پێمان وایە کێشەکانمان گەورەترە لە خودا. لەوانەشە ئەمە هۆکاری ئەوە بێت کە کاتێک ڕوبەڕوی ڕاستی دەبینەوە کاتێکی سەختمان دەبێت. ئێمە دڵنیانین لەوەی کە خودا دەتوانێت بمانگۆڕێت، هەربۆیە خۆمان لە خۆمان دەدزینەوە، لە جێگەی ڕوبەڕوبونەوەی ئەوەی کە بەڕاستی چۆنین.

ئێستا بەو ڕادەیە سەخت نیە کە ڕوبەروی ڕاستیەکی خۆم ببمەوە کاتێک خودا لە مندا کاردەکات چونکە دەزانم کە ئەو دەتوانێت بمگۆڕێت. پێشتر بینیم ئەو دەتوانێت چی بکات و بڕوام پێیەتی، هەرچەندە لەسەرەتای ڕێگە ڕۆشتنم لەگەڵیدا قورس بوو. زۆربەی ژیانم لە خۆ شاردنەوە لەم شت و لەو شت بەفیرۆدا، بۆ ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لە تاریکیدا ژیانم بەسەربرد کە هاتنەوەم بۆ ڕووناکی ئاسان نەبوو.

ڕاستی لە ناوەڕۆکەوە

"ئەی خودایە، بەگوێرەی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت لەگەڵم میهرەبان بە، بەگوێرەی زۆری بەزەیی خۆت یاخیبوونم بسڕەوە. بە تەواوی لە تاوانم بمشۆرەوە و لە گوناهم پاکم بکەرەوە چونکە من یاخیبوونم دەزانم، هەمیشە گوناهم لەبەردەممە. لە دژی تۆ، تەنها تۆ، گوناهم کرد، لەبەرچاوی تۆ خراپەم کرد، تاکو لە بڕیارەکانت ڕاست بیت، دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت. ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە. ئەوەتا لە ناوەڕۆکەوە بە ڕاستی دڵشاد دەبیت، لە ویژدانەوە فێری داناییم دەکەیت." (زەبووری **٥١: ١- ٦**)

لەم دەقەی سەرەوەدا، داود پاشا هاوار دەکات بۆ خودا بۆ بەزەیی و بەخشندەیی، چونکە خودا کاری لەسەر تاوانەکەی لەگەڵ بەتشەبەع و کوشتنی مێردەکەی دەکرد.

باوەر بکەیت یان نە، تاوانەکەی داود یەک ساڵی تەواو پێش نوسینی ئەم زەبوورە ڕوویدا، لەگەڵ ئەوەی ئەوەی هەرگیز ڕووبەڕوی نەبوەوە و دانی پێدا نەنا. ڕووبەروی ڕاستی نەبوەوە، تا زیاتر ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ڕستی ڕەتبکردایەتەوە بەڕاستی نەیدەتوانی تۆبە بکات. تا ئەو بە تەواوی نەیتوانیبا تۆبە بکات، خودا نەیدەبەخشی.

ئایەتی شەش لەم دەقەدا زۆر بەهێزە. دەڵێت کە خودا راستی "لە ناوەڕۆکەوە" دەوێت. واتای ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێت بەرەکەتی خودامان پێبگات، دەبێت لەگەڵی ڕاستگۆ بین لەبارەی خۆمان و تاوانەکەنمان.

دانپێدانان لە پێش لێخۆشبوون دێت

"ئەگەر بڵێین گوناهمان نییە، ئەوا خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و ڕاستی لە ئێمەدا نییە. ئەگەر دانمان بە گوناهەکانمان نا، خودا دڵسۆز و دادپەروەرە، تەنانەت لە گوناهەکانمان خۆشدەبێت و لە هەموو ناڕەواییەک پاکمان دەکاتەوە. ئەگەر بڵێین گوناهمان نەکردووە، ئەوا بە درۆزنی دادەنێین و وشەکەی لە ئێمەدا نییە." (یەکەم یۆحەنا ١: ٨- ١٠)

خودا خێرایە لە بەخشینمان ئەگەر بەراستی تۆبە بکەین، بەڵام ناتوانین بەڕاستی تۆبە بکەین ئەگەر دان نەنێین و ڕوبەڕوی ئەو راستییە نەبینەوە کە چیمان کردووە. دان بەوە دەنێین کە شتێکی هەڵەمان کردووە، بەڵام دواتر بیانووی بۆ دێنینەوە، ئەمە هێشتا رێگای خودا نیە بۆ ڕوبەروبونەوەی ڕاستی. بە شێوەیەکی سروشتی دەمانەوێت بیانوو بۆ خۆمان و کردارەکان بهێنینەوە، بەڵام کتێنی پیرۆز دەڵێت کە بیانوەکەمان تەنیا لە عیسای مەسیحدا دەدۆزرێتەوە (سەیری رۆما **٣: ٢٠- ٢٤** بکە). من و تۆ لەگەڵ خودا بە ڕاستودروست ژمێردراین دوای گوناه کردن تەنها بە هۆی خوێنی عیسا، نەوەک بەهۆی بیانووەکانمان.

بیرمە ڕۆژێکیان دراوسێکەم پەیوەندی پێوەکردم و داوای لێکردم دەست دەجێ بیبەین بۆ بانک بەرلەوەی دابخرێت، چونکە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی ئێشی نەدەکرد. سەرقاڵی ئەنجامدانی "شتەکانی خۆم" بووم و نەمدەویست کارەکانم بوەستێنم، هەربۆیە خراپ و بێئارام بووم لەگەڵیدا. هەرکە تەلەفۆنەکەم داخستەوە. دەمزانی کە چەند بە خراپی هەڵسوکەوتم لەگەڵ کرد، هەربۆیە پێویست بوو تەلەفۆنی بۆ بکەم و داوای لێبووردنی لێبکەم و بیبەم بۆ بانک. بیرم پڕ ببو لە هەموو ئەو بیانوانەی کە دەمویست بۆ خراپی کاردانەوەم بیانهێنمەوە: "حاڵم باش نەبوو..."، "سەرقاڵ بووم...."، "رۆژێکی ناهەموارم هەبوو....."

بەڵام لە قوڵایی ڕۆحمەوە دەمتوانی هەست بە ڕۆحی پیرۆز بکەم کە پێی دەوتم هیچ بیانوێک مەهێنەوە!

"تەنیا تەلەفۆنی بۆ بکە و پێی بڵێ کە تۆ هەڵە بووی، تەواو! هیچ مەڵێ جگە لەوەی، من هەڵە بووم، هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی کە کردم. تکا دەکەم بمبەخشە و رێگە بدە بتبەم بۆ بانک."

دەتوانم پێت بڵێم کە ئەنجامدانی سەخت بوو. جەستەم ئامادەبوو! دەمتوانی هەست بەو شتە بچووکە بکەم کە زۆر لە دەوری رۆحمدا دەسوڕایەوە، هەوڵی دەدا جێگەیەک بۆ شاردنەوەی بدۆزێتەوە. بەڵام لە راستیدا شاردنەوە بوونی نیە چونکە راستی روناکییە.

ڕاستی رووناکییە

"لە سەرەتادا، وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو هەموو شتێک بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێک بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون. وشەکە سەرچاوەی ژیان بوو، ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو، ڕووناکییەکەش لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە و تاریکییەکە بەسەریدا زاڵ نەبووە." (یۆحەنا **١: ١- ٥**)

ڕاستی یەکێکە لە چەکە هەرە بەهێزەکان دژی پاشایەتی تاریکی، ڕاستی ڕووناکیە و کتێبی پیرۆز دەڵێت کە تاریکی بەسەر ڕووناکیدا سەرناکەوێت و هەرگیزیش ناتوانێت سەربکەوێ.

شەیتان دەیەوێت شتەکان لە تاریکیدا بهێڵێتەوە، بەڵام ڕۆحی پیرۆز دەیەوێت بیانهێنێتە ناو ڕووناکی و لەناویان جێگیربێت، هەربۆیە من و تۆ بەڕاستی و تەواوی دەتوانین ئازاد بین.

ڕۆحی ڕاستی

"هێشتا شتی زۆرم هەیە پێتانی بڵێم، بەڵام ئێستا ناتوانن بەرگەی بگرن .بەڵام کاتێک ئەو هات، ڕۆحی ڕاستی، ئەو بۆ ڕاستی تەواو ڕێنماییتان دەکات، چونکە لە خۆیەوە ناڵێت، بەڵکو ئەوەی گوێی لێ دەبێت دەیڵێت و ڕادەگەیەنێت چی ڕوودەدات." (یۆحەنا **١٦: ١٢- ١٣**)

عیسا دەیتوانی هەموو ڕاستی خۆی بە شوێنکەوتوەکانی نیشان بدات، بەڵام دەیزانی کە هێشا ئامادە نەبوون بۆی، پێی وتن کە دەبێت چاوەڕوان بن تاکو ڕۆحی پیرۆز لە ئاسمان دێتە خوارەوە و لەگەڵیان دەژیت و لەناویاندا جێگیر دەبێت.

دوای ئەوەی عیسا بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان، ڕۆحی پیرۆزی نارد بۆئەوەی لەگەڵمان کاربکات، بەردەوام بۆ شکۆی بێهاوتایی یەزدانمان ئامادە بکات، بۆئەوەی بە چەندین شێوازی جیاواز لەڕێگەی ئێمەوە دەربکەوێت.

چۆن دەتوانین ڕۆحی پیرۆزمان هەبێت و لە ژیانماندا کاربکات، ئەگەر ڕوبەڕوی ڕاستی نەبینەوە؟ ئەو بە "ڕۆحی ڕاستی" ناوی هێنا، وێنەی سەرکەی فێرکردنی منو تۆ بریتییە لە یارمەتیدانمان بۆ ڕوبەڕوبەنەوەی ڕاستی، بۆ ئەوەی بمانهێنتە شوێنی ڕاستی، چونکە تەنیا ڕاستی ئازادمان دەکات.

شتێک لە ڕابردووتدا، کەسێک، ڕوداوێک یان بارودۆخیک کە ئازاری دابێتی؛ لەوانەیە سەرچاوەی هەڵە هەڵسوکەوت کردنت بووبیت، بەڵام ڕێگە مەدە ببێتە بیانوێک بەو جۆرە بمێنیتەوە.

زۆربەی ئەو کێشانەی لە هەڵسوکەوتمدا بەدی دەکرا بەدڵنیاییەوە هۆکارەکەی بریتی بوو لە وتنی قسەی ناشرین و ئازاری دەروونی و دەستدرێژی بۆ ماوەی چەندین ساڵ، بەڵام لە هەڵسوکەوتی هەڵەدا مامەوە تا زیار ئازارەکەم وەک بیانوێک بۆیان بەکاردەهێنا. وەکو ئەوە وایە بەرگری لە دوژمنەکەت بکەی بە وتنی "ڕقم لەم شتەیە، هەربۆیە دەیپارێزم."

دەتوانی بەتەواوی ئەزموونی ئازادییەکی شکۆدار بکەیت لە هەموو کۆیلەییەکدا. پێویست ناکات چل ساڵ سەرگەردان بیت لە چۆڵەوانیدا، یان ئەگەر پێشتر ئەو چل ساڵەت یان زیاترت لەوێ بەسەربردووە چونکە نەتدەزانی "ئەندیشەی چۆڵەوانی" لەوێدا دەتهێڵنەوە، ئەمڕۆ دەکرێت ڕۆژی بڕیاردانت بیت.

داوا لە یەزدان بکە کە ڕاستیەکانی خۆتت نیشان بدات. کاتێک کە نیشانت دەدات چاوەڕێ بکە! ئاسان نابێت، بەڵام لەیادت بێت، ئەو بەڵێنی داوە: "هەرگیز پشتگوێت ناخەم، هەرگیز وازت لێ ناهێنم." (عیبرانییەکان **١٣: ٥**)

تۆ لە ڕێگای چوونە دەرەوەی چۆڵەوانیەکەیت، چێژ لە زەوی بەڵێنپێدراو وەربگرە!

بەشی بیست و دووەم

ژیانم زۆر خەماویە، بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە چونکە ژیانم زۆر ئاڵۆزە

"ئینجا نەوەی ئیسرائیل کۆچیان کرد و لە دەشتاییەکانی مۆئاب لەلای کەناری ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا چادریان هەڵدا. کاتێک بالاقی کوڕی چیپور هەموو ئەو شتانەی بینی کە ئیسرائیل بە ئەموریيەکانی کرد." (سەرژمێری **٢٢: ١- ٢**)

ئیسراییلیەکان زۆر بەزەییان بەخۆیاندا دەهاتەوە. هەموو کێشەیەک دەبێتە بیانوێک بۆ بەکارهێنانی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە.

لەبیرمە کاتێک یەزدان قسەی لەگەڵ کردم لەکاتی یەکێک لە "ئاهەنگەکانی بەزەییدا" پێی وتم: "جۆیس، یان دەتوانی بە بەزەیی بیت یان دەتوانی بەهێز، بەڵام ناتوانی هەردووکیان بیت."

لەم بەشەدا نامەوێت زۆر بەخێرایی چاوی پێدابخشێنین. زۆر گرنگە تێبگەین کە ناتوانین چێژ لە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە وەربگرین و لەهەمان کاتدا لە هێزی یەزدانیشدا جێگیر بین!

یەکتری هان و بنیات بنێن

"لەبەر ئەوە یەکتری هانبدەن و یەکتری بنیاد بنێن، وەک دەیکەن." (یەکەم سالۆنیکی **٥: ١١**)

سەختە واز لە بەزەیی بێنم، چەندین ساڵ بۆ ئارامکردنەوەم لەکاتی ئازارداندا بەکارمدەهێنا.

ئەو کاتەی یەکێک ئازارمان دەدات، ئەو کاتەی ئەزموونی بێهیوایی دەکەین، شەیتان دەست دەکات بە چرپاندنی درۆکان بۆ ئێمە کە چەندە بێ بەزەییانە و نادادپەروەرانە مامەڵەمان لەگەڵ کراوە.

تەنیا شتێک کە پێویستە بیکەی گوێبگرە بۆ ئەو بیروهزرانەی خێرا دێنە ناو بیرتەوە لەماوەی ئەو کاتانەدا، هەر زوو بۆت دەردەکەوێت کە چۆن دەژمن بەزەیی بەخۆدا هاتنەوەمان بەکاردێنێ بۆ ئەوەی بەکۆیلەی بمانهێڵێتەوە.

کتێبی پیرۆز ئازادیمان پێنادات. بۆ ئەوەی بەزەییمان بەخۆماندا بێتەوە. لەجێگەی ئەوە دەبێت لە یەزدان یەکتری هان و بنیات بنێین.

دیاریەکی دروستی دڵسۆزی کە بریتییە لە هەبوونی بەزەیی خودایی لەبەرانبەر ئەوانەی ئازارمان دەدەن و ژیانمان لە لابردنی ئازارەکانیان بەسەرببەین. بەڵام بەزەیی بەخۆداهاتنەوە دروست نیە چونکە بردنی شتێکە کە یەزدان مەبەستی بووە بدرێت بە خەڵکی دیکە کە دەیکەین بە هی خۆمان.

خۆشەویستیش بەهەمان شێوە. (ڕۆما ٥: ٥) دەڵێت کە خۆشەویستی یەزدان بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بەفراوانی لەناو دڵماندا دەڕێژرێ. یەزدان ئەم کارەی کردووە بۆ ئەوەی بزانین کە چەند خۆشی دەوێین و بەو شێوەیە پێدەچێت بتوانین خەڵکی ترمان خۆشبوێت.

کاتێک کە ئەو خۆشەویستیەمان برد کە بڕیاربوو یەزدان پێمان ببەخشێت و کردمان بە هی خۆمان ئەوا دەبێتە هۆی لەخۆبایی بوون و خۆپەسەندی، کە لەڕاستیدا وێرانمان دەکات. بەدڵنیاییەوە پێویستە بەشێوەیەکی هاوسەنگ خۆمان خۆشبوێت، ئەوەی یەزدان دروستی کردووە دەبێت بەرز بینرخێنین و ڕێزی شەخسیمان بۆی هەبێت. بەڵام زیادەڕەوی کردن لە خۆشویستن کێشەیەکی گەورەیە. بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە بریتییە لە بت پەرستی، خۆمان جوودا دەکەینەوە، تەرکیز لەسەر خۆمان و هەستەکانمان دەکەین. وامان لێدەکات تەنیا ئاگامان لە خۆمان و پێویستیەکانمان و خەمەکانمان بێت، بەدڵنیاییەوە ئەوە شێوەیەی بیرتەسکیە بۆ ژیان.

بیر لە خەڵکی دیکە بکەوە

"هەریەکە تەماشای بەرژەوەندی خۆی نەکات، بەڵکو هەریەکە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش." (فیلیپی ٢: ٤)

لەم دواییانەدا یەکێک لە کۆبوونەوەی وتارەکانمان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ڕەتکرایەوە. ئەو دانەیە بوو کە من چاوەڕوانی بووم. کاتی واهەبووە کە ڕوداوێکی وەکو ئەوە منی خستۆتە ناو حاڵەتی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە، ڕەخنەگرتن، حوکمدان لەسەر دەستەی تر و هەموو جۆرەکانی بیروهزرە نەرێنی و کرداریەکان. لەوکاتەوە فێربووم کە لەو جۆرە بارودۆخاندەدا تەنیا دەبێت بێدەنگ بم، قسەنەکردن باشترە لە هەڵەقسەکردن.

کاتێک بەبێ دەنگ دانیشتم یەزدان لە دیدی خەڵکی دیکەوە دەستی کرد بە نیشاندانی ئەو بارودۆخانە پێم، نەیاندەتوانی ئەو بینایە دەستنیشان بکەن تاکو کۆبوونەوەکانی تێدا بکەین و یەزدان

نیشانیدام که ئەوە بۆ ئەوان زۆر ناخۆشە. بەڕاستی پشتیان بەو کۆبوونەوە گەرم بوو و پەرۆشەوە چاوەڕێیان کرد و ئێستاش ناتوانن کۆبوونەوەکە بکەن.

زۆر سەرسامکەر بوو کە چەندە ئاسانە لە دەرەوەی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە بمێنیتەوە ئەگەر سەیری لایەنی کەسانی دیکەش بکەیت نەک تەنیا هی خۆت. بەزەیی بەخۆداهاتنەوە تەنیا بە بیرکردنەوە لە خۆمان پشتگیری دەکرێت نەوەک کەسانی دیکە.

هەندێ کات ئێمە بەتەواوی خۆمان ماندوو دەکەین لە هەوڵدان بۆ بەدەستهینانی هاودەردی. بەڵێ، بەزەیی بەخۆداهاتنەوە داوێکی گەورەیە و یەکیکە لە باشترین ئامێرەکانی شەیتان کە وادەکات لە چۆڵەوانیدا بمێنینەوە ئەگەر وریا نەبین لەڕاستیدا دەکرێت خووی پێوە بگرین.

خووپێوەگرتن شتێکی ئەنجام دەدرێت وەکو وەڵامێکی دەستبەجێ بۆ هەندێک جوڵێنەر، فێربوونی هەڵسوکەوتێک کە بوونەتە خوو.

چەندە کات لە بەزەیی بەخۆدا هاتنەوەدا سەرف دەکیت؟ چۆن وەڵام بیهیوا بوون دەدەیتەوە؟

مەسیحییەک مافێکی تایبەتی هەیە چونکە کاتێک ئەزموونی بێهیوایی دەکات، دەتوانێت دووبارە دایبنێتەوە. لەگەڵ یەزدان هەمیشە سەرەتایەکی نوێ لەبەردەستدایە. بەزەیی بەخۆداهاتنەوە لە داوی ڕابردووتدا دەتهێڵێتەوە.

ئازادی بکە و ڕێگە بە خوداوەند بدە

"باسی سەرەتاکان مەکەن، لە دێرینەکان ڕامەمێنن. ئەوەتا من شتێکی نوێ دەکەم! ئێستا سەرهەڵدەدات، ئایا نایزانن؟ لە چۆڵەوانی ڕێگا دادەنێم و لە بیابان ڕووبارەکان." (ئیشایا **٤٣: ١٨-١٩**)

چەندین ساڵم لە بەزەیی بە خۆداهاتنەوەدا بەسەربرد. یەکێک بووم لەو حاڵەتە موعتادانە. وەڵامی ئۆتۆماتیکم بۆ هەموو جۆرەکانی بێهیوابوون بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە بوو. شەیتان دەستبەجێ مێشکی پڕ دەکردم لە بیرو هزری نادروست. نەمدازانی چۆن "سەرنج بدەمە ئەو شتەی کە بیری لێدەکەمەوە." بیرم لەو شتە دەکردەوە کە بە مێشکمدا دەهات. تا زیاتر بیرم بکردایەتەوە زیاتر هەستم بە بەزەیی دەکرد.

زۆر جار چیرۆک دەربارەی سەرەتایی ژیانی هاوسەرگیریمان باس دەکەم. هەموو دوای نیوەڕۆیەکی یەکشەممان لە ماوەی وەرزی تۆپی پێدا، دەیڤ دەیویست لە تەلەفزیۆن سەیری یاریەکان بکات، ئەگەر وەرزی یاری نەبوایە ئەوا هەندێ "وەرزی تۆپی دیکە" هەبوو کە دەیڤ چێژی لە هەموویان دەگرت، منیش چێژم لە هیچ کامیان وەرنەدەگرت. حەزی لە هەموو ئەو شتانە بوو کە پەیوەندی بە هەڵدانی تۆپەوە بوو. زۆر بە ئاسانی دەکرا ئەوەندە بچێتە ناو هەندێ ڕووداوی وەرزشیەوە کە تەنانەت لەبیری دەچوو کە من بوونم هەیە. جارێکیان ڕێک لەبەردەم ئەودا راوەستام بە ڕوونی وتم "دەیڤ بەهیچ جۆرێ حاڵم باش نیە، هەستەکەم خەریکە دەمرم." بەبێ ئەوەی چاوی لە شاشەی تەلەفزیۆن ببڕێت وتی: "ئەها زۆر جوانە خۆشەویستەکەم."

زۆر لە دوای نیوەڕۆی پێنج شەممان لە تورەیی و بەزەیی بە خۆداهاتنەوە بەسەردەبرد. هەمیشە ئەو کاتانەی لە دەیڤ تووڕە دەبووم دەستم دەکرد بە ناوماڵ خاوێن کردنەوە. ئێستا دەزانم کە هەوڵم دەدا وای لێ بکەم هەست بە تاوان بکات کە چێژی وەرگرتوە لە کاتێکدا کە من ناڕەحەت بووم، سات لەدوای سات تووڕەتر دەبووم. دەرگاکان و چەکمەجەکانم بە توندی پێوە دەدا، گسکی کارەبایی بەدەستەوە، دەهاتم و دەچووم بەو ژوورەدا کە ئەوی لێبوو، هەراو هوریام دەکرد بۆ ئەوەی نیشانی بدەم کە چەند زەحمەت دەکێشم. بەدڵنیاییەوە هەوڵم دەدا کە سەرنجی ڕابکێشم بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێک سەرنجی نەدەدا، دەستبەردار دەبووم و دەڕۆیشتمە ئەوسەری خانوەکە لەسەر زەوی گەرماو دادەنیشتم و دەستم دەکرد بە گریان. تا زیاتر گریابەم زیاتر هەستم بە بەزەیی دەکرد. یەزدان لەم ساڵانەی دواییدا وێنەیەکی پێبەخشین کە بۆچی ژنێک بۆ گریان دەچێتە گەرماو. یەزدان پێی وتم لەبەرئەوەیە کە لەوێدا ئاوێنەی گەورەی لێیە و دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر گریا دواتر دەتوانێت هەستێتەوە و بەباشی سەیری خۆی بکات و ببینێت کە چەندە بە بەزەییەوە دەردەکەوێت. هەندێ کات کە سەیری ئاوێنەم دەکرد ئەوەندە ناشرین دەردەکەوتم دووبارە دەستم دەکردەوە بە گریان. لەکۆتاییدا بە خەمەوە زۆر بە بەزەییانە نەناو ئەو ژووری دانیشتنەی کە دەیڤی لێبوو لەسەرخۆ پیاسەم دەکرد، ناوبەناو سەری بەرزدەکردەوە بۆ ماوەیەکی باش داوای لێدەکردم کە ئەگەر ڕۆیشتم بۆ چێشتخانە چای بۆ بێنم.

ئەنجامی کۆتایی ئەوەیە کە سوودی نەبوو. لەڕووی دەروونییەوە خۆم ماندوو دەکرد، زۆربەی کات هەستم دەکرد کە نەخۆشم بەهۆی ئەو هەستە خراپانەی کە بە درێژایی ڕۆژ تووشم دەبوون.

یەزدان بەهۆی خۆتەوە ڕزگارت ناکات بەڵکو بەهۆی خۆیەوە ڕزگارت دەکات. تەنیا یەزدان دەتوانێت خەڵکی بگۆڕێت، هیچ کەس نەیتوانی تەنیا یەزدانی بەتوانا توانی دەیف دڵسارد بکات لە سەیرکردنی ئەو هەمووە یارییە وەرزشیەی کە پێشتر سەیری دەکرد. هەرکە فێربووم بڕوا بە یەزدان بکەم و وازم لە خۆگەوزاندن لە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە هێنا لەو کاتانەی کە ڕێگەی خۆمم نەدەگرت. دەیف دەستیکرد بە هاوسەنگی ڕاگرتن سەبارەت بە سەیرکردنی هەموو ڕوداوە وەرزشییەکان.

دەیف تا ئێستاش چێژ لە یاریە وەرزشیەکان وەردەگرێت بەڵام ئێستا بەڕاستی بێزارم ناکات. کات تەنیا بەو شتانە بەسەردەبەم کە چێژیان لێدەبینم، ئەگەر بەڕاستی بمەوێت یان پێویست بکات شتێکی دیکە بکەم زۆر بە نەرمییەوە نەک بە تووڕەیی داوا لە دەیب دەکەم ئەویش زۆربەی کات ئامادەیی نیشان دەدات بۆ گۆڕینی پلانەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتانەس هەیە، هەمیشەیی دەبێت، کاتێک بەڕێگەی خۆش نەدەگەیشتم. هەرکە هەستەکانم دەستیان دەکرد بە بەرزبوونەوە، نوێژم دەکرد: "ئەی یەزدان، یارمەتیم بدە لەم تاقیکردنەوەیە دەربچم، تەنانەت یەک جاری تریس نامەوێت بە دەور ئەم کێوەدا بسوڕێمەوە."

بەشی بیست و سێیەم

شایەنی بەزەیی یەزدان نیم چونکە مرۆڤێکی بێ نرخم

"ئینجا یەزدان بە یەشوعی فەرموو: ئەمڕۆ ڕیسوایی میسرم لێتان گلۆرکردەوە. بۆیە ئەو شوێنە هەتا ئەمڕۆش بە گلگال ناودەبردرێت." (یەشوع **٥: ٩**)

دوای ئەوەی یەشوع ڕێنوێنی ئیسراییلەکانی کرد بۆ ئەوەی لە ڕووباری ئوردون بپەڕێنەوە بۆ زەوی بەڵێن پێدراو، شتێکی تر هەبوو کە یەزدان دەبوایە بیکردبا، پێش ئەوەی ئامادەبن یەکەم شاریان کە ناوی ئەریحا بوو ڕزگاری بکەن و تێیدا نیشتەجێ بن.

یەزدان فەرمانیدا هەموو نێرە ئیسراییلەکان خەتەنە بکرێن، چونکە لەماوەی **٤٠** ساڵی سەرگەردانیدا ئەم شتە ئەنجام نەدرابوو، ئەمە پێویستی بەگوێڕایەڵی بوو. ئەمەش ئاماژەیەک دەبێت بۆ ڕازی بوون لە پشتکردنە ڕێگای دنیای و جەستەیی و دەستکردن بە ڕێگایەکی نوێ بۆ یەزدان و ژیان.

دوای ئەنجامدانی ئەمە، یەزدان بە یەشوعی وت کە ئەمڕۆ تانەی میسرم لەسەر ناوچەی ئێوە سڕیەوە.

هەندێ ئایەت لە بەشی شەش مێژووەکەی دەست پێدەکات کە یەزدان ڕێنوێنی گەلی ئیسرائیلی کرد دەست بگرن بەسەر ئەوێدا.

بۆچی دەبێت یەکەمجار تانەکەیان لەسەر لابچێت؟ تانە چییە؟

تانە پێناسەکراوە

وشەی تانە واتە: "لۆمەکردن .... ڕسوایی: شەرمەزاری." کاتێک کە یەزدان وتی کە تانەی میسرییەکانی لەناوچاوانی ئیسراییلەکان سڕیوەتەوە، خودا شتێکی سەلماند. میسر بە واتای هەموو جیهان دێت، دوای چەند ساڵ لە لەناو جیهان بوون، هەموومان پێویستیمان بەوەیە کە تانەی جیهانمان لە ناوچاو بسڕێتەوە.

بەهۆی ئەو شتانەی ئەنجامم داوە و ئەو شتانەی کە بەسەرم هاتووە، من سروشتێکی شەرمەزانم هەبوو. سەرزەنشتی خۆمم دەکرد بۆ ئەو شتەی کە بەسەرم هاتبوو، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی لە کاتی منداڵیمدا ڕوویدابوو و شتێک نەبوو بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی بدەم و بیوەستێنم. وتمان کە بەرەکەت توانای خودایە وەکو دیاریەکی بێبەرانبەر لەلایەن ئەوەوە پێمان دەدرێت، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات ئەو شتە ئەنجام بدەین کە خۆمان ناتوانین بیکەین. خودا دەیەوێت بەرەکەتمان بداتێ و شەیتانیش دەیەوێت شەرمەزاریمان بداتێ کە ئەمەش وشەیەکی تر بۆ سەرزەنشت کردن.

شەرمەزاری پێی وتم کە من باش نیم، شایەنی خۆشەویستی و یارمەتی خودا نیم. شەرمەزاری مرۆڤی ناخمی ژەهراوی کردبوو. تەنها لەوە شەرمەزار نەدەبووم کە چیم بەسەر هاتبوو، بەڵکو شەرمم لە خۆم دەکرد لەناخی خۆمدا خۆم خۆش نەدەویست.

لابردنی سەرزەنشتییەکەمان لە لایەن خوداوە مانای ئەوەیە کە هەر یەکێک لە ئێمە دەبێت بەخشین وەربگریت بۆ هەموو تاوانەکانی ڕابڕدووی. دەبێت بەزانیت هەرگیز ناتوانیت شایەنی بەرەکەت و پیرۆزی یەزدان بیت، هەرگیز ناتوانیت شایستەی ئەوانە بیت. تەنها دەتوانیت بە ڕۆحی سووکی بەرزیان بنرخێنی و قبووڵیان بکەیت و لە ترسی ئەوەدا بە کە یەزدان چەندە باشە و چەندەش خۆشی دەوێیت.

ڕق لە خۆبوونەوە، خۆ ڕەت کردنەوە، ڕەتکردنەوەی بەخشندەیی یەزدان بە بەخشینی خۆت، تێگەیشتن لە ڕاستی و دروستی بەهۆی خوێنی عیسا و تێنەگەیشتن و هەموو ئەو کێشانەی کە پەیوەستن پێیەوە دەربارەی هاوتا بوونت لەگەڵ یەزدان بەهۆی عیساوە، نەوەکو لە ڕێگای ئیشەکانی خۆت.

دوای چەندین ساڵ لە خزمەت گەیشتم بەو بۆچوونەی کە **٨٥**٪ی کێشەکانمان لە خۆمانەوە سەرچاوە دەگرن. هەر کەسێک کە دەیناسی و لە سەرکەوتندا هەنگاو دەنێت بەهەمان شێوەش لە ڕاستی و دروستیشدا هەنگاو دەنێت.

دەزانم کە من شایەنی بەرەکەتەکانی یەزدان نیم. بەڵام هەرچۆنێک بوو وەرم گرتن، چونکە من شەریکی میراتم لەگەڵ مەسیح (سەیری ڕۆما **٨: ١٧** بکە). ئەو وەری گرتن منیش لە ڕێگای دانانی باوەڕم لەودا بەدەستم هێنان.

میراتگر یان کۆیله

"کەواتە ئیتر کۆیلە نیت، بەڵکو کوڕی، ئەگەر کوڕیش بیت، ئەوا خودا تۆی کردووەتە میراتگر."
(گەلاتیا ٤: ٧)

تۆ ڕۆڵەی یاخود کۆیلە، میراتگری یان خزمەتکار؟ میراتگر کەسێکە کە شتێک وەردەگرێت بەڵام شایەنی نییە وەریبگرێت، هەروەک چۆن ماڵ و سامان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە لەڕێگای وەسیەتەوە. خزمەتکار بەگوێرەی کتێبی پیرۆز یەکێکە کە ماندوو بووە لەشوێن کەوتنی یاسا. دەستەواژەی خزمەتکار بە مانای کێشە و ڕەنجکێشان و گرانباری دێت.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ وەکو کۆیلەکەیک سەرگەردان لە چۆڵەوانیدا دەسووڕامەوە، هەوڵم دەدا ئەوەندە باش بم کە شایستەی ئەو شتە بم کە یەزدان بە بێ بەرامبەر دەیدایە من لە ڕێگای بەرەکەتی خۆیەوە. هەڵسوکەوتێکی هەڵەم هەبوو.

یەکەم پێم وابوو کە هەموو شتێک دەبێت بەدەست بێنیت و شایەنی بیت: هیچ کەسێک بێ بەرانبەر شتت بۆ ئەنجام نادات. ئەم بنەمایەم بۆ چەندین ساڵ پێوترابوو. کات لەدوای کات لەگەڵ گەورەبوونم ئەم ڕستەیەم گوێ لێدەبوو. پێم وترا بوو کە هەر کەسێک بە شێوەیەک ڕەفتاری کرد کە ویستی شتێکم بۆ بکات، ئەوا درۆ دەکات، لە کۆتاییدا دەیەوێت سودت لێوەربگرێت.

ئەزموون لەگەڵ جیهاندا فێرمان دەکات کە شایەنی هەموو ئەو شتەین کە وەریدەگرین. ئەگەر هاوڕێمان بوێت، پێمان وتراوە کە دەبێت هەمیشە بە دڵخۆشی بیانهێڵینەوە ئەگەرنا ڕەتمان دەکەنەوە، هەموو کەسێک دەڵێت ئەگەر بەرەوێش چوونمان لە ئیشەکانمان بووێت دەبێت خەڵکی ڕاست و دروست بناسین، بە ڕێگەیەکی تایەبت ڕەفتاریان لەگەڵ بکەین. پێدەچێت ڕۆژێک دەرفەتێکمان بۆ هەڵبکەوێت و بەرەو پێش بچین. ئەو کاتەی بەدەست دنیا و هەموو ڕێگاکانی بێزار دەبین، سەرزەنشتەکەی بە قورسی بەسەرماندا دەکەوێت و بەڕاستی پێویستی بەوەیە بسڕدرێتەوە.

چۆن خۆت دەبینی؟

"هەروەها لەوێ نەفیلیممان بینی، نەوەی عەناق کە لە ڕەگەزی نەفیلیمن، لە چاوی خۆماندا وەک پێکوڕە وابووین، بە هەمان شێوەش لەچاو ئەوان." (سەرژمێری **١٣: ٣٣**)

ئیسراییلییەکان تانەیان لەسەر بوو. ڕاستی ئەوەی کە لەبارەری خۆیان بۆچوونی نەرێنیان هەبوو، لەم ئایەتەدا دەبینرێت. لە دوانزە سیخۆڕەکە ئەوانەی چوو بوون بۆ بینینی زەوی بەڵێن پێدراو بەرلەوەی هەموو نەتەوەکە لە ڕووباری ئەردەن بپەڕێتەوە گەڕانەوە وتیان کە زەویەکە لە لایەن نەفیلیمەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و ئێمەیان وەکو پێکوڕە هاتوەتە پێش چاو، هەروەها ئێمەش خۆمان بە پێکوڕە بینیوە.

ئەمە بە ڕوونی نیشانمان دەدات کە تێبگەین ئەو هەموو خەڵکە چۆن بیریان لە خۆیان کردوەتەوە.
تکایە وریا بە کە شەیتان بیرت پڕ دەکات؛ ئەگەر ڕێگەی پێدرا، بە هەموو جۆرە بیرە نەرێنیەکان سەبارەت بە خۆت. ئەو هەر زوو قەلاکان لە مێشکتدا بنیات دەنێت، زۆربەیان شتی نەرێنین سەبارەت بە خۆت و سەبارەت بە بیرکردنەوەی خەڵکی دەربارەی تۆ. هەمیشە خۆی بۆ کۆمەڵە بارودۆخێک ئامادە دەکات کە تۆ ڕەتکردنەوەت تێیاندا ئەزموون کردووە، بۆیە کاتێک دەتەوێت هەندێ هەوڵی بەرەو پێش چوون بدەیت دەتوانرێت ئازارەکە بە یادت بهێنرێتەوە.

ترسان لە دۆڕاندن و ڕەتکردنەوە، زۆر خەڵکی لە چۆڵەوانیدا هێشتۆتەوە. چەندین ساڵ کۆیلە بوون لە میسر و ژیان لە ژێر بارێکی زۆر ناهەمواردا بووە هۆی بەجێ هێشتنی تانە لەسەر ئیسراییلەکان. مایەی سەرنجە کە تێبینی ئەوە بکەیت هیچ کام لەو نەوەیەی کە لەگەڵ موسا دەرچووبوون، نەچونە ناو زەوی بەڵێن پێدراوەوە. ئەوە منداڵەکانیان بوون کە چوونە ناوی، لەگەڵ ئەوەشدا یەزدان پێی وتن کە دەبێت شەرمەزارییەکەیان لە ناوچاو بسڕێتەوە.

زۆربەیان لە چۆڵەوانیدا لەدایک بوون دوای ئەوەی کە دایک و باوکیان میسریان جێ هێشتبوو. چۆن دەکرا تانەی میسریان لەسەر بێت لەکاتێکدا تەنانەت لەوێ نەژیابوون؟

ئەو شتانەی لە سەر دایک و باوکن دەتوانرێت بۆت بگوازرێنەوە. هەڵسوکەوتەکان و بیروهزرەکان و شێوازی ڕەفتارەکان دەتوانرێت بە میرات وەربگرێت. ڕەفتاری هەڵەی دایک و

باوکت دەکرێت ببێت بە ڕەفتاری تۆش. شێوەی بیرکردنەوەت سەبارەت بە شتێکی تایبەت دەکرێت لە باوانەوە وەرتگرتبێت کە تەنانەت نازانیت بۆچی بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە.

باوک و دایکێک کە سروشتی خۆ بە هەژار بینین و سروشتی ڕەفتاری شایان نەبوونیان، من شایەنی بەرەکەتی خودا نیم، هەیە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانیان. لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر لەم کتێبدا ئەمەم باس کردووە، لەبەر ئەوەی کە بابەتێکی ئەوەندە گرنگە ڕێم بدە دووبارە بیڵێمەوە کە تۆ پێویستە بە ئاگا بیت لەوەی کە چۆن بیر لە خۆت دەکەیتەوە. یەزدان حەز دەکات بۆ دۆڕاندنەکانت بەخشندەییت بداتێ ئەگەر تۆ حەز بکەیت وەریبگریت، بە دیاری نایداتە کەسێکی بێخەوش کە هیچ هەڵەیەکی نییە و هەرگیز هەڵەی نەکردووە بەڵکو دەیدا بەو کەسانەی کە باوەڕیان و ئیمانیان لەودا دەچەسپێنن.

باوەڕبوونت بە خودا، خودا دڵخۆش دەکات

"بەبێ باوەڕ مەحاڵە ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن." (عیبرانییەکان ١١: ٦)

تکایە سەنج بدە کە بە بێ باوەڕ ناتوانی خودا دڵخۆش بکەیت، هەر بۆیە گرنگ نییە کە چەندە کاری باشت کردووە، دڵخۆشی ناکات ئەگەر تۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەو نەبێت. هەر شتێک کە بۆ خودای دەکەیت دەبێ لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت و لەبەر ئەوەی بێت کە خۆشمان دەوێت نەوەکو لەبەر ئەوەی هەوڵدەدەین شتێکمان لێی دەست بکەوێت.

ئەم ئایەتە بەهێزە دەڵێت خودا ئەوانە خەڵات دەکات کە بە بەردەوامی بەدوایدا دەگەڕێت، خۆشحاڵ بووم کە لە کۆتاییدا بینیم. دەزانم کە زۆر کاری هەڵەم لە ڕابردوودا ئەنجام داوە، هەروەها دەزانم کە بە بەردەوامی لەناخی دڵەوە بە دوای یەزدان گەڕاوم. ئەمە واتە من دیاریکراوم بۆ دیارییەکان. ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش بڕیارمدا کە هەموو ئەو بەرەکەتانە وەربگرم کە خودا دەیەوێت پێم بدات.

خودا دەیویست ئیسراییلەکان بباتە ناو زەوی بەڵێن پێدراو و بەرەکەتیان بداتێ لەسەرووی خەیاڵە شێتانەکانیان. بەڵام یەکەم جار پێویست بوو شەرمەزارییەکە لەناوچاویان بسڕێتەوە. نەیاندەتوانی بەرەکەتی یەزدان وەربگرن تا ئەو کاتەی کە باری شەرمەزاری و ڕیسواییان لەسەر بوو.

بێ کەموکوڕی

"وەک پێش دامەزراندنی جیهان لە ئەودا هەڵیبژاردین، تاکو لەبەردەمی پیرۆز و بێ گلەیی بین." (ئەفەسۆ ١: ٤)

ئەمە ئایەتێکی نایابە! تێیدا یەزدان دەڵێت کە ئێمە هی ئەویش و ئەوەمان بۆ دێنێتە پێش کە دەمانەوێت، کە دەبێت بزانین کە خۆشەویستین، تایبەتین، بەسودین بۆیە دەبێت پیرۆز بین، بێ گەلیی بین و بێ کەم و کوڕی بین.

بەشێوەیەکی ئاسایی، بۆ بە پیرۆزی ژیان ئەوەی لە توانامانەدایە دەبێت بیکەین. بەڵام سوپاس بۆ یەزدان، کاتێک کە هەڵە دەکەین دەکرێت ببەخشرێین و بۆ پیرۆزی بگەڕێنرێینەوە. جارێکی دیکە بێ کەموکوڕی و بێ گلەیی بین، هەمووی لەناو ئەوەدا.

بێ تانە و عەیب دۆزینەوە

"ئەگەر یەکێکتان لە دانایی کەموکوڕی هەیە، با داوا لە خودا بکات، کە بە دڵفراوانی بە هەمووان دەبەخشێت و گلەییش ناکات، پێشی دەبەخشرێت." (یاقوب ١: ٥)

ئەمە ئایەتێکی گەورەی ترە کە فێرمان دەکات کە بە بێ تانە لە یەزدان وەربگرین.

یاقوب پێشتر لەگەل ئەو خەڵکە قسەی کردبوو کە تەنگانەیان هەبوو، ئێستا پێیان دەڵێت ئەگەر داناییان دەوێت لەم حاڵەیاندا ئەوا پێویستە داوا لە یەزدان بکەن. دڵنیای کردنەوە کە تانەیان لێناگرێت و عەیبیان لێنادۆزێتەوە، تەنها یارمەتیان دەدات.

تۆ هەرگیز ناتوانی بەسەر چۆڵەوانیدا سەربکەوت بە بێ وەرگرتنی هیوایەکی زۆر لەلایەن یەزدانەوە. بەڵام ئەگەر تۆ هەڵسوکەوتی نەرێنیت هەبوو سەبارەت بە خۆت، تەنانەت ئەگەر یەزدان هەوڵیش بدات ناتوانیت وەری بگریت.

ئەگەر حەز دەکەی ژیانێکی سەرکەوتوو و بەتوانا و ئەرێنیت هەبێت نابێت سەبارەت بە خۆی نەرێنی بیت. سەیر مەکە کە چەندە دەتوانی بڕۆی بەڵکو سەیری ئەوە بکە کە چەندە هاتوویی.

سەرنجی بەرەو پێش چوونت بدە و(فیلیپی ٦: ١)ت لە بیر بێت: "دڵنیام، ئەوەی لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، تاکو ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات." بە نەرێنی بیر لە خۆت مەکەوە و بە ئەرێنی باسی خۆت بکە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم کتێبە چەندین ساڵ لەمەوبەر نوسراوە، من زیاتر لە هەمیشە ڕازیم و هەمیشە لەو باوەڕەدام کە چۆنیەتی بیرکردنەوە دەربارەی خۆمان کار دەکاتە سەر هەموو بیر و باوەڕەکانی ژیانمان. بەوپەڕی تواناوە هانت دەدەم کە بێیتە شوێنی ئاشتیەوە لەگەڵ خۆت. لەوانەیە حەزت لە هەموو ئەو شتانە نەبێت کە دەیکەیت بەڵام دەتوانی و پێویستە خۆت خۆشبوێت. لە کۆتاییدا بڕیارمدا لەو کاتەوەی کە عیسا خۆشی ویستوم خۆم خۆش بوێت. بۆچی ئێستا باوەشێکی گەورە ناکەی بە خۆتا، هاوار بکە و بڵێ: "بەهۆی ئەو شتەی کە عیسا بۆی کردم، من لە خۆم ڕازیم و خۆم خۆش دەوێت. سروشتێکی نوێیی پێدام و ئامادەم بۆ ئەو ژیانە نوێیەی کە دەیەوێت بژیم."

بەشی بیست و چوارەم

بۆ دەبێت ئیرەدار و چاوبرسی نەبم لە کاتێکدا هەموو کەسێک لە من باشترە؟

"کاتێک پەترۆس ئەمەی بینی بە عیسای گوت: (گەورەم، ئەی ئەمە چی لێدێت؟ عیساش پێی فەرموو: ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە تاکو دێمەوە، بە تۆ چی؟ تۆ دوام بکەوە." (یۆحەنا **٢١: ٢١-٢٢**)

لە یۆحەنا **٢١**دا عیسا قسە لەگەڵ پەترۆسا دەکات سەبارەت بەو سەختیەی کە دەبوو بەرگی بگرێت بۆ ئەوەی خزمەت و ستایشی بکات. هەرکە عیسا ئەو شتانەی پێ وت پەترۆس ئاوڕی دایەوە یۆحەنای بینی دەست بەجێ پرسیای لە عیسا کرد کەچی لەو دەکات. پەترۆس ویستی دڵنیای بکاتەوە کە ئایا تووشی ناخۆشی و سەختی دەبێتەوە، یۆحەناش دەبێت ڕوبەڕوی بێتەوە. لە وەڵامدا عیسا بەشێوەیەکی جوان بە پەترۆسی وت کە کاری بەسەر کەسی ترەوە نەبێت.

بیرکردنەوە لە ئیشی خەڵکی دەبێتە هۆی هیشتنەوەمان لە چۆڵەوانی. حەسوودی، چاوپیسی، لەڕووی دەروونییەوە خۆ بەراورد کردن بەخەڵکی تر بریتییە لە زەینییەتی چۆڵەوانی.

وریای ئیرەیی بە

"دڵی ئارام ژیان بە لەش دەبەخشێت، بەڵام ئیرەیی ئێسک کلۆر دەکات." (پەندەکان **٣٠: ١٤**)

ئیرەیی وا لە تاکەکەس دەکات کە بە دڵ ڕەقی و بە خراپی لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت بکات، تەنانەت ڕقی لێیان بێت. ئیرەیی وای لە براکانی یوسف کرد کە بە کۆیلەیی بیفرۆشن. ڕقیان لێی دەبوەوە چونکە باوکیان زۆری خۆش دەویست.

ئەگەر وا دەرکەوت کەسێک لە خێزانەکەتدا لە ئێوە زۆرتر بەدەوریدا دێن، ڕقتان لێی نەبێتەوە. باوەڕت بە یەزدان بێت، ئەوە ئەنجام بدە کە داوای لێکردووی بیکەیت، بۆ پشتوانی باوەڕ بەو بکە، لە کۆتاییدا وەکو یوسف دەبێت؛ زۆر بەرەکەتدار دەبێت.

بەپێی فەرهەنگی زمانی تایبەت بە کتێبی پیرۆز پێناسەی وشەی وەرگێڕدراوی ئیرەیی کردووە بە هەستێکی ناخۆش بەهۆی بینین و بیستنی سامان و خۆشگوزەرانی خەڵکی دیکەوە دروست

دەبێت. ئیرەیی لە فەرهەنگی زماندا وەکو "هەستی حەسوودی بردن، ترس، یان ناخۆشی" پێناسەکراوە. من ئەو پێناسەیە وەکو بترسێی لە لەدەستدانی شتێک بۆ شتێی تر لێکدەدەمەوە، ڕەنج کێشان بەهۆی سەرکەوتنی کەسێکی تر، دەرکەوتنی هەستی حەسوود.

کێبڕکێ و بەراورد مەکە

"هەروەها دەمەقاڵەیەک لەنێویان بوو، کامیان بە پایە بەرز دابنرێت .عیسا پێی فەرموون: پاشایانی نەتەوەکان گەورایەتییان دەکەن و دەسەڵاتدارانیش بەسەریانەوە بە چاکەکار ناودەبردرێن. بەڵام بۆ ئێوە ئاوا نییە .بەڵکو با پایە بەرز لەنێوتاندا ببێتە بچووک و ئەوەی ڕابەری دەکات وەک ئەوەی خزمەت دەکات." (لۆقا **٢٢: ٢٤ — ٢٦**)

لەسەرەتای ژیانمدا کێشەیەکی زۆرم هەبوو لەگەڵ حەسوودی و بەراورد کردن. ئەگەر ئێمە دڵنیا نەبین لە شایستەیی و بەهاداری خۆمان وەکو کەسێکی بێهاوتا، ئەوا دەستدەکەین بە کێبڕکێکردن لەگەڵ هەر کەسێک کە سەرکەوتوو و باش دیار بێت.

فێربوونی ئەوەی کە من تاکێکم (کە یەزدان پلانێکی شەخسی و بێهاوتای بۆ ژیانی من هەیە) بەدڵنیاییەوە یەکێک بوو لە بەنرخترین و جوانترین ئازادی کە خودا بەدیاری پێی دابووم. دڵنیام پێویستیم بەوە نییە خۆم یان خزمەتەکەم بەراورد بکەم لەگەڵ کەسێکی دیکە.

هەمیشە هان دەدرێم کە هیوام هەیە کاتێک سەیری قوتابیەکانی عیسا دەکەم و بۆم دەردەکەوێت کە کێشەیان لەگەڵ زۆر لەو شتانە هەبووە کە منیش هەمە. لە لۆقا **٢٢**دا دەبینین کە قوتابیەکان مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی کە کامیان گەورەترن. عیسا وەڵامی دانەوە بە وتنی لە ڕاستیدا گەورەترین ئەو کەسەیە کە ئامادەیە کەمترین بێت یان کەسێک کە ئامادەبێت خزمەتکار بێت. مەسیح کاتێکی زۆری تەرخان کرد بۆ ئێوەی شوێنکەوتوانی فێری ئەوە بکات کە ژیان لە پاشایەتی یەزدان هەمیشە پێچەوانەی ژیانی جیهان یان جەستەیە.

عیسا شتی وەک ئەمەی فێرکرن:" بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین، دواهەمینیش یەکەمین." (سەیری مەرقۆس **٣١: ١٠**؛ لۆقا **١٥: ٧، ٩**؛ مەتا **٥: ٤٤** بکە) جیهان دەڵێ ئەمە گێلیەتییە بەڵام عیسا دەڵێت ئەمە توانای ڕاستەقینەیە

خۆت لە کێبەڕکێی دونیایی بەدوور بگرە

"با لەخۆبایی نەبین، یەکتری تووڕە نەکەین، لەگەڵ یەکتری چاوپیس نەبین." (گەلاتیا **٥: ٢٦**)

بەپێی سیستەمی دنیایی باشترین جێگا بریتیە لەوەی کە لە پێش هەموو کەسێکەوە بیت. بیرکردنەوەی باو دەڵێت پێویستە بگەینە لوتکە گرنگ نییە کە دەبێت ئازاری کێ بدەین لەکاتی سەرکەوتنمان. بەڵام کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە شتێک نییە بە ناوی ئاشتی ڕاستەقینە تا ئەو کاتەی ڕزگار دەبین لە پێویستی کێبەڕکێ لەگەڵ خەڵکی دیکەدا.

تەنانەت ئەوانەی کە بە "یارییە خۆشەکان" ناو دەبرێن، ئێمە زۆربەی کات دەبینین کە کێبەرکێکە هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدات تا وای لێدێت بە مشتومڕ و ڕقلێبوونەوە لە یەکتری کۆتایی پێدێنین. لە جێگەی ئەوەی پشوو بدەن و پێکەوە کاتێکی خۆش بەسەر بەرن. سروشتییە کە مرۆڤ بۆ دۆران یاری ناکات، هەموو کەسێک زۆرترین هەوڵی خۆی دەدات، بەڵام ئەوەی کە کەسێک تاوەکو نەیباتەوە چێژ لە یارییەکە وەرنەگرێت، بەدڵنیاییەوە کێشەیە، دەگونجێت کێشەیەکی ڕەیشەیی بێت کە دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەی تر لە زۆر لایەنی تری ژیان.

بەدڵنیاییەوە دەبێت لەسەر کارەکەمان باشترین هەوڵی خۆمان بدەین، ئاساییە ئەگەر لە ئیشی هەڵبژێردراوت بتەوێ بە باشی ئەنجامی بدەیت و بەروەپێش بچیت. بەڵام هانت دەدەم کە لەیادت بێت بەرەو پێشچون بۆ باوەڕدار لەلایەن خوداوە دێت نەوەکو مرۆڤ. من و تۆ پێویست ناکات بۆ بەرەو پێش چوون یاریە جیهانییەکان بکەین. خودا لەگەڵ خۆی و خەڵکانی دیکە بەرەکەتمان پێدەبەخشێت ئەگەر شتەکان بەڕێگەی ئەو ئەنجام بدەین (سەیری پەندەکانی سلێمان **٣: ٣- ٤** بکە).

حەسوودی و چاوپیسی ئازارێکن لە جەهەنەم. چەندین ساڵم بەسەربەرد لە حەسوودی و چاوپیسی بەرامبەر بەو کەسەی کە لە من باشتر دەردەکەوێت. یان هەندێ بەهرەی هەبوو کە من نەمبوو. بە دزییەوە لە ڕێکخراوەکەدا لەگەڵ خەڵکی دیکەدا لە کێبڕکێدا دەژیام. بەلامەوە زۆر گرنگ بوو کە خزمەتەکەی "من" قەبارەی گەورەتر بێت، باشتر خەڵکی ڕووی تێبکەن، لە هی خەڵکی دیکە زیاتر گەشە بکات. ئەگەر ڕێکخراوێکی دیکە بەهەر شێوەیەک بێت پێش من بکەوێت دەمەویست دڵخۆش بم بۆ ئەو کەسە چونکە دەمزانی ئەوە ویستی خودایە و ڕێگای خودایە، بەڵام شتێک لە ڕۆحمدا ڕێگای نەدەدا.

لەگەڵ گەشەکردنمان لە زانیاری ئەوەی کە من لە مەسیح دا کێم نەوەک لە ئیشەکەمدا بۆم دەرکەوت کە ئازادیم لە بەراوردنەکردنی خۆم یان هەرشتێک لەگەڵ هەرکەسێکی تردا بەدەست هێنا. تا زیاتر فێری ئەوە بووم کە باوەڕ بە یەزدان بکەم زیاتر چێژم لە ئازادی وەردەگرت، لەو بوارانەدا فێربووم کە باوکی ئاسمانیم منی خۆش دەوێت و ئەو شتە ئەنجام دەدات کە باشترینە بۆ من.

ئەوەی کە خودا بۆ تۆ یان بۆ منی دەکات لەوانەیە ئەوە نەبێت کە بۆ یەکێکی دیکەی دەکات بەڵام پێویستە لە بیرمان بێت کە عیسا چی بە پەترۆس وت: "کارت بەسەر ئەوە نەبێت، دام ناوە چی بۆ کەسێکی دیکە بکەم. تۆ داوام کەوە!"

هاوڕێیەکم جارێکیان شتێکی وەکو دیاری لە لایەن یەزدانەوە پێدام کە دەمێک بوو چاوەڕێیم دەکرد، ئێستا پێم وانەبوو کە بە ئەندازەی من "پشت بە ڕۆح ببەستێت"، هەر بۆیە من زۆر حەسوود و چاوپیس بووم کاتێک بە جۆش و خرۆشەوە هاتە پێش دەرگای ماڵمان و لەگەڵ مندا باسی ئەوەی کرد کە خودا چی بۆ کردووە. بەدڵنیاییەوە لە بەر چاوی ئەودا واخۆم نیشاندا کە دڵخۆشم بەڵام لەدڵمدا دڵخۆش نەبووم.

کاتێک ڕۆیشت حاڵەتی وام لێ دەرکەوت کە هەرگیز پێم وانەبوو شتی وا لە مندا هەبوو بێت. لە ڕاستیدا پێم ناخۆش بوو کە خودا بەرەکەتی پێدابوو، چونکە پێم وانەبوو شایەنی بێت. دوای هەموو ئەمانە لە ماڵدا مامەوە، نوێژم دەکرد لەکاتێکدا ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەهات و دەچوو و کاتێکی خۆشی هەبوو. دەبینی من "دوور بووم"، کەسێکی دینی خۆ بەگەورە زان، تەنانەت نەندەزانی بەو شێوەیەم.

خودا بە پێی پێویست ڕووداوەکان بە شێوەیەک ڕێک دەخات کە ئێمە هەڵمان نەبژاردووە چونکە ئەو بەڕاستی دەزانێت کە ئێمە چیمان پێویستە. من پێویست بوو لە کۆڵ هەڵسوکەوتە خراپەکانم ببمەوە زیاتر لەوەی هەرشتێک بێت کە بڕوام پێی بوو. بۆ خودا گرنگە کە بارودۆخەکانمان بە شێوەیەک ڕێک بخات کە لە کۆتاییدا دەبێت ڕوبەڕوی خۆمان بینەوە ئەگەر نا هەرگیز ئەزموونی ئازادی ناکەین.

تا زیاتر دوژمن خۆی لە ڕۆحماندا بشارێتەوە، هەمیشە هەندێک کۆنترۆڵی بەسەرمانەوە دەبێت. بەڵام کاتێک کە خودا دەریخست، ئێمە لە ڕێگاین بەرەو ئازادی، ئەگەر ئێمە خۆمان بخەینە ناو دەستی خودا و ڕێگەی بدەینێ بە خێرایی ئەوە ئەنجامیدا کە حەزی لێیەتی.

لەڕاستیدا خودا پێشوەخت مەبەستی هەبوو بۆ ژیانی من و ئەو خزمەتەی منی تێیدا دەکاتە بەڕێوەبەر، زۆر گەورە دەبێت و ملیۆنەها خەڵک بەهۆی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و سیمینار و کتێبەکان و هەموو شێوەکانی پەیامە تۆمارکراوەکان. بەڵام نامگەیەنێتە بێخەوشی لە کارەکاندا جگە لەو پلەیەی کە "لەودا گەشەم کردووە."

سروشتێکی نوێت هەبێت

"ئەی خۆشەویست، نوێژ دەکەم کە لە هەموو شتێک سەرکەوتوو بیت و تەندروستیت باش بێت، هەروەک دەروونت سەرکەوتووە." (سێیەم یۆحەنا ١: ٢)

بە وریاییەوە سەیری ئەم ئایەتە بکە. یەزدان حەز دەکات بەرەکەتدارمان بکات، زیاتر لەوەی خۆمان حەزدەکەین بەرەکەتدار بین. هەروەها ئەوەندە خۆشی دەوێین کە بە ڕادەیەک پیرۆزمان دەکات کە لە توانای ئێمەدا نەبێت باش هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین و بەردەوام نەبین لە دەرخستنی شکۆی خودا.

ئیرەیی و چاوپیسی و خۆ بەراورد کردن لەگەڵ یەکی تر سیفەتێکی منداڵانەیە. بە تەواوی وابەستەن بە جەستەوە، هیچ پەیوەندییەکیان بە شتە ڕۆحییەکانەوە نییە. بەڵام ئیرەیی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ژیانی چۆڵەوانی. لەم هەرێمەدا بیرو هزرەکانت بژمێرە. کاتێک زانیت شێوەکانی بیروهزری هەڵە لەبیرتدا سەرچاوە دەگرن کەمێک لەگەڵ خۆتدا بدوێ بەخۆی بڵێ: "چ سوودێکی هەیە کاتێک حەسوودی بەخەڵک دەبەم؟ بەرەکەتدارم ناکات. خودا بۆ هەر یەکێک لە ئێمە پلانی تایبەتی هەیە، و من باوەڕی پێدەکەم کە باشترینم بۆ ئەنجام دەدات. ئەوە هیچ پەیوەندی بە منەوە نیە کە دەیەوێت چی بۆ خەڵکی تر ئەنجام بدات."

پاشان بە تایبەتی و بەمەبەستەوە نوێژیان بۆ بکە زیاتر بەرەکەتدار بن.

بە بێ ترس و بەراستگۆی باسی هەستەکانت بۆ خودا بکە، هەرچۆنێک بێت ئەو دەزانێت چۆن هەست دەکەیت، تۆپش بەهەمان شێوە دەکرێ لەبارەیانەوە قسەی لەگەڵ بکەیت.

من شتی وەکو: خودایە، نوێژدەکەم بۆ .... بۆ ئەوەی زیاتر بەرەکەتدا بێت. کارێ بکە سەربکەوێت، بە هەموو ڕێگایەک بەرەکەتداری بکە. خودا ئەم نوێژەم بە باوەڕەوە دەکەم. بە ڕۆحم نوێژ دەکەم هەست بە ئیرەیی دەکەم و بەکەمزانین بەرانبەری، خودا بمەوێت یان نەمەوێت ئەمە بە ڕێگای تۆ ئەنجام دەدەم.

لەم دواییانەدا بیستم کەسێک وتی گرنگ نییە چەندە باش دەتوانین شتێک ئەنجام بدەین. هەمیشە کەسێک هەڵدەستێک کە دەتوانێت بە باشترین شێوە ئەنجامی بدات. کەواتە مەبەستی کێبڕکێی هەموو ژیانمان چییە بۆ ئێوەی لەپێش هەموو کەس بین؟ هەر کە یەکەم بووین، زوو یان درەنگ یەکێک پەیدا دەبێت کێبرکێمان لەگەڵ بکات. ئەو کەسە دەردەکەوێت کە دەتوانێت هەرچییەک ئێمە دەیکەیت کەمێک باشتر لە ئێمە ئەنجامی بدات.

بیر لە وەرزشەکان بکەوە، پێدەچێت گرنگ نەبێت کە وەرزشەوانێک چ ڕیکۆردێکی شکاندووە لە کۆتاییدا وەرزشەوانێکی تر دەکەوێتە پێشی و ڕیکۆردێکی نوێ تۆماردەکات. ئەی لایەنی چێژ وەرگرتن؟ ئەستێرە بەناوبانگەکە تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەرزترینە پاشان یەکێکی نوێ دەکەوتە پێش ئەو بۆ ئەوەی جێگەکەی بگرێتەوە. چەند خۆ بە هەڵەدابردنێکی ترسناکە وا بیر بکەیتەوە هەمیشە دەبێ هەوڵبدەین بۆ ئەوەی لە پێش هەموو کەسێکی دەیکە بین و پاشان هەوڵ بدەین ئەو پێشەنگییە بپارێزین.

ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر یەزدان پێی وتم کە لەبیرم بێت "کشانی ئەستێرەکان" بە خێرایی بەرز دەبنەوە و سەرنجێکی زۆر بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن و بە گشتیش بۆ ماوەیەکی کەم دەردەکەون. هەر بەو خێراییەی کە دەکشێن بە هەمان خێراییش زۆربەی کات دیار نامێنن. یەزدان پێی وتم کە زۆر باشترە بۆ مەودایەکی زۆر دەربکەوی، لەوێ چاوەڕی بیت، و ئەوە بکەم کە داوای لێکردووم و زۆرترین توانام بخەمە گەر بۆ ئەنجامدانی. دڵنیای کردمەوە کە ناوبانگم دەپارێزێت. من لە لایەن خۆمەوە بڕیارمدا هەرچییەک یەزدان بیەوێت ببم یان ئەنجامی بدەم زۆر باشە. بۆچی؟ چونکە ئەو لە من باشتر دەزانێ کە دەتوانم ئەو شتە بەئەستۆ بگرم یان نە.

پێدەچێت لەم لایەنەدا بۆ ماوەیەکی زۆر قەڵای دەروونیت هەبوو بێت. هەر کاتێک ڕووبەڕووی کەسێک بوویتەوە و وادەردەکەوێت کە لە پێش تۆیە، هەست بە ئیرەیی و چاوپیسی یان ئارەزوو دەکەیت بچیتە کێبڕکێ لەگەڵ ئەو کەسەدا. ئەگەر وایە هانت دەدەم کە هەڵسوکەوتی نوێت

هەبێت. هەمیشە لە بیرت بێت کە کەوتنە پێش یەکێکی تر لە بەرچاوی یەزدان لە پێشترت بەنرخترت ناکات.

بیرت وا جێگیربکە کە دڵخۆشی خەڵکی دیکەی بوێت، و بۆ خۆت باوەڕت بە یەزدان بێت. پێویستی بە هەندێ کات و بەردەوام بوونە بەڵام کاتێک ئەو قەڵا دەروونییە کۆنانە تێک شکێنران و بە وشەی یەزدان شوێنی گیرایەوە، بەرەو دەرەوەی چۆڵەوانیەکە دەڕۆیت بەرەو زەوی بەڵێن پێدراو.

بەشی بیست و پێنجەم

یان بە ڕێگای خۆم ئەنجامی دەدەم یان ئەنجامی نادەم

"ئینجا هیوایان بە خودا دەبێت، کردارەکانی خودایان لە یاد ناچێ، بەڵکو ڕاسپاردەکانی بەجێدەگەیەنن. بۆ ئەوەی وەک باوباپیرانیان نەبن، نەوەیەکی یاخی و کەللەڕەق، نەوەیەک جگەرسۆز نەبوو بۆ خودا، ڕۆحیشیان دڵسۆزی ئەو نەبوو." (زەبووری ٧٨: ٧- ٨)

ئیسراییلیەکان لە ماوەی ساڵەکانیان لە چۆڵەوانیدا سەرسەختی و یاخیبونێکی زۆریان نیشاندا. ئەمە ڕێک ئەوە بوو وای لێکردن بمرن. ئەوەیان ئەنجام نەدەدا کە یەزدان پێی وتبوون ئەنجامی بدەن! کاتێک بەزمێکیان دەنایەوە هاواریان دەکرد لە یەزدان بۆ ئەوەی لە کێشەکە ڕزگاریان بکات.تەنانەت بە گوێڕایەڵییەوە وەڵامی داخوازییەکەیانی دەدایەوە، تا بارودۆخەکەیان ئارام دەبوەوە. پاشان بەردەوام یاخی دەبوونەوە.

هەمان شت زۆرجار لەناو پەیمانی کۆندا دووبارە نوسراوەتەوە. کە تا ڕادەیەک باوەڕ پێنەکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئێمە لە داناییدا ڕێنەکەین، ژیانمان بەهەمان شێوە ژیانمان لە ئەنجامدانی هەمان شتدا بەسەردەبەین.

پێموایە هەندێک لە ئێمە تەنیا بە سروشت زیاتر سەرسەخت و یاخین لە خەڵکانی تر، هەروەها بە دڵنیاییەوە پێویستە بیر لە بنچینەمان بکەینەوە کە چۆن لە ژیانماندا دەستمان پێکرد، چونکە ئەمەش کاریگەری لەسەرمان دەبێت.

بە کەسایەتیەکی بەهێزەوە لەدایک بووم، پێدەچێت تەەمێکی زۆرم بەسەربردبێت لە هەوەڵدانم بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکان "بە شێوەی خۆم" جا گرنگ نییە هەرچی بووبێت بەڵام ئەو ساڵانەی کە ئازاریاندام و کۆنترۆڵ کراوم، چووە سەر کەسایەتیە بەهێزەکەی پێشترم، پێکەوە گرێدران بۆ ئەوەی کەسایەتیەک لەناو مندا گەشە پێبدەن کە نابێت هیچ کەسێک پێم بڵێت دەبێت چی بکەم.

بەدڵنیاییەوە یەزدان دەبوا کاری لەسەر ئەم کەسایەتیە بکردبا پێش ئەوەی بەکارم بێنێت.

یەزدان داوا دەکات فێربین واز لە ڕێگەی خۆمان بهێنین و شل بین و شێوە بگۆڕین لەناو دەستانی یەزداندا، هەتا سەرسەخت و یاخی بین ئەو ناتوانێت بەکارمان بهێنێت.

وشەی سەرسەخت وەسف دەکەم بە کەللەشەق، سەخت لەگەڵی هەڵکردن و ئیش کردن لەگەڵیدا، وشەی یاخیبوون وەسف دەکەم بە بەرگریکردنی دەست بەسەراگرتن، ڕێگری لە سزادان و حوکم بەسەردانەکەر و ڕەتکردنەوەی شوێنکەوتنی ڕێنوێنی گشتی. ئەم پێناسەیە هەردووکیان وەسفی من دەکەن بەو جۆرەی کە بووم!

ئەو ئیهانەیەی لە سەرەتای ژیانمدا ئازارم پێوەی چەشتبوو هۆکاری ناهاوسەنگیەکی زۆر لە ڕەفتارم دژی دەسەڵاتدار بوو. بەڵام پێشتر لە کتێبەکەمدا وتم ناتوانم ڕێگە بدەم ڕابردووم ببێتە بەهانەیەک بۆ هێشتنەوەم لە داوی یاخیبوون یان هەر شتێکی دیکە. لە سەرکەوتندا ژیان پێویستی بە بیرهێنەرەوە و تەواو گوێڕایەڵی کردنی یەزدانە. ئێمە لە توانا و ڕازیبوونی خۆماندا گەورە دەبین بۆ پشتگوێ خستنی ویستی خۆمان و ئەنجامدانی ویستی ئەوە، زۆر گرنگە کە بەردەوام بین لە بەرەوپێشچوون لەم بوارەدا.

بەس نییە کە بگەینە بەرزاییەکی دیاریکراو و بیربکەینەوە: "گەیشتمە ئەو شوێنەی کە دەمویست بگەم." پێویستە لە هەموو شتەکاندا گوێڕایەڵ بین، نەوەک ڕێگری لە هەر شتێک بکەین یان دەرگایەک لە ژیانماندا بە داخراوی بەڕووی یەزداندا بهێڵینەوە. هەموومان ئەم بوارە "دیاریکراوەمان هەیە" کە تا دەکرێت پێیانەوە پەیوەست بین. بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە ئەوەت بیر نەچێت کە هەویر ترشێکی بچووک هەموو هەویرەکە هەڵدێنێت (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ٦)

یەزدان گوێڕایەڵی دەوێت نەوەک قوربانی

"بەڵام ساموئێل گوتی:)ئایا یەزدان دڵخۆشە بە قوربانی سووتاندن و سەربڕاوەکان یان بە گوێڕایەڵبوون بۆ فەرمایشتی یەزدان؟ گوێڕایەڵی لە سەربڕین باشترە، سەرنجدانیش لە چەوری بەرانەکان. چونکە یاخیبوون وەک گوناهی فاڵگرتنەوەیە، کەللەڕەقی تاوان و بتپەرستییە. لەبەر ئەوەی فەرمایشتی یەزدانت ڕەتکردەوە، ئەویش لە پاشایەتی ڕەتی کردوویتەوە." (یەکەم ساموێل **١٥: ٢٢- ٢٣**)

تاقیکردنەوەکەی ژیانی شاول بەڕوونی نیشانمان دەدات کە هەڵێکی پێدراوە تاکو ببێت بە پاشا. بەهۆی یاخیبوون و سەرسەختیەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو پلەیەی وەرنەگرت. بیرۆکەی تایبەتی خۆی هەبوو سەبارەت بە شتەکان.

جارێکیان ساموێل شاوڵی ڕاستەکردەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی کە دەبوا بیکردبا، وەڵامی شاول "پێم وابوو" بوو، پاشان بەردەوما بوو لە وتنی بۆچوونی خۆی کە چۆن پێی وا بوو شتەکان ئەنجام بدرێت. (یەکەم ساموێل **١٠: ٦- ٨، ١٣: ٨- ١٤**). وەڵامی ساموێل بۆ پاشا شاول ئەوە بوو کە

یەزدنا گوێڕایەڵی دەوێت نەک قوربانی. ئەگەر ئێمە زۆر "بیربکەینەوە" دەتوانین ڕێگەی خۆمان بکەینە دەلیل و هۆکارێک بۆ لادان لە ویستی یەزدان،
زۆربەی جار نامانەوێت ئەوە بکەین کە یەزدان داوای دەکات پاشان هەوڵ دەدەین بۆ قەرەبووکردنەوەی گوێڕایەڵی نەکردنەکەمان شتێک ئەنجام بدەین.
چەند لە ڕۆڵەوکانی یەزدان لە ژیانیاندا بەهۆی سەرسەختی و یاخی بوونیانەوە شکستیان هێناوە "حوکم کردن وەک پاشا؟" (ڕۆما ٥: ١٧)

پێشەکی سیپارەی ژیرمەندی دەڵێت: "مەبەستی ئەم سیپارەیە لێکۆڵینەوەیە لە هەموو ژیان و فێرکردنی ئەوەی لە لێکدانەوەی کۆتاییدا ژیان بێمانایە بەبێ ڕێزگرتنی تەواو و شکۆدارکردنی یەزدان."

دەبێت تێبگەین کە بەبێ گوێڕایەڵی، شکۆدارکردن و ڕێزگرتنی پێویست بوونی نییە. ئەوو یاخی بوونەی کە لە لایەن منداڵانەوە دەبینرێت ئەمڕۆ بەهۆی کەمی ڕێز و ڕێزگرتنە لە دایک و باوکیان. ئەمە زۆرتر هەڵەی دایک و باوکانە، چونکە لە بەردەم منداڵەکانیانیاندا بەشێوەیەک نەژیاوان کە ڕێز و حورمەت نیشان بدەن.
زۆر لە زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە سیپارەی ژیرمەندی لەلایەن پاشا سلێمانەوە نووسراوە، کە لە لایەن یەزدانەوە لە هەموو مرۆڤێکی دیکە دانایی زیاتری پێدراوە. چۆن دەکرێت سلێمان ئەو هەموو هەڵانەی لە ژیانیدا کردبێت؟ وەڵامەکە ئاسانە: دەکرێت شتێکت هەبێت و بەکاری نەهێنیت. ئێمە بیری عیسامان هەیە بەڵام هەمیشە بەکاریدەهێنین؟ عیسا دانایی یەزدانی لە ئیێمەدا داناوە بەڵام ئایا هەمیشە بەکاریدەهێنین؟
سلێمان دەیویست بەڕێگای خۆیدا بڕوات و خۆی شتکانی خۆی ئەنجام بدات. ژیانی بەسەربرد لە هەوڵدانی تاقیردنەوەی ئەم و ئەو شت. هەموو شتێکی هەبوو کە بە پارە بکڕدرابایە، باشتری چێژی دنیایی، سەرەڕای هەموو ئەوانەش لە کۆتایی سیپارەکەیدا دەڵێت: "

"هەموو شت ئێستا بیستراوە و دەرئەنجامەکەی ئەوەیە: لە خودا بترسە و ڕاسپاردەکانی بەجێبگەیەنە، چونکە ئەمە ئەرکی سەر شانی هەموو مرۆڤە." (ژیرمەندی ١٢: ١٣)

ڕێگەم بدە ئەو شتانەت پێ بڵێم کە لەم ئایەتە تێگەیشتم:

هەموو مەبەستی دروستکردنی مرۆڤ ئەوەیە کە ڕێزی یەزدان بگرێت و بە گوێڕایەڵی کردنی ستایشی بکات. هەموو کەسایەتیە خوداییەکان دەبێت لە گوێڕایەڵیەوە سەرچاوە بگرن، ئەمە بناغەی هەموو خۆشیەکانە. هەرگیز کەس ناتوانێت بەبێ گوێڕایەڵیکردنی یەزدان بەڕاستی دڵخۆش بێت. هەرشتێک کە لە ژیانمدا ڕێک و پێک نییە بە گوێڕایەڵی کردن ڕێکوپێک دەبێت. گوێڕایەڵی کردن بریتییە لە هەموو ئەرکی مرۆڤ.

ئەوەندی من تێگەیشتوم ئەمە ئایەتێکی زۆر جوانە، هانت دەدەم کە خۆت بەردەوام بیت لە خوێندنی.

گوێڕایەڵی کردن و سەرپێچی کردن، هەردووکیان دەرەنجامیان هەیە

"چونکە چۆن بە یاخیبوونی کەسێک زۆر کەس گوناهبار کران، بە هەمان شێوە بە گوێڕایەڵی کەسێک زۆر کەس بێتاوان دەکرێن." (ڕۆما **٥: ١٩**)

هەڵبژاردنی گوێڕایەڵی کردن و گوێڕایەڵی نەکردن نەک تەنیا کاریگەری لەسەر ئێمە دەبێت بەڵکو کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دیکە دەبێت. تەنیا بیهێنە پێش چاوت: ئەگەر ئیسراییلیەکان دەستبەجێ گوێڕایەڵی یەزدانیان بکردبایە ژیانیان چەندە گەورەتر و خۆشتر دەبوو. زۆرێک لەوان و منداڵەکانیان لە چۆڵەوانیدا مردن، چونکە ملکەچی ڕێگای یەزدان نەبوون. بەهۆی بڕیاری ئەوانەوە منداڵەکانیان کاریگەرییان لەسەر بەجێما، بەهەمان شێوە ئێمەش.

لەم دواییانەدا کوڕە گەورەکەم وتی: "دایکە شتێکە هەیە دەمەوێت پێت بڵێم لەوانەیە دەست بکەم بە گریان، بەڵام تەواو گوێم لێبگرە." پاشان بەردەوام بوو و وتی: "من بیرم لە تۆ و باوکم کردەوە کە چۆن ئەو ساڵەتان لە خزمەتدا بەسەربردووە. هەموو ئەو کاتەی کە بڕیارتانداوە بۆئەوەی گوێڕایەڵی یەزدان بن و ئەوەش هەمیشە بۆ ئێوە شتێکی ئاسان نەبووە. بۆم دەرکەوت دایکە کە تۆ و باوکم چەندین کێشەتان تووش بووە کە کەس لەبارەیانەوە نازانن، دەمەوێت کە بزانیت ئەم بەیانیە یەزدان بەئاگای هێنام کە زۆر سوودم لە گوێڕایەڵی وەرگرتووە، من بەرز دەینرخێنم.

ئەوەی کە وتی بۆ من زۆر بوو، وای لێکردم کە (ڕۆما **٥: ١٩**)م بێتەوە.

بڕیاری تۆ بۆ گوێڕایەڵی کردنی یەزدان کاریگەری لەسەر کەسانی دیکەش دەبێت و کاتێکیش بڕیارتدا سەرپێچی فەرمانەکانی بکەیت، ئەمەش بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر خەڵکی دیکە

دەبێت. لەوانەیە سەرپێچی فەرمانەکانی یەزدان بکەیت و ژیانی چۆڵەوانی هەڵبژێریت بەڵام تکایە ئەوەت بیر بێت کە ئەگەر منداڵت هەیە و یان هەر کاتێک منداڵت بوو ئەوا بڕیارەکەت ئەوانیش لە چۆڵەوانیدا دەهێڵێتەوە. ڕەنگە بتوانن خۆیان بێننە دەر کاتێک کە گەورە بوون بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە باجی سەرپێچی کردنەکەت دەدەن.

ڕەنگە ئێستا ژیانت لەبارێکی باشتردا بێت، ئەگەر کەسێک لە ڕابردووتدا گوێڕایەڵی یەزدانی کردبێت. دەتوانم کتێبێکی تەواو لەسەر گوێڕایەڵی کردن بنووسم، بەڵام بۆ ئێستا بە سادەیی دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ژیانی سەرپێچیکردن بەرهەمی هەڵە بیرکردنەوەیە کە بەرەو هەڵبژاردنی هەڵەمان دەبات.

هەموو بیرێکی مرۆڤانە بەدیل دەگرین بۆ ملکەچی مەسیح

"چونکە چەکی شەڕکردنمان جەستەیی نییە، بەڵکو بە خوداوە توانای وێرانکردنی قەڵای هەیە، هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی مەسیح بە دیل دەگرین." (دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٤- ٥)

ئەوە بیروهزرەکانمانن کە زۆرجار تووشی کێشەمان دەکەن. لە (ئیشایا ٥: ٨) یەزدان دەڵێت: "بێگومان بیرکردنەوەی من بیرکردنەوەی ئێوە نییە و ڕێگاکانی ئێوەش ڕێگاکانی من نین."

گرنگ نییە کە من و تۆ چۆن بیردەکەینەوە، یەزدان لە کتێبەکەیدا کە پێی دەوترێت کتێبی پیرۆز بیروهزرەکانی نوسیوە. پێویستە بیروهزەکانمان لەژێر ڕۆشنایی وشەی یەزداندا دەربخەین، دەبێت هەمیشە ئامادە بین کە بیروهزرەکانمان ملکەچی بیروهزرەکانی یەزدان بکەین. دەبێت بزانین کە بیروهزرەکانی ئەو باشترینن.

ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە (دووم کۆرنسۆس ١٠: ٤- ٥)دا هاتووە، ئەو شتە بپشکنە کە لەناو مێشکتدایە، ئەگەر لەگەڵ هی یەزدان ڕێنەکەوت (کتێبی پیرۆز) ئەوکات بیروهزرەکانت لەناو ببە و بیر لە هی ئەو بکەوە.

ئەو کەسانەی کە لە خۆپەسندی بیری خۆیان ژیان دەکەن نەک تەنیا خۆیان دەڕوخێنن بەڵکو وێرانیەکی زۆریش دێنن بۆ ئەو خەڵکەی کە لە دەوری ئەون.

مێشک مەیدانی جەنگەکەیە!

لەسەر ئەم زەویەی مێشک و بیرتە کە تۆ ئەو جەنگەی شەیتان هەڵیگیرساندووە دەیبەیتەوە یان دەیدۆڕێنی. لە ناخی دڵەوە نوێژ دەکەم کە ئەم کتێبە یارمەتیت بدات لە ڕوخاندنی بیر و هەموو شەڕە قسەیەک و هەموو ئەو شتانەی کە خۆیان بۆ بەرهەڵستی یەزدان دەردەخەن و هەموو بیرێکی مرۆڤانە بەدیل دەگرین بۆ ملکەچی مەسیح.

نوێژی ڕزگاربوون

خوێنەری ئازیز، بیرت بێت کە خودا تۆی خۆشدەوێت و دەیەوێت پەیوەندییەکی تاکەکەسی هەبێت لەگەڵت. ئەگەر تۆ هەتا ئێستا عیسات وەکو ڕزگارکاری خۆیت قبووڵ نەکردووە، ئێستا دەتوانیت قبووڵی بکەیت. ئەوەی لەسەرتە بیکەیت ئەوەیە کە دڵت بۆی بکەیتەوە و ئەم نوێژە بکەیت:

"ئەی باوکم لە ئاسمان، دەزانم کە گوناهم لە دژی تۆ کردووە. تکایە بمبوورە و پاکم بکەرەوە. باوەڕم بە عیسای کوڕت هەیە. باوەڕم هەیە کە عیسا لەسەر خاچ لەپێناوی من مرد و گوناهی منی لەسەر شانی خۆی هەڵگرت. هەروەها باوەڕ دەکەم کە لەنێوان مردووان زیندووبووەوە. من هەر ئێستا ژیانی خۆم بە عیسا دەسپێرم.
سوپاس بۆ تۆ، باوکە. زۆر سوپاسگوزارم کە گوناهەکانمت بەخشیوە و ژیانی هەتاهەتاییت پێبەخشیوم. تکایە یارمەتیم بدە کە بۆ تۆ و لەپێناوی تۆ بژیم. بەناوی عیسای مەسیح نوێژ دەکەم. ئامین!"

کاتێک تۆ لەدڵتەوە ئەم نوێژە دەکەیت، خودا قبووڵت دەکات و هەروەها پاکیت دەکاتەوە لە کۆتەکانی مردنی ڕۆحی ئازادت دەکات. کاتێک تەرخان بکە بۆ ئەوەی ئەو ئایەتانەی خوارەوە بخوێنی و لەهەمان کاتدا داوا لەخودا بکە لەگەڵت بدوێت لەمیانەی ڕێکردنت لەسەر ڕێڕەوەی ژیانی نوێت.

یۆحەنا **٣: ١٦**	یەکەم کۆرنسۆس **١٥: ٣-٤**
ئەفەسۆس **١:** ٤	ئەفەسۆس **٢: ٨-٩**
یەکەم یۆحەنا **١: ٩**	یەکەم یۆحەنا **٤: ١٤-١٥**
یەکەم یۆحەنا **٥: ١**	یەکەم یۆحەنا **٥: ١٢-١٣**

بەردەوام نوێژبکە و داوای یارمەتی لە خودا بکە بۆ ئەوەی کەنیسەیەکی پڕ باوەڕداری ڕاستەقینە بدۆزیتەوە تاکو زۆرتر هان بدرێیت و پەیوەندیت لەگەڵ مەسیح گەشە بکات. خودا هەمیشە لەگەڵ تۆدایە. ئەو هەنگاو بە هەنگاو ڕابەرایەتیت دەکات و بۆت ئاشکرا دەکات کە چ ژیانێکی پڕ واتای هەیە بۆ تۆ.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٨٠)
ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە.